جەلال تاڵەبانی

# بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو

## زەروورەتەکەی، سروشتەکەی، ئامانج و پێداویستییەکانی

مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

## مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری

ئۆرگانێکی کەلتوری و پەروەردەییە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی (ی. ن.ک) پەسەندکراو لە چوارەمین کۆنگرە لە ساڵی ٢٠٢٠ دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لەرەخساندنی زەمینەی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی لەسەر بنەماکانی سۆشیالیست دیموکرات، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی بابەتەکانی بیری هاوچەرخ و دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، دەستەبەرکردنی ئامرازەکانی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کادیران لە بوارە جیاجیاکاندا، نووسینەوەی مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بووژاندنەوەی گیانی بەرگری و ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

## پرۆژەی سەرجەم بەرهەمەکانی سەرۆک مام جەلال

پرۆژەیەکی ئامانجدارە، لە قۆناغی یەکەمدا هەوڵ ئەدات هەموو بەرهەمە بڵاوکراوەو بڵاونەکراوەکانی سەرۆک مام جەلال کۆ بکاتەوە، لە کتێب و وتار و نامە و چاوپێکەوتنە بینراوو نەبینراوەکان، پاشان چاپکردن و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەیان. ئەمە پرۆژەیەکی کراوەیە بۆ بەشداری هەموو ئەو بەڕێزانەی لە ئەرشیفی خۆیاندا بەرهەمێک لەو بەرهەمانەیان پاراستووە، لەگەڵ پاراستنی مافە مەعنەوییەکانی ئەو بەڕێزانە.

ئەمە سادەترین پرۆژەی وەفادارییە بۆ درێژەپێدانی رێبازی سەرۆک مام جەلال ، رێبازێک کە رۆشنکەرەوەی فیکری و عەمەلیی رێگای خەباتە بۆ هەموو تێکۆشەرانی رێگای رزگاریی نیشتمانی و ئاشتی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسین.

**نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا**
**سەرپەرشتیاری گشتیی پۆژەکە**
**لێپرسراوی ئەنجومەنی راوێژکارانی مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری**

پرۆژەی کۆ بەرهەم

١

جەلال تاڵەبانی

# بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو

## زەرووورەتەکەی، سروشتەکەی، ئامانج و پێداویستییەکانی

لە عەرەبییەوە:

**ئەکبەر حەسەن**

پێشەکی و پێداچوونەوە:

**نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا**

-ناوی کتێب: بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو
-نووسینی:  جەلال تاڵەبانی
-وەرگێڕان : ئەکبەر حەسەن
پێداچوونەوەو پێشەکی : نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا
- تایپ و هەڵەبڕی: ئەکبەر حەسەن
- دیزاینی ناوەوە: ئەمیرە عومەر
- دیزاینی بەرگ: هەرێم عوسمان
- چاپخانە: میدیا گرافیک
- تیراژ: ( 2000 ) دانە
- نرخ: (4000 ) دینار
- ساڵی چاپ: 2021
-زنجیرە: ( 560/ 17 )
- ژمارەی سپاردن: ( 1672)  لە ساڵی 2021 بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

سەرپەرشتیاری گشتی پرۆژەی کۆ بەرهەمی مام جەلال

**نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا**

سەرپەرشتیاری زنجیرەی کتێب

**عثمان حسن شاکر**

**بڵاوکراوەکانی مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری**
**یەکێتیی نیشتمانی کوردستان**

www.pukhoshiari.com		info@pukhoshiari.com

## پێشکەش

بە:

هەموو خەباتگێڕانی شۆڕشگێڕی خۆڕاگر، لەپێناو ڕزگاریی نیشتمانی و دیموکراسیی بەرەنگاردا.

گیانبەخشانی فەلەستینی کە بە خوێنی خۆیان ڕێگەکانی ڕزگاری و سەرفرازی، ڕێگەکانی خەبات و فیداکاری ڕووناك دەکەنەوە. بە تێکۆشانی ڕەوایان شێوازی خەباتی چەکدارانە وەك ڕێگەیەك بۆ ڕزگارکردنی فەلەستین و ڕزگارکردنی ڕۆژهەلاتەکەمان بەرجەستە دەکەن.

ئەم نامیلکەیە پێشکەش دەکەم.

**نووسەر**

# پێرست


| | |
|---|---|
| ڕوونکردنەوەیەك ................................................................ | ١١ |
| (ئاگادارییەك بۆ خوێنەر) ................................................................ | ١٤ |
| **فەسڵی یەکەم** | |
| **پێویستیی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی یەکگرتوو** | ٢٥ |
| **فەسڵی دووەم** | |
| **سروشتی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی یەکگرتوو** | ٤١ |
| جۆرەکانی بەرەی یەکگرتوو ................................................................ | ٤٥ |
| ١- بەرەی میللی ................................................................ | ٥٣ |
| ٢- بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو ................................................................ | ٥٥ |
| جۆری بەرەی نیشتمانی لە وڵاتەکەماندا ................................................................ | ٦٤ |
| سروشتی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی ................................................................ | ٦٩ |
| دامەزراندنی حکومڕانیی سەربەخۆی بۆرژوازی لە هەلومەرجی جیهانیی هەنووکەدا مەحاڵە ................................................................ | ٧٧ |
| لادانی وردەبۆرژوازی لە دیموکراسیی میللی ................................................................ | ٨٤ |
| ڕاستیی گەشەکردنی ناسەرمایەداری ................................................................ | ٨٨ |
| هەڵپەی چەپڕەوانەی وردەبۆرژوازی لە بانگەشەی دەستبەجێ بۆ سۆسیالیزم لە وڵاتانی دواکەوتوودا ................................................................ | ٩٨ |
| هەڵوێستی چینە کۆمەڵایەتییەکان لە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیدا ................ | ١١٥ |
| ڕۆڵی بۆرژوازیی نیشتمانیی نەتەوە کۆڵۆنی و نیمچەکۆڵۆنییەکان ................ | ١٢٩ |
| هۆکارەکانی بێتوانایی بۆرژوازی لە سەرکردایەتیکردنی شۆڕشدا ................ | ١٣٩ |
| ڕۆڵی بۆرژوازیی نیشتمانیی عێراقی ................................................................ | ١٤٨ |
| ڕۆڵی وردەبۆرژوازیی عێراقی ................................................................ | ١٥١ |
| ڕیڤیژنیزم لە خزمەتی بۆرژوازیدا دژ بە چینی کرێکار ................................ | ١٥٣ |
| هۆکارەکانی بێتوانایی وردەبۆرژوازی لە سەرکردایەتیکردنی شۆڕشدا ................ | ١٥٧ |

ئەزموونی عێراقی لەگەڵ وردەبۆرژوازیدا ........................................ ١٦٨
هەڵپەی چەپڕەوانەی وردەبۆرژوازی ........................................ ١٧٨
چینی کرێکار، سەرکردەی شۆڕشی دیموکراسی ........................................ ١٩٣
چینی کرێکار چۆن دەتوانێت لە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیدا ڕۆڵی سەرکردایەتی بگێڕێت؟ ........................................ ٢٠٠
ڕۆڵی جووتیاران لە شۆڕشدا ........................................ ٢١٧
هۆکارەکانی بێتوانایی جووتیاران لە سەرکردایەتیکردنی شۆڕشدا ........................................ ٢٢٨

## فەسڵی سێیەم

**ئامانجەکانی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی یەکگرتوو** ٢٣٥

(میساقی نیشتمانی)ی یەکێتیی حیزبەکان و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکان ٢٣٩

## فەسڵی چوارەم

**پێداویستییەکانی (بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی یەکگرتوو)** ٢٥٣

# ڕوونکردنەوەیەک

سەرۆکی نەمر مام جەلال ئەم توێژینەوە شیکارییە تیۆرییەی لەبارەی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو، لە ساڵانی ١٩٧١-١٩٧٢ دا لە تاراوگە لە وڵاتی شام نووسیوە. توێژینەوەکە لە کاتی خۆیدا و لە نێوان ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٣ بە زنجیرە لە گۆڤاری (الهدف) ی هەفتانە بڵاو کرایەوە کە زمانحاڵی (بەرەی میللی بۆ ڕزگاریی فەلەستین بوو) کە لە ساڵی ١٩٦٩ دامەزرابوو و غەسان کەنەفانی سەرنووسەری بوو تا شەهیدبوونی لە ١٩٧٣دا. پاشان توێژینەوەکە لە ساڵی ١٩٧٣دا لە بەیروت بە هەمان ناونیشانەوە لە کتێبێکی سەربەخۆدا چاپ و بڵاو کرایەوە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە کتێبەکە قەدەغە بوو بێتە عێراقەوە، بە هۆی لێکدانەوە و بۆچوونە ڕادیکاڵییە شۆڕشگێڕانەییەکانی و دژایەتیکردنی ڕاشکاوانەی هەموو شێوەکانی ڕژێمە ستەمگەرە نادیموکراسییەکان و جاڕدانی بۆ دیموکراسیی میللی و سۆسیالیزمی زانستی. لەبەر ئەوە، ئێمەی ئەندامانێك لە (کۆمەڵەی مارکسی – لینینی) لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عێراقدا، ناچار بووین ژمارە بە ژمارە لە گۆڤاری (الهدف)ـەوە بابەتەکەی لەبەر بگرینەوە و زۆر جار بە دەست بینووسینەوە، پاشان ئەڵقە بەدوای ئەڵقەدا بۆ هۆشیارکردنەوەی فیکری لە شانەکانی ڕێکخستن و لە ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵەدا لەگەڵ بابەتە فێرکارییەکانی تردا بەکاریان بهێنین.

بۆ ئەم چاپە دووبارە - نوێیەی توێژینەوەکەی سەرۆك مام جەلال بە ناونیشانی (بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو)، لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە، لەبەر ئەوەی کتێبە ئەسڵییەکەمان دەست نەکەوتووە، بە ناچاری پشتمان بە کۆپییەکی زۆر کۆن بەست (هەرئەوەشمان دەست کەوتبوو) کە تایپ کرابووەوە، لەگەڵ هەموو ئەو هەڵە زۆرانەی تایپکردن و فەرامۆشکردنی خاڵبەندی لە سەرجەم کتێبەکەدا. ئەمە وای لێ کردین وزەیەکی زۆر لە ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و لێوردبوونەوەدا خەرج بکەین، چ بۆ ساغکردنەوەی دەقە ئەسڵییە عەرەبییەکە،

یان لە وەرگێڕانە کوردییەکە و پێداچوونەوەیدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ناتوانین بڵێین ئەم چاپە نوێیە بێخەوش و کەموکورتی نییە، بەڵکو هیوامان وایە و چاومان لەوەیە پشکنین و بەدواداچوونی بۆ بکرێت تا ئەو کاتەی نووسخەی یەکەمی کتێبەکە بە دەست دەهێنین، ئەو کتێبەی کە بە حەق ناسنامەیەکی مێژوویی – فیکرییە بۆ جیهانبینیی سەرۆك مام جەلال لەو قۆناغە دیاریکراوە و پاشتریش. بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەو کتێبەیە کە بە ناحەق لە بیر کراوە و چووەتە خانەی ونبوونەوە.

ئەم توێژینەوەیە، بۆ هەر توێژەرێکی ئەکادیمی کە لەبارەی پێکهاتەی هزریی مام جەلالەوە کۆڵینەوە بکات و بۆ هەر سیاسییەکی ئەم سەردەمەش لە کوردستان و عێراقدا، گرنگییەکی مێژوویی گەورەی هەیە، چ لە ڕووی ناوەڕۆکە شیکارییە تیۆرییە زیندووەکەی بابەتەکەوە بێت، یان لە ڕووی گرنگییە سیاسییە پراکتیکییەکەوە بێت لەو دەوران و سەردەمەدا بۆ شۆڕشگێڕان و ڕێکخراو و حیزبە چەپڕەوە سۆسیالیستەکانی بەشدار لە خەباتی شۆڕشگێڕانە و ڕزگاریخوازانە لەپێناوی دیموکراسی و سۆسیالیزمدا. لە ڕووی میتۆدی توێژینەوەی بەکارهێنراو لەم کتێبە شیکارییەدا و لەپێناوی شیکردنەوەیەکی تیۆرییانەی سەرلەبەر بۆ چەمکی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو، مام جەلال بە تەواوی پەنای بردووەتە بەر میتۆدی شیکردنەوەی دیالەکتیکی لە بواری گەشەی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەو مەبەستەش یاسای (ناکۆکی)ی دیالەکتیکیی بەکار هێناوە، بە تایبەتی پرەنسیپی (یەکێتی و ململانێی دژەکان)ی وەك بناغەیەك بەکار هێناوە بۆ شیکردنەوەی گەشەکردن و گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دیاریکردنی ئامانجە دوور و نزیکەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و ئەرکە ستراتیژی و تاکتیکییەکانی شۆڕشگێڕانی سۆسیالیست لە قۆناغی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی دیموکراسیدا.

ئەو کتێبە، بەو واتا و لێکدانەوەیە، تاقیکردنەوەیەکی شیکارییانەی دەگمەنە بۆ چۆنێتیی بەکارهێنانی تیۆرییانە و پراکتیکییانەی یاسای یەکێتی و ململانێی دژەکان بۆ شیکردنەوەی بونیادی کۆمەڵایەتی و ململانێی چینەکان و دیاریکردنی ئامانجە تاکتیکی و ستراتیژییەکان و پێداویستییەکان و میکانیزمەکانی خەبات بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە. ئەمانە لەو وانە بنەڕەتییانەن کە دەکرێت لەو توێژینەوە دەگمەن و لەبیرکراوەی مام جەلالەوە هەڵبهێنجرێن و سوودی فیکری و کردەیی بە پەیڕەوکارانی ڕێبازەکەی بگەیەنن.

ئێمە هیوادارین بە چاپکردنەوەی ئەم توێژینەوەیەی مام جەلال، بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی، هەنگاوێکی ئامانجدارانەمان نابێت بەرەو ناساندنی ڕێبازی خەباتگێڕانەی زانستییانە و پێشکەوتنخوازانەی مام جەلال و تێکۆشەرانی ئێستای ڕێگەکەی، لە سەرەڕێی زیندووکردنەوە و کۆکردنەوە و بەچاپگەیاندنی سەرجەم نووسراو و لێکۆڵینەوەکانی تری بەڕێزیان وەك بەشێکی بنەڕەتیی کەلەپووری هزری شۆڕشگێڕانەی ڕزگاریخوازانەی نیشتمانیی کوردستان بە تایبەتی و بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە گشتی.

**نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا**

**٢٠٢١/٥/١**

## ئاگادارییەک بۆ خوێنەر

خوێنەری بەڕێز لەم نامیلکەیەدا توێژینەوەیەک لەمەڕ بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو لە ڕوانگەی مێژووییەوە دەبینێتەوە، لە ڕووی دەرکەوتن و گەشەکردنی چەمکەکەی، لە ڕووی سروشتە چینایەتییەکەی و ڕۆڵی چینە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازەکان تێیدا بەپێی ڕۆڵیان لە خەباتی نیشتمانیی ڕزگاریخوازانە و دیموکراتییانە، کە بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو هاوپەیمانییەکی بەهێز و کارای تێدا بەرجەستە دەکات.

لە گێڕانەوە مێژووییەکەی سەرهەڵدانی بەرەی یەکگرتوودا، هەوڵم داوە بەپێی توانا ئامۆژگارییەکەی لینین پەیڕەو بکەم کە دەڵێت: ((ڕێگەی جێی دڵنیایی لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەر مەسەلەیەک لە مەسەلەکانی زانستی کۆمەڵایەتیدا، ئەو ڕێگەیەی کە مرۆڤ دەستبەرداری نابێت ئەگەر بە ڕاستی بیەوێت بەهرەی تاوتوێکردنی ئەم مەسەلەیە بە دەست بهێنێت، ئەمە ئەگەر نەیەوێت لە وردەکارییە فرە زۆرەکانی بۆچوونە پێکدژەکاندا سەرگەردان ببێت – ئەوەی بۆ تاوتوێکردنی ئەم مەسەلەیە لە ڕوانگەی زانستییەوە گرنگە – لەبیرنەکردنی پەیوەندییە مێژووییە بنەڕەتییەکەیە و سەیرکردنی هەموو مەسەلەیەکە لەم ڕوانگانەی خوارەوە:

ئەم دیاردە دیاریکراوە لە ڕووی مێژووییەوە چۆن سەری هەڵداوە؟ ئەو قۆناغە گرنگانە کامانەن کە ئەم دیاردەیە لە [پرۆسەی] گەشەکردنی پێیاندا بڕیونی؟ لەم ساتەی ئێستاشدا، وەک دەرەنجامی ئەم گەشەکردنەی، بە چی گەیشتووە؟))

لەبەرئەوە، هەر لە سەرەتاوە بەپێی توانا هەوڵی خستنەڕووی ڕۆڵی چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانم لە ڕووی مێژووییەوە داوە، شانبەشانی باسکردنی ئەو گەشانەی بەسەریاندا هاتووە. بۆ نموونە،

هەڵوێستی بۆرژوازیی نیشتمانیم لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە نیشان داوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی گەشەکردنی هەڵوێستەکانی لە میانەی ماوە و قۆناغە مێژووییە جیاجیاکاندا؛ هەروەتر، باسی ڕۆڵی جووتیارانم لە شۆڕشی دیموکراسی لە سەردەم و وڵاتە جیاوازەکاندا کردووە. مێژووی دەرکەوتنی بیرۆکەی بەرەی یەکگرتووم گێڕاوەتەوە، بەرەی میللی لە ئەورووپا و بەرەی نیشتمانی لە چین، چۆنێتیی دەرکەوتنیان و ڕاڤەکردنیانم لە زاری سەرکردە شۆڕشگێڕەکانیانەوە، کە بیرۆکەکانیان داڕشتووە، ڕوون کردووەتەوە.

ئەوەی کە دەبێت زیاتر لە هەر شتێکی دی جەختی لەسەر بکەین سەبارەت بە ئامۆژگارییەکەی لینین لەمەڕ بەرەی نیشتمانی، ئەوەیە کە جیاوازی لە بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیزمی جیهانی ڕێگە لە سەرجەم لایەنگرانی هێڵی سۆڤێتی دەگرێت کە سوود لە ئەزموونی شۆڕشگێڕانەی دەوڵەمەندی چینی وەربگرن. بە تایبەتی کە نموونەی ئەم ئەزموونە لە قۆناغی شۆڕشی دیموکراسیی نوێدا و چۆنێتیی بەستنەوەی ئەم شۆڕشە دیموکراسییە و گرێدانی بە شۆڕشی سۆسیالیستییەوە لە دۆخێکی هاوشێوەی وڵاتانی ئێمەدا ڕووی داوە، ئەویش لە ڕووی تێپەڕینی بە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی و دیموکراسی لە سەردەمی داڕووخانی سەرمایەداری و سەرکەوتنی سۆسیالیزم لە ماوەی دوای قۆناغی جەنگی دووەمی جیهاندا.

ئەو توێژینەوانەی لەبارەی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتووەوە بڵاو کراونەتەوە –کە ئەوەش چەکێک بوو صینی شۆڕشگێڕ بۆ گەلانی وڵاتانی ژێردەستە و کۆلۆنی ئامادەی کرد– هەر وەک ئەوەی ئوستاد زەکی خەیری دەڵێت، ئەزموونە چینییەکەیان فەرامۆش کرد کە نموونەی ئەم بەرە نیشتمانییەی هێنایە کایەوە، ڕوونی کردەوە و چەمکەکەی داڕشت. هەر ئەمەشە وا دەکات ئەو توێژینەوانە کەموکورت و دابڕاو و دوور بن لەو ((میتۆدەی کە مرۆڤ دەستبەرداری نابێت ئەگەر بە ڕاستی بیەوێت بەهرەی تاوتوێکردنی ئەم مەسەلەیە بە دەست بهێنێت.)) دواتریش،

وایان لێ دەکات بەدریغ بن لە ڕۆشنکردنەوەی پێویستیی گرنگترینی ئەو پرسانەی کە گەلەکەمان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بۆ جەماوەری میللی و هێز و حیزبە پێشکەوتنخوازەکان. لە پرسێکی مەترسیداری وەک بەرەی نیشتمانیدا، کۆی چارەنووسی بزووتنەوەی نیشتمانیی دیموکراسی لەسەر دۆزینەوەی چارەسەرێکی پراکتیکیی دروست دەوەستێت. لای کەسانی هۆشیار ڕوون و ئاشکرایە خەباتکاران ناتوانن دەستبەرداری کار و چالاکی بن لە مەیدانی ئایدیۆلۆجیدا، هەروەتریش، ئامادەکردنی ڕای گشتی لەپێناو بەدیهێنانی ڕزگاریی نیشتمانی و دیموکراسیدا؛ چونکە خەبات لەپێناو دەستەبەرکردنی ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراسی، لە بڵاوکردنەوەی چەمکە نیشتمانی و دیموکراسییەکان و بیری نیشتمانی و شۆڕشگێڕانەوە لە ناو جەماوەردا دەست پێ دەکات. بە گشتی، خەبات بە شێوەی خەباتی هزری و ئایدیۆلۆجی دەست پێ دەکات، پاشان هزرەکە دەبێت بە هێزێکی مادی کاتێک لە ناو ڕیزەکانی جەماوەردا بڵاو دەبێتەوە و ئەم جەماوەرەش باوەڕی پێ دەهێنن. ((شۆڕشگەرایی بێسەروبەر))، وەک ئەوەی لینین دەڵێت، ئەوەیە کە باوەڕ بەو ڕاستییە ناکات کە ((قسەش کار و چالاکییە.))

دەشێت سەرەتا بەم شێوەیە دەست بکرێت بە ڕاپەڕاندنی جەماوەر بۆ کاری خەباتگێڕانەی هزری و ئایدیۆلۆجی، پاشان ئەنجامدانی کار و چالاکییە جیاوازەکانی خەبات، وەک: ڕێکخستن، کۆبوونەوە، مانگرتن، خۆپیشاندان، ڕاپەڕین و شۆڕشی چەکداری. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت چەند گرنگە جەماوەری میللی زانیاریی ورد و چەمک و تێگەیشتنی ڕاستیان پێ بدرێت لەمەڕ بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو و شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی کە بەرەی نیشتمانی پێک دەهێنرێت بۆ سەرکردایەتیکردنی خەبات لەپێناو بەجێهێنانی ئەرکەکانی ئەم شۆڕشەدا. لەبەر ئەوەی بڵاوکردنەوەی چەمکە ڕاستەکان و بەیانکردنی ڕاستی لەمەڕ بەرە مەرجێکی ناچارییە بۆ بەدیهێنانی بەرە و سەرەتایەکی جدییە بۆ خەبات لەپێناویدا، بەو پێیەی کە (حەقیقەت

مەشخەڵی خەباتی گەلانە)، ئەوا هیوادارم ئەم توێژینەوەیە بەشداری بکات لە ڕوونکردنەوەی مەسەلەی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو و وەرگرتنی بڕگە و پەرەگرافە زانستییەکان لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی کرێکاریی شۆڕشگێڕیی جیهانییش مەشخەڵێک بێت بۆ خەبات و ڕێبەرێک بۆ کار و چالاکی، چونکە تیۆری زانستیی شۆڕشگێڕانە –کە گشتاندن و پوختەکردنی ئەزموونی خەباتی نێونەتەوەییە– لە ڕاستیدا پێڕۆیەکی چەقبەستوو و نەگۆڕ نییە، بەڵکو ڕێبەرێکی کار و چالاکییە. ئەوەی وا دەکات بایەخ و پێویستیی لێکۆڵینەوەی زانستییانەی جدیی بەرەی نیشتمانی زیادتر بێت، ئەو شێواندن و چەواشەکارییانەن کە دیماگۆژیی وردەبۆرژوازی لە چەمکگەلی نیشتمانی و پێشکەوتنخوازی و سۆسیالیستی و یەکێتیی نیشتمانیدا کردوونی؛ ئەو تێکەڵوپێکەڵییە هزرییەیە کە ئەم دیماگۆژییەی وردەبۆرژوازی بە گشتی لە نێوان لاوانی نەتەوەپەروەری پێشکەوتنخوازدا کردوویەتی، بە تایبەتییش لە ڕووی تێکەڵوپێکەڵکردنی بەرەڵایانەی چەمکەکان و ئەرکەکانی قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراسی و قۆناغی شۆڕشی سۆسیالیستییەوە. ئەم دوو قۆناغە لە ڕووی ئەرک و هێزی بزوێنەری شۆڕشگێڕی و چەمکی خەباتگێڕی و هزرییەوە لێک جیاوازن، کە لە هەمان کاتیشدا ڕاستەوخۆ بە شێوەیەکی ئۆرگانی پێکەوە بەستراون.

جێی داخە تێبینی دەکرێت تەنانەت لاوانی نەتەوەپەروەر کە بەرەو ئاڕاستەی چەپ و پەیڕەوکردنی بیری مارکسیزم – لینینیزم دەڕۆن، جیاکارییەکی ورد ناکەن لە نێوان ئەرکەکانی قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراسی کە بە دیموکراسیی میللی بەدی دەهێنرێت پاش ڕزگاربوون لە ئیمپریالیزم و دەرەبەگایەتی و بۆرژوازیی کۆمپرادۆری، لەگەڵ شۆڕشی سۆسیالیستیدا کە ئامانجەکەی ڕووخاندنی دەسەڵاتی سەرمایە و دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتی پڕۆلیتاریایە وەک سیستەمێکی سیاسیی پێویست و ناچاری بە درێژایی ئەو ماوە مێژووییەی کە لە سەرمایەدارییەوە درێژ دەبێتەوە بۆ کۆمەڵگەی بێچین بەپێی تێگەیشتنە

لینینییە زانستییەکە، واتە لەناوبردنی هەموو جۆرەکانی موڵکایەتیی تاکایەتی، لەناوبردنی جیاوازیی نێوان لادێ و شار، بەوەی کە هەموو گەل بکرێنە کارگەر، هەروەتر، لەناوبردنی جیاوازیی نێوان کاری هزری و کاری جەستەیی.

جیاوازیی ئەرکەکانی ئەم دوو قۆناغە لێکجودایە (هەرچەندە پێکەوەبەستراویش بن)، واتای جیاوازی لە ئەرکگەلی خەبات و هزرییشدا دەگەیەنێت، هەروەها جیاوازی لە جۆری بەرەی خەبات و هێز و چینەکان کە جێبەجێکردنی ئەرکە جیاوازەکانیان لێ پێک دێت.

بەرەی نیشتمانی بە هەر چوار چینە کۆمەڵایەتییەکەیەوە (کرێکاران، جووتیاران، وردەبۆرژوازی و بۆرژوازیی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز) و بە هەموو توخمە دژەئیمپریالییەکانیەوە پێویستییەکی مێژوویی بێ سێودووە بۆ سەرکەوتنی خەباتی نیشتمانیی دیموکراسی لە وڵاتە عەرەبی و ڕۆژهەڵاتییەکان و گەلانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمەریکای لاتینیی ژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی ئیمپریالیزم، کە کۆمەڵگەکانیان نیمچەسەرمایەداری و نیمچەکۆلۆنییە. ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە نوێیەی کە دەبێت لەم وڵاتانەدا بهێنرێتە دی، سیستەمی دیموکراسیی میللییە کە قۆناغێکی ڕاگوزەری (انتقالی)یە بەرەو سۆسیالیزم، فەرمانڕەوایەتییەکەشی دیکتاتۆریی چینە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازەکانە بە سەرکردایەتیی چینی کرێکار، ئەمە لە کاتێکدا شۆڕشی سۆسیالیستی پێویستی بە یەکگرتنی تێکۆشانییانەی نێوان کرێکاران، جووتیاران، هەژاران و سەرجەم کارکەرانی شۆڕشگێڕ هەیە بە سەرکردایەتی پرۆلیتاریا و حیزبە مارکسی – لینینییە پێشڕەوەکەی بۆ بەدیهێنانی [ئەم یەکگرتنە تێکۆشانییە]. ئامانجەکەشی ڕووخاندنی دەسەڵاتی سەرمایە و ڕووخانی سەرمایەداری و [فەرمانڕەوایەتییە] دیکتاتۆرییەکەیانە. لە بەرامبەریشدا، دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریایە لەسەر داروپەردوویان. تێکەڵکردنی ئەرک و چەمکەکانی ئەم دوو قۆناغە، قۆناغی شۆڕشی دیموکراتیی نیشتمانی و قۆناغی

سۆسیالیزم، شێواندنێکی ڕووخێنەرە و دەبێت بە هۆی شکستخواردنی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیی گەشەکردوو بە ئاڕاستەی سۆسیالیستیدا، چونکە دەبێتە هۆی هەڵەی تۆقێنەر لە مەسەلەی لێکجیاکردنەوەی دۆست و دوژمن و مەسەلەی داڕشتنی ستراتیژێکی دروست لە ڕووی دیارکردنی ئامانجە سەرەکییەکە و دیاریکردنی هێزە بنچینەیی و پێشڕەوەکان و هێزە یەدەک و هاوپەیمانەکان، دیاریکردنی ئاڕاستە سەرەکییەکەی گورزەکە؛ سەرکەوتنی شۆڕشیش بەستراوەتەوە بە پەیبردن بەو مەسەلانەوە. ڕاستێتیی ئەم ئەنجامگیرییانەش بە ڕوونی لەو چەمکە شۆڕشگەراییە سواوانەدا دەبینینەوە کە وردەبۆرژوازی برەویان پێ دەدات کە تووشی پەتای هەڵپەی چەپڕەوی بووە. هەر بۆیە کاتێک وردەبۆرژوازی تێکەڵکاری لە نێوان ئەرکەکانی ئەو دوو قۆناغەدا دەکات، کە هەردووکیان لە ڕووی بابەتییەوە هەم لێک جیاوازن و هەم پێکەوە بەستراون، دەبینین دروشمی سۆسیالیزم پێش وەختی خۆی بەرز دەکاتەوە و وەک ئەڵتەرناتیڤێک لەبری دیموکراسی دای دەنێت، هەروەها دەبینین نکۆڵی لە بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو دەکات و لەبری ئەو، دروشمگەلی (حیزبی سەرکردە) یان (تاقە ڕێکخراوەی نەتەوەیی) بەرز دەکاتەوە، یان هەڵدەسێت بە بەرتەسککردنی بەرەی نیشتمانی (لە ڕووی تیۆرییەوە) کاتێک بەشێکی گرنگ لە بۆرژوازیی نیشتمانی و وردەبۆرژوازی وەدەر دەنێت، کە دەبێتە مایەی گۆڕینی بەشێکی گرنگ لە هێزە هاوپەیمانەکان پاش ئەوەی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە ڕیزی نیشتمانی دەردەکرێن، بۆ هێزێکی نەیار و ناچارکردنیان بە وەستانیان لە ڕیزی نەیاردا، ئەمە لە کاتێکدا ئەو هێزە [دەرکراوە] لە ڕووی بابەتییەوە هێزێکی دۆست و هاوپەیمانە. ئەمەش دەبێت بە هۆی لاوازکردنی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز و بەهێزکردنی بەرەی دوژمنان لە ئیمپریالیست و کۆنەپەرستان. دیسانەوە ئەمەش دەبێت بەهۆی لاوازکردنی توانای گەل بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیمپریالیزم و پیلانگێڕی و فشارەکانی؛ دەبێت بە هۆی بەهێزبوون و پتەوکردنی بەرەی کۆنەپەرستی ناوخۆیی، لەبری

لاوازکردن و پەرتکردن و دابڕینی لە زۆرترین ژمارەی مومکینی خەڵک.

لە وڵاتانی ڕزگاربوودا، ئەنجامە کردەییەکە لاوازبوونی ئابووریی نیشتمانی و توانای بەرگریی گەل، پارچەپارچەکردنی یەکێتیی نیشتمانی و لاوازکردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی دژ بە ئیمپریالیزم و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداریی کۆمپرادۆری دەبێت، وەک چۆن دەبێت بە هۆی دروستبوونی شێواندنی تیۆری و شپرزەیی هزری لە ناوەندەکانی خەباتگێڕان و توخمە پێشکەوتنخواز و نیشتمانییەکاندا، کە ئەمەش ڕێگە لە بزووتنەوەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز دەگرێت ڕێگەی ڕاست بگرێتە بەر و هێزی خۆی کۆ بکاتەوە و لە خەباتدا یەکی بخات و سەرقاڵی نەکات بە دەمەدەمێی لاوەکی، [دیاردەیەک] کە دەبێت بە هۆی بەفیڕۆچوونی وزە و هەوڵی زۆر و دەرەنجامی ئەمەش شکستی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی دەبێت.

هەر بۆیە ڕابەرە شۆڕشگێڕەکان، لە مارکس و ئینگڵسەوە تا لینین و ستالین و ماو تسی تۆنگ، هۆشدارییان لەبارەی مەترسییەکانی ئەم تێکەڵکردن و شێواندنەوە داوە، هەر لەبەر ئەوەش، هەموویان بانگهێشتی ئەوەیان کردووە پەی بەو جیاوازییانەی نێوانیان ببرێت؛ بۆیە منیش، لە چوارچێوەی ئەو ژاوەژاوەی کە دیماگۆژییەتی وردەبۆرژوازی لەمەڕ بەناو سۆسیالیزم و ڕێوشوێنەکانی سۆسیالیزم لە قۆناغی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیدا هێناویەتە کایەوە، سەرنجی خوێنەری عەرەبی بۆ هەمان خاڵ ڕادەکێشم.

لە کۆتاییدا، بە دڵنیاییەوە ئەم توێژینەوەیە لە کەموکورتی و کەلێن بەدەر نییە. تکام وایە خەباتکارانی شۆڕشگێڕ بە گیانێکی زانستی و ڕەخنەییەوە بەشداری بکەن لە دۆزینەوە و نیشاندانی کەموکوڕی و کەلێنەکان و چارەسەرکردنیان، هیواداریشم ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ هەمان شت بکەن وەک بەشدارییەک لە بەیانکردنی ڕاستیی تەواو لەمەڕ ئەم بابەتە هەستیارە، بابەتی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو، کە گەلەکەمان بۆ سەرکەوتن بەسەر ئیمپریالیزم، دەرەبەگایەتی، زایۆنیزم

و کۆنەپەرستی، لەپێناو دیموکراسیی میللی وەک قۆناغێکی بەرایی پێویست بۆ گواستنەوە بەرەو کۆمەڵگەی سۆسیالیستیی خوازراو پێویستی پێیەتی.

**نووسەر**

# فەسڵی یەکەم

## پێویستیی بەرەی نیشتمانیی
## پێشکەوتنخوازی یەکگرتوو

## پێویستیی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی یەکگرتوو

پێویستیی هێنانەکایەی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو، یان یەکێتیی حیزبەکان و دەستە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکان و ڕێککەوتنیان لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش، کە ئامانجە هاوبەشەکانیان لە خۆ بگرێ، چیتر مایەی وروورژاندنی ناکۆکی و مشتومڕ نییە لە نێوان لایەنەکانی بزووتنەوەی نیشتمانیی ڕزگاریخواز لە عێراقدا؛ چونکە حیزبە پێشکەوتنخوازەکان و دەستە و ڕێکخراوەکان و کەسایەتییە نیشتمانییەکان هاوڕان لەمەڕ ئەوەی کە ئەوە ڕێگە دروستەکەیە بۆ کۆکردنەوە و خڕکردنەوەی هێزەکانی گەلەکەمان و سازدانی وزەکانی لە جەنگە نیشتمانییە گەورەکانیدا دژ بە ئیمپریالیزم، زایۆنیزم و کۆنەپەرستیی ناوخۆیی، کە لە دەرەبەگایەتی و بۆرژوازیی کۆمپرادۆری و بەکرێگیراوەکانیان لە ناو خوێندەواران و لە تاقمە بەکرێگیراو و خائین و سیخوڕەکاندا بەرجەستە دەبێت. لە بڕیارەکانی کۆنگرەکانی حیزبە نیشتمانییە عێراقییەکان و ڕێکخراوە دیموکراسییەکان و کۆمەڵە پیشەییەکاندا بڕیار لەسەر تەبەنیکردنی دروشمی بەرەی یەکگرتوو دراوە، چەندین جار بانگەوازی بۆ یەکێتیی حیزبەکان و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکان لە بەرەیەکی نیشتمانیدا کردووە، بەو پێیەی [ئەم بەرەیە] دارشتەیەکی کردەیی پەسەندکراوە و دەتوانێت وزەی هەموان کۆ بکاتەوە و سازی بدات لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانییە هاوبەشەکاندا.

هـەر کەسێک بڕوانێتە بڕیارەکانی کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆنگرەی هەرێمایەتیی حەوتەمی حیزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتیراکی و بڕیارەکانی کۆبوونەوە فراوانەکانی حیزبی شیوعیی عێراقی و دوایین کۆنگرەی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی عەرەبی و بەیاننامەکانی حیزبی یەکێتیی سۆسیالیستی، دەبینێت بانگەوازکردن بۆ بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز دروشمێکی دیارە وەک گوزارشتێک لە درککردنی هەموان بە پێویستی و مەترسیی یەکێتیی خەباتی نەتەوەیی.

نموونەی ئەم جۆرە هاوڕاییە لەمەڕ بانگەواز بۆ بەرەی نیشتمانی، خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنێکی تیۆریی گرنگە بۆ بزووتنەوەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز، چونکە بەدیهێنانی ئەم بەرەیە [ئەمانەی لێ دەکەوێتەوە]:

١– هاوڕایی بۆچوونە پێشکەوتنخوازەکان ئەو بۆچوونە هەڵە و زیانبەخشە بە درۆ دەخاتەوە (ڕەت دەکاتەوە) کە بانگەوازی دەکرد بۆ توانەوەی سەرجەم حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە پێشکەوتنخوازەکان (کە نوێنەرایەتیی چینە کۆمەڵایەتییە جیاواز و نەتەوە جیاجیاکان دەکەن) لە بۆتەی یەک ڕێکخستنی ناوەندیدا لەژێر ناونیشانی (یەکێتیی دیموکراسیخوازان لە یەک حیزبدا)، (یەک چالاکیی نەتەوەیی)، (یەکێتیی سۆسیالیستی) یان (یەک حیزب)دا. ئەم بانگەوازە کە لە ڕووی چینایەتییەوە گوزارشت بوو لە چاوتێبڕینی وردەبۆرژوازی بۆ قۆرخکردنی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی نیشتمانیی ڕزگاریخواز و ڕێگرتن لە چینی کرێکار و جەماوەری ڕەنجدەر کە خۆی لە حیزبە پێشڕەوە شۆڕشگێڕە سەربەخۆکەیدا ڕێک بخات، هەروەتر، بێبەشکردنی گەلی کورد لە پێشڕەوە پێشکەوتنخوازە شۆڕشگێڕەکەی.

٢– لایەنەکانی بزووتنەوەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز لە کێشمەکێشی توند و ناکۆکیی ئازاربەخش ڕزگار دەکات کە لە ڕابوردوودا، هەندێ

جار، سەری کێشاوە بۆ پێکدادانی چەکداری و باڵی بەسەر ناکۆکییە بنچینەییەکە لەگەڵ دوژمنە سەرسەختە سەرەکییەکەدا کێشا. ئەمە جگە لە شەڕەجنێو بە قێزەونترین تۆمەت و ناشیرینترین قسە، جگە لە شەڕی لابەلا و لاوەکی کە وزەی هێزە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکانی بە فیرۆ دا، لە بەرامبەریشدا، دوژمنایەتییەکی ساختەی لە نێوان پێشکەوتنخوازەکاندا دروست کرد (کە لە ڕووی بابەتییەوە هاوپەیمانن) کە بە حوکمی پێویستییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی مێژوویی، لە خەباتدا پاڵپشتی و هاوپشتیی یەکتر دەکەن.

٣- بزووتنەوەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕاستەڕێی خەبات، بۆ ڕێگەی خەباتی سەرکەوتوو، بۆ ڕێگەی یەکخستنی هێزەکانی لە بەرەیەکی یەکگرتوودا، بۆ گەڕاندنەوەی ڕەوڕەوەی ترازاوی شەمەندەفەر بۆ ئاسنەڕێی خۆی بۆ ئەوەی لە ڕەوتە سروشتی و ڕێکخراوەکەی خۆی بەردەوام بێت. دواتر، ئیمکانیاتە ڕاستەقینەکان دەخوڵقێنێت بۆ یەکێتیی حیزبە پێشکەوتنخوازەکان، کە ئەمەش دەبێتە هۆی سازدان و ڕێکخستنی وزەی جەماوەر و سەرکردایەتیکردنیان لە خەباتی شۆڕشگێڕانەدا لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانی و دیموکراسییەکانی.

نموونەی ئەم جۆرە هاوڕاییە پاساوی لۆجیکییشی هەیە. سەرجەم حیزبە پێشکەوتنخوازەکان گرفتاری کارەسات و بەڵای دووبەرەکی، جیاوازی، پێکدادان و کوشتوبڕ بوون و سەرجەم حیزبەکان، بەبێ ئاوارتە، زیانمەند بوون، ئەوەش بە هۆی درکنەکردن یاخود فەرامۆشکردنی گرنگیی بەرەی یەکگرتوو، یان دوورکەوتنەوە لە هێڵی بەرەی یەکگرتوو و ڕۆیشتن بە ڕێگەی گۆشەگیری و تەریکبوونی ترسناکدا. بزووتنەوەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز زەرەر و زیانی گەورە و قورسی بەرکەوتووە، ئەوەش بەهۆی دەستنەگرتنی لایەنەکانی بە سیاسەتی دروست و

پەسەندکراوەوە، سیاسەتی بەرەی یەکگرتوو؛ هەر بۆیە لە ڕێڕەوی شۆڕشە ڕزگاریخوازییەکانی عێراق، سوریا، میسر و جەزائیردا چەندین پاشەکشە ڕوویان داوە. دیارترین و بەئازارترینیشیان شکستی ٥ی حوزەیرانە، پێش ئەویش پاشەکشەی شۆڕش بوو لە عێراق و سوریا، پاشەکشەیەک کە ڕێی بۆ پاشەکشە گەورەکە خۆش کرد.

گرنگیی بەرەی یەکگرتوو بە هۆی بەردەوامیی هێرشی داگیرکارانەی نیشتەجێکردنی زایۆنیزم و توندبوونی پیلانگێڕیی کۆلۆنیالیی [هاوپەیمانیی] سەنتۆ (CENTO - Central Treaty Organization) دژی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و دژی گەلی عێراق بە نەتەوەی عەرەب و کورد و کەمینە نەتەوەییەکانی تر و دژی سەرتاپای دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی نیشتمانیی ڕزگاریخواز، پەیتاپەیتا گەورەتر و زیاتر دەبێت.

دەستدرێژیی داگیرکارانەی زایۆنی، کە لە فەلەستینی داگیرکراو و سینا و بانی جۆلان بەرۆکی نەتەوەی عەرەبی گرتووەو پیلانگێڕیی کۆلۆنیالیی (سەنتۆ)ی شاهەنشایی دژ بە وڵاتانی عەرەبیی ڕزگاربوو، کە ئامانجی ئەوەیە دەسکەوتە پێشکەوتنخوازەکان و سەربەخۆیی نیشتمانی لە گەلانی ئەو وڵاتانە زەوت بکات و کۆتی کۆیلایەتیی کۆلۆنیالی بکاتەوە گەردنی جەماوەرەکەی، تەنها پاڵنەری ئەوە نییە کە نیشتمانپەروەران و سەرجەم حیزبە پێشکەوتنخواز و هێزە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕەکان ڕووبەڕووی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و پیلانە تاوانکارییەکانیان ببنەوە، بەڵکو کاریگەرییان لەسەر ڕیزبەستنی چینایەتی لە کۆمەڵگەکانی ئەو وڵاتانە دەبێت. ئەو دوانە (ئیمپریالیزم و زایۆنیزم) بە پێشخستنی ناکۆکیی بنچینەیی بۆ پلەی یەکەم لە نێوان گەلانی ئەو وڵاتانە لە لایەک و ئیمپریالیزم و زایۆنیزم لە لاکەی ترەوە، کاریگەرییشیان لەسەر هەڵوێستی بۆرژوازیی نیشتمانی دەبێت، وەک چۆن هەموو دڵسۆزان و هەموو ئەوانەی کە وڵاتی خۆیان خۆش دەوێت و ڕەتی دەکەنەوە ببن بە

کۆیلەی ئیمپریالیزم، ئەو کەسانەش کە زایۆنیزم لە وڵاتی خۆیان دەری پەڕاندوون، پاڵ دەنێن بۆ ناو گۆڕەپانی ململانێ. ئەمەش وا دەکات بەرەی یەکگرتوو فراوانتر بێت لەچاو دۆخی پێش ٥ی حوزەیران.

کەواتە هیچ سەیر نییە، حیزبە پێشکەوتنخوازەکان (و ئەو چینانەش کە ئەم حیزبانە نوێنەرایەتییان دەکەن)، درک بە گرنگیی بەرەی یەکگرتوو و مەترسیی دووبەرەکی و دابڕان و تەریکبوون بکەن.

بەڵام ئەمە بە واتای ئەوە نییە دەرگای بەرەی یەکگرتوو لەسەر پشت ئاوەڵایە و حیزبەکانیش پەلەپەلیانە لێوەی بچنە ژوورێ؛ بەڵکو هێشتاش بەربەست و ئاستەنگەکان لە بەردەم پێکهێنانی بەرەی یەکگرتوودا ماون. هێشتا ڕێگەکە ڕەقەنە و پڕە لە هەوراز و نشێو و سەختی. هێشتاش جاروبار بانگەوازە (ناسازەکە) بۆ فێڵکردن لە دروشمی بەرەی یەکگرتوو (بە ناوی یەکێتیی نیشتمانی) یان بە جۆرێکی شێوێنراوی بەرە دەبیسترێت. هێشتاش ناکۆکییەکان، لە بۆچوون و ئیجیتیهاد لەمەڕ سروشتی بەرە، ئەرکەکانی، پێشڕەوەکەی و دروشمەکانی مەترسیدارن و هێشتاش کەموکورتییە مەترسیدارەکە لە مەیدانی نیشتمانیدا لە ئارادایە. مەبەستیشم لەمە، نەبوونی حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەی بەهێزە کە بتوانێت چینی کرێکار ساز بدات و یەک بخات، جەماوەری جووتیاران هان بدات و هاوپەیمانیی جووتیاران و کرێکاران بهێنێتە کایەوە وەک بناغەیەکی پێویست بۆ هێنانەکایەی خودی بەرەیەکی نیشتمانیی یەکگرتوو.

سەرباری فەراهەمیی هەلومەرجە بابەتییەکان بۆ دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی، لەو ڕووەوە کە پێویستییەکی مێژوویی و هەنووکەییە بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەی نیشتمانی و وەڵامدانەوەیەکی لۆژیکییە بە پێویستییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، هەروەها لەو ڕووەشەوە کە چینە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازەکان و گرووپە نیشتمانییە جیاوازەکان

بەرژەوەندییەکی ڕاستەقینەیان هەیە لە دامەزراندنی بەرە، هەروەها لە ڕووی سازانی لەگەڵ ڕەوتی سروشتیی ئاڕاستەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و مەجرای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی دیموکراسی و شۆڕشگێڕانە لەم وڵاتانەماندا، سەرەڕای هەموو ئەمانە، هەلومەرجە خۆییە پێویستەکان بۆ دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو [هێشتا] کەموکورتن – ئەمەش واتای ئەوەیە لەناوبردن و زاڵبوون بەسەر ئەو کەموکورتییە مەترسیدارە لە مەیدانی نیشتمانیدا، مەرجێکی بنچینەییە بۆ فەراهەمکردنی هەلومەرجە خۆییەکان و دواتریش پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو.

هەموو ئەمانە کەسانی دڵسۆز و بەپەرۆشی خەبات لەپێناو بەدیهێنانی دروشمی بەرەی یەکگرتوودا ناچار دەکەن پەیڕەوی لە خەباتێکی ئارام، [بەڵام] بەردەوام و سەرسەختانە بکەن، ئەوەش بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر ئاستەنگەکان و لابردنی بەربەست و قۆرتەکانی سەر ڕێگە و لەپێناو فەراهەمکردنی پێویستییەکانی بەرەی یەکگرتوو، کە لە هەلومەرجی بابەتیدا فشاری خستووەتە سەر هەموان [بەرە] قبوڵ بکەن و هەلومەرجی خۆیی پێویستی بۆ بهێننە کایەوە بۆ ئەوەی بە کردەیی دابمەزرێنرێت.

بەڵام ئەم جۆرە خەباتە، خەباتە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی ناوخۆی گەل، خەباتە بۆ پتەوکردنی یەکێتیی هێزە پێشکەوتنخوازەکان (کە لە ڕووی بابەتییەوە هاوپەیمانی یەکترن)، خەباتە لەپێناو یەکێتیدا، بەو واتایەی ململانێیەکی ناوخۆییە لە نێوان ڕیزەکانی گەلدا، دواتریش، [ئەم ململانێیە] نابێت لە ڕەوتە سروشتییەکەی خۆی لابدات و نابێت بگۆڕێت بۆ ململانێیەکی دوژمنکارانە، چونکە ئەمە (ململانێی دوژمنکارانە) شوێنەواری نەرێنی بەجێ دەهێڵێت، حیزب و چینە نیشتمانییەکان لە یەکتر دوور دەخاتەوە و ناکۆکییەکانیان زیاد دەکات و پێکدژییەکانیان

قووڵ دەکاتەوە، یاخود سروشتی ناکۆکی و پێکدژییەکان دەگۆڕێت کە ئەمەش سەر دەکێشێت بۆ دووبەرەکی.

پاشان، بەرەی یەکگرتوو پاساوی کۆمەڵایەتیی خۆی هەیە و زەرووره‌تێکی واقیعییە، بەو پێیەی وەڵامدانەوەیەکە بە پێداویستیی گەشەسەندنی مادی لە عێراقی نیشتمانمان و سەرجەم وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی. گەلەکەمان لە کۆمەڵێک چینی کۆمەڵایەتی پێک هاتووە کە لە لایەکەوە ئایدیۆلۆژیای جیاواز و بەرژەوەندیی چینایەتیی خۆیان هەیە، لە لایەکی تریشەوە، لە میانەی قۆناغی مێژوویی هەنووکەوە، ئامانجی هاوبەش و خواستی نیشتمانیی گشتیی هاوبەشیان هەیە. گەلەکەمان لە نەتەوەی جیاجیا پێک هاتووە کە چینگەلی کۆمەڵایەتیی جیاجیا لە خۆ دەگرن. ئەو حیزبانەی کە لەم چین و نەتەوانەوە سەرچاوەیان گرتووە و نوێنەری کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەوانن، هاوڕان لەسەر ئامانجە هاوبەشە گشتییەکان و مەسەلە گەورەکانی وەک دوژمنایەتیی ئیمپریالیزم، زایۆنیزم و کۆنەپەرستی، هەروەها هاوڕان لەسەر ڕستێک ئەرکی چاکسازیی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە هەلومەرجی هەنووکەدا و دەشتوانن پێکەوە و شانبەشانی یەکتر لەپێناو بەدیهێنانیاندا تێ بکۆشن؛ وەک چۆن لە ڕووی ئایدیۆلۆژیا، ڕاڤەکردنی هەندێک چەمک و دروشم و بەرژەوەندیی چینایەتیی تایبەت جیاوازن، کە ئەمەش ئەو حیزبانە ناچار دەکات سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی، هزری، ئایدیۆلۆژی، بۆچوونی تایبەت و ئازادیی جاڕدانی بیروباوەڕە تایبەتەکانیان بپارێزن، بە مەرجێک، ڕەچاوی ئەو ڕاستییە بکەن کە [پاراستنی] یەکێتی لە پلەی یەکەمدایە، ململانێش دەبێت بکرێت، بەو پێیەی ململانێیەکە لە نێوان ڕیزەکانی گەلدا، [بەڵام] بە شێوازی ڕەخنە و خەباتی ناوخۆیی و دیالۆگ لە چوارچێوەی یەکێتیی خەباتی نیشتمانیدا؛ لێرەشەوە پێویستییە بنچینەییەکەی یەکێتیی هێزە پێشکەوتنخوازەکان دێتە پێشەوە، چونکە

ئامانجە هاوبەشەکان هەڵوێست و خەباتە هاوبەشەکان بۆ بەدیهێنانی [ئەم ئامانجە هاوبەشانە] دەکەن بە ناچاری. هەروەتر، ڕێکخستن و هەماهەنگیی ئەم هەڵوێست و خەباتە هاوبەشانە دەکەن بە ناچاری بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن.

دارشتەی پراکتیکیی پەسەند و ماقووڵ بۆ ئەم ڕێکخستن و هەماهەنگییە، بەرەی یەکگرتووە، کە لە لایەکەوە یەکێتیی خەبات بەدی دەهێنێت، لە لایەکی ترەوە سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی و ئایدیۆلۆژی و پڕوپاگەندەیی لە چوارچێوەی ئەم یەکێتییەدا زامن دەکات؛ بە تایبەتی ئەگەر دوو ڕاستیی گرنگ و دیار لەبەرچاو بگرین:

یەکەم: ئەرکەکانی قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراسی نە بە خەباتی یەک چینی کۆمەڵایەتی جێبەجێ دەکرێن، هەرچەندە ئەو چینە گەورە و هۆشیار و بەهێز بێت، نە بە خەباتی یەک حیزبی سیاسی، هەرچەندەش ئەو حیزبە گەورە و بەهێز بێت و خاوەنی پێگەی جەماوەریی گەورە بێت و بوێر و جەربەزە بێت؛ بەڵکو دەبێت هەموو چینە پێشکەوتنخوازەکان، هەموو حیزبە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە یەک بگرن.

دووەم: ئەم چینانە و حیزبە سیاسییەکانیان لە ماوەی قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی و دیموکراسیدا، لە کاتی وەرچەرخان و ماوە یەکلاکەرەوەکان و پاش سەرکەوتنەکان و شکستە کاتییەکان، هەڵوێست و بەرژەوەندیی جیاوازیان هەیە؛ بە تایبەتی لەمەڕ مەسەلە گرنگەکانی وەک خەباتی شۆڕشگێڕانە و هێزە پێویستەکانی ئەم خەباتە، مەسەلەی سەرکردایەتیکردنی، سروشتی حکومڕانیی ڕزگاربوو لە داگیرکەر و ئەرکەکانی پاش بەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسی، هەروەها مەسەلەی لێکجیایی یان پێکەوەبەستراویی ئۆرگانیی نێوان شۆڕشی نیشتمانی و دیموکراسی، هەروەتر، لێکجیایی یان پێکەوەبەسراویی ئۆرگانیی

ڕاستەوخۆ لە نێوان شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی و شۆڕشی سۆسیالیستی لە چوارچێوەی نیشتمانیدا بە تایبەت و نێودەوڵەتیدا بە گشتی.

ئەم جۆرە پرسە هاوبەش و جێی ناکۆکییانە تەنها لەسەر بنچینەی پرەنسیپی یەکێتی و ململانێ بە دروستی چارەسەر دەکرێن؛ واتە، لە لایەک یەکێتیی خەباتکارانە لەپێناو ئامانجە هاوبەشەکان، لە لایەکی ترەوە ململانێی ئایدیۆلۆژی، پڕوپاگەندەیی و سیاسی لەپێناو بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەری میللی، جڵەوگرتنی ڕووداوەکان، سەرکردایەتیکردنی شۆڕش و ئاڕاستەکردنی ڕەوتەکەی، هەروەها بۆ قایلکردنی لایەنە پێشکەوتنخوازەکان بە ڕاستییەکان، بە پەیڕەوکردنی شێوازی دیموکراسی. ئەمە بە شێوەیەکی گشتی. با [ئێستا] چاوێک بە ئەزموونە عێراقییە تایبەتەکەماندا بخشێنین، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕوونتر درک بە پێویستییە واقیعییەکانی بەرەی یەکگرتوو بکەین.

یەکەمین ڕاستی کە واقیعی عێراقی دەیخاتە ڕوو، ئەوەیە کە کۆمەڵگەی عێراقی لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێک دێت کە نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کوردە، بە جۆرێک، کە هەر یەکێک لەو دوانە بەشێک لە میلەتە دابەشبووەکەی خۆی پێک دەهێنێت، لە ڕیزی هەر یەکێکیشیاندا بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی هەیە کە لە ڕووی مێژووییەوە پێک هاتووە و لە ڕووی بابەتییەوە گەشە دەکات. هەر یەکێک لەو دوو بزووتنەوە نەتەوەییە حیزبی خۆیان هەیە کە لە پێویستییەکانی گەشەکردنیان و کارلێکیان لەگەڵ هزری شۆڕشگێڕی و پێشکەوتنخوازیدا سەرچاوەیان گرتووە. ئەمە ڕاستییەکی مەزنە و بە ڕووی سەرجەم هەوڵەکانی فەرامۆشکردن و بازدان بەسەریدا یان تێپەڕاندنیدا وەستاوە، چونکە ڕاستییەکی مێژوویی، بابەتی، زیندوو و کارایە.

ڕاستیی دووەم کە واقیعی تایبەتی عێراقی دەیخاتە ڕوو، ئەوەیە کە حیزبە عێراقییە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکان ڕیشەیەکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی داکوتراویان هەیە کە بۆ دەیەی سییەکان و چلەکان درێژ دەبێتەوە، سەروەری و نەریتی خەباتکارانەیان هەیە، پاشان، قۆناغی منداڵییان بڕیوە و لە ململانێی تاڵ لەپێناو سەلماندنی بوونیان و بەدەستهێنانی مافەکانیان لە خەباتی ڕەوادا، پتەو و خۆڕاگر بوونە، وەک چۆن لە گۆڕەپانی خەبات دژی ئیمپریالیزم و پاشایەتی و دیکتاتۆریدا سیمای تایبەتی خۆیان وەرگرتووە. هەر بۆیە ناتوانرێت بە قودرەتی قادر ڕیشەکێش بکرێن، یان لە مەیدانی چالاکیی نیشتمانی دەربکرێن، [هەر هەوڵێکی لەو جۆرەش] لە بەرژەوەندیی هیچ کەس و لایەنێک نییە جگە لە دوژمنانی گەل.

ئەگەر لە ئەزموونەکانی چالاکیی نیشتمانی و حیزبیی عێراقی ورد ببینەوە، ئەوە سێیەمین ڕاستیی گرنگمان بۆ ڕوون دەبێتەوە: هەر کاتێک حیزبەکان دەستیان بە سیاسەتی بەرەی یەکگرتووەوە گرتبێت، ئەوا چالاکیی نیشتمانی و حیزبی سەرکەوتنیان بۆ گەل و حیزبە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکان بە دەست هێناوە، هەر کاتێکیش دەستیان لە بەرەی یەکگرتوو بەردابێت و بەریان بە ڕێگە دروستەکەی گرتبێت، ئەوا شکست و دۆڕانیان تۆمار کردووە. ساڵی ١٩٤٨، کاتێک لیژنەی هاریکاریی نیشتمانی لە پارتی و حیزبی شیوعی و حیزبی گەل و باڵێک لە نیشتمانیی دیموکراسی پێک هێنرا، لیژنەکە ئەرکی سەرکردایەتیکردنی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینە شکۆدارەکانی لە بەغداد جێبەجێ کرد، هەروەتر، بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ئامانجەکانی لە سەرتاسەری عێراقدا بۆ پاڵپشتیکردن و بڵاوکردنەوەی خۆپیشاندانەکان لە شارەکانی تری عێراقدا، ئەمە لە کاتێکدا ڕاپەڕینەکە و ئەم حیزبانەش تووشی پاشەکشە بوون پاش ئەوەی پەرتوبڵاو بوونەوە و چالاکیی نیشتمانی نەیتوانی

یەکێتیی هێزە نیشتمانی و دیموکراسییەکان بەدی بهێنێت.

ساڵی ١٩٥٤ (بەرەیەکی نیشتمانی) دەرکەوت بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکاندا، ئەوە بوو ئەو تەباییە نیشتمانییە سەرکەوتنێکی بەرچاوی بە دەست هێنا و سەرلەنوێ دەری خست هێزە یەکگرتووەکانی گەل چ توانایەکیان هەیە بۆ کار و چالاکی، بۆ نیشاندانی ئیرادەی جەماوەری میللی و بەرجەستەکردنی.

سەبارەت بە بەرەی یەکێتیی نیشتمانی، سەرەڕای کورتکردنەوەی بەرنامەکانی بۆ داوا سیاسییەکان (لایەنی کەمی داوا سیاسییەکان)، دواتریش، کورتبوونەوەی بەرنامەکە لە گوزارشتکردن لە خواستەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی و دیموکراسی، سەرەڕای ئەوەش کە مۆرکی بۆرژوازی بەسەریدا زاڵ بوو (لە ڕووی ئامانجەکان، نوێنەرایەتی، شێوازی کار و چالاکی و دروشمەکان)، سەرەڕای بێبەشکردنی پارتی لە مافی بەشداریکردن لە بەرەدا هەتا پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووز، کە لە پاییزی ١٩٥٨دا، ماوەیەک پاش ئەوەی پارتی میساقی هاریکاریی لەگەڵ حیزبی شیوعیی واژۆ کرد، ئەوجا لە بەرەدا قبوڵ کرا، سەرەڕای هەموو ئەمانە، هێشتا یادەوەریی یەکێتیی نیشتمانی لە زەینی جەماوەری میللیدا زیندوو و نەمرە. گەلەکەمان کاریگەرییە کاراکەی لە هەڵایساندنی مەشخەڵی گوڕوتینی خەباتی شۆڕشگێڕانە لە ناو ڕیزەکانی جەماوەر و ڕیزەکانی سوپای عێراقی و ڕۆڵە ئەرێنییەکەی لە ئامادەکردن و پێگەیاندنی هەلومەرجی بەرپابوون و سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی شکۆدار لە بیر ناکات. هەروەها گەلەکەمان بە حەسرەت و ئازارەوە ئەو کارەسات و بەڵایانەی بیر دەمێنێت کە بەرهەمی دووبەرەکیی حیزبە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکان بوون پاش سەرکەوتنی شۆڕشی تەمووز و ئەو دۆخی پەشێوی و ئاژاوە و شەڕی براکوژی و پاشەکشە کۆنەپەرستییەی

کە پاش هەرەسی بەرەی یەکێتیی نیشتمانی، وڵاتەکە ڕووی تێ کرد.

سێیەمین ڕاستیی گرنگ کە لە ئەزموونەکانی بزووتنەوە نیشتمانییە عێراقییەکەمانەوە هەڵێنجراوە، شانبەشانی ئەو دوو ڕاستییەی تر کە باسمان کردن، جەخت لە پێویستیی بەرەی یەکگرتوو دەکات.

بە دڵنیاییەوە، کاریگەرییە ئەرێنییەکانی بەرەی یەکگرتوو لە عێراق، بەشێوەیەکی گشتی کۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی عەرەبی لە وڵاتانی عەرەبیدا دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، بە جۆرێک کە یەکانگیریی هێزە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕەکان پتەو دەکات و توانا ڕاستەقینەکانیان لە بەرەنگاربوونەوەی دوژمنکارانەی داگیرکارانەی زایۆنی دووهێندە زیاد دەکات و سازدانی وزە زۆرەکانی نەتەوەی عەرەب لە جەنگە گەورەکەیدا دەستەبەر دەکات، ئەو کاتەش سەرکەوتنی مسۆگەر دەبێت.

وزە میللییەکان (چ مادی و چ مەعنەوی) کە بەرەی یەکگرتووی هێزە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکان دەیتەقێننەوە و ئاڕاستەی دەکەن، بەهێزتر دەبن لە گەلەکۆمەکێی ئیمپریالی و زایۆنییەکان و ئەو پەندە پشتڕاست دەکەنەوە کە دەڵێت ئەو گەلەی کە دەزانێت [چۆن] هێزەکانی یەک بخات و لە شەڕە میللییەکاندا بەکاری بهێنێت، دەتوانێت بەرەنگاری بەهێزترین هێزی ئیمپریالی ببێتەوە و شکستی پێ بهێنێت، هەر وەک ئەوەی، بۆ نموونە، ئەزموونەکانی چین و کۆریا و ڤێتنام سەلماندوویانە.

ئەگەر چوارچێوەی عێراق (وەک دەوڵەت) تێ بپەڕێنین و سەیری گۆڕەپانی گشتیی عەرەبی بکەین، دەبینین جگە لە ڕێگەی بەرەی یەکگرتووی هێزە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکان لەسەر هەردوو ئاستی دەوڵەتی و نەتەوەیی، هیچ ڕێگەیەکی تر نییە بۆ کۆکردنەوە و سازدان و بەکارهێنانی وزەی نەتەوەی عەرەبی لە جەنگی خەباتکارانە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی.

سەرباری پاساو و پێداویستییە چینایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرەی یەکگرتوو، دەبینین واقیعی سیاسییش لای خۆیەوە بەرەی یەکگرتوو وەک ڕێگەیەکی زامنتر دەسەپێنێت بۆ سەرکەوتن، چونکە ڕەوتە سیاسییە سەرەکییەکانی (بەعسی، ناصری، شیوعی و بزووتنەوەی ناسیۆنالیستەکان) و ڕەوتە دەوڵەتییەکان (بەرەی ڕزگاریخوازی جەزائیر، بەرەی نەتەوەیی یەمەنی میللی، بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی مەغریبی، ڕەوتەکانی شۆڕشی فەلەستینی، هێزە پێشکەوتنخوازە لوبنانی و سورییەکان، هێزە پێشکەوتنخوازەکان لە ئەردەن و سعودیە و کەنداو...)، ئەمانە تەنها لە چوارچێوەی بەرەی یەکگرتوودا دەتوانن پێک بگەن. توانەوەی ئەم ڕێکخراوانە لە ناو یەک ڕێکخراوەدا مەحاڵە، پاشان ئەو هەڵوێستە مەترسیدارەی کە ڕووبەڕووی دەبینەوە، یەکلاکردنەوەیەکی خێرا و چارەسەرێکی واقیعی دەخوازێت کە بشێت جێبەجێ بکرێت، کە دروشمی یەکێتیی هێزە پێشکەوتنخوازەکان تەعبیری لێ دەکات – باشترین چوارچێوەی پراکتیکیی مومکینیش بۆ ئەم دروشمە، دروشمی بەرەی یەکگرتووە.

بەم جۆرە، دەبینین بەرەی یەکگرتووی حیزبەکان و دەستە پێشکەوتنخوازەکان تاقەڕێگەی پراکتیکییە بۆ سازدان و ڕێکخستنی وزە و توانایی و ئیمکانیاتەکانی سەرجەم حیزب و دەستە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکان، هەروەها وزەکانی گەلی عێراقیمان بە هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد و کەمینە نەتەوەییەکانیش لە بەرەیەکی یەکرِیزدا بۆ بەرپاکردنی خەبات دژی دوژمنانی سەرسەختی گەلەکەمان: ئیمپریالیزم، زایۆنیزم، دەرەبەگایەتی و بۆرژوازیی کۆمپرادۆری، هەروەها بەرپەرچدانەوەی هێرشی داگیرکارییانەی کۆلۆنیالیستانەی زایۆنی و خۆپاراستن لە مەترسییەکانی پیلانگێڕیی کۆلۆنیالیستانەی سەنتۆ کە دژی حوکمی نیشتمانی و دژی سەربەخۆیی

و بەرژەوەندییەکانی کۆماری عێراقی ڕزگاربووە.

هیچ ڕێگەیەکی کردەیی دیکە لە ئارادا نییە. ڕێگەیەکی دیکەش نییە کە سەرجەم حیزب و دەستە پێشکەوتنخوازەکان لە وڵاتدا هاوڕا بن لەسەری و پێیدا بڕۆن.

واقیعی کۆمەڵگەی عێراقیی فرەنەتەوە و فرەچین و حیزب و پێویستییەکانی گەشەسەندنە کۆمەڵایەتییەکەی و پێشکەوتنە ئابووری و سیاسی و کولتوورییەکەی و پێداویستییەکانی بەرپاکردنی جەنگی گەورەی نیشتمانی دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و پێداویستییەکانی پاراستنی دەسکەوتەکانی گەلەکەمان، بگرە تەنانەت پێویستییەکانی پەرەسەندن و پێشکەوتنی حیزبەکانمان و دەستە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکانیشمان، هەموو ئەمانە بەرەی یەکگرتوو وەک تاقە ڕێگەی یەکانگیرکردنی هێزە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕەکانی گەلەکەمان دەسەپێنن کە لە حیزبە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕەکان لە یەک بەرەی تۆکمەدا بەرجەستە دەبێت.

لەبەر هەموو ئەوانە، دەبێت دروشمی بەرەی یەکگرتوو بە بڵندی بەرز بکرێتەوە، لەبەر هەموو ئەوانە، دەبێت خەباتی بێوچان لەپێناو بەدیهێنانیدا بکرێت. وەک بەشدارییەکی خاکەڕا لەم خەباتەدا، پێویستە حەقیقەتی بەرە، سروشتەکەی، جۆرە پێویستەکەی بۆ قۆناغی خەباتکارانەمان و دیاریکردنی ئەو ڕێگەیەی دەمانگەیەنێت پێی، بەیان بکرێت. لە دۆخی نەتوانینی دامەزراندنی بەرەشدا، ئیمکانییەتی یەکێتیی حیزبە پێشکەوتنخوازەکان لەسەر میساقێکی نیشتمانی بەیان بکرێت – ئەوەش ئەزعەفولئیمانە بە بەرەی یەکگرتوو.

لەبەر ئەوە، با دەست بکەین بە ناسینی سروشتی بەرەی یەکگرتوو.

فەسڵی دووەم

# سروشتی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی یەکگرتوو

## سروشتی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی یەکگرتوو

بەرە لە جەوهەری خۆیدا هاوپەیمانییەکی چینایەتییە لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا. ئەو هاوپەیمانییە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئامانجە هاوبەشەکان چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان لە گۆڕەپانی خەباتی هاوبەشدا کۆ دەکەنەوە، هەر وەک چۆن یەکێتیی دوژمنان و مەترسییە هاوبەشەکان کۆیان دەکەنەوە. بە دەربڕینێکی تر، ناکۆکییەکی سەرەکیی مەترسیدار بە پلەی یەکەم لە نێوان سەرجەم ئەم چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازانەدا لە لایەکەوە، لەگەڵ دوژمنێکی مەترسیداری هاوبەش لە لایەکی ترەوە دەردەکەوێت، جا چ ئەم دوژمنە دەوڵەتێکی ئیمپریالیی بێگانە بێت، یان چینێکی کۆنەپەرستی ناوخۆیی، یاخود داگیرکارییەکی زایۆنیستیی نیشتەجێیی بێت. ئەم جۆرە ناکۆکییە ناکۆکییەکی دوژمنکارانەیە و بە زۆری تەنها بە ململانێی توندوتیژ و درێژخایەن چارەسەر دەکرێت. هەروەتر، ئەم جۆرە ناکۆکییە وا دەکات ناکۆکییەکانی دیکەی نێوان ئەم چینە کۆمەڵایەتییە جیاواز و هاوپەیمانانە ناکۆکیی لاوەکی بن، ناکۆکیی لە ناو ڕیزی نیشتمانی و هاوپەیمان، ناکۆکییەکی ناوخۆییە و دەکرێت و دەبێت بە شێوازی جیاکردنەوەی (حەق لە باطل)، پەیڕەوکردنی ڕەخنە و ڕەخنەلەخۆگرتن، ڕۆشنبیرکردن، دیالۆگ، قایلکردن، فەرمانە کارگێڕییەکانی تێکەڵ بە قایلکردن و هۆشیارکردنەوە و دواجاریش بە شێوازە دیموکراتیکەکان چارەسەر بکرێن. لێرەدا گرنگیی دیموکراسی و پێویستیی دانانان بە ئازادی و مافەکانی گەلدا دەردەکەوێت، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە ناکۆکییە لاوەکییەکان چارەسەر بکرێن و ڕێگر بێت لەوەی ببن بە ناکۆکیی دوژمنکارانە کە ڕێگەچارەیان تەنها زەبروزۆر بێت.

کەواتە ((ئەم دوو جۆرە ناکۆکییە، بە سروشتی خۆیان، تەواو لە یەکتر جیاوازن.)) ناکۆکی لەگەڵ دوژمندا مۆرکێکی نەیارانەی هەیە و تەنها بە شێوازی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە، بە توندوتیژی، بە خەباتی چەکداری و جەنگی ناوخۆ چارەسەر دەکرێت؛ ئەمە لە کاتێکدا ناکۆکییەکانی ناو ڕیزەکانی گەل، لە نێوان چینە هاوپەیمانەکاندا، ناکۆکیی لاوەکین و بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەش دەبن، یەکەمیان (ناکۆکییەکانی نێوان ڕەنجدەران)ـە و ناکۆکییەکی نادوژمنکارانەیە، دووەمیان ناکۆکیی نێوان (چەوساوان و چەوسێنەران)ـە کە شانبەشانی مۆرکە دوژمنکارانەکەی، مۆرکێکی دیکەی نادوژمنکارانە لە خۆ دەگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، دەکرێت بوترێت ((ئەم جۆرە ناکۆکییە بە ناکۆکیی نێوان ڕیزەکانی گەل دادەنرێت. پوختەی مەبەست ئەوەیە ناکۆکییەکانی نێوان ڕیزەکانی گەل ئەو ناکۆکییانەن کە لە یەکێتیی بنچینەیی بەرژەوەندییەکانی گەلەوە سەرچاوە دەگرن.)) (بگەڕێوە بۆ: ماو تسی تۆنگ، لەمەڕ چارەسەری دروستی ناکۆکییەکان لە نێوان ڕیزەکانی گەلدا).

کەواتە بەرەی یەکگرتوو بریتییە لە هاوپەیمانییەکی چینایەتی کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یەکێتیی بنچینەیی بەرژەوەندییەکانی گەل بەرامبەر بە یەکێتیی دوژمنان و مەترسییەکان. لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا، [ئەم هاوپەیمانییە] هاوپەیمانییەکی نیشتمانییشە، بەو واتایەی هاوپەیمانیی نێوان نەتەوە جیاجیاکان، کە یەکێتیی بەرژەوەندییە بنچینەییەکان و یەکێتیی دوژمنان و مەترسییەکانیش کۆیان دەکاتەوە. هەر بۆیە هەڵەیە هاوپەیمانیی حیزبە سیاسییەکان بە دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو بزانین، مەگەر ئەوەی ئەم حیزبانە نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی چینە کۆمەڵایەتییەکان بکەن و گوزارشتی لێ بکەن، واتە بە ڕاستی نوێنەرایەتییان بکەن و سەرکردایەتیی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی ئەم چینانە بکەن، وەک: سەندیکاکان، کۆمەڵە جووتیارییەکان و ڕێکخراوە

پیشەییەکان. بە پێچەوانەوە، هاوپەیمانیی حیزبە سیاسییەکان دەبێت بە بەرەی یەکگرتووی ئەم حیزب و هێزانە کە نوێنەرایەتییان دەکەن، بەبێ ئەوەی لە جۆری بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو یان بەرەی میلليی یەکگرتوو بێت، سەرەڕای ئەوەی هەر حیزبێکی سیاسی، لە ڕووی مۆرکە سیاسی و هزرییەکەیەوە، بە مسۆگەری نوێنەری چینێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوە، چونکە بە زەرووڕەت، هەموو تاکێکی سیاسی، حیزبێکی سیاسی و بزووتنەوەیەکی سیاسی مۆرکی چینێکی دیاریکراوی پێوەیە.

ماو تسی تۆنگ لەمەڕ بەرەی یەکگرتوو لە چین دەڵێت: ((ئاخۆ بەرەی نیشتمانیی یهکگرتووی دژ بە ژاپۆن تەنها لە کۆمینتانگ و حیزبی کۆمۆنیستدا کورت دەبێتەوە؟ نەخێر، بەرەیەکی یەکگرتوو دەبێت هەموو گەل بگرێتەوە، بەڵام ئەم دوو حیزبە بەشێک دەبن لەو بەرەیە.

بەرەی نیشتمانیی یەکگرتووی دژ بە ژاپۆن بەرەیەکی یەکگرتووە و سەرجەم حیزبەکان، گرووپە سیاسییەکان، ناوەندە جیاوازەکان و هێزە چەکدارەکان لە خۆی دەگرێت. بەرەیەکی یەکگرتووە بۆ سەرجەم هاووڵاتیانی نیشتمانپەروەر، هەر لە کرێکاران و جووتیارانەوە تا دەگات بە سەربازان، ڕۆشنبیران، بازرگانان و پیشەسازان، بەڵام بەرەی یەکگرتووی ئێستا، لە ڕاستیدا، چوارچێوەی دوو حیزبەکەی تێ نەپەڕاندووە، لە کاتێکدا جەماوەری بەرفراوان، لە کرێکاران و جووتیارانەوە تا سەربازان و وردەبۆرژوازیی شارەکان و زۆری دیکەش لە نیشتمانپەروەران، هێشتا بە ئاگا نەهاتوون و ڕانەبوون، وەک چۆن هێشتا ڕێک نەخراون و چەکدار نەکراون.)) (هەڵبژاردەکان، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٤٨).

ئەمەش لەبەر ئەوەی هاوپەیمانیی ئەم چین و نەتەوانە تەنها لە ڕێگەی یەکێتیی جەماوەرە بەرفراوانەکەی، حیزبەکانی، ڕێکخراوەکانی، سەندیکاکانی، کەسایەتییەکانی و گرووپەکانی لە بەرەیەکی یەکگرتوودا گوزارشتی لێ دەکرێت، کە لە لایەکەوە پتەوکردنی وزە و تواناکانی

ئەم چین و نەتەوانە و هەماهەنگکردنی چالاکییەکان و ئاڕاستەکردن و سەرکردایەتیکردنی خەباتی هاوبەشیان دژی دوژمنە سەرسەختەکان زامن دەکات، لە لایەکی تریشەوە دەرفەتی پەرەسەندن، کامڵبوون، بووژانەوە و پێکەوەژیان بۆ ئەم چین و نەتەوانە و حیزبەکانیان دەڕەخسێنێت؛ هەروەها ئازادیی هزر، بیروباوەڕ، چالاکیی حیزبی و پیشەیی و نەتەوەیی لە چوارچێوەیەکی فراواندا بۆ یەکێتیی نیشتمانی دەڕەخسێنێت و لێ دەگەڕێت (سەدویەک گوڵ) لە باخی پاکژی نیشتماندا بگەشێنەوە، باخێک کە لە گژوگیای زیانبەخش بژار کراوە؛ ئەمەش دەرگای ئەفراندن و داهێنان دەخاتە سەر پشت، هەروەتریش، ڕێکخستنی ململانێی هزر و بیروباوەڕە فرەکان لە چوارچێوەی یەکێتیدا و لەپێناو ڕاستی و دۆزینەوەی باشترین ڕێگە بۆ خزمەتکردنی گەل و بەدیهێنانی بەرژەوەندییە بنچینەییەکانی، بەوەش خراپەکانی دەسەڵاتگەری، ستەمگەری، سەرکوتکردن، تۆقاندن و بێبەشی لە ماف و ئازادییە دیموکراسییەکان لە گەل دوور دەخاتەوە؛ کە بەو جۆرە یەکێتییە نیشتمانییەکەی پتەو دەکات، تۆکمەیی ڕیزەکانی و بەرە ناوخۆییەکەی بەرامبەر دوژمنان بەهێز دەکات، چونکە بەرە بە گونجاوترین شێوە و داڕشتە یەکێتیی نیشتمانی بەدی دەهێنێت. ئازادیی ململانێی هزری و سیاسییش لە چوارچێوەی ئەم یەکێتییەدا زامن دەکات، کە ئەمەش وای لێ دەکات ببێتە دبەیتێکی بەچێژ و سوودبەخش لەمەڕ ڕاستترین و باشترین، بەو هۆیەشەوە گەل لە بەڵای دووبەرەکی و پێکدادانی نێوان هێزە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکانی دوور دەخاتەوە؛ بگرە ڕکابەری و کێبڕکێی ئازاد لە نێوان ئایدیۆلۆژیاکان و کێبڕکێ لەسەر خزمەتکردنی گەل و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی و متمانەی گەل لە ڕێگەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و سیاسەت و دروشمی ڕاست و لەخۆبردوویی و دڵسۆزی لەپێناو دۆزی ڕەوای گەل و بەدیهێنانی

ئامانجەکانی دەهێنێتە کایەوە.

ئەمەیە جەوهەر و سروشتی بەرەی یەکگرتوو؛ بەڵام جۆری ئەو بەرەیە کامەیە کە گەلی ئێمە پێویستی پێیەتی؟ جۆری ئەو هاوپەیمانییە جێمەبەستەی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان چییە؟ بگرە خودی ئەم چینانە کامانەن و چۆن هاوپەیمانی دەکەن؟ چۆن جەماوەری نەتەوەکانی عێراق لە بەرەیەکدا هاوپەیمانێتی دەکەن؟

## جۆرەکانی بەرەی یەکگرتوو

مێژووی خەبات هاریکاریی ئەو چینانەی بە خۆیەوە بینیوە کە لە ڕووی سروشتی کۆمەڵایەتییەوە هاوشێوە و لێکنزیکن، ئامانج و داوای هاوبەشیان هەیە، هەمان بەرژەوەندی و هەمان دوژمنیان هەیە. ئەم هاوپەیمانییە لە سەرەتاوە شێوەی جیاجیای بە خۆیەوە بینیوە، هەر لە تێکەڵبوونی پاشکۆیانەوە تا هاریکاریی بەرنامەڕێژکراو و مەرجدار لە دواتـردا، بە تایبەتی کاتێک ململانێی چینایەتی خەملا و حیزبە سۆسیالیستی و کرێکارییە سەربەخۆ و جیاوازەکان سەریان هەڵدا.

لە سەردەمی شۆڕشە بۆرژوازییەکان (لە ئەورووپا) چینە کۆمەڵایەتییە ستەملێکراوەکان (وەک کرێکاران و جووتیاران و کۆی ڕەنجدەران) کەوتبوونە دوای چینی بۆرژوازی و سەرکردایەتییەکەی. هاوپەیمانیی ئەم چینانە لەگەڵ بۆرژوازیدا مەرجدار و بەبەرنامە نەبوو، بەڵکو هاوپەیمانییەکە تێکەڵبوونێکی کلکایەتی بوو کە ناوەڕۆکەکەی پاشکۆیەتیی ڕەها بوو بۆ بۆرژوازی، هەتا ئەو کاتەی پرۆلیتاریای ئەورووپی، بە سەرکردایەتیی مارکس و ئینگلس، دەستی کرد بە ڕێکخستنی هێزە تایبەتەکانی خۆی، پاشان دامەزراندنی حیزبە سۆسیال دیموکراتەکان، بۆ ڕێکخستن و سەرکردایەتیکردنی خەباتی سیاسیی چینی کرێکار

دژی بۆرژوازی. مارکس، بە دەربڕینە بەناوبانگەکانی بۆ چاپێکی نوێی (جەنگی جووتیاران لە ئەڵمانیا) (واتە شۆڕشێکی نوێی جووتیاران. وەرگێڕ)، ئاماژەی کردووە بۆ ئیمکانییەتی هاوپەیمانیی کرێکاران و جووتیاران وەک مەرجێک بۆ سەرکەوتنی پڕۆلیتاریای ئەڵمانی. لینینیش بە دارشتنی بیرۆکەی هاوپەیمانیی کرێکاران و جووتیاران لە شۆڕشی دیموکراسی و شۆڕشی سۆسیالیستیدا بیرۆکەکەی مارکسی تەواو کرد، بە بلیمەتییە بێهاوتاکەی خۆی بارودۆخی تایبەتی ڕووسیای ڕەچاو کرد کە جووتیارانی کردبوو بە هێزێکی یەدەکی پڕۆلیتاریا لە شۆڕشی سۆسیالیستیدا و هێزێکی هاوپەیمان لە شۆڕشی دیموکراسیدا، بە پێچەوانەی ئەورووپای ڕۆژئاوا کە لەوێ جووتیاران هێزێکی یەدەکی بۆرژوازی بوون.

بەڵام لە وڵاتانی ئاسیایی ڕاپەڕیو بۆ خەبات دژ بە کۆیلایەتیی کۆلۆنیالی، بابەتی هاوپەیمانیی چینایەتی لە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیدا بوو بە مەرجێکی سەرەکی بۆ سەرکەوتنی شۆڕشەکە، لەبەر ئەوەی بزووتنەوەی نیشتمانی چینی کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێت و گرنگیی پێ دەدەن، ئەوا دەبێت ئەو چینانە یەک بگرن، بۆ ئەوەی بزووتنەوەی نیشتمانیی دیموکراسی بەهێز و تۆکمە بکات و بەسەر دوژمنە ئیمپریالی و کۆنەپەرست و ناوخۆییەکاندا سەربکەوێت.

پاش یەکەم شۆڕشی دیموکراسیی ڕووسی لە ساڵی ١٩٠٥ و بە کاریگەریی ئەم شۆڕشە (وەک فاکتەرێکی یاریدەدەر و هاندەر)، شۆڕشە دەستوورییە بۆرژوازییەکان لە ئێران و تورکیا ڕوویان دا. بزووتنەوەی نیشتمانیی بۆرژوازیی چینی، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بە سەرکردایەتیی سۆن یات سۆن، بە شێوەیەکی جیاواز لە پێشتر دەستی پێ کرد. شۆڕشی چینیی ساڵی ١٩١١، بە سەرکردایەتیی توخمە نیشتمانپەروەرە بۆرژوازییەکان و تاقمە وردە بۆرژوازییە

شۆڕشگێڕەکان، بە ڕابەرایەتیی دکتۆر سۆن یات سۆن، حکومەتە ستەمکارەکەی بنەماڵەی چینگی لەسەر کار لابرد.

بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی چینی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە سەرنجەکانی بە لای خۆیدا ڕاکێشا و لینین و شۆڕشگێڕە ئەورووپییەکانی دیکەش لەبارەیەوە دواون.

ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە گرنگییەکی لەڕادەبەدەری هەبوو، چونکە لە وڵاتێکی گەورەی ئاسیادا ڕوو دەدات کە سەدان ملیۆن مرۆڤی تێدا دەژی، ئەویش لە سەردەمی شۆڕشی سۆسیالیستیدا، سەردەمێک کە تێیدا مەسەلەی نیشتمانی لە ناوەڕۆکیدا بووە بە مەسەلەی جووتیاران و جووتیاران تێیدا بوون بە سوپای بنەڕەتیی بزووتنەوەی نیشتمانی، کە شۆڕشەکەی دژ بە ئیمپریالیزم بوو بە بەشێک لە شۆڕشی سۆسیالیستیی جیهانی، کە شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر بە سەرکردایەتیی لینین بەرپای کرد.

پاشان شۆڕشی چینی، دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر و بە کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەو شۆڕشە، نوێ بوویەوە و کۆمەک و پاڵپشتیی لە کۆماری سۆڤێتیی لاو و ئینتەرناسیۆنالیزمی کۆمۆنیستی (کۆمینتێرن) وەرگرت. پارتی کۆمۆنیستی چینی هەر لە ساڵی ١٩٢١ وەک هێزێکی چالاک و نوێ لەسەر شانۆ دەرکەوت. پارتی کۆمۆنیستی چینی و دکتۆر (سۆن یات سۆن)یش بە تیژبینیی خۆی، درکیان بە گرنگیی هاریکاریی نێوان پارتی کۆمۆنیستی چینی و نیشتمانیی چینی (کۆمینتانگ) کرد. هاوپەیمانییەکە بە شێوەی حیزبێکی دووپێکهاتەیی هاتە کایەوە، ئەو کۆمۆنیستانەشی دەگرتە خۆ کە لە ناو حیزبە نوێیەکەدا سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی و ئایدیۆلۆجیی خۆیان پاراست. هاوپەیمانی لە نێوان نوێنەرانی پرۆلیتاریای چینی و نوێنەرانی بۆرژوازیی نیشتمانی لەسەر ئاستی نیشتمانی هاتە کایەوە، وەک چۆن هاوپەیمانێتی لە

نێوان پرۆلیتاریای ئەورووپیی شۆڕشگێڕ (نوێنەرەکەی کۆمێنتێرن) و بزووتنەوەی نیشتمانیی ئاسیایی (لە چین و هیندستان و تورکیا...) هاتە کایەوە، کە ئەمە یەکێتیی تێکۆشانی لە نێوان چینی کرێکاری ئەورووپی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی گەلانی ڕۆژهەڵات، کە لە ناوەڕۆکدا بزووتنەوەی جووتیاران بوو، بەرجەستە کرد. ئەمەش واتە بەدیهاتنی هاوپەیمانێتی لە نێوان پرۆلیتاریا و جووتیاران لەسەر ئاستی جیهانی، بەو پێیەی ئەمە مەرجێکی بنچینەیی خەباتی سەرکەوتوانەیە لەپێناو شۆڕشی سۆسیالیستی و هەروەها ڕزگارکردنی گەلانی ستەملێکراوی ڕۆژهەڵات.

چین، لە لایەکەوە، نموونەیەکی زیندووی ئەم یەکانگیریی تێکۆشانەی لە نێوان پرۆلیتاریای ڕووسی (ئەورووپی) و بزووتنەوەی دیموکراسیی نیشتمانیی چینی (ئاسیایی) پێشکەش کرد، لە لایەکی تریشەوە، هاریکاریی کۆمۆنیستە چینییەکانی نوێنەری پرۆلیتاریا و سەرجەم ڕەنجدەران لەگەڵ شۆڕشگێڕە دیموکراسیخوازە چینییەکان (نوێنەرانی وردەبۆرژوای نیشتمانیی پێشکەوتنخواز) بە ڕابەرایەتیی سۆن یات سۆن، دواتریش ئەو وڵاتەی کە سەرکردەی حیزبە پێشڕەوەکەی، ماو تسی تۆنگ، گوتەزای بەرەی نیشتمانیی یەکگرتووی وەک چەکێکی بەزەبر خستە ڕوو بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە بزووتنەوەی نیشتمانیی دیموکراسیدا.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەزموونانەی کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی جیهانی پێیاندا تێ پەڕی و وەک پوختەیان، ستالین لە وتارە بەناوبانگەکەی لە زانکۆی ڕەنجدەرانی ڕۆژهەڵات بیرۆکە لینینییەکەی لەمەڕ ئەرکەکانی توخمە مارکسی – لینینییەکان لە وڵاتانی کۆلۆنی و پاشکۆدا دارشت و ڕای سپاردن لەو وڵاتانەی کە تا ڕادەیەک گەشەیان کردووە و چینێکی نوێی کرێکاریان تێدایە، پارتێکی مارکسی

– لینینیی سەربەخۆ دابمەزرێنن. بەڵام لەو وڵاتانەی کە چینی کرێکار وەک هێزێکی سەربەخۆ سەری هەڵنەداوە، ئامۆژگاریی کردن لە ناو حیزبە دیموکراتەکاندا کار و چالاکی بکەن و سەربەخۆیی هزری و ڕێکخراوەیی خۆیان لە چوارچێوەی ئەم حیزبانەدا بپارێزن، هاوشێوەی کار و چالاکیی کۆمۆنیستە چینییەکان لەگەڵ پارتی کۆمینتانگی سۆن یات سۆن، لە وڵاتانی دواکەوتووش لە ڕووی سەرهەڵدانی چینی کرێکار و لاوازییە چەندێتی و چۆنێتییەکەی، لە حیزبە دیموکراتیکە جەماوەرییەکاندا کار و چالاکی بکەن. ئەمە سەرەڕای جەختکردنی لەسەر خەبات لەپێناو دروستکردنی کاکڵەیەکی مارکسی – لینینی، کە لە هەلومەرجی گونجاودا وەربچەرخێت بۆ ڕێکخراوێکی تایبەت.

هەر لە دەرکەوتنی بزووتنەوەی فاشیستی و مەترسییەکانیەوە، کۆمۆنیستانی ئەڵمانی بەردەوام بانگەوازیان کردووە بۆ تاکتیکی هاوپەیمانی لەگەڵ سۆسیال دیموکراتەکان و سەرجەم گرووپە کرێکارییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشی فاشیستی. کۆمۆنیستانی چینیش بەردەوام بوون لەسەر پتەوکردنی هاوپەیمانیی کرێکاران و جووتیاران و وردەبۆرژوازی، تەنانەت دوای پاشەکشەی بۆرژوازیی گەورەی چینیش بە سەرکردایەتیی کای شیک لە شۆڕش و وەرچەرخانی بۆ هێزێکی کۆنەپەرستی نەیاری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کرێکاران و جووتیاران.

ئینتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستی، کە بە کۆمینتێرن ناسراوە، هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە بابەتی بەرەی یەکگرتووی تاوتوێ کردووە. ئەوە لینین بوو لە سەروبەندی کۆنگرەی سێیەمی ئینتەرناسیۆنالیزمدا پرەنسیپەکانی تاکتیکی بەرەی یەکگرتووی دانا، پاشان ئینتەرناسیۆنالیزم لە هەلومەرجێکی نوێی چینایەتی و نیشتمانیدا گەشەی بەم تاکتیکە دا. ئەگەر بمانەوێت پێبەپێی بیرۆکەی بانگەواز بۆ هاوپەیمانێتی لە نێوان

دەستە و توێژەکانی یەک چین یان لە نێوان چینە خاوەن بەرژەوەندییە بنچینەییە هاوبەش و ئامانجە هاوبەشەکان بڕۆین، دەڵێم ئەگەر بمانەوێت لە ڕووی مێژووییەوە پێبەپێی ئەم بیرۆکەیە بڕۆین و بگەڕێینەوە بۆ دوکیۆمێنتەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جیهانی، دەبینین بانگەواز بۆ (خەباتی هاوبەش لەپێناو پێداگرانەترین داواکانی چینی کرێکار و بەرپەرچدانەوەی هێرشی بەهێزی کۆنەپەرستی)، بۆ یەکەم جار لە مێژووی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی هاوچەرخدا لە (نامەیەکی کراوەی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی ئەڵمانی)دا دەرکەوت کە لە ڕۆژی ٨ی کانوونی دووەمی ١٩١٢ لە ڕۆژنامەی (ئالای سوور – DIE ROTE FANNE)دا بڵاو کرایەوە و ئاڕاستەی سەرجەم ڕێکخستنە سۆسیالیستی و سەندیکاییەکان کرابوو. لە کۆنگرەی سێیەمی ئینتەرناسیۆنالیزمی کۆمۆنیستی، کە لە ٢٢ی حوزەیران هەتا ١٢ی تەمووزی ١٩٢١ لە مۆسکۆ بەسترا، بابەتی ئەم نامەیە گفتوگۆی لەسەر کرا. لینین بەرگریی لە بیرۆکەی ناو نامە کراوەکە کرد و بە تاکتیکێکی دروستی دانا. لینین لەم کۆنگرەیەدا جەختی لەسەر پێویستیی هەبوونی حیزبێکی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە کرد، بەو پێیەی ئەوە ئەرکی یەکەمە، حیزبێک کە جیاواز بێت لە حیزبە سۆسیالیستییە کلاسیکییە ڕیفۆرمیستەکان، کە ئەرکە بنچینەییەکەی کۆکردنەوەی زۆرینەی پرۆلیتاریا و زۆرینەی جەماوەری ڕەنجدەر بێت، بەو پێیەی ئەمە ئەرکی سەرەکییە کە حیزب لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی سەرمایەداری و دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریادا ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

کۆنگرەکە ئەم بیرۆکانەی لینینی پەسەند کرد و تاکتیکی بەرەی یەکگرتووی کرێکاری بە ئامرازی بنەڕەتی دانا بۆ خەباتی پارتە کۆمۆنیستەکان لەپێناو کۆکردنەوەی جەماوەری بەرفراوان و

سەرخستنی دۆزە شۆڕشگێڕییەکەی.

لینین لە وتارەکەی ١ی تەمووزی ١٩٢١ دا کە تەرخانی کردبوو بۆ بەرگریکردن لە تاکتیکی ئینتەرناسیۆنالیزمی کۆمۆنیستی، لە کاتی بەرگریکردن لە نامە کراوەکە وتی ((نامە کراوەکە هەنگاوێکی سیاسیی نموونەییە، کە ئەوە لە باسەکانماندا وتراوە و حەتمەن دەبێت بەرگریی لێ بکەین. ئەم نامەیە نموونەییە، بەو پێیەی یەکەم کارە لە ڕێگەیەکی پراکتیکی بۆ کێشکردنی زۆرینەی چینی کرێکار.))

لینین لەم کۆنگرەیەدا هێڵە سەرەکییەکانی تاکتیکی بەرەی یەکگرتووی دارشت، ئەوەش بە بانگەوازکردن بۆ خەبات لە ناو جەماوەری ڕەنجدەر و ڕیزەکانیدا، بۆ کاری سەخت و پشوودرێژانە لەپێناو بەدەستهێنانی [لایەنگیریی] زۆرینەی چینی کرێکار و خەبات لەپێناو کاری هاوبەش، بە مەبەستی بەدەستهێنانی [لایەنگیریی] زۆرینە، ئەوەش بە یەکانگیربوون لەگەڵ جەماوەر و دوورنەکەوتنەوە لە ڕێکخراوەکانی، سەندیکاکانی و حەشاماتە زۆروزەبەندەکانی؛ لینین بەردەوام دژی ئەو کۆمۆنیستە بەناو چەپانە خەباتی دەکرد کە تاکتیکی بەرەی یەکگرتوویان ڕەت دەکردەوە، تاکتیکێک کە ئینتەرناسیۆنالیزمی کۆمۆنیستی دەستی پێوە گرتبوو و بەپێی ڕێبازە نەمرەکەی لینین لەسەری دەڕۆیشت.

لە کۆنگرەی چوارەمی ئینتەرناسیۆنالیزم کە لە ٥ی تشرینی دووەم – ٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢دا بەسترا، کۆنگرە جارێکی تر جەختی لەسەر ئەو ڕاستییە کردەوە کە ئەرکی سەرەکیی بێچەندوچوونی بەردەم پارتە کۆمۆنیستەکان، بەردەوامیدانە بە کار و چالاکی بە کۆششی پشوودرێژانە لە ناو جەماوەردا لەسەر بنچینەی تاکتیکی بەرەی یەکخراو.

کۆنگرەی شەشەمی ئینتەرناسیۆنالیزمی کۆمۆنیستی کە لە ١٧ی تەمووز – ١ی ئەیلوولی ١٩٢٨ بەسترا، ((پێویستیی تاکتیکی بەرەی یەکگرتوو، گرنگیی کار و چالاکی لە سەندیکاکاندا و پێویستیی

ئامادەسازیی هێزەکانی پڕۆلیتاریا بە بەردەوامی و ڕێکوپێکی و بەبێ سلْکردنەوە و دوودڵی بۆ جەنگی یەکلاکەرەوە دژی سەرمایەداری ڕوون کردەوە.)) لە ئینسایکلۆپێدیای سۆڤێتیدا کۆنگرەی شەشەمی ئینتەرناسیۆنالیزمی کۆمۆنیستی بەم شێوەیە وەسف کراوە و هەڵسەنگێنراوە:

((کۆنگرەی شەشەم لە ڕوانگەی بەهێزکردنی هزری و سیاسیی حیزبە شیوعییەکانەوە گرنگییەکی لەڕادەبەدەری هەبوو؛ چونکە لە ڕێگەی بڕیارەکانیەوە ئەو چەکانەی دایە دەست حیزبە شیوعییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی هەڵایسانی جەنگێکی نوێی کۆلۆنیالیستی، هەروەها بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی جیهانیی دەوڵەمەند کردبوو بە ئەزموونی شۆڕشی چینی، ئەوەش بە بڵاوکردنەوە و گشتاندنی ڕێنماییەکانی لە گفتوگۆکان دەربارەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە وڵاتانی کۆلۆنی و نیمچەکۆلۆنیدا.))

هەرچی کۆنگرەی حەوتەمی ئینتەرناسیۆنالیزمە، لە (٢٥ی تەمووز تا ٢٥ی ئابی ١٩٣٥) وەک کۆنگرەی خەبات لەپێناو بەرەی کرێکاریی یەکخراو و لەپێناو بەرەی میللی دژی فاشیزم و جەنگ چووە ناو مێژووەوە.

لەم کۆنگرەیەدا، ئینتەرناسیۆنالیزم گوتەزای بەرەی میلليی ئەورووپای دارِشت بۆ یەکخستنی هێزی چینی کرێکار بە پلەی یەکەم، پاشانیش زامنکردنی هاوپەیمانییەکەی لەگەڵ جووتیاران و وردەبۆرژوازیدا، ئەوەش بۆ خەبات دژی فاشیزم.

هەر لەم کۆنگرەیەدا، جۆرجی دیمیترۆڤی ڕابەری مەزنی پارتی کۆمۆنیستی بولگاری و خەباتگێڕی ناوداری نێونەتەوەیی کە بە [دوو] وتارە مێژووییەکەی لەمەڕ (فاشیزم دوژمنی گەلانە) و (یەکێتیی چینی کرێکار بۆ خەبات دژی فاشیزم) بەناوبانگە، وتەیەکی پێشکەش کرد و وتی ((یەکەم شت کە پێویستە بکرێت و پێویستە بە زوویی دەستی

پێ بکرێت بە مەبەستی بەدیهێنانی، دروستکردنی بەرەی یەکگرتووە، ئەمەش واتە یەکخستنی تێکۆشانی کرێکاران لە هەموو بوارەکانی کار و چالاکیدا، لە هەموو بازنەیەک، لە هەموو ناوچەیەک، لە هەموو وڵاتێک و لە هەموو جیهاندا؛ سەرەتا، یەکخستنی خەباتی پرۆلیتاریا لە ناوخۆی هەر وڵاتێک، پاشان لە کۆی گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا. ئەمە ئەو چەکە زەبەلاحەیە کە وا دەکات چینی کرێکار بەهێز بێت و بتوانێت نەک هەر سەرکەوتوانە بەرگری لە پێگە و ناوەندەکانی بکات، بگرە پلانێکی هێرشبەرانەی پێکەر (مصیب)یش پەیڕەو بکات بۆ وەستانەوە بە ڕووی فاشیزمدا، کە دوژمنە سەرسەختەکەیەتی.)) (وەرگێڕانە عەرەبییەکەی وتارەکەی دیمیترۆڤ کە ئوستاد نیقۆلا شاوی وەری گێڕاوە بۆ عەرەبی و ئوستاد خالید بەگداش پێشەکیی بۆ نووسیوە. ل ٤٦).

## ١- بەرەی میللی

دیمیترۆڤ لە وتارەکەیدا بیرۆکەی بەرەی میلليی ڕاڤە کرد و وتی: ((یەکێک لە ئەرکە بنەڕەتییەکان کە پێویستە لە کاتی ئامادەکردنی جەماوەری کرێکار و کۆکردنەوەیان بۆ تێکۆشان دژی فاشیزم بەجێ بهێنرێت، پێکهێنانی بەرەیەکی میلليی بەرهەڵستکاری فاشیزمە لەسەر بنچینەی بەرەی پرۆلیتاریای یەکخراو.))

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە یەکێتیی چینی کرێکار بە بنچینەی تۆکمەی بەرەی میللی و دەسپێکەکەی دانراوە. بەڵام ناوەڕۆکی بەرەی میللی هەروەها هاوپەیمانییەکی چینایەتییش بوو لە نێوان چینی کرێکار، جووتیاران و وردەبۆرژوازیدا، چونکە وەک ئەوەی دیمیترۆڤ لە وتارەکەیدا دەڵێت، ((سەرکەوتنی پرۆلیتاریا بە شێوەیەکی تۆکمە بەستراوەتەوە بە پتەوی و ڕێکوپێکیی هاوپەیمانێتییەکەی لەگەڵ چینی چالاکی جووتیاران و توێژی بنەڕەتیی وردەبۆرژوازیی شارەکان.

ئەم دوانەش –واتە چینی جووتیاران و توێژی وردەبـۆرژوازی– زۆرینەی دانیشتوان پێک دەهێنن، تەنانەت لەو وڵاتانەش کە لە ڕووی پیشەسازییەوە پێشکەوتوون.)) (سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥٨).

دیمیترۆڤ لە درێژەی وتارەکەیدا دەڵێت:

((خاڵی گرنگ و سەرەکی بۆ پێکهێنانی بەرەی میللی دژی فاشیزم، کار و چالاکیی بێسڵەمینەوە و جدییە کە دەبێت پرۆلیتاریای شۆڕشگێر پێی هەڵبسێت لەپێناو بەرگریکردن لە داواکارییەکانی ئەم گرووپانە –بە تایبەتی چینی جووتیاران– کە بە تەواوەتی تەبایە لەگەڵ بەرژەوەندییە بنچینەییەکانی کرێکاران، وەک چۆن ئەرکی سەرشانیشیەتی لە کاتی خەباتی ڕۆژانەیدا ئەم داوایانەی گرووپەکان لە داواکانی خۆی نزیک بکاتەوە. وا دەردەکەوێت زۆر گرنگ بێت لە کاتی پێکهێنانی ئەم بەرە میللییەدا پشت ببەسترێت بە ڕێگەی ڕاستودروست بۆ نزیکبوونەوە لەو ڕێکخراو و حیزبانەی کە بە شێوەیەکی فراوان جووتیارانی کارکەر و جەماوەری وردەبۆرژوازیی شارەکان لە خۆ دەگرن.)) (سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥٩).

لە کاتێکدا سەرکردایەتییە ڕاستڕەوەکانی دەستی بۆرژوازی ئەم جۆرە حیزبانە، کە جووتیاران و وردەبـۆرژوازی لە خۆ دەگرن، ڕەت دەکەنەوە بێنە ناو بەرەی میللییەوە، نابێت [هەڵسووڕاوان] لە جەماوەری ئەم حیزبانە دوور بکەونەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، هەر وەک ئەوەی دیمیترۆڤ ئامۆژگاری دەکات، دەبێت لێیان نزیک ببنەوە، هەوڵ و کۆششەکانیان بخرێنە گەڕ بۆ ڕاکێشانی بەشێکیان یاخود چەند کۆمەڵێکیان بۆ کاری هاوبەش لە بەرەی میللیدا، هەروەها وەک دیمیترۆڤ دەڵێت، دەبێت پلانێکی ورد و نەرم بگیرێتە بەر، چونکە بەرە، لە بنچینە و ناوەڕۆکدا، هاوپەیمانییەکی چینایەتییە، هاوپەیمانییەکی جەماوەرییە لەپێناو ئامانجە هاوبەش و یەکخراوەکان و بە شێوازێکی

تێکۆشەرانەی یەکخراو، پێش ئەوەی هاوپەیمانییەک بێت لە نێوان حیزبەکاندا، بە واتای هاریکاریی سەرکردایەتیی ئەم حیزبانە.

ئەم گوتەزایە سەبارەت بە جەماوەریبوونی بەرەی میللی و بەرەی نیشتمانیی یەکخراویش ڕاستە.

سەبارەت بە ئەزموونی بەرەی نیشتمانی لە چین، ئوستاد زەکی خەیری لە تێکستێکدا دەڵێت:

((بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو لە چین، تەنها لە کۆمیتەیەکی باڵا، یان دەستەیەکی باڵادا کورت نەبووبووەوە کە جاروبار لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە کۆ ببنەوە، بەڵکو دەزگایەکی جەماوەری بوو کە ڕێکخستنێکی ورد و فرەلایەن و فرەبواری هەبوو، لە لوتکەوە بۆ بنکە، لە ڕووی لۆکاڵی و ناوەندییەوە هاوبەش بوو.)) (بگەڕێوە بۆ لاپەڕە ١٠ی پێشەکییەکەی ئوستاد زەکی خەیری بۆ وتارەکەی هاوڕێ ماو تسی تۆنگ لەمەڕ حکومەتی تەبایی، چاپی عەرەبیی دووەم، بڵاوکراوەکانی خانەی بەغداد، ١٩٥٩).

## ٢- بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو

هەرچەندە ڕاپۆرتەکەی دیمیترۆڤ بۆ کۆنگرەی حەوتەمی ئینتەرناسیۆنالیزمی کۆمۆنیستی تەرخان کرابوو بۆ بابەتی (یەکێتیی چینی کرێکار) و (بەرەی میللی) بۆ خەبات دژ بە فاشیزم، بەڵام ئاماژەشی بۆ بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو کردبوو بەم جۆرەی خوارەوە:

((بە هۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر دۆخی پەیوەندییە دەرەکییەکان لە نێوان وڵاتاندا و بارودۆخی ناوخۆیی هەر وڵاتێکدا هات، دۆزی بەرەی یەکگرتوو دژی کۆڵۆنیالیزم گرنگییەکی ئاوارتەی دەبێت لە هەموو وڵاتانی کۆڵۆنی و نیمچەکۆڵۆنیدا.))

((لە کاتی پێکهێنانی بەرەیەکی خەباتکارانەی یەگرتووی فراوان

دژی داگیرکەر لەو وڵاتەدا، پێویستە پێش هەموو شتێک ئاگاداری ئەم خاڵانەی خوارەوە بین:

یەکەم: هەمەچەشنەیی ئەو هەلومەرجانەی کە بەگوێرەیان خەباتی جەماوەری دژ بە داگیرکەر دەکرێت.

دووەم: پلەی پێگەیینی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی.

سێیەم: ڕۆڵی چینی کرێکاران [لە بەرەدا] و کاریگەریی پارتی کۆمۆنیست لەسەر جەماوەری بەرفراوان بە گشتی.)) (سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢).

جۆرجی دیمیترۆڤ، لە کاتی خستنەڕووی ئەزموونی پارتە کۆمۆنیستییەکان لەپێناو بەرەی یەکگرتوودا، ستایشی پارتی کۆمۆنیستی چینی کرد کە یەکەم پارتی کۆمۆنیستی بوو کە سەرکردەکەی، ماو تسی تۆنگ، گوتەزای بەرەی نیشتمانیی دارشت و ڕاڤەیەکی تەواوی بۆ کرد پاش ئەوەی سەرکەوتوانە لەپێناویدا تێ کۆشا. دیمیترۆڤ لەبارەی ئەزموونە چینییەکەوە دەڵێت:

((لە چین، بزووتنەوەی میللی سەرکەوتوو بوو لە دامەزراندنی ئەنجوومەنە سۆڤێتییەکان لە ناوچەگەلێکی بەرفراواندا، هەروەها ڕێکخستنی سوپایەکی سووری زەبەلاح، چونکە ئەو هێرشە دڕندانەیەی داگیرکەری ژاپۆنی لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە خیانەتی حکومەتی نانکین، جەماوەری بەرفراوانی چین و قەوارە نیشتمانییەکەشیان خستە بەردەم مەترسی. هەر بۆیە ئەرکی ئەنجوومەنە سۆڤێتییە چینییەکان یەکخستنی خەباتە دژی کۆیلەگیریی داگیرکەران کە هەوڵ دەدەن چین و ناوەندەکەی دابەش بکەن و کۆکردنەوەی سەرجەم هێزە نەیارەکانی داگیرکەرە بۆ ئەوەی لە خەباتی نیشتمانیی ڕزگاریخوازی گەلی چینیدا بەشدارییان پێ بکەن.

((لەبەر ئەم هۆکارانە، پاڵپشتیی پلانەکەی پارتی کۆمۆنیستی

چینی جەنگاوەر و دەستەخوشکمان دەکەین کە بە هەموو ئازایەتی و جەربەزەییەکەوە لەپێناو خولّقاندنی بەرفراوانترین بەرە دژی کۆلۆنیالیزم، کە خەبات دژی دەستدرێژیکارە ژاپۆنییەکان و بەکرێگیراوە چینییە خائینەکان توانادار دەکات، پلانێک کە ڕیزەکانی سەرجەم هێزە ڕێکخراوەکانی سەر خاکی چین کۆ دەکاتەوە و ئامادەیە خەباتێکی پۆلایین و بەزەبر بە ڕێوە ببات لەپێناو ڕزگارکردنی وڵات و گەلەکەیدا.)) دیمیترۆڤ لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: ((دڵنیام کاتێک ئەم قسانە دەکەم، گوزارشت لە هەستوسۆز و هزری هەموو کۆنگرەکەمان دەکەم. سڵاوی برایانەی گەرممان (بە ناوی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ لە هەموو جیهاندا)، ئاراستەی سەرجەم ئەنجوومەنە سۆڤێتییەکان لە چین و گەلی شۆڕشگێڕی چین دەکەین. سڵاوێکی برایانەی گەرم ئاراستەی سوپای سووری ئازا و دلێر دەکەین کە لە هەزاران جەنگدا شێرئاسا بوو. گەلی چین دڵنیا دەکەینەوە ئێمە بە تەواوەتی ئامادەین بۆ پشتگیری و پاڵپشتیکردنی خەباتەکەی لەپێناو ڕزگاربوونی تەواوەتی لە هەموو داگیرەکارە دڕندەکان و چینییە دەستنێژەکانیان.))

بەم جۆرە، ستایشی ئینتەرناسیۆنالیزم بۆ پلانی پارتی کۆمۆنیستی چین دەبینین لەمەڕ بەرەی یەکگرتوو، وەک ڕێزنانێکیش لە خەباتی پارتی کۆمۆنیستی چین لەپێناوی هێنانەکایەی ئەم بەرە یەکگرتووە. کەواتە، دەبێت ئەزموونە چینییەکە لێی بکۆڵرێتەوە و لە خەبات لەپێناو بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوودا سوودی لێ وەربگیرێت. هەر کەس و لایەنێک ئەم ئەزموونە چینییە فەرامۆش بکات، ئەوپەڕی هەڵە دەکات. جگە لەمەش، هەر کەس و لایەنێک ڕێگر بێت لە دەستاودەستکردنی ئەدەبیاتی پارتی کۆمۆنیستی چینی، کە خاوەنی ئەم ئەزموونەیە و گوتەزای بەرەی نیشتمانیی دارشتووە و سروشت و شێوازە خەباتگێڕانەکەی ڕوون کردووەتەوە، زیانی زۆر دەگەیەنێت بە دۆز و خەباتی گەلەکەی لەپێناو

بەرەی نیشتمانی و بە خودی بەرەی نیشتمانییش. ئەمە ڕاستییەکی نوێ نییە، بەڵکو ڕاستییەکی ئامۆ و ئاشنای لەمێژینەیە و ڕووبەڕووی هەوڵەکانی فەرامۆشکردن و نکۆڵیلێکردن دەبێتەوە. پێشتر زۆر کەس ئاماژەیان بۆ کردووە و ڕوونیان کردووەتەوە، لە پێش هەموانەوە ئوستاد زەکی خەیری، کە لە ساڵانی چلەکاندا لە پێشەکیی وەرگێڕانەکەی کتێبەکەی هاوڕێ ماو تسی تۆنگدا لەبارەی حکومەتی تەباییەوە نووسیی کە بە ناوی دیموکراسیی مۆدێرنەوە بڵاوی کردەوە:

((بەم شێوەیە، ئەو چینەی کە چەکێکی دایە دەست ئەورووپا کە قەڵای فیوداڵیزمی پێ ڕووخاند، بەبێ ئەوەی خۆی بتوانێت بۆ هەمان مەبەست بەکاری بهێنێت، چەکێکی نوێی ئامادە کرد بۆ [وڵاتە] کۆلۆنی و نیمچەکۆلۆنییەکان، بە مەبەستی وێرانکردنی کۆڵەکەکانی کۆلۆنیالیزم و ڕامالێنی پاشماوەکانی فیوداڵیزم، ئەو چەکەش بەرەی نیشتمانیی یەکگرتووە دژی داگیرکەر، کۆنەپەرستی و فیوداڵیزم. قۆناغی نیشتمانی لە سەرەتایدا وای پێویست دەکرد ئەم بەرە نیشتمانییە یەکگرتووە لە نێوان چینەکانی دژ بە داگیرکەر و فیوداڵیزمدا لە شێوەی یەک حیزبی دووجەمسەر پێک بێت.)) (حکومەتی تەبایی، وەرگێڕان: زەکی خەیری، چاپی دووەم، خانەی بەغداد، کانوونی دووەمی ١٩٥٩، ل ١٠).

کەواتە، بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو کە ئینتەرناسیۆنالیزمی کۆمۆنیستی پەسەندی کرد و ماو تسی تۆنگی سەرکردەی پارتی کۆمۆنیستی چین بیرۆکەکەی داڕشت، (لە پاش بەرەی میللی) جۆرەکەی تری خەباتی یەکخراوە دژی کۆلۆنیالیزم و داگیرکاریی کۆلۆنیالیستی و فیوداڵیزم لە وڵاتانی کۆلۆنی و نیمچەکۆلۆنیدا؛ هەر بۆیە بۆ زانیاریی زیاتر لەمەڕ بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ نووسراوەکانی هاوڕێ ماو تسی تۆنگ، لە پێش هەمووشیانەوە ئەو ڕاپۆرتەی کە لە کۆبوونەوەی دەستپێشخەرە (کادرە) حیزبییەکان

لە (وا یاو باو) لە باکووری شنشی پێشکەشی کرد. ئەوەش لە پاش کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە کانوونی یەکەمی ١٩٣٥. ماوتسی تۆنگ ئەم ڕاپۆرتەی بە ناونیشانی (لەمەڕ تاکتیکی بەرەنگاریکردنی ئیمپریالیزمی ژاپۆنی) پێشکەش کرد و تێیدا بیرۆکەی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتووی گەڵاڵە کرد، بەو پێیەی بەرە هاوپەیمانیی کرێکاران و جووتیارانە لەگەڵ وردەبۆرژوازی و بۆرژوازیی نیشتمانی و سەرجەم ئەوانەی نیشتمانیان خۆش دەوێت و دژی دوژمنی داگیرکەرن. ماو تسی تۆنگ لەم ڕاپۆرتەدا هەڵوێستی چینە جیاوازەکانی [وڵاتی] چینی لەمەڕ شۆڕشی نیشتمانیی چینی و دەستدرێژیی ژاپۆنی ڕاڤە کرد؛ ئەوەی ڕوون کردەوە کە کرێکاران و جووتیارانی چین داوای بەرەنگاریی نیشتمانی دەکەن و بە هێزی بنەڕەتی و پاڵنەری شۆڕشی دیموکراسیی دادەنرێن. وردەبۆرژوازییش داوای بەرەنگاری و بەشداریکردن لە شۆڕشی دیموکراسیدا دەکات، شانبەشانی جووتیاران، بەو پێیەی هێزێکی شۆڕشگێڕە؛ بە پێچەوانەی کرێکاران و جووتیاران و وردەبۆرژوازییەوە کە هاوپەیمانێتییان هێزی بنچینەیی پێک دەهێنێت بۆ شکستهێنان بە ئیمپریالیزم، (ستەمگەرە گەورە لۆکاڵییەکان، پیاوماقووڵە شەڕەنگێزەکان و میرە گەورەکانی جەنگ و بیرۆکرات و کۆمپرادۆرە گەورەکان) هەڵوێستی خیانەتی نیشتمانییان گرتووەتە بەر، واتە فیوداڵیزم و بۆرژوازیی کۆمپرادۆری دژکارن بە شۆڕشی دیموکراسی و نیشتمانی و جەنگی میلیی نیشتمانی. هەرچی بۆرژوازیی نیشتمانییە، دۆزەکەی ئاڵۆزە. هەرچەندە ((ڕاڕایی خەسڵەتێکی گشتییەتی و ناگۆڕرێت))، بەڵام ((بەشێکی (باڵە چەپخوازەکەی) دەکرێت لە هەندێک قۆناغی دیاریکراوی خەباتەکەماندا بەشداریی خەبات بکات، بەڵام بەشەکەی دیکەیان دەکرێت هەڵوێستیان لە ڕاڕایی و بێبارییەوە بگۆڕن بۆ بێلایەنی.)) هەر بۆیە هاوڕێ ماو تسی تۆنگ ڕووبەڕووی

ئەو ڕوانگە چەپڕەوە پەڕگیرە دەبێتەوە کە خەتێک بەسەر بۆرژوازیی نیشتمانیدا دەهێنێت و سەبارەت بەم بۆچوونە دەڵێت:

((نکۆڵیکردن لە ئەگەری ڕاڕایی بۆرژوازیی نیشتمانی و پەیوەستبوونی بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە لە کاتی بەجۆشهاتنیدا، واتای هەڵوەشاندنەوەی ئەرکی حیزبمانە لە بەدەستهێنانی سەرکردایەتیکردن، یان بە لایەنی کەمەوە بەرتەسککردنەوەی چوارچێوەی ئەم ئەرکەیە.)) (هەڵبژاردەکان، چاپی عەرەبی، ل ٢٣١). پاشان هاوڕێ ماو تسی تۆنگ لە ڕاپۆرتەکەیدا ئەرکی حیزب دیاری دەکات و دەڵێت:

((ئەرکی حیزب پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانیی شۆڕشگێڕی یەکگرتووە، ئەوەش لە ڕێگەی بەستنەوەی چالاکییەکانی لەشکری سوور بە سەرجەم چالاکییەکانی کرێکاران، جووتیاران، خوێندکاران، وردەبۆرژوازی و بۆرژوازیی نیشتمانییەوە لە سەرتاسەری وڵاتدا.)) (سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٦).

ماو تسی تۆنگ، پاش ڕاڤەکردنی بارودۆخی پەیوەست بە هەردوو لایەنی نەیاری شۆڕش و لایەنگری شۆڕش، دەگاتە هەندێک ئەنجامگیریی قووڵ، لەوانە، دانانی بەرەی یەکگرتوو بە (ئەرکە تاکتیکییە بنچینەییەکەی حیزب) و (پێویستیی ئامادەکاری بۆ بەرپاکردنی خەباتێکی درێژخایەن) و پێویستیی ڕەتکردنەوەی تاکتیکی (بەرپاکردنی جەنگ بە تەنیا) و پێویستیی (کۆکردنەوە و خڕکردنەوەی هێزە بەزەبرەکان)، (کۆکردنەوەی هێزێکی گەورە بە ئامانجی گەمارۆدانی دوژمن و قڕکردنی). پاشان دەپرسێت ((کامیان ڕاستە؟ ڕوانگەی بەرەی یەکگرتوو، یان ڕوانگەی دەرگای داخراو؟ مارکسیزم – لینینیزم هاوڕای کام ڕوانگەیان دەبێت؟)) هەر خۆیشی وەڵام دەداتەوە ((بەبێ هیچ دوودڵییەک، هاوڕای بەرەی یەکگرتوو دەبێت و دژی دەرگای داخراو دەبێت.)) پاشان لە درێژەدا دەڵێت:

((ئەم تاکتیکە نوێیە کە حیزب تەبەنیی دەکات و پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی فراوانە، لەم دوو ڕاستییە بنچینەییەی خوارەوە دەست پێ دەکات: ئیمپریالیزمی ژاپۆنی سوورە لەسەر ئەوەی سەرجەم وڵاتی چین بکات بە کۆڵۆنییەکی خۆی و هێزە شۆڕشگێڕە چینییەکانی ئێستاش، هێشتا بە دەست بارگرانییەکی مەترسیدارەوە دەناڵێنن. ئەوەی کە هێزە شۆڕشگێڕەکانی ئەمڕۆ بۆ هێرشکردنە سەر هێزە دژەکانی شۆڕش پێویستیانە، ڕێکخستنی ملیۆنان و ملیۆنان کەسە لە جەماوەری میللی و سازدانی سوپای شۆڕشگێڕی بێشوومارە. تەنها نموونەی ئەم جۆرە هێزە دەتوانێت ئیمپریالیزمی ژاپۆنی و خائینە بەکرێگیراوەکانیان ڕابماڵێت و تێک بشکێنێت؛ ئەمەش ڕاستییەکی ڕوونە لە بەر چاوی هەموو خەڵک. هەر بۆیە تەنها تاکتیکی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو تاکتیکێکی مارکسی – لینینییە. بەڵام تاکتیکی دەرگای داخراو، بە پێچەوانەوە، تاکتیکێکی گۆشەگیرانەیە.)) (سەرچاوەی پێشوو، چاپی عەرەبی لە پەکین، ل ٢٤١–٢٤٢).

ئەمە لەمەڕ بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو لە چین کە شۆڕشە نیشتمانییە دیموکراتیکەکەی بە نموونەیەکی نوێ دانرا بۆ سەرجەم گەلانی شۆڕشگێڕ کە ڕووبەڕووی ئەرکی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی دەبنەوە، وەک چۆن شۆڕشی ئۆکتۆبەر نموونەی شۆڕشی پڕۆلیتاریی سۆسیالیستی بوو لە ئەورووپا، یان ئەو وڵاتانەی کە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ئەرکەکانی شۆڕشی سۆسیالیستی دەبنەوە، ڕێگەی سەرەکییە بۆ سەرجەم ئەو شۆڕشانەی کە لە چوارچێوە جیهانییەکەدا بەرەو سۆسیالیزم دەڕۆن. ئەمەش واتە شۆڕشە دیموکراسییە نوێیەکەی چین، کە دەستبەجێ و لە کاتی خۆیدا بەبێ هیچ دواکەوتنێک وەرچەرخا بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی، بۆ ئەوە هات تا شۆڕشی ئۆکتۆبەر تەواو بکات و ڕێبازە شۆڕشگێڕییەکەی پەیڕەو

بکات و پەیامە مەزنەکەی شۆڕشی سۆسیالیستیی ئۆکتۆبەر بگەیەنێت. وەک چۆن ئەرکی پێکەوەبەستنەوە و پێکگەیاندنی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی و شۆڕشی سۆسیالیستیی بەجێ گەیاند، بە سەرکەوتنێکی مەزنیشەوە کێشەی وەرچەرخاندنی شۆڕشی نیشتمانیی بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی لە وڵاتە کۆڵۆنی و پاشکۆکاندا چارەسەر کرد، وەک چۆن شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە چوارچێوەی جیهانیدا شۆڕشی سۆسیالیستیی لە ئەورووپا و شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیی لە ئاسیا پێکەوە بەستەوە.

هەر لەبەر ئەوەش، شۆڕشە دیموکراسییە نوێیەکەی چین بوو بە نموونە زیندووەکەی شۆڕشە نیشتمانییە دیموکراسییەکانی گەلانی شۆڕشگێڕ لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراسی و میتۆدەکەشی میتۆدێکی شۆڕشگێڕانەی دروستە بۆ وەرچەرخاندنی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی. هەر ئەویشە لەم ڕووەوە نموونە دەخاتە ڕوو. بەو هۆیەشەوە، بە تەواوەتی جیاوازە لەو هەوڵانەی تێکەڵکردنی چەمکەکان و ئەرکەکانی هەردوو شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی و سۆسیالیستی، ئەو هەوڵانەی وردەبۆرژوازی کە تووشی پەتای هەڵپەی چەپڕەوی بووە. شۆڕشی چینی بە تەواوەتی ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیی جێبەجێ کرد، ڕاستەوخۆ گواستیەوە بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی شۆڕشی سۆسیالیستی بەبێ ئەوەی لە کۆتایی ئەرکی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیدا بوەستێت.

ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە پێویستە سەرجەم ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی جێبەجێ بکرێن، ئەوەش وەک مەرجی بێ ئەملاولا بۆ گواستنەوە بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی، هەروەتر، نابێت بکەوینە پێش گەشەکردنی بابەتییانەی کۆمەڵگەوە، بەڵکو دەبێت شانبەشانی یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و ڕەوتی سروشتیی گەشەکردنی کۆمەڵگە بڕۆین، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەبێت دەستوبردی

تێدا بکەین، بەڵام لە ڕێگەی تێپەڕینی ناچاری بە قۆناغی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیدا بۆ قۆناغی شۆڕشی سۆسیالیستی، ئەوەش بە پێچەوانەی چەمکە ڕیڤیژنیستییەکان یان وردەبۆرژوازییەکان، کە بانگەشەی ئەوە دەکەن قۆناغی شۆڕشی نیشتمانی تەجاوز بکرێت، ڕاستەوخۆ بەرەو سۆسیالیزم، باز بەسەر ئەرکە کۆمەڵایەتی و سیاسی و هزرییەکانیدا بدرێت.

## جۆری بەرەی نیشتمانی لە وڵاتەکەماندا

جۆری ئەو بەرە یەکگرتووە کامەیە کە پێداویستییەکانی گەشەکردنی وڵاتەکەمان دەیخوازێت؟ وەڵامەکە ئەوەیە وڵاتەکەمان هەتا ئێستاش بە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی دیموکراسیدا تێ دەپەڕێت، هەرچەندە شۆڕشی ١٤ی تەمووز هەندێک سەرکەوتنی سەرەتایی بە دەست هێنا، لە ڕێگەی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی لایەنی کەمی قۆناغەکە، ئەوەش بە ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی، دامەزراندنی کۆماری عێراقی ڕزگاربوو و بەدیهێنانی سەربەخۆیی سیاسی؛ بەڵام هێشتا هەموو ئامانجەکانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی بە دەست نەهێنراون، سەرەڕای نوێبوونەوەی شۆڕشی تەمووز بە ڕاپەڕینی ٣٠ی تەممووزی ١٩٦٨ و ئەو چاکسازییە گرنگانەی حکومەتی نیشتمانی لە بواری چاکسازیی کشتوکاڵی و وەبەرهێنانی نیشتمانیی نەوت و گۆگردا کردنی؛ هەر بۆیە هەتا ئێستاش بەرەی خوازراو و دڵخواز، بەرەی نیشتمانیی یەکگرتووە، ئەمە شانبەشانی ڕەچاوکردنی ئەو گەشەسەندنانەی کە لە ساڵی ١٩٥٨ەوە ڕوویان داوە و وایان کرد [بەرەکە] بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز بێت. گەشەکردنەکانیش ئەمانەن:

شۆڕشی نیشتمانی، بە سەرکردایەتیی بۆرژوازیی ناونجی و وردەبۆرژوازی، هەندێک لە ئامانجەکانی بەدی هێنا، وەک ڕزگاریی سیاسی، پاشان هەندێک خۆماڵیکردنی بە دەست هێنا کە زیانی لە بۆرژوازیی نیشتمانیی گەورە و هەندێک توێژی سەرمایەداریی بازرگانی دا، کە ئەمەش هەراسانی کرد و زیانی لە بەرژەوەندییەکانی دا و بوو بە هۆی ئەوەی لە ڕیزی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز دەربچێت. شۆڕش بڕیاری لەسەر چاکسازیی کشتوکاڵی دا –ئەمە ئەو موڵکدارانەی

چاکسازییەکە دەیگرتنەوە، لە ڕیزی نیشتمانیی دیموکراسی دەرکرد– هەر بۆیە بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز دارِشتەیەکی هاوشانە لەگەڵ ئەو گەشەکردنە کۆمەڵایەتییانەی کە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی لە ڕەوتەکەیدا بەرەو کامڵبوون و گەیشتنی بە دوایین وێستگە کردوونی بە ئامانجی خۆی؛ وەک چۆن دارِشتەیەکی گونجاویشە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە بونیادی ئابووری و سیاسیی کۆمەڵگەدا کراون.

گۆڕانکارییە گرنگەکان، هەر لە شۆڕشی ١٤ی تەمووزەوە و پاش بڕیارەکانی خۆماڵیکردن و ڕێوشوێنە پێشکەوتنخوازییەکان لە بواری چاکسازیی کشتوکاڵیدا، لەو کاتەشەوە کە خەباتی کرێکاران و جووتیاران و وردەبۆرژوازی لە عێراق و وڵاتانی عەرەبیی ڕزگاربوودا هەڵکشان، چینە کۆمەڵایەتییەکانی بەسەر دوو لایەنی بنەڕەتیدا ڕیزبەند کردەوە:

١– لە لایەنی یەکەم، چینی کرێکار و جووتیار وەک هێزێکی بنچینەیی و پاڵنەری شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی دەوەستن، وردەبۆرژوازییش وەک هێزێکی پێشکەوتنخواز دەوەستێت (و لە ڕێگەی سوپا و حیزبە سیاسییەکانیەوە پێکەوە) ڕۆڵێکی گرنگ لە شۆڕشی نیشتمانیدا دەگێڕێت. بەڵام هەرچی بۆرژوازیی نیشتمانییە، توێژە سەرمایەدارییە گەورەکەی پەیوەست بوو بە بۆرژوازیی کۆمپرادۆرییەوە و توێژە پێشکەوتنخواز و ناونجییە نیشتمانییەکەی بە پلەی یەکەم، لە لایەنی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازدا مایەوە کە بەرژەوەندییەکەی لەوەدایە شۆڕش درێژە بکێشێت. لێرەدا دەبێت لەسەر خاڵێکی گرنگ بوەستین: توێژی بۆرژوازیی ناونجی بە گرنگ دادەنرێت بۆ ئابووریی نیشتمانیی لاواز و دواکەتوو، تەنانەت لە وڵاتە دیموکراسییە میللییەکانیشدا. بە تایبەتی ئەگەر تێبینی بکەین، ئەم توێژە ناونجییەی بۆرژوازیی نیشتمانی ژمارەیەکی زۆر لە بازرگانانی نیشتمانی و پیشەسازانی نیشتمانیی کارامە و لێهاتوو و کەسانی خاوەن توانا و لێهاتوویی زانستی و تەکنۆلۆژی دەگرێتە خۆی.

ئەمەش وا دەکات ئابووریی نیشتمانیی گەشەسەندوو و پەرەئەستێن پێویستییەکی زۆری بەم کەسانە بێت، بێگومان ئەمەش لە چوارچێوەی پلانڕێژیی گشتی و ئابووریی بەرنامەبۆدانراودا. دەرکنەکردن بەم ڕاستییە مرۆڤ دەخاتە ناو چەپڕەویی منداڵانە و گەورەترین زیانیش دەگەیەنێت بە ئەرکی بونیادنانی ئابووریی دیموکراتیکی میللی، کە بە قۆناغێکی بەرایی سۆسیالیزم دادەنرێت.

پاشان بەرژەوەندییە بنچینەییەکانی ئەم توێژە مامناونجییەی بۆرژوازیی نیشتمانی ناکۆکە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزمدا و دژی داگیرکاریی ئیمپریالی و دەستدرێژیی ئیمپریالیی وەک دەستدرێژیی زایۆنیزم دەوەستێتەوە. هەر بۆیە هەستوسۆزی نیشتمانی کارایی و کاریگەریی لەسەر ڕیزەکانی ئەم توێژە هەیە.

هەڵەیەکی گەورەیە ئەم توێژە لە ڕیزی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز دەربکرێت کە دژ بە ئیمپریالیزم، فیوداڵیزم و بۆرژوازیی کۆمپرادۆرییە. دەستبەردان لە توانا و لێهاتووییەکانی لە بونیادنانی ئابووریی نیشتمانیی دیموکراتیی میللیدا، لەژێر کاریگەریی گوتەزا چەپڕەوە کاڵوکرچە منداڵانەکان، هەڵەیەکی کوشندەیە.

٢- لە لایەنی دووەم ئەمانە وەستاون: فیوداڵیزم (لە نێویدا ئەو موڵکدارانەی کە بە هۆی چاکسازیی کشتوکاڵییەوە زیانیان پێ گەیشتووە)، بۆرژوازیی کۆمپرادۆری و سەرمایەداریی گەورە (کە بە هۆی خۆماڵیکردنەوە زیانیان بەرکەوتووە)، تاقمە کۆنەپەرستەکان، هەر لە خوێندەواران و پیاوانی سەردەمی لەناوچووەوە (ڕژێمی پاشایەتی) بۆ سیخوڕەکان.

ئەم دوو لایەنە نەیار و بەرهەڵستکاری یەکترن. ناکۆکیی نێوانیان ناکۆکییەکی دوژمنکارانەی توندە. لە بەرەی یەکەمیشدا ناکۆکیی لاوەکی هەیە، دیارترینیشیان ناکۆکیی نێوان کرێکاران و جووتیاران و ئەو

ڕۆشنبیرانەی پێیانەوە پەیوەستن و نێوان وردەبۆرژوازی کە دەست بەسەر حوکمی نیشتمانیدا دەگرێت و ئەوانی تر لە ماف و ئازادییە دیموکراسییەکان بێبەش دەکات، کە ئەمە وا دەکات ئەم ناکۆکییە (کە ناکۆکییەکی لاوەکییە) وردەوردە ببێت بە ناکۆکییەکی توند و پاشانیش دوژمنکارانە، چونکە ڕێگە لەوە دەگرێت ئەم ناکۆکییە بە شێوەیەکی ئاشتەوایی و دۆستانە و دیموکراسییانە چارەسەر بکرێت، ئەمەش وا دەکات وردەوردە لایەنە دوژمنکارانەکەی ئەم ناکۆکییە (کە خەسڵەتی دوژمنکارانەشی هەیە) شانبەشانی لایەنە نادوژمنکارانەکەی پەرە بسێنێ، بەو پێیەی ناکۆکییەکی لاوەکییە لە جۆری ناکۆکیی لاوەکیی نێوان چەوسێنەران و چەوساوەکان.

لێرەدا مەترسییەکە دەردەکەوێت لە پەیوەندیی نێوان کرێکاران و جوتیارانی هەژار و سەرجەم ڕەنجدەران و ڕۆشنبیرانی پەیوەست پێیان، لەگەڵ وردەبۆرژوازیی نیشتمانی (ی پێشکەوتنخواز بە حوکمی خەباتی دژی ئیمپریالیزم و فیوداڵیزم و بۆرژوازیی کۆمپرادۆری) کە هەوڵ دەدات دیکتاتۆرییەتی خۆی بسەپێنێت و گەل بێبەش بکات لە حکومڕانیی تەبایی کە نوێنەرایەتیی دیکتاتۆرییەتیی چینە شۆڕشگێڕە هاوبەشەکان دەکات، دواتریش، کۆتاییهێنان بە شۆڕش و دامەزراندنی کۆمەڵگەی دیموکراتیکی میللی، کە شۆڕش ڕادەگرێت و پاشەکشەی پێ دەکات، یان لە شوێنی خۆیدا دەیسووڕێنێتەوە و دەیخاتە ناو گێژاوی قەیرانی توندوتیژەوە کە بە هۆیەوە شکست بە خودی شۆڕشی نیشتمانی دەهێنێت.

بۆ زانینی [هۆکارەکانی] ڕیزبەندیی چینەکان و هەڵوێستیان لەمەڕ بەرەی یەکگرتوو، دەبێت بزانین خەبات لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیدا خەباتێکی نیشتمانیی دیموکراسییە، خەباتکارە شۆڕشگێڕەکانیش ڕووبەڕووی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی

دەبنەوە، ئەوەش بە حوکمی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و بەپێی یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، کە ڕەوتی گەشەکردن و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان جڵەو و بەندوبار دەکەن، بەو پێیەی یاسای بابەتیی گەشەکردنی کۆمەڵایەتین، لە دەرەوەی ویست و خۆزگەی تاک و توێژ و چین و حیزبەکانن و پەیوەست نین بە بۆچوونی تایبەتی ئەوانەوە.

خەباتی نیشتمانیی دیموکراسی سەرکەوتوو و کامڵ نابێت و ناتوانێت ئەرکە پێشکەوتنخوازەکان ڕابپەڕێنێت ئەگەر وەرنەچەرخێت بۆ شۆڕشێکی نیشتمانیی دیموکراسی و نەبێت بە خەباتێکی چەکداری و توندوتیژی جەماوەری میللی دژی ئیمپریالیزم و فیودالیزم وەک دوژمنانی سەرەکی و نەیار، هەروەها دژی بۆرژوازیی کۆمپرادۆری و توێژە کۆنەپەرستەکان کە بەکرێگیراو و هاوپەیمانی ئیمپریالیزم و فیودالیزمن، بەو پێیەی ئەم دوانە دوو تەگەرەی سەرەکین لەسەر ڕێگەی ڕزگاریی نیشتمانیی خوازراو.

بۆ ئەوەی بە باشی لەم ڕاستییانە تێ بگەین، پێویستە کەمێک لەسەر شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیدا هەڵوەستە بکەین، بۆ ئەوەی باسی سروشت و جۆرەکەی و هەڵوێستی چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بەرامبەری و لە ناویشیدا بکەین، هەروەتر، بۆ ئاشنابوون بە پەیوەندییەکەی بە گەشەکردنە نێودەوڵەتییەکانەوە و پاشانیش دیاریکردنی ڕەوتەکەی پاش سەرکەوتنی بەسەر ئیمپریالیزم و فیودالیزمدا، بۆ دیاریکردنی پەیوەندییەکەی بە سەرمایەداری یان سۆسیالیزمەوە لەسەر ئاستی جیهانی و نیشتمانی.

# سروشتی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی

جاران، شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی شۆڕشی ڕزگاریی نیشتمانی بوو لە کۆنترۆڵی کۆلۆنیالی و بێگانە، یان لە ستەمکاریی کۆنەپەرستانە، لەپێناو سەربەخۆیی نیشتمانی و دەستوور و دیموکراسیدا. لەو کاتەدا بەشێک بوو لە شۆڕشی دیموکراسیی بۆرژوازیی جیهانی. خەباتی نەتەوەیی لە هەلومەرجی سەرمایەداریی هەڵکشاودا، وەک ئەوەی ستالین گوزارشتی لێ دەکات، خەباتێک بوو لە نێوان چینە بۆرژوازییەکاندا. بەڵام لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا (باڵاترین قۆناغی سەرمایەداری)، گۆڕانکاریی گرنگ ڕوویان دا کە پەیوەندیی شۆڕشی نیشتمانی و شۆڕشی پڕۆلیتارییان بەهێز کرد. لینین لەمەڕ سەردەمی ئیمپریالیزم دەڵێت:

((بەڵام هەر ئەم سەردەمە خۆی، بە ناچاری، دەبوو سیاسەتی خەبات دژی چەوسانەوەی نەتەوەیی و سیاسەتی خەباتی پڕۆلیتاریا دژی بۆرژوازی بهێنێتە بوون و گەشەی پێ بدات، لەبەر ئەوەش، دەبوو بە مسۆگەری گەشە بدات بە: یەکەم، بەرپاکردنی ڕاپەڕین و جەنگە نیشتمانییە شۆڕشگێڕییەکان. دووەم، بەرپاکردنی جەنگ و شۆڕشەکانی پڕۆلیتاریا دژی بۆرژوازی. سێیەم، تێکەڵکێشبوونی ئەم دوو جۆرە جەنگە شۆڕشگێڕییە...)) (هەڵبژاردەکان، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، چاپی عەرەبی، دارالتقدم، مۆسکۆ، ل ٤٥٦).

لێرەوە باسوخواس لەمەڕ تێکەڵکێشکردنی شۆڕشی نیشتمانی و شۆڕشی پڕۆلیتاری دەست پێ دەکات، واتە جیاکردنەوەی شۆڕشی نیشتمانی لە شۆڕشی بۆرژوازیی دیموکراسیی جیهانی. ستالین، بە لەبەرچاوگرتنی ئەنجامەکانی جەنگی یەکەمی جیهان و سەرکەوتنی

شۆڕشە سۆسیالیستییە مەزنەکەی ئۆکتۆبەر، قسەکەی پێشتری لەمەڕ خەباتی نەتەوەیی هەموار دەکاتەوە و دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ((جەنگ و شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕووسیا مەسەلەی ناسیۆنالیزمیان وەرچەرخاند لەوەی کە بەشێک بێت لە شۆڕشی دیموکراسیی بۆرژوازی بۆ ئەوەی ببێتە بەشێک لە شۆڕشی سۆسیالیستیی پرۆلیتاری.)) بەڵام سەبارەت بە سروشتی بزووتنەوەی نیشتمانی و هێزە سەرەکییەکەی، ستالین لە وتارێکدا کە ڕۆژی ٣٠ی مارتی ١٩٢٥ لە بەردەم کۆمیتەی یوگسلاڤیی سەر بە کۆمیتەی جێبەجێکاری ئینتەرناسیۆنالیزمی کۆمۆنیستیدا پێشکەشی کرد، دەڵێت: ((مەسەلەی ناسیۆنالیزم لە جەوهەردا مەسەلەی جووتیارانە. مەسەلەیەکی کشتوکاڵی نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی جووتیارییە. ڕاستە کە نابێت مەسەلەی نیشتمانی و مەسەلەی جووتیاران بە هەمان مەسەلە دابنێین، چونکە مەسەلەی ناسیۆنالیزم، شانبەشانی مەسەلەی جووتیاری، مەسەلەکانی کولتووری نەتەوەیی و دەوڵەتی نەتەوەیی و مەسەلەکانی دیکەش دەگرێتەوە. بەڵام بە هەمان ڕادە، گومانی تێدا نییە کە بنچینە و جەوهەری مەسەلەی ناسیۆنالیزم، مەسەلەی جووتیارانە. لێرەوە ڕوون دەبێتەوە چۆن جووتیاران سوپای بنەڕەتیی بزووتنەوەی نەتەوەیی پێک دەهێنن و بەبێ سوپای جووتیاران، ناشێت بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستیی بەهێز لە ئارادا بێت. ئەمەیە مەبەستەکەمان کاتێک دەڵێین مەسەلەی ناسیۆنالیزم لە جەوهەردا مەسەلەی جووتیارانە.)) (لە وەرگێڕانە فارسییەکەی گوتەکانی ستالینەوە وەرگیراوە، کە لە ژمارە ١٩ ی گۆڤاری (تودە)ی زمانحاڵی ڕێکخراوەی شۆڕشگێڕیی حیزبی تودە لە دەرەوەی وڵات بڵاو کراوەتەوە).

ئەمە دوو گەشەی گرنگن، یەکێکیان لە سروشتی بزووتنەوەی نیشتمانیدا، ئەوی دیکەیان لە پەیوەندیدا بە شۆڕشی جیهانییەوە. لەبەر ئەوەش، ئەم دوو گەشەکردنە گرنگە کاریگەرییان لەسەر شۆڕشی

نیشتمانی و سروشتەکەی دەبێت و دەیکەن بە شۆڕشێکی دیموکراسیی شێوەنوێ کە جیاواز دەبێت لە شۆڕشی دیموکراسیی کۆن، بە تایبەتییش کە بۆرژوازیی جیهانی گەیشتووە بە قۆناغی ئیمپریالیزم، ئەوەش ئەو قۆناغەی سەرمایەدارییە کە لە سەرەمەرگدایە و بەرەو داڕووخان مل دەنێت، وەک چۆن مرۆڤایەتی ڕۆیشتووەتە سەردەمی شۆڕشی سۆسیالیستییەوە و سیستەمی سۆسیالیستی شوێنی سیستەمی بۆرژوازی دەگرێتەوە. لەم سەردەمەدا، ئیمپریالیزم هەوڵ دەدات کۆڵۆنی، بازاڕ، مادەی خاو و قازانجی زیاتر بە دەست بهێنێت، کە ئەمەش وای لێ دەکات ڕێگە بگرێت لە دامەزراندنی سیستەمی سەرمایەداریی ڕکابەر لە وڵاتانی دواکەوتوو و کۆڵۆنییەکانی پێشوودا.

ئەگەر شۆڕشە سۆسیالیستییە مەزنەکەی ئۆکتۆبەر [دەرگای] سەردەمێکی نوێی لە مێژووی شۆڕشی نەتەوە چەوساوەکاندا کردبێتەوە، ئەوا سروشتی بەو شۆڕشانەش داوە و هەلومەرجی لەباری خوڵقاندووە بۆ سەرکەوتنیان، پردێکی لە نێوان شۆڕشی سۆسیالیستی لە خۆرئاوا و شۆڕشی دیموکراسی لە وڵاتانی کۆڵۆنی و نیمچەکۆڵۆنیدا لە خۆرهەڵات هەڵبەستووە، هەروەها گرێدراوییەکی تۆکمەی لە نێوان شۆڕشی سۆسیالیستی و شۆڕشی دیموکراسی لەسەر ئاستی جیهانی هێناوەتە کایەوە.

هەرچی کێشەی پێکەوەگرێدانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی و شۆڕشی سۆسیالیستییە لە ناوخۆی وڵاتێکی کۆڵۆنی یان نیمچەکۆڵۆنیدا، واتە کێشەی چۆنێتیی پێکەوەبەستن و پێکەوەگرێدانی هەردوو شۆڕشی دیموکراسی و شۆڕشی سۆسیالیستی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بە جۆرێک کە ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراسی بە شێوەیەکی ڕیشەیی جێبەجێ بکرێن و لە هەمان کاتیشدا پێداویستییەکانی گواستنەوە بۆ سۆسیالیزم ئامادە بکرێن، ئەوە شۆڕشی چین ئەم کێشەیەی چارەسەر کرد کاتێک

حەتمییەتی وەرچەرخانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیی بۆ شۆڕشێکی دیموکراسیی نوێ سەلماند. هاوڕێ ماو تسی تۆنگ، لە لێکۆڵینەوەیەکی نایابیدا بە ناونیشانی ((لەمەڕ دیموکراسیی نوێ))، بیرۆکەی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیی داڕشت، کە تێیدا باس لە شۆڕش لە وڵاتانی کۆڵۆنی و نیمچەکۆڵۆنیدا دەکات و دەڵێت:

((لەم سەردەمەدا، ئەگەر لە هەر وڵاتێکی کۆڵۆنی یان نیمچەکۆڵۆنیدا شۆڕشێک دژی ئیمپریالیزم، یاخود دژی بۆرژوازیی جیهانی و سەرمایەداریی جیهانی بەرپا ببێت، ئەوا ئەو شۆڕشە نادرێتە پاڵ شۆڕشی دیموکراسیی بۆرژوازیی جیهانی بە تێگەیشتنە کۆنەکەی، بەڵکو دەدرێتە پاڵ تێگەیشتنێکی نوێ، بە بەشێکیش لە شۆڕشی جیهانی کۆنی بۆرژوازی و سەرمایەداری دانانرێت، بەڵکو بە بەشێک لە شۆڕشی جیهانیی نوێ دادەنرێت، واتە بەشێک لە شۆڕشی جیهانیی سۆسیالیستیی پرۆلیتاری. ئەم [وڵاتە] کۆڵۆنی و نیمچەکۆڵۆنییانە چیتر لە ڕیزی هاوپەیمانانی بەرەی سەرمایەداریی جیهانیی دژەشۆڕشدا دانانرێن، بەڵکو بوون بە هاوپەیمانی بەرەی سۆسیالیستیی جیهانیی شۆڕشگێڕ.

((سەرەڕای ئەوەی ئەم جۆرە شۆڕشە لە وڵاتانی کۆڵۆنی و نیمچەکۆڵۆنیدا، لە قۆناغەکانی یەکەم یاخود هەنگاوەکانی یەکەمیدا، لە بنەڕەتدا شۆڕشێکی دیموکراسیی بۆرژوازییە لە ڕووی سروشتە کۆمەڵایەتییەکەیەوە، سەرەڕای ئەوەی پەیامە بابەتییەکەشی ڕێخۆشکردنە بۆ گەشەکردنی سەرمایەداری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، شۆڕشێک نییە لە شێوازی کۆن کە بۆرژوازی سەرکردایەتیی بکات و ئامانجەکەی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری و دەوڵەتێکی ملکەچی دیکتاتۆرییەتی بۆرژوازی بێت، بەڵکو شۆڕشێکی نوێیە کە پرۆلیتاریا سەرکردایەتیی دەکات و ئامانجەکەی لە قۆناغی یەکەمدا دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکە بۆ دیموکراسیی نوێ و دەوڵەتێکی ملکەچ بۆ دیکتاتۆریی هاوبەش، کە سەرجەم چینە

شۆڕشگێڕەکان مومارەسەی دەکەن. بەم جۆرەش، ئەم شۆڕشە لە لایەکی دیکەوە، ڕێگەیەکی بەرفراوانتر و بەرینتر خۆش دەکات لەپێناو گەشەکردنی سۆسیالیزم، لە ڕەوتەکەشیدا، بە هۆی ئەو ئاڵوگۆڕە لەپڕانەی بەسەر ئۆردووگای دوژمن و ڕیزەکانی هاوپەیماناندا هاتوون، بە چەند قۆناغێکدا تێ دەپەڕێت، بەڵام سروشتە بنچینەییەکەی وەک خۆی دەمێنێتەوە، بەبێ ئەوەی ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت.

((بەو پێیەی ئەم جۆرە شۆڕشە گورزی یەکلاکەرەوە لە ئیمپریالیزم دەدات، ئەوا ئیمپریالیزم قبوڵی ناکات، بەڵکو بەرهەڵستیی دەکات. بەڵام سۆسیالیزم قبوڵی دەکات و پاڵپشتی و کۆمەکی وڵاتە سۆسیالیستییەکان و پرۆلیتاریای جیهانیی سۆسیالیستی بە دەست دەهێنێت – هەر بۆیە دەبێت ئەم جۆرە شۆڕشە، شۆڕشی جیهانیی سۆسیالیستیی پرۆلیتاری بێت.)) (نووسراوە هەڵبژارەکانی ماو تسی تۆنگ، بەرگی دووەم، چاپی عەرەبی، پەکین، ل ٤٧٩–٤٨٠). کەواتە شۆڕشی نیشتمانی شۆڕشێکی دیموکراسیی نوێیە و ئەو سیستەمە نیشتمانییەش کە لەم شۆڕشەوە سەرچاوە دەگرێت، دەبێت سیستەمی دیموکراسیی نوێ (ی میللی) بێت. بەو جۆرەش، دیکتاتۆرییەتی بۆرژوازی یان دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاری نییە، بەڵکو جۆرێکی سێیەمە و هاوڕێ ماو لەبارەیەوە دەڵێت:

((جۆری سێیەم شێوەیەکی ڕاگوزەریی دەوڵەتە و دەبێت شۆڕشەکان لە وڵاتانی کۆلۆنی یان نیمچەکۆلۆنیدا تەبەنیی بکەن. بە دڵنیاییەوە هەر شۆڕشێک لە شۆڕشەکانی وڵاتانی کۆلۆنی و نیمچەکۆلۆنی بە هەندێک خەسڵەت دەناسرێنەوە، بەڵام ئەم خەسڵەتانە تەنها جیاوازیی سادەن لە دەوروبەرێکی هاوشێوەدا. لەبەر ئەوەی شۆڕشەکان شۆڕشی وڵاتانی کۆلۆنی و نیمچەکۆلۆنین، ئەوا بە مسۆگەری پێکهاتەی دەوڵەت و پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی لەم وڵاتانەدا، بەپێی پێویستییەکی بنچینەیی، لێکچوو دەبن، واتە دەوڵەتی دیموکراسیی نوێ ملکەچی

دیکتاتۆرییەتی هاوبەشی ژمارەیەک لە چینە دژە ئیمپریالییەکان دەبێت.)) ئەمەش واتە ئەرکی شۆڕش لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراسیدا بە ڕزگارکردنی نیشتمان لە ئیمپریالیزم، فیوداڵیزم و بۆرژوازیی کۆمپرادۆری و دامەزراندنی سیستەمی دیموکراسیی میللی یان نویێ جێبەجێ دەکرێت.

سیستەمی دیموکراسیی میللی گوزارشتە لە ((دیکتاتۆرییەتی هاوبەشی سەرجەم چینە شۆڕشگێڕەکان)) بە سەرکردایەتیی چینی کرێکار لە ڕێگەی حیزبە پێشەنگەکەی و سیستەمی دەسەڵاتەکەی، کە ناوەندێتیی دیموکراتیکە. ئەم حکومەتەش بە پلەی یەکەم لەسەر بنچینەی هاوپەیمانیی کرێکاران و جووتیاران دادەمەزرێنرێت، پاشان هاریکاریی ئەمان لەگەڵ وردەبۆرژوازی و توێژە پێشکەوتنخوازەکانی بۆرژوازیی نیشتمانیدا، کە دواتر لە چوارچێوەی توێژینەوەکەدا ڕوونی دەکەینەوە.

ئەمە ڕاستیی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی و سیستەمە دیموکراتیکە نوێیەکەیەتی. ئەمەش ڕاستییەکی گشتییە بە درێژایی قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی و لە ماوەی حکومڕانیی نیشتمانیی دیموکراتیکی سەربەخۆدا. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی جیهانی، چ لە کاتی جەنگی دووەمی جیهان و چ پاش جەنگ، ئەم ڕاستییەی تەبەنی کرد؛ تەنانەت ڕۆژنامەی نووسینگەی هەواڵەکانی پارتە کۆمۆنیستەکان لە [سیستەمە] دیموکراسییە میللییە ئەورووپییەکان و فەڕەنسا و ئیتالیا، کە بە کۆمۆنفۆرم ناسراون، ئەم گوزارشتەی دەکرد بە سەردێڕی خۆی: ((لەپێناو ئاشتییەکی هەمیشەیی، لەپێناو دیموکراسییەکی میللی)). زۆربەی پارتە کۆمۆنیستەکان لە پرۆگرامی خۆیاندا دیموکراسیی میللی تەبەنی دەکەن – پێداگیری لەسەر پێویستیی ئیستیعابکردن و تێگەیشتن و تەبەنیکردنی دیموکراسیی میللی و ناسینی هێزە پێویستەکان بۆ

بەدیهێنانی کراوە. ئوستاد خالید بەگداش لە سەرەتای سالآنی پەنجاکاندا، لە ڕاپۆرتە نایابەکەیدا کە پێشکەشی کۆبوونەوەی هاوبەشی هەردوو کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی شیوعی لە سوریا و لوبنان کردووە و دواتر بە ناونیشانی (حیزبی کرێکاران و جووتیاران) بڵاو کراوەتەوە، پێداگیرییەکی بەهێزی لەسەر ئەم پێویستییە کردووە.

لە عێراقیش، پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق، پاش ئەوەی ساڵی ١٩٥١ کۆمیتەیەکی ناوەندیی چەپڕەوانەی هەڵبژارد کە سکرتێرەکەی ئوستاد ئیبراهیم ئەحمەد بوو، حیزبی یەکێتیی شیوعییە عێراقییەکان بە سەرکردایەتیی بەڕێز عەزیز شەریف و پاشانیش حیزبی شیوعیی عێراق –قاعیدە– لە میساقەکەیدا بە ناوی باسم، دیموکراسیی میللییان تەبەنی کرد.

بابەتی دیموکراسیی میللی وەک بابەتی گفتوگۆیەکی توند لە نێوان شیوعییەکاندا مایەوە، بە تایبەتی پاش سەرهەڵدانی ڕەوتی ڕاسترەو بە سەرکردایەتیی مەرحوم جەمال حەیدەری کە لە حیزبی شیوعی جیا بوویەوە و لە (حیزبی شیوعیی عێراقی – ئاڵای کارگەر)دا بەرجەستە دەبوو، لە ڕاستییشدا میساقی (باسم)، لە هێڵە سەرەکی و بنچینەییەکانیدا، میساقێکی شۆڕشگێڕانەی مارکسی – لینینی بوو.

بەڵام ئەم ڕاستییە لەمەڕ شۆڕشی دیموکراسیی نوێ، کە ئامانجەکەی دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسیی میللییە، لە هەلومەرجی هەنووکەدا ڕووبەڕووی مەترسیی دوو لادانی مەترسیدار دەبێتەوە، یەکەمیان بۆرژوازیی ڕاسترەوە کە ڕیڤیژنیزمی هاوچەرخ تەزکییەی دەکات، دووەمیان چەپڕەوی سەرکێشە کە ترۆتسکیزم و (چەپڕەوی نوێ)ی تووشبوو بە پەتای (هەڵپەی چەپڕەوانەی وردەبۆرژوازی) تەزکییەی دەکەن. لێرەدا ڕاستیی ئەو پەندە دەردەکەوێت کە دەڵێت پەرگیریی ڕاسترەو هاوشێوەی پەرگیریی چەپڕەوە، چونکە هەردوو

لادانەکە نکۆڵی لە پێویستیی شۆڕشی دیموکراسیی نوێ دەکەن و پێویستیی دامەزراندنی کۆمەڵگەی دیموکراسیی میللی وەک ڕێخۆشکردن بۆ گواستنەوە بەرەو سۆسیالیزم فەرامۆش دەکەن، هەردووکیشیان لە بۆرژوازییەوە سەریان هەڵداوە. یەکەمیان لەژێر پەردەی دیموکراسیی پەرلەمانیدا بانگەشە بۆ (حکومڕانیی بۆرژوازیی ئازاد) دەکات، یاخود لەژێر دروشمی سۆسیالیزمدا بانگەشە بۆ حکومڕانیی وردەبۆرژوازی و سەرمایەداریی دەوڵەت دەکات.

دووەمیان بانگەشە بۆ ئەوە دەکات بۆ پەڕینەوەی ڕاستەوخۆ بەرەو سۆسیالیزم، بەبێ تێپەڕاندنی قۆناغە ڕاگوزەرییەکەی کە قۆناغی دیموکراسیی میللییە، باز بەسەر فاکتە بابەتییە بنچینەییەکاندا بدرێت.

## دامەزراندنی حکومڕانیی سەربەخۆی بۆرژوازی
## لە هەلومەرجی جیهانیی هەنووکەدا مەحاڵە

لادانی ڕاستڕەوانە بانگەشەی ئەوە دەکات شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی دەبێت ڕێگەی حوکمی پەرلەمانی لەسەر هێڵی بۆرژوازی بگرێتە بەر، سیستەمی حکومڕانییش دەبێت سیستەمێکی دیموکراسی بێت و لەسەر بنەمای موڵکایەتیی تایبەت، دەستپێوەگرتنی تاکەکەسی، ئازادیی بازرگانی و پیشەسازی دامەزرابێت، دواتریش، سیستەمێکی بۆرژوازیی سەربەخۆ بێت. ئاخۆ بۆرژوازیی نیشتمانی لە سەردەمی ئێستاماندا دەتوانێت ڕێبازی بۆرژوازیی ئازاد بگرێتە بەر بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی بۆرژوازیی نیشتمانیی سەربەخۆ؟ وەڵامەکە نەخێرە. چونکە بارودۆخی نیشتمانی و نێودەوڵەتی تەگەرەن لە بەردەم ئەم ڕێبازەدا و وا دەکەن دامەزراندنی سیستەمێکی بۆرژوازیی سەربەخۆ ئەستەم بێت. بۆرژوازیی نیشتمانی (لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە) چینێکی کۆمەڵایەتیی لاوازە، لەبەر ئەوەی بۆرژوازیی وڵاتانی دواکەوتووە، لەبەر ئەوەش کە لە سەردەمی سەرمایەداریی قۆرخکاریدا، لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا سەری هەڵداوە و هاتووەتە بوون، کە سەرمایەداری گەیشتووەتە سەردەمی قۆرخکاری (قۆرخکردنی پیشەسازی و بازاڕەکان)، قۆناغی دابەشکردنی ناوچەکانی هەژموون، سەردەمێک کە تێیدا تەکنۆلۆژیای سەرمایەداری گەیشتووەتە ئاستێکی باڵا و نایاب. سەبارەت بە هەموو ئەم بارودۆخانە، سەرمایەداریی نیشتمانی لە وڵاتانی پەرەئەستێندا ناتوانێت بچێتە مەیدانی کێبڕکێی ئازادەوە و براوە بێت، یان تەنانەت لە چوارچێوەیدا بژی. ئیمپریالیزم،

بەو پێیەی سەرمایەدارییەکە لە گیانەڵادایە و دوایین هەناسەکانی خۆی دەدات، زیاتر لە جاران پشت بە بازاڕی بیانی و سەرچاوەکانی وڵاتانی پەرەئەستێن و سامانە کانزاییەکانی دەبەسێت و ڕێگە نادات کۆمەڵگەی سەرمایەداریی سەربەخۆی ڕکابەر دابمەزرێنرێت. پاشان کۆڵۆنیالیزمی نوێ تۆڕی بازرگانی و مۆنۆپۆلەکانی و ئەختەبووتی ئابوورییە سەرمایەدارییە ڕاقییەکەی بە چەندین شێوازی هەمەچەشن دەوڵەمەند دەکات بۆ ئەوەی بئاڵێتە گەردنی سەرمایەداریی نیشتمانی، یاخود بەشێکی گرنگ یان گەورەی گرێ بدات بە بۆرژوازیی کۆڵۆنیالییەوە یان بە بازاڕی سەرمایەداریی نێودەوڵەتییەوە، دواتریش دزەی ئابووریی کۆڵۆنیالییانە بکات، ئەویش لە ژێر پەردەی هاوپشکی لە کۆمپانیا و پیشەسازییە لۆکاڵییەکاندا، یان لە ڕێگەی گرێدان و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ئیمتیازات و دەڵاڵی (العمولات) و وەکالاتەکانەوە، ئەوەش بە چەندین شێوازی فێڵبازانەی کۆڵۆنیالیزمی نوێ کە وا دەکات ئەم ئابوورییە (سەرمایەداریی نیشتمانی) ببێت بە پاشکۆی بۆرژوازیی نێودەوڵەتی و ببێتە ئابوورییەکی کۆمپرادۆری و دەوڵەتە تازەسەربەخۆبووەکەش بگەڕێنێتەوە ژێر هەژموونی داگیرکەری نوێ؛ وەک ئەوەی داگیرکەر لە دەرگاوە دەرکرابێت، بۆ ئەوەی بە جلوبەرگی کۆڵۆنیالیزمی نوێوە لە پەنجەرەوە خۆی بکاتەوە بە ژووردا.

سەرەڕای ئەوانەی خستماننە ڕوو، سەرمایەداریی نیشتمانی لە سەردەمی داڕووخانی ئیمپریالیزم و سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستیدا سەرهەڵدەدات کە سەرمایەداریی نێودەوڵەتیی نیوەگیان لە ڕووی مێژووییەوە [دوایین] هەناسەکانی دەدات، بۆرژوازییش ڕۆڵی سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی نیشتمانیی لە دەست داوە –دواتر لە ڕووی تیۆرییەوە ئەمە دەسەلمێنین– و چینی کرێکار وەک هێزێکی سەرکردە سەری هەڵداوە، هزری سۆسیالیستی

بە جیهاندا بڵاو بووەتەوە و چەندین دەوڵەتی سۆسیالیستی سەریان هەڵداوە کە دژایەتیی ئیمپریالیزم و بۆرژوازی دەکەن و گەلان هان دەدەن ڕێگەی دیموکراسیی میللی بگرنە بەر، نەک ڕێگەی گەشەکردنی سەرمایەداری، چونکە وڵاتە سۆسیالیستییەکان هانی ئەوە نادەن ڕێگەی سەرمایەداری بگیرێتە بەر، ئیمپریالیزمی نێودەوڵەتییش ڕێگە لە گەشەکردنی سەرمایەداریی سەربەخۆی وڵاتە پەرەئەستێنەکان دەگرێت و هەوڵ دەدات بیبەسێتەوە بە ڕەوڕەوەی بۆرژوازیی نێودەوڵەتییەوە.

جەماوەری بەرفراوانی گەلان ڕقیان لە سەرمایەدارییە و وەک سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بۆ حکومڕانی نەفرەتیان لێ کردووە. هەژموونی هۆشیاریی سۆسیالیستی و کرێکاریی شۆڕشگێڕ مەزن دەبێت و مارکسیزم – لینینزم بە خێرایی بڵاو دەبێتەوە. بزووتنەوەی نیشتمانیی دیموکراسییش، بە سەرکردایەتیی خۆڕاگرترین خەباتگێڕانی شۆڕشگێڕ، ڕێگەی خەباتکارانەی خۆی بە ڕووی بەرەنگاریی سەرسەختانەی ئیمپریالیزمدا دەکاتەوە، نەک بە فەرمانی (خەباتگێڕانی سالۆنەکان)، (ئەفەندیی یانەکان)، (خواپێداوانی شارەکان) و توخمەکانی دیکەی بۆرژوازی. بۆرژوازیی نیشتمانی لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە لاوازە و بە حوکمی سروشتە چینایەتییە بۆرژوازییەکەشی، هەزیل و ترسنۆک و ڕاڕایە، لە هەڵوێستیدا دووڕووە و هەندێک جار لە سنوورێکی دیاریکراودا لەگەڵ شۆڕشی نیشتمانیدایە، هەندێک جاری تریش دژی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسییە کاتێک هەژموونی کرێکاران و جووتیاران و ڕەنجدەران تێیدا زیاد دەکات و ناکۆکییەکانی لەگەڵ ئیمپریالیزمدا خاو دەبنەوە، چونکە بۆرژوازی هەمیشە مەیلی بە لای سازشدایە و هەوڵ دەدات حکومڕانییە دیکتاتۆرییەکەی چینەکەی، کە بە پەرلەمانیی دەستووری ڕووپۆشی کردووە، بسەپێنێت، کەواتە چۆن دامەزراندنی سیستەمێکی بۆرژوازیی

نیشتمانی و دیموکراسیی سەربەخۆ مەحاڵ نابێت، کە جەوهەرەکەی دیکتاتۆرییەتی بۆرژوازییە، با ڕواڵەتەکەشی پەرلەمانی بێت و ناوبەناو [پرۆسەی] هەڵبژاردنی بۆرژوازی ساز بکات؟

بەم شێوەیە، دەبینین ڕێگەی گەشەکردنی سەرمایەداری بە سەرکردایەتیی بۆرژوازی، ڕێگەیەکی داخراوە و کۆتاییەکی سەرکەوتووی نییە، سەرەڕای ئەو پڕوپاگەندە و پاڵپشتیکردنەی کە ڕیڤیژنیزم پێشکەشی دەکات. ئەمەش واتای ئەوەیە دامەزراندنی کۆمەڵگەی سەرمایەداریی نیشتمانیی سەربەخۆ مەحاڵە؛ چونکە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی بۆرژوازیی سەربەخۆ لەم سەردەمەماندا، هیچ نییە جگە لە وەهمێکی بۆرژوازیی کۆنەپەرستانە، هیچ نییە جگە لە پاشەکشە و پشتکردنە سروشتی سەردەمی ئێستامان، سەردەمی هەرەسهێنانی ئیمپریالیزم (وەک باڵاترین قۆناغی سەرمایەداری) و سەردەمی شۆڕشی سۆسیالیستی، کە ((دۆخی نێودەوڵەتیی هەنووکە، لە بنەڕەتەوە، دۆخێکە ململانێی نێوان سەرمایەداری و سۆسیالیزم باڵی بەسەردا کێشاوە، دۆخێکە تێیدا سەرمایەداری لە داتەپین و سۆسیالیزم لە هەڵکشاندایە)) و ((جیهان سەردەمێکی نوێی شۆڕش و جەنگەکان دەگوزەرێنێت، سەردەمێک کە تێیدا ئاوابوونی سەرمایەداری و گەشانەوەی سۆسیالیزم حەتمییە.)) ماو. تەنانەت ئەگەر سیستەمێکی بۆرژوازیی لە ڕووی سیاسییەوە سەربەخۆ دابمەرزێت، ئەوا ئیمپریالیزمی جیهانی بە خێرایی هەوڵ دەدات لە ڕووی ئابوورییەوە ملکەچی بکات بۆ هەژموونی مۆنۆپۆلەکانی خۆی، کۆڵۆنیالیزمی نوێش خێرا کۆنترۆڵی دەکات؛ هەر بۆیە لە کۆتاییدا ئەم سیستەمە بۆرژوازییەی لە ڕووی سیاسییەوە سەربەخۆیە، وردەوردە دەبێت بە پاشکۆی سیستەمی سەرمایەداریی جیهانی و بەشێک لە سیستەمەکە، کە ئەمەش سەرەنجام دەبێتە هۆی ئەوەی سەربەخۆییە

سیاسییەکەی لە دەست بدات. سیستەمی بۆرژوازیی بەناو لە ڕووی سیاسییەوە سەربەخۆ، خۆی لە بەردەم مۆنۆپۆلە نێودەوڵەتییەکان و ئیمپریالیزمی نێودەوڵەتیدا ناگرێت، ناشتوانێت دیوارێکی هاوشێوەی دیوارە گەورەکەی وڵاتی چین بە چواردەوری وڵاتەکەیدا هەڵبچنێت، بۆ ئەوەی سەربەخۆییە سیاسییەکەی لە دەستێوەردانی ئیمپریالی و دزەکردنی ئابووریی سەرمایەداریی نێودەوڵەتی بە چەندین جۆر و شێواز، بپارێزێت، کە ئەمەش لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی ئەوەی بکەوێتە ناو تۆڕەکانی سەرمایەداریی نێودەوڵەتییەوە و وڵاتەکەش بکات بە نیمچەکۆلۆنییەک.

سەرەڕای دەستەپاچەیی بۆرژوازیی نیشتمانی لە گەشەپێدانی وڵات لە ڕووی پیشەسازی و ئابووری و کشتوکاڵییەوە بە هێزی تایبەتی خۆی، سەرەڕای سیاسەتە چینایەتییە بەرتەسکەکەشی، کە گەل و جەماوەرە ڕەنجدەرەکەی لەژێر مەترسیی چەوساندنەوە و ستەم و ژێر ڕەحمەتی نەداری و نەزانی و نەخۆشیدا دەهێڵێتەوە.

بەراوردێکی سادە لە نێوان سیستەمی سۆسیالیستی لە چین و دەسکەوتەکانی لە بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و تەکنۆلۆژیادا و لە بوارە سیاسی، کولتووری، ئاوەدانکاری و کۆمەڵایەتییەکاندا و نێوان سیستەمی پەرلەمانی لە هیندستان، یان بۆ نموونە لە نێوان کۆریای دیموکراسیی میللی و بۆرمادا، بە ئاشکرا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەخاتە ڕوو کە دیموکراسیی میللی نەک هەر بەسەر دیموکراسیی بۆرژوازیدا باڵا دەبێت، بەڵکو بە تاکە سیستەمیش دادەنرێت کە بتوانێت پاشماوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، فیوداڵیزم، بۆرژوازیی کۆمپرادۆری و نەخۆشییە کۆمەڵایەتییە کوشندەکانی وەک هەژاری و برسێتی و نەخۆشی بە شێوەیەکی ڕیشەیی بنەبڕ بکات.

لە کۆندا، شۆڕشی کەمالیزم (بۆرژوازیی بازرگانی)یان دەکرد بە

بەڵگە بۆ ئیمکانییەتی دامەزراندنی کۆمەڵگەی سەرمایەداریی سەربەخۆ. بەڵام فاکتە تورکییەکان ئەم بەڵگەیەش بە درۆ دەخەنەوە، وەک ئەوەی هاوڕێ ماو پێش جەنگی دووەمی جیهان دەڵێت، ((تورکیای کەمالی لە کۆتاییدا نەیتوانی خۆی نەخاتە باوەشی ئیمپریالیزمی ئەنگلۆ– فەڕەنسییەوە، کە ڕۆژ دوای ڕۆژ دەگۆڕا بۆ نیمچەکۆلۆنییەک و بەشێک لە جیهانی ئیمپریالیزمی کۆنەپەرست.)) تورکیا بوو بە دەوڵەتێکی پاشکۆی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی، زۆر لە سەربەخۆییە سیاسییەکەی لە دەست دا و لەژێر باری قورسی هاوپەیمانەکان و بنکە مووشەکی و سەربازییەکانی بێگانەدا بە چۆکدا هاتووە و بە دەست دزەکردنی سەرمایەداریی ئەمەریکی و ئەڵمانیای خۆرئاواوە دەناڵێنێت.

ئەمڕۆ، لە کاتێکدا خەباتی جەماوەری گەل لە ئاسیا و ئەفریقا ە ئەمەریکای لاتینیدا توندتر دەبێت و پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات ڕێگەیەکی نوێی جیاواز لە سەرمایەداری بگرێتە بەر، کاتێک باهۆزی شۆڕشگێڕانە باهۆزی سەرمایەداری تێک دەشکێنێت، کاتێک هێزە ئابووری و سەربازییەکانی وڵاتانی سۆسیالیستی زیاد دەکات و شۆڕشە ڕزگاریخوازییە نوێیەکان لە ڤێتنام، تایلەند، مالای، بۆرما و زۆر وڵاتی تری ئەمەریکای لاتینی و ئەفەریقا سیستەمە نۆکەرەکانی ئیمپریالیزم ڕاوەدوو دەنێن، کاتێک تینی شۆڕشی شکۆمەندی فەلەستینی کڵپە دەکات بۆ ئەوەی گڕی (شۆڕش) لە ڕۆژهەڵاتەکەمان بەربدات و ڕاستیی ئەو پەندە دەربخات کە دەڵێت (لەوانەیە پزیسکێک ئاگرێک بنێتەوە)، ئا لەو کاتەدا گەلانی تێکۆشەر بۆ ڕزگاربوونی تەواوەتی، هیچ ڕێگەیەکیان لە بەردەمدا نییە جگە لە دیموکراسیی میللی.

هەر وەک هاوڕێ ماو تسی تۆنگ دەڵێت، ((بەرامبەر دۆخی نێودەوڵەتیی هەنووکە، سەرجەم (پاڵەوانان) لە وڵاتانی کۆلۆنی و نیمچەکۆلۆنیدا یان دەبێت شانبەشانی ئیمپریالیزم بوەستن و ببن بە

بەشێک لە هێزە دژەشۆڕشەکان لە جیهاندا، یان شانبەشانی بەرەی دژەئیمپریالیزم بوەستن و ببن بە بەشێک لە هێزە شۆڕشگێڕەکانی جیهان. دەبێت لە نێوان ئەم دوو ڕێگەیەدا یەکێکیان هەڵبژێرن، چونکە ڕێگەی سێیەم لە ئارادا نییە.))

## لادانی وردەبۆرژوازی لە دیموکراسیی میللی

هەرچی لادانی وردەبۆرژوازییە (کە ڕیڤیژنیزمی هاوچەرخ بە گوڕوتینەوە لە هەردوو بواری تیۆری و مادیدا پاڵپشتیی دەکات)، لەسەر بنەمای نکۆڵیکردن لە دیموکراسیی میللی بە تێگەیشتنە زانستییەکەی، وا پێشتر ڕاڤەمان کرد، دامەزراوە و هەوڵ دەدات دیکتاتۆرییەتی بۆرژوازیی خۆی، کە بە پەردەی (شۆڕش) و (سۆسیالیزم) ڕووپۆش کراوە، ئەویش هەر بە ڕێگەیەکی داخراو و پڕ لە مەترسیدا دەڕوات.

بە ڕەتکردنەوەی دیموکراسیی میللی و دامەزراندنی (حکومڕانییە شۆڕشگێڕییەکەی خۆی) لەبری [دیموکراسیی میللی]، بە ڕەتکردنەوەی سۆسیالیزمی زانستی کە سەرکردایەتیی چینی کرێکار دەکات بە حەتمی، بەو پێیەی کە بونیادنەری سۆسیالیزمە و خاوەنی دیکتاتۆرییەتی پڕۆلیتاریایە وەک شێوازی دەسەڵاتداریێتیی دەوڵەت لە ماوەی ڕاگوزەریدا، کە بە سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی دەست پێ دەکات و بە نەمان و سڕینەوەی چینەکان لە هەردوو چوارچێوەی نیشتمانی و جیهانیدا کۆتایی دێت، [دواجار، وردەبۆرژوازی] بە ڕەتکردنەوەی هەرەوەزییە کشتوکاڵی و حکومییەکان لە لادێ، جگە لە دامەزراندنی سیستەمێکی لاواز و لەرزۆک کە لە بەردەم باهۆز و مەترسییەکاندا خۆی ناگرێت، هیچی تر ناخوڵقێنێت، سیستەمێک کە ناتوانێت بە شێوەیەکی ڕیشەیی کێشە سەرەکییەکان چارەسەر بکات، وەک مەسەلەی چاکسازیی ڕیشەیی کشتوکاڵی و مەسەلەی سروشتی دەسەڵات کە لەبری ئەوەی بیکات بە دەسەڵاتێکی ناوەندی و دیموکراتیک بۆ جەماوەری میللی، دەیکات بە دەسەڵاتێکی ناوەندی و بیرۆکراتیکی

نادیموکراتیک بۆ جەماوەری میللی؛ ئەمەش ڕێگە لە شێوازی دیموکراسی دەگرێت بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی ڕیزەکانی گەل، [بگرە] پاڵ بەم ناکۆکییانەوە دەنێت بە ئاراستەی گۆڕانیان بۆ ناکۆکیی دوژمنکارانە و [لە ئەنجامدا] لایەنە دوژمنکارانەکانی ناکۆکیی نێوان ڕیزەکانی گەل تەشەنە دەکەن، لە ئەنجامی ئەوەشدا وردەبۆرژوازیی فەرمانڕەوا پەنا دەباتە بەر پیادەکردنی تۆقاندن و چەوساندنەوە دژی کرێکاران و جووتیارانی هەژاری شۆڕشگێڕ و دژی سەرجەم بانگەشەکەرانی دیموکراسی و ئازادییە گشتییەکان.

بەو هۆیەشەوە، وردەبۆرژوازی قەیرانێکی توند لە ناو ڕیزەکانی گەلدا دەخوڵقێنێت و دۆست و هاوپەیمانان دەگۆڕێت بۆ دوژمنان؛ بەوەش ڕقی خۆی بەرامبەریان چڕ دەکاتەوە، کە ئەمە یەکێتیی نیشتمانی مینرێژ دەکات و بەرەی نیشتمانی لە ناوەوە (ئەگەر هەبێت) هەڵدەتەکێنێت؛ دەرفەتێکی فراوانیش لە بەردەم پیلاگێڕییە کۆلۆنیالی و کۆنەپەرستییە ڕاسترەوەکاندا دەڕەخسێنێت بۆ ڕووخاندنی ئەو سیستەمە پێشکەوتنخوازانەی کە وردەبۆرژوازی [هەر خۆی] دەیانهێنێتە بوون و سەرکردایەتییان دەکات.

هەروەها ئەم سیستەمەی وردەبۆرژوازی بە ڕستێک هەڵە، کە بە هۆی تووشبوونی وردەبۆرژوازییەوە بە پەتای هەڵپەی چەپڕەوانە لە بوارەکانی خۆماڵیکردن و چوونەنێو ناکۆکی لەگەڵ کرێکاران و جووتیاران لە لایەک، لە لاکەی ترەوە لەگەڵ هەندێک لە توێژە ناونجییەکانی بۆرژوازیی نیشتمانی و نوێنەرەکانی لە ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و پسپۆڕییەکانی تر، هێندەی تر باری سەر شانی خۆی قورس دەکات.

سەرمایەداریی دەوڵەت باڵ بەسەر ئابووریی نیشتمانیدا دەکێشێت و دەرگاکان دەخاتە سەر پشت بۆ پەرەسەندنی (توێژاڵێکی کۆمەڵایەتیی چینایەتیی نوێ) لە ئەنجامی تووشبوونی وردەبۆرژوازی (بە ئینتەلابوون) و بە هۆی ئەو ئیمتیازانەوە کە هەندێک توخمی دیاریکراویان چنگیان

دەکەویت؛ دواتر، ڕیزەکانی ئەم وردەبۆرژوازییە بە لەرزۆکی و نایەکانگیری دەمێننەوە و بە بەردەوامی درز دەخاتە قەڵای (سیستەمی پێشکەوتنخوازی) وردەبۆرژوازی و ناکۆکییە ناوخۆییەکانی کەڵەکە دەبن و ناکۆکییەکانیشی لەگەڵ دوژمناندا زیاد دەبن.

پاشان وردەبۆرژوازی وردەوردە پاڵپشتیی کرێکاران و جووتیارانی هەژار لە دەست دەدات، وەک چۆن ئیمکانییەتی سوودوەرگرتن لە وزە شۆڕشگێڕییە زۆروزەبەندەکان و توانا خەباتگێڕییەکان و بەرهەمە مەزنەکانی کرێکاران و جووتیارانی هەژار و نوێنەرانیان لە ناو ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکاندا لە دەست دەدات؛ ئەم وردەبۆرژوازییە، بە هۆی ئەو کێشە و ناکۆکییانەی لەژێر باریاندا دەناڵێنێت، سیستەمە نیشتمانییە شۆڕشگێڕییەکەی ڕووبەڕووی کەوتن و داڕووخان دەکاتەوە. ئەگەر [سیستەمەکەی] نەگۆڕێت بۆ دیموکراسیی میللی (کە ئەمە گریمانەیەکە ئەستەمە ڕوو بدات و بەدی بێت)، ئەوا داڕووخانی حەتمییە، چونکە ئەم سیستەمە میانڕەوەی نێوان سەرمایەداری و سۆسیالیزمی ڕاستەقینە ناتوانێت هەتا کۆتایی بژی و درێژە بکێشێت. [بەڵکو] بەردەوام دەبێت لە ئەمبەروئەوبەرکردن تا ئەو کاتەی دەڕووخێت یان لە بەرژەوەندیی چینە کۆمەڵایەتییە نوێیەکە (بۆرژوازی) لە کاتی حکومڕانیی خۆیدا خوڵقاندوویەتی، یان لە بەرژەوەندیی ڕاسترەوی دەستتێکەڵکەر لەگەڵ داگیرکەر خۆی تەسفییە دەکات، چونکە بۆرژوازیی نێودەوڵەتی و سیستەمە ئیمپریالییەکەی دژی ئەم سیستەمە نیشتمانییە شۆڕشگێڕانە دەجەنگن و پیلان لە دژیان دەگێڕن بۆ ئەوەی بیانڕووخێنن. یاخود بۆرژوازیی نێودەوڵەتی تۆڕە سەرمایەدارییەکەی دەئاڵێنێتە گەردنی ئابووریی ئەم سیستەمە نیشتمانییانە و دزە دەکاتە ناو بازاڕ و بازرگانییەکانی، تا ئەو کاتەی لە زۆرێک لە بوارەکاندا توانای جووڵانی سەربەخۆ و ئازادی لێ دەبڕێت. ڕووخانی سیستەمی نکرۆما لە گانا،

مۆدیبۆکیتا لە مالی و سۆکارنۆ لە ئەندۆنیسیا نموونەی زیندوون لەسەر ڕاستیی ئەوانەی خرانە ڕوو.

لە کۆتاییدا، بانگەشەکردن بۆ ئەوەی کە ئەم سیستەمە ڕزگاربوانەی وردەبۆرژوازی دەیانبات بە ڕێوە لەسەر هێڵی (گەشەی ناسەرمایەداری) دەڕۆن، بانگەشەیەکی پووچە، چونکە گەشەکردنەکەی لە جەوهەردا گەشەیەکی سەرمایەدارییانەیە.

# ڕاستیی گەشەکردنی ناسەرمایەداری

ئەوەش لەبەر ئەوەی تێزی گەشەی ناسەرمایەداری، کە ڕیڤیژنیزمی هاوچەرخ خزاندوویەتیە ناو زەینمان، زوڕناکانی زۆر دووبارەیان کردووەتەوە و ئێمەش بە هەڵە دووبارەمان کردووەتەوە، تێزێکی نازانستییە و واقیع بە درۆی دەخاتەوە؛ چونکە ئەم جۆرە گەشەکردنە، لە جەوهەردا گەشەکردنێکی سەرمایەدارییانەیە، بەڵام بە شێوەیەکی نوێ. ئەم [گەشەکردنە هەر] گەشەکردنی سەرمایەداریی دەوڵەت و تۆخمەکانی سەرمایەدارییەکی فرەیە و بۆ مانەوەیە لە کەشێکی سەرمایەدارییانە لە ژیانی ئابووری و لە بونیادی کۆمەڵگەدا لە ژێر لافیتەیەکی فریودەر لە کشتوکاڵ و لە لادێ بە شێوەیەکی دیار. ئەم جۆرە گەشەکردنە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی سەرمایەدارییەکی ڕووپۆشکراو بە گوزارشتگەلی سۆسیالیسی. ئەو جەوهەرە سەرمایەدارییەی کە ناو دەنرێت گەشەی ناسەرمایەداری، بە ڕوونی دەردەکەوێت ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی تیۆری سۆسیالیزمی زانستیدا بڕوانینە:

یەکەم: کشتوکاڵ، ئەو چاکسازییە کشتوکاڵییەی کە وردەبۆرژوازی لە وڵاتانی (گەشەی ناسەرمایەداری) دەیکات، دەبێتە هۆی گەشەپێدانی سەرمایەداری لە لادێ و زاڵبوونی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، ئەمە سەرەڕای هێشتنەوەی ژمارەیەکی زۆری خاوەن موڵکەکان لەسەر موڵکەکانیان و ڕیشەکێشنەکردنی بنەچە و پاشماوەکانی فیوداڵیزم، لە کاتێکدا جووتیارە دەوڵەمەندەکان (کە بۆرژوازەکانی لادێن) دەمێننەوە و درێژە بە ئابووریی کشتوکاڵیی سەرمایەداریی خۆیان دەدەن، کاتێک هەندێک لە جووتیارە هەژارەکان دەگۆڕێن بۆ جووتیاری ناونجی (کە وردەبۆرژوازیی لادێن)، وەک چۆن هەندێک جووتیاری ناونجی دەگۆڕێن بۆ جووتیاری دەوڵەمەند،

کاتێک دابەشکردنی زەوی لەسەر بنەمای موڵکایەتی و پارچەپارچەی بچووک دەبێت، کە هەموو ئەمانە دەبن بە هۆی ئەوەی لادێ لە ناو لافاوێک لە پەیوەندییەکانی سەرمایەداری و دابی ناسەرمایەداری و بەرهەمی کاڵایی گۆڕاو بۆ بەرهەمهێنانی سەرمایەداری نوقم ببێت، واتە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری (لە چوارچێوەیەکی سنووردار و دیاریکراودا). هەر وەک لینین دەڵێت، ((مارکسیزم فێرمان دەکات کۆمەڵگەکەمان، کە لەسەر بنەمای بەرهەمهێنانی کاڵایی دامەزراوە و لەگەڵ میللەتە سەرمایەدارییە شارستانییەکاندا ئاڵوگۆڕ دەکات، دەبێت لە قۆناغێکی دیاریکراوی گەشەکردنەکەیدا بە ڕێگەی سەرمایەداریدا بڕوات.)) (لینین، دوو پلان بۆ سۆسیالیزمی دیموکراتیک لە شۆڕشی دیموکراسیدا، چاپی عەرەبی، دارالتقدم، مۆسکۆ، ل ٤٤، ١٩٧٠).

دووەم: بازرگانی، سەرمایەداری تا ئێستاش ڕۆڵی تایبەتی خۆی دەبینێت لە مەیدانی بازرگانیی ناوخۆییدا، کە لە دەستی کەسانی خاوەن سەرمایەی تایبەتدایە، بە هەمان شێوەش سەبارەت بە بەڵێندەرایەتی و بیناسازی و تەعەهودات کە کۆمپانیا سەرمایەداری و تایبەتەکان پێی هەڵدەسن. ئەمە سەرەڕای پەیوەندیی بازرگانی لەگەڵ بازاڕی سۆسیالیستیدا، پەیوەندییە بازرگانییەکان لەگەڵ سەرمایەداریی نێودەوڵەتیدا بەردەوام دەبن.

سێیەم: پیشەسازی، کەرتی تایبەت کە پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان باڵیان بەسەردا کێشاوە و کۆمپانیا و کارگەکان تێیدا چالاکن کە هیی کەسانی خاوەن سەرمایەی تایبەت و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانن؛ ئەم کارگە تایبەتانەش داب و نەریتی سەرمایەداری بەرهەم دەهێنن و پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان دەهێڵنەوە.

چوارەم: بوارە پیشەییەکان، وردەبۆرژوازی بەردەوام دەبێت لە چالاکییەکانی و هەندێک توخمیشی دەگۆڕێن بۆ سەرمایەداریی ناونجی

و پاشان گەورە. بۆرژوازی نوێنەرانی خۆی لە ناو فەرمانبەرانی گەورە، پارێزەرانی گەورە، ئەندازیارانی دەوڵەمەند، خوێندەوارانی دەوڵەمەند لە مامۆستایانی زانکۆ و هونەرمەندە دەوڵەمەندەکان و گەورە ئەفسەران و خاوەن ئیمتیازەکان لە پیاوانی دەوڵەت و حیزبی حکومڕاندا دەهێڵێتەوە. ئەم توخمە دەوڵەمەندانە دەست بە ئایدیۆلۆژییە بۆرژوازییەکەیانەوە دەگرن و داب و نەریتی بۆرژوازی پەیڕەو دەکەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی خوڵقاندنی کەشێکی هزری و ئەخلاقیی بۆرژوازییانە و بووژاندنەوەی بۆرژوازی لە مەیدانی هزری و مەیدانی دابەکاندا و هێزە تۆقێنەرەکەی لەبری ئەوەی بپووکێتەوە، گەورەتر دەبێت.

پێنجەم: بەردەوامیی حوکمکردنی یاساکانی سەرمایەداری، لە سەروو هەمووشیانەوە یاسای بەها و یاسای قازانج و هاندەرە مادییەکان و هیی تریش. ئەمەیە ئەو گەشە ناسەرمایەدارییەی کە لە جەوهەردا گەشەکردنێکی سەرمایەدارییانەیە و دەبێت بە هۆی دروستبوونی سەرمایەداریی دەوڵەت لە ئەنجامی خۆماڵیکردنی پرۆژە پیشەسازی و بانکی و دامەزراوە داراییەکان، هەروەتر، بووژانەوەی بۆرژوازیی ناونجی لە لادێ و لە مەیدانی بازرگانیی ناوخۆیی و مەیدانی هەندێک پیشەی تر و زیادبوونی وردەبۆرژوازی و زۆربوونە بەردەوامەکەی و لەتبوونە هەمیشەییەکەی بۆ بۆرژوازییەکی ناونجی و بۆرژوازییەکی بچووک، هەروەها بۆ توخمی بێدەرەتان و کەساس.

گوتەزا ڕیڤیژنیستییەکە چەندین مەترسیی لەسەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی و چینی کرێکار و ڕەنجدەرانی تر هەیە، لە ڕیزی ئەو مەترسییانەش، دەبێت بە هۆی ئیفلیجکردنی خەباتی شۆڕشگێڕیی ڕاستەقینە و ڕێگەی تێکۆشان بەرەو دیموکراسیی میللی، هەروەها ڕێگرتن یاخود بەربەستکردنی دەرکەوتنی پێشڕەوی شۆڕشگێڕیی ڕاستەقینە، فریودانی جەماوەری میللی و دوورخستنەوەی لە ڕێگەی

خەباتی جەماوەری بە سەرکردایەتیی چینی کرێکار. هەروەتر، مەترسیی تێکشێواندنی هەردوو قۆناغەکەی شۆڕش کە قۆناغی دیموکراسیی میللی و قۆناغی بونیادنانی سۆسیالیزمن؛ تێکەڵکردنی سەرپێییانەی خەباتی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز و پرۆسەی بونیادنانی سۆسیالیستی، کە تێکچوون و شێوانی خەباتی نیشتمانیی شۆڕشگێڕانە و خەباتی پڕۆلیتاریی سۆسیالیستیی لێ دەکەوێتەوە، هەروەها کەشێک دروست دەکات کە تێیدا دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەبن، ئەرکەکانی شۆڕشی سۆسیالیستی دەخاتە ئەستۆی بزووتنەوەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز، بەبێ ئەوەی گەشە بدات بە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیی میللی بەرەو شۆڕشی سۆسیالیستی. لێرەدا دەبێت خەباتی مارکسیستە ڕووسییەکان دژی وڕێنەکانی پۆپۆلیزم و ئانارشیزم بهێنینەوە یاد کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد ڕووسیا دەتوانێت خۆی لە گەشەکردنی سەرمایەداری لابدات. لینین چەندین جار ئەو ڕاستییەی دووبارە کردووەتەوە کە ڕێگەیەک نییە بۆ خۆلادان لە حکومڕانیی سەرمایەداری ((جگە لە ڕێگەی خەباتی چینایەتی لە هەمان مەیدان و سنووری سەرمایەداریدا.))

بێگومان ئەم ڕاستییانە بە واتای حەتمییەتی زاڵبوونی سیستەمی سەرمایەداری و زاڵبوونی چینی سەرمایەداری لە کۆمەڵگەدا نییە. خودی لینین لە کتێبە ناودارەکەیدا (دوو پلان بۆ سۆسیالیزمی دیموکراتیک لە شۆڕشی دیموکراسیدا) ئەوەی سەلماندووە کە پێویستە پڕۆلیتاریا سەرکردایەتیی شۆڕشی دیموکراسی بکات بە هۆی دەستەوەستانیی بۆرژوازی لەو شۆڕشەدا، هەروەها دروشمی دیکتاتۆرییەتی دیموکراسیی شۆڕشگێڕی کرێکاران و جووتیارانی لەبری دەسەڵات و دیکتاتۆرییەتی بۆرژوازی داڕشت. مەبەستیش لە مەحاڵێتیی خۆلادان، ((بەرنامەی گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوورییەکانە، کە مۆرکی دیموکراسیی بۆرژوازییان پێوەیە، وەک: چاکسازیی

کشتوکاڵی، تەسفییەکردنی ئۆتۆکراسی و پاشماوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و بەدیهێنانی ئازادیی سیاسی.)) بەڵام زاڵبوونی بۆرژوازی وەک چینێکی حکومڕان، یان حکومڕانییەکەی، دەکرێت و بگرە پێویستە لاببرێت و دیموکراسیی میللی بخرێتە شوێنی.

لێرەدا دەکرێت بڵێین سەرمایەداریی دەوڵەت، لە هەلومەرجی وڵاتانی ڕزگاربووی هەنووکەدا، ڕۆڵێکی پێشکەوتنخوازانە دەگێڕێت و دەکرێت ببێت بە بناغەیەک لە بناغەکانی بونیادنانی سۆسیالیستی کاتێک کە چینی کرێکار دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێت؛ بەڵام سەرمایەداریی دەوڵەت وردەوردە دەبێتە بناغەی ئابووری (ژێرخان)ی سیاسەتی دەوڵەت و دەسەڵاتی دەوڵەتی وردەبۆرژوازی (سەرخان)، کە ئەمە دەبێتە هۆی هێنانەکایەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی کە بونیاد و بنچینەکەی بۆرژوازییە، دەبێتە هۆی گۆڕینی حکومڕانیی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز بۆ حکومڕانییەکی سەرمایەداریی مۆنۆپۆلی (سەرمایەداریی دەوڵەت)، دواتریش دەبێتە هۆی حکومڕانیی تۆقاندن و توندوتیژی دژی جەماوەری ڕەنجدەر (کرێکاران و جووتیارانی هەژار و تێکڕای ڕەنجدەران). پاشان بە هۆی کەڵەکەبوونی ناکۆکییەکانی لەگەڵ جەماوەردا، خەسڵەتە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازییەکەی لە دەست دەدات، بە تایبەتی کاتێک ململانێی نێوانیان توند دەبێت و ناکۆکییەکانی حکومڕانی لەگەڵ ئیمپریالیزمی نێودەوڵەتیدا خاو دەبێتەوە، یاخود کاتێک ئەم ئیمپریالیزمە شێوازەکانی دەگۆڕێت و بە چەندین شێوازی شەیتانانەی نوێ و بە شێوازەکانی کۆلۆنیالیزمی نوێ و بازرگانیکردن و مامەڵەی ئابووری، پێچ لەو دەسەڵاتە دەدات.

کەواتە، داهاتووی سەرمایەداریی دەوڵەت دیکتاتۆرییەتی توندوتیژی و تۆقاندنە دژی جەماوەری میللیی ڕەنجدەر، لە ڕووی ناوخۆییەوە حکومڕانییەکی دیکتاتۆریی نیچمەفاشییە، لە ڕووی دەرەکییشەوە

لەدەستدانی سەربەخۆیی نیشتمانی و پەیوەستبوونە بە دەوڵەتە ئیمپریالییە گەورەکانەوە.

هەر بۆیە دەبێت خەباتەکە لەپێناو دیموکراسیی میللیدا بێت، بەو پێیەی حکومڕانییەکی پێشکەوتنخوازانەیە و جێگرەوەی حکومڕانیی بۆرژوازیی نیشتمانی و حکومڕانیی وردەبۆرژوازیی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازە. هەر بۆیە سۆسیالیزمی زانستی ڕووبەڕووبوونەوە لە دژی پڕوپاگەندەکانی خاوەنانی گوتەزای گەشەی ناسەرمایەداری دەسەپێنێت سەبارەت بە ئیمکانییەتی بونیادنانی سۆسیالیزم بەبێ سەرکردایەتیی چینی کرێکار، کە سۆسیالیزمی زانستی [ئەم چینە] بە بونیادنەری سیستەمی سۆسیالیستی و سەرکردەی شۆڕشی سۆسیالیستی دادەنێت، کە بەبێ دیکتاتۆرییەتی پڕۆلیتاریا، مەحاڵە سەرکەوتنی زامن بکرێت. لێرەدا گرنگیی ڕێنماییەکەی لینین دەردەکەوێت سەبارەت بە پێویستیی:

((خەباتی بێسڵەمینەوە و دووربینانە دژی ڕەنگکردنی ئاقارە ڕزگاریخوازە دیموکراتیکە بۆرژوازییەکان لە وڵاتانی دواکەوتوو بە بۆیەی کۆمۆنیزم.))
لێرەدا – هەرچەندە بە کورتییش بێت– دەمەوێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە باسکردنی ئەم ڕاستییانە بە واتای بانگەوازکردن نییە بۆ بەرپاکردنی جەنگی دەستبەجێ دژی سیستەمە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکان –وەک ئەوەی تووشبوانی پەتای هەڵپەی چەپڕەوانە دەیکەن– بەڵکو مەبەستەکە ڕوونکردنەوەی ئەم ڕاستییانەی خوارەوەیە:

یەکەم: پێویستیی ئاشکراکردنی ڕاستیی ئەم سیستەم و چینانە و ئەو چینەش کە نوێنەرایەتیی دەکات و گوزارشت لە ئاواتەکانیان دەکات؛ زانینی بێتوانایی و کەموکوڕییەکانی لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی نیشتمانی و دیموکراسی، ئەو ئەرکانەی کە تەنها بە دیموکراسیی میللی ڕادەپەڕێنرێن.

دووەم: پەیبردن بەو مەترسی و خراپەکارییانەی کە ئەم سیستەمانە تووشی بزووتنەوەی جەماوەریی میلیی شۆڕشگێڕی خەباتگێڕی دەکەن، ئەوەش لەپێناو ڕاپەڕاندنی هەموو ئەرکەکانی قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراسی؛ بە تایبەتی لەبەر ئەوەی ئەم سیستەمانە خۆیان وەک جێگرەوەی دیموکراسیی میللی یان سۆسیالیزم دەخەنە ڕوو.

سێیەم: پێویستیی گرتنەبەری هەڵوێستێکی مەبدەئیی دروست بەرامبەر ئەم سیستەمە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازانە، کە بنەماکەی لە لایەکەوە پشتیوانی و پاڵپشتیکردنی تێکۆشانەکەی بێت دژی ئیمپریالیزم، زایۆنیزم، فیوداڵیزم و بۆرژوازیی کۆمپرادۆری، لە لایەکی دیکەوە ڕەخنەگرتن بێت لە کەموکوڕییەکانی و ئاشکراکردنی خەوشەکانی و خەبات دژی ئەم کەموکوڕی و خەوشانە. ئەمەش واتە مومارەسەکردن و پیادەکردنی پرەنسیپی یەکێتی و ململانێ پێکەوە، بە ڕەچاوکردنی ناکۆکیی سەرەکی لەگەڵ ئیمپریالیزم، فیوداڵیزم و بۆرژوازیی کۆمپرادۆری، هەروەها زانینی ناکۆکییەکانی تریش؛ بەڵام کاتێکیش کە لە خەباتدا دژی ئیمپریالیزم، زایۆنیزم، فیوداڵیزم و بۆرژوازیی کۆمپرادۆری بانگەشە بۆ یەکگرتن لەگەڵ وردەبۆرژوازی دەکەین، دەبێت ڕاستییەکی گرنگ ڕەچاو بکەین: وردەبۆرژوازی، کە لە خەباتدا دژی ئەو دوژمنانە هاوپەیمانی بابەتیی چینی کرێکارە، کاتێک دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێت، دەگۆڕێت و دواتریش، وردەبۆرژوازیی حکومڕان جیاوازە لە ناحکومڕان. وردەبۆرژوازی، پێش ئەوەی دەسەڵات بە دەستەوە بگرێت، لایەنێکی شۆڕشگێڕە و ئەرکەکانی تێکۆشانی هاوبەش ئاسان دەکات، بەڵام کاتێک دێتە سەر حوکم و دیکتاتۆرییەتی خۆی دەسەپێنێت، کاتێکیش بەر بە ئازادییە دیموکراسییەکان دەگرێت، دەست دەکات بە تەگەرەدانان لە بەردەم تێکۆشانی یەکخراو و بەرەی یەکگرتوودا، دەست دەکات بە تەگەرەدانان لە بەردەم ڕاپەڕینی جەماوەری ڕەنجدەردا، پاشانیش لە

چەقی هاوپەیمانێکی بابەتیی شۆڕشگێڕەوە دەگوێزێتەوە بۆ هەڵوێستی دووڕوویی: هاوپەیمان لە تێکۆشانی گشتیدا، بەرهەڵست (دژ) لە بواری نیشتمانیدا، بواری تێکۆشانی چینایەتیی ناوخۆیی؛ لەبەر ئەوەش کە خۆی دەخاتە (سەرووی حکومڕانییەکەیەوە) لە ڕووبەڕووبوونەوەی جەماوەری ڕەنجدەر و ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕییەکانی، ئەوا ناکۆکییەک لەگەڵ جەماوەری ڕەنجدەردا دەخوڵقێنێت کە وردەوردە دەگۆڕێت بۆ ناکۆکیی دوژمنکارانە، ئەوەش لە ڕەوتی شۆڕشدا بەرەو ئامانجەکانی لە دیموکراسیی میللیدا. ئەمە جیاوازییە بنچینەییەکەیە لە نێوان وردەبۆرژوازیی حکومڕان و وردەبۆرژوازیی حکومکراودا.

چوارەم: پێویستیی هێنانەکایەی پێشڕەوێکی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە بۆ کرێکاران و جووتیارانی هەژار و سەرجەم ڕەنجدەران و ئەو ڕۆشنبیرانەی کە چارەنووسی خۆیانی پێوە دەبەستنەوە. پێشڕەوێکی تەیارکراو بە تیۆری پێشڕەوێتی، بە تیۆری سۆسیالیزمی زانستی، کە لە هەموو بارودۆخێکدا سەربەخۆییە هزری و ڕێکخراوەیی و سیاسییەکەی دەپارێزێت، بە مکوڕی و پێداگیرییەوە بانگەوازی ڕیڤیژنیزمی هاوچەرخ بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخستنەکانی و تێکەڵبوونی بە ڕێکخستنێکی میللیی فراوان ڕەت دەکاتەوە. بەڵکو خەبات دەکات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی خەباتی شۆڕشگێڕانەوە لەپێناو دیموکراسیی میللیدا، سەرکردایەتیی جەماوەری میللی بکات، ئەوەش لە ڕێگەی هێنانەکایەی هاوپەیمانێتیی کرێکاران و جووتیاران وەک بناغەیەکی پتەوی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز، کە وردەبۆرژوازی و باڵە پێشکەوتنخوازەکەی بۆرژوازیی نیشتمانییش لە خۆ دەگرێت.

بوونی حیزبێکی پێشڕەوی شۆڕشگێڕی تەیارکراو بە تیۆری سۆسیالیزمی زانستی و دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو بە سەرکردایەتیی چینی کرێکار و پشتبەستن بە تێکۆشانی میللیی چەکدارانە

وەک ڕێگەی خەبات و ڕزگاربوون، سێ مەرجی سەرەکین بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی، کە بەبێ ئەمانە، ڕاپەراندنی ئەرکەکانی و بەدیهێنانی ئامانجەکانی مەحاڵە.

ئەمەش واتە پێویستیی ڕەتکردنەوەی بانگەوازەکانی وردەبۆرژوازی بۆ یەک حیزب یان یەکێتیی سۆسیالیستی وەک جێگرەوەی حیزبی پێشڕەو. لە بەرامبەر پێداگیریی سەرکردایەتیی وردەبۆرژوازیی پێشکەوتنخواز لەسەر یەک ڕێکخستن، پێویستە دروشمی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز بەرز بکرێتەوە، لەگەڵ پیشاندانی نەرمیی پێویست بۆ دامەزراندنی بەرە لە شێوەی جۆراوجۆردا. بۆ نموونە، [حیزبی] پێشڕەوی شۆڕشگێڕی چینی کرێکار قبوڵی دەکات لە کاتی خەباتی چەکداریدا بچێتە ناو بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانییەوە، ئەمە لەگەڵ پاراستنی ڕێکخستنەکەی و سەربەخۆییە ئایدیۆلۆژییەکەی لە ناویدا؛ یاخود کاتێک حیزبی پێشڕەو گەنج و منداڵە، بیرۆکەی چوونەنێو یەکێتیی سۆسیالیستی پێشنیاز دەکات وەک ئەندامێک کە سەربەخۆییە ئایدیۆلۆژی و ڕێکخراوەییەکەی دەپارێزێت، بە مەرجی بەشداریکردن لە سەرکردایەتیی یەکێتیی سۆسیالیستی و نەخشەڕێژی و سیاسەتەکانی. بەڵام پاشکۆیەتیی هزری و ڕێکخراوەیی و سیاسی بۆ وردەبۆرژوازیی پێشکەوتنخواز، بە خیانەتی مەبدەئی و هەڵگەڕانەوە لە سۆسیالیزمی زانستی و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی ڕیڤیژنیزم دادەنرێت.

چونکە هەڵوەشاندنەوەی حیزبی پێشڕەو بۆ ئەوەی تێکەڵی ڕێکخستنێکی میلل‌یی فراوان و بەرین ببێت، وەک ئەوە وایە چینی کرێکار لە چەکە ئایدیۆلۆژی و ڕێکخراوەییەکەی دابماڵرێت و لەژێر ڕەحمەتی بۆرژوازیدا جێ بهێڵرێت، پاشان ئەوە ڕیڤیژنیزمە بە توێکڵ و کاکڵەیەوە. هەروەها سازشێکی هەلپەرستانەیە لەسەر پرەنسیپەکان، بگرە پێنەزانی و سپڵەییە بەرامبەر گرنگترین ئایدیاکانی سۆسیالیزمی زانستی و گرنگترین تیۆرە شۆڕشگێڕییەکان، وەک چۆن جاڕدانی خۆڕادەستکردنە بە وردەبۆرژوازی،

ئەوەش خیانەتێکی ڕاشکاو و ئاشکرایە لە چینی کرێکار.

سەبارەت بە بزووتنەوەی نیشتمانیی دیموکراسی، بێبەشکردنی لە حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ، بە واتای ئەوەیە زۆر لاواز بکرێت، واتە بێبەشکردنی لە پتەوترین هێزی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکخراو، ئەوەش لە مەودای دووردا دەبێت بە هۆی لەباربردنی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی و شکستپێهێنانی خەبات لەپێناو دیموکراسیی میللیدا، وەک چۆن واتە سەرلێشێواندنی خەباتی نیشتمانی و پاڵنانی بەرەو ونگە و لەبەینچوون و ونبوون، بە دوورخستنەوەی لە ڕێگەی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو، کە هاوپەیمانیی کرێکاران و جووتیاران بناغە توکمەکەیین و دەکرێت بە هۆیانەوە سەرکەوتن لە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیدا زامن بکرێت ئەمە ئەگەر بەرەیەکی فراوان بێت و کرێکاران و جووتیاران و وردەبۆرژوازی و توێژە پیشکەوتنخوازەکانی بۆرژوازیی نیشتمانی لە خۆی بگرێت، بە مەرجی ئەوەی چینی کرێکار و [حیزبە] پێشڕەوە شۆڕشگێڕییەکەی سەرکردایەتیی بکەن.

## هەڵپەی چەپڕەوانەی وردەبۆرژوازی لەبانگەشەی دەستبەجێ بۆ سۆسیالیزم لە وڵاتانی دواکەوتوودا

دەمێنێتەوە بابەتی هەڵپەی چەپڕەوانەی وردەبـۆرژوازی، کە لە شێوەی (ترۆتسکیزمی نوێ)، یان (دوبرەییزم [مەبەست لە ڕێژێ دوبرێی بیرمەندی فەرەنسییە. وەرگێڕ]) یاخود (چەپی نوێ)دا دەردەکەوێت و بانگەشە بۆ تێپەڕاندنی دیموکراسیی میللی و دەستبەجێ بەرپاکردنی شۆڕشی سۆسیالیستی لە وڵاتانی دواکەوتوو دەکات کە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی دەبڕێت.

کەسانی ساویلکەی ناو ئەم دەستە و کۆمەڵانە کە تووشی پەتای هەڵپەی چەپڕەوانە بوون، لەوە تێ ناگەن کە شۆڕش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و پێداویستی، گەشەکردن، یاسا و قۆناغی خۆی هەیە؛ تێ ناگەن کە شۆڕش ڕووداوێکی کۆمەڵایەتیی بابەتییە و لە پێویستییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت بۆ لابردنی بەربەستەکانی بەردەم گەشەی کۆمەڵایەتیی حەتمی و دەستوبردکردن لە بەدیهێنانی ئەم گەشەکردنە، کە هەر دەبێت بە ڕەوگە مێژوویی سروشتییەکەی خۆیدا بڕوات. هەروەها لە شۆڕشی سۆسیالیستی و سروشت و پێداویستییەکانی تێ ناگەن و پێیان وایە شۆڕش دەبێت بە (داواکاریی کەلەڕەقانە) بەرپا بکرێت و سروشتەکەشی بەپێی (ئارەزووی چاکەکارانە) و (خۆزگەی جوامێرانە) و خواستە تایبەتەکانی توێژە شۆڕشگێڕەکان یان کۆمەڵە خەباتگێڕەکان یاخود ئاپۆرای شۆڕشگێڕان دیاری بکرێت. ئەوان ئەوە لە بیر دەکەن کە کۆمەڵگەی مرۆیی بەپێی یاسا بابەتییەکان گەشە دەکات کە ویستی تاکەکان کاری بەسەر خولقاندنیەوە نییە، بەڵکو مرۆڤ تەنها دەتوانێت لەم یاسایانە تێ بگات و

لە بەرژەوەندیی خێراکردنی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا بەکاریان بهێنێت. بەڵام خەباتی پێشکەوتنخوازانەی مرۆڤ، بە شۆڕشی چەکدارییشەوە، لە چوارچێوەی ئەم یاسایانەدایە و بۆ پیادەکردن و جێبەجێکردنی حوکمەکانی و هەروەتر، لابردنی ئەو کۆسپ و تەگەرانەیە کە چینە چەوسێنەر و کۆنەپەرستییەکان دەیخەنە سەر ڕێی. ئەم کەسانە لەو ڕاستییە تێ ناگەن کە سۆسیالیزم وەک سیستەمێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی، لەسەر کۆمەڵێک بنچینەی مادی دادەمەزرێنرێت و لە پلەیەکی دیاریکراوی گەشەی ئابووری، پیشەسازی، کۆمەڵایەتی و هزریدا بەدی دێت. جا بۆ ئەوەی سۆسیالیزم بونیاد بنرێت، دەبێ پێداویستی و بناغە مادی و هزرییەکانی بخوڵقێنرێن، ئەو ئامرازە دابهێنرێت کە توانای بونیادنانی هەیە، هەروەتر، هەلومەرجی گونجاو بۆ بونیادنانی سۆسیالیزم [برەخسێنرێت]. دیموکراسیی میللییش ڕێک ئەم شتانە دەکات.

بانگەشەکەرانی سۆسیالیزمی دەستبەجێ کەسانێکن کە ڕاستیی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی و سروشتە بۆرژوازییە دیموکراسییەکەی لە بیر دەکەن، بێئاگان لە زەرووڕەتی بەجێهێنانێکی ڕیشەیی و یەکلاکەرەوەی ئەرکەکانی ئەم شۆڕشە وەک مەرجی بنەڕەتیی گواستنەوە بۆ سۆسیالیزم. ئەوان ئەم ڕاستییە زانستی و بابەتییانەی خوارەوە لە بیر دەکەن و بازی بەسەردا دەدەن:

یەکەم: بزووتنەوەی نیشتمانی، کە شۆڕشی نیشتمانی نوێنەرایەتیی خەباتە هەڵکشاو و جۆشسەندووەکەی دەکات – بەو پێیەی شۆڕش باڵاترین شێوەی خەباتە – لە ناوەڕۆکیدا بزووتنەوەیەکی بۆرژوازییە، هەر وەک ئەوەی لینین وەسفی دەکات، ((چونکە جەماوەری گەورەی دانیشتوانی وڵاتانی دواکەوتوو لە جووتیاران پێک دێت کە پەیوەندییە سەرمایەدارییەکانی بۆرژوازی دەنوێنن.)) (بەرگی سێیەمی هەڵبژاردەکان، بەشی دووەم، لاپەڕە -٥٦). ئەمە ڕاستییەکی بابەتییە و پێویستە کاتێک بمانەوێت بەپێی یاساکانی گەشەکردن گەشە بە

کۆمەڵگە بەرەو سۆسیالیزم بدەین، ڕەچاو بکرێت. لە ڕێگەی بەجێهێنانی ئەم ئەرکە دیموکراسییە بۆرژوازییەوە، کە لە ڕزگارکردنی نیشتمان و بەدیهێنانی ئازادیی سیاسی و لەناوبردنی فیوداڵیزم و پاشماوەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا بەرجەستە دەبێت، دەکرێت بەرەو سۆسیالیزم پێش بکەوین.

دووەم: پرسی نیشتمانی لە جەوهەریدا مەسەلەی جووتیارانە، جووتیارانیش لە کیشوەری ئاسیا نوێنەرایەتیی ((ئەم بۆرژوازییە ئاسیاییە دەکەن کە هێشتا دەتوانێت چالاکیی پێشکەوتنخوازانەی مێژوویی بکات.)) ئەوانن کە سوپای بنەڕەتی بزووتنەوەی نیشتمانی پێک دەهێنن و بەبێ ئەوان ناتوانرێت بزووتنەوەیەکی نیشتمانیی بەهێز بەرپا بکرێت. داوای بنەڕەتیی جووتیاران بەدەستهێنانی زەوی و دابەشکردنی زەوییە، واتە جێبەجێکردنی چاکسازیی کشتوکاڵی بە شێوەیەکی ڕیشەیی. ئەمەش لە جەوهەری خۆیدا دەسکەوتێکی دیموکراسیی بۆرژوازییە، نەک سۆسیالیستی. هەر بۆیە ڕاکێشانی جووتیاران بە لای شۆڕشدا وەستاوەتە سەر ئەوەی شۆڕش ئەم ئامانجە دێرینەیان بۆ بەدەستهێنانی زەوی بگرێتە ئەستۆ، هەستی نیشتمانییان بورووژێنێت کە ئەمە وا پێویست دەکات شۆڕش لە سروشتە بۆرژوازییە دیموکراسییەکەی خۆی دەرنەچێت. هەروەها کۆمەڵگە بەرەو پێش گەشەی پێ نادرێت هەتا پەیوەندییە فیوداڵییەکان تێک نەشکێنرێن و جڵەوی پەرەسەندنی هێزە بەرهەمهێنە نوێیەکان لە لادێ ڕەها نەکرێت. بەم شێوەیە، شۆڕش بە مۆرکێکی دیموکراسیی بۆرژوازییانەوە دەمێنێتەوە، تەنانەت لە ڕەوتەکەشیدا بەرەو سۆسیالیزم، کاتێک پڕۆلیتاریا سەرکردایەتیی دەکات و ئەرکە دیموکراسییەکانی بەجێ دەهێنێت، بۆ ئەوەی دەستوبرد بکات لە گۆڕینی بۆ شۆڕشێکی سۆسیالیستی لە ڕێگەی دیموکراسیی میللییەوە.

سەبارەت بە پێویستیی بەدەنگەوەچوونی شۆڕشگێڕە پێشڕەوەکان بۆ داواکارییەکانی جووتیاران و ئیمکاننەبوونی فەرامۆشکردنی

ئـەو داواکـاریـیـانـە، یـان گۆڕینیان بـۆ داوای شۆڕشگێڕانەتر یان پێشکەوتنخوازانەتر لە کاتی نەگونجاودا، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ لینین و گوێڕادێری هەڵسەنگاندنە وردەکـەی بین بۆ ئەم مەسەلەیە هەتا بەرەبەیانی شۆڕشی سۆسیالیستی. لینین دەڵێت:

((بەلشەڤییەکان کاتێک یاسای گۆڕینی موڵکایەتیی زەوییان بۆ موڵکایەتیی کۆمەڵایەتی (دەستەجەمعی) جێبەجێ کرد – ڕۆحی ئەم یاسایەش دروشمی خاوەنێتیی یەکسانی زەوییە – بەوپەڕی ڕوونییەوە ڕایان گەیاند: ئەمە بیرۆکەی ئێمە نییە و هاوڕای ئەم جۆرە دروشمەش نین، بەڵام بە ئەرکی خۆمانی دەزانین جێبەجێی بکەین، چونکە داواکاریی زۆربـەی زۆری جووتیارانە. هەرچۆنێک بێت، [سەبارەت بە] بیر و بۆچوون و داواکارییەکانی زۆربـەی کارگەران، دەبێت هەر خۆیان دەستبەرداری بن و نابێت (هەڵبوەشێنرێتەوە)، یان (باز)ی بەسەردا بدرێت، چونکە ئێمەی بەلشەڤییەکان هاوکاریی جووتیاران دەکەین بۆ دەستبەرداربوون لە دروشمە وردەبۆرژوازییەکان بۆ گواستنەوە بەرەو دروشمی سۆسیالیستی، چەندە بشێت خێراتر و ئاسانتر.)) (بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی پڕۆلیتاری و کاوتسکیی هەڵگەڕاوە، ل ١٧٨).

سێیەم: هاوپەیمانیی کرێکاران و جووتیاران مەرجێکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی شۆڕش (بە تایبەتی لە وڵاتانی دواکەوتوودا)، مەرجێکی سەرەکیی هەردوو شۆڕشی دیموکراسی و سۆسیالیستییشە. ئەگەر بزانین ((لە هاوپەیمانیی نێوان کرێکاران و جووتیاراندا بە شێوەیەکی گشتی مۆرکی شۆڕشی بۆرژوازی دەردەکەوێت، چونکە جووتیاران بە شێوەیەکی گشتی لە وردەبەرهەمهێن پێک دێن کە لەسەر ئاستی بەرهەمهێنانی کاڵایی دەوەستن.)) هەر وەک لینین دەڵێت، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە پێویستە شۆڕش ئەرکە دیموکراسییە بۆرژوازییەکانی

بەجێ بهێنێت وەک مەرجێک بۆ گۆڕینی بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی، دواتریش بۆمان ڕوون دەبێتەوە مەحاڵە ئەرکە دیموکراسییەکانی تێ بپەڕێنین و دەستبەجێ شۆڕشی سۆسیالیستی بەرپا بکەین.

پێویستە بگەڕێینەوە بۆ لینین، بۆ زانینی ڕاستییەکان لەمەڕ شۆڕشی دیموکراسی، حەتمییەتەکەی و چۆنێتیی گۆڕینی بۆ شۆڕشێکی سۆسیالیستی. لینین دەڵێت:

((شـۆڕشـی دیـمـوکـراسـی شـۆڕشـێـکـی بـۆرژوازیـیـە. دروشـمـی دابەشکردنی ڕەش یاخود زەوی و ئازادی –کە بەربڵاوترین دروشمە لە ناو جەماوەری جووتیارانی نەزان و کۆیلەدا، بەڵام بە گوڕوتینەوە هەوڵ بۆ ڕووناکی و بەختەوەری دەدەن– دروشمێکی بۆرژوازییانەیە. بەڵام ئێمەی مارکسیست پێویستە بزانین تەنها یەک ڕێگە لە بەردەم پرۆلیتاریا و جووتیاراندا هەیە بۆ [بەدەستهێنانی] ئازادیی ڕاستەقینە، ئەویش ڕێگەی ئازادیی بۆرژوازی و پێشکەوتنی بۆرژوازییە. نابێت بیرمان بچێت لەم ڕۆژگارەدا تەنها یەک ئامراز هەیە بۆ نزیککردنەوەی سۆسیالیزم، ئەویش ئازادیی سیاسیی تەواو، کۆماری دیموکراسی، دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا و جووتیارانی دیموکراسیی شۆڕشگێڕییە. ئێمە وەک نوێنەرانی چینی پێشڕەو، تاقە چینی شۆڕشگێڕ، شۆڕشگێڕ بەبێ سڵەمینەوە، بەبێ ڕاڕایی، بەبێ ئاوڕدانەوە، ئەرکمانە بەوپەڕی فراوانی و بوێری و دەستپێشخەرییەوە ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراسی بخەینە بەردەم هەموو گەل. بە سووک تەماشاکردنی ئەم ئەرکانە، لە چوارچێوەی تیۆریدا، واتە گۆڕینی مارکسیزم بۆ کاریکاتۆر و شێواندنی بەو شێوەیەی هیچووپووچە ئاسۆ بەرتەسکەکان دەیکەن، لە کایەی سیاسەتی پراکتیکییشدا واتە ڕادەستکردنی پرسی شۆڕش بە بۆرژوازی، کە واز لە ئەرکەکانی شۆڕش هەتا کۆتایی دەهێنێت.)) (بەرگی یەکەمی هەڵبژاردەکان، بەشی دووەم، ل ١١٩).

لێرەدا دەبێت بوەستین و پێداگیری لەسەر ئەم دوو خاڵە بکەین:

یەکەم: دەکرێت و پێویستە حکومڕانیی بـۆرژوازی لە شۆڕشی دیموکراسیدا تێ بپەڕێنرێت. دەبێت پرۆلیتاریا سەرکردایەتیی شۆڕش بکات و ئەو حکومڕانییەی لێیەوە سەرچاوە دەگرێت، دیکتاتۆرییەتی دیموکراسیی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و جووتیاران بێت، ئەو دیکتاتۆرییەتەی کە لە سەردەمەکەماندا دیکتاتۆرییەتی گەلی دیموکراسیی شۆڕشگێڕییە بە سەرکردایەتیی چینی کرێکاران و دەسەڵاتی دیموکراسیی میللییە. شۆڕشی چین، کە لە ماوەی شۆڕشی کشتوکاڵیدا دروشمی دیکتاتۆرییەتی دیموکراسیی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و جووتیارانی بەرز کردەوە، بەڵگەی لەسەر ڕاستییەکی گرنگ هێنایەوە، ئەویش ئەوەیە کە گەلانی چەوساوە لە وڵاتانی دواکەوتوودا پێویستیان بە دیموکراسیی میللی هەیە، هەر وەک ئەوەی لە ناوکۆی قسەکانماندا ڕوونمان کردەوە کاتێک باسمان لە گۆڕینی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی کرد بۆ شۆڕشی میللی.

دووەم: ناکرێت و نابێت باز بەسەر ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراسیدا بدەین، بەڵکو پێویستە بەوپەڕی فراوانی و بوێری و دەستپێشخەرییەوە هەموو ئەم ئەرکانە بخرێنە بەردەم گەل، چونکە بە سووک تەماشاکردنی ئەم ئەرکانە واتە گۆڕینی مارکسیزم بۆ کاریکاتۆر و ڕادەستکردنی پرسی شۆڕش بە بۆرژوازی. ئەمەش واتە پێویستیی سوودوەرگرتن لە ئەزموونی بەلشەڤییەکان لەم بوارەدا و لەبەرکردنی ئامۆژگارییەکەی لینین لە ناخی دڵەوە، بە تایبەتی ئەم وتە نایابەی:

((ئەوە بەلشەڤییەکان بوون کە زۆر بە وردی جیاوازییان لە نێوان شۆڕشی بۆرژوازیی دیموکراسی و شۆڕشی سۆسیالیستیدا کرد. بە بردنی شۆڕشی یەکەمیان هەتا کۆتایی، دەرگایان بۆ شۆڕشی دووەم کردەوە. ئەمە تاقە سیاسەتی شۆڕشگێڕییە، تاقە سیاسەتی مارکسیستی.)) (بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی سۆسیالیستی و کاوتسکیی هەڵگەڕاوە، ل ١٨١).

کەواتە پێویستە بە وردی جیاکاری بکرێت لە نێوان هەردوو شۆڕشی دیموکراسی و سۆسیالیستیدا، هەرگیز خۆیان و ئەرکەکانیان تێکەڵ نەکرێن. هەر لە زووەوە فریدریک ئینگڵس لە نامەیەکدا بۆ توراتی هۆشداریی داوە لەمەڕ ئەوەی ((هەرگیز شۆڕشی دیموکراسی و شۆڕشی سۆسیالیستی تێکەڵ نەکرێن.)) وەک چۆن مارکس لە باسکردنی سێ هێزە سەرەکییەکە لە شۆڕشەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا ئاماژەی بۆ ئەو ڕاستییە کردووە کە ((گەورەبۆرژوازیی لیبراڵی تەنها لەپێناو پاشایەتیی دەستووریدا خەبات دەکات.)) ((وردەبۆرژوازیی ڕادیکاڵیش لەپێناو کۆماری دیموکراسیدا خەبات دەکات)) و ((پرۆلیتاریاش لەپێناو شۆڕشی سۆسیالیستیدا خەبات دەکات.)) هەر بۆیە مارکس هۆشداریی داوە لەمەڕ ئەوەی کە ((مایەپووچیی سیاسی هەڕەشە لەو سۆسیالیستە دەکات کە خەباتی وردەبۆرژوازی لەپێناو شۆڕشی دیموکراسیی تەواودا تێکەڵ دەکات بە خەباتی پرۆلیتاری لەپێناو شۆڕشی سۆسیالیستیدا.)) لینین لەم بارەیەوە دەڵێت ((ئەم هۆشدارییەی مارکس بە تەواوی دروستە.)) پاشان لینین، لە سەردەمی شۆڕشی دیموکراسیدا، کە جەخت و پیداگیری دەکات پرۆلیتاریا سەرکردایەتیی بکات، گونجانێک لەگەڵ پێدراوەکانی ئامۆژگارییەکانی مارکسدا بەدی دەهێنێت و دروشمێک دادەڕێژێت: ((دیکتاتۆرییەتی دیموکراسیی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا و جووتیاران)) و تێیدا دەڵێت ((ئەم دروشمە بە تەواوەتی دڵنیاییمان دەداتێ کە نەکەوینە ناو هەڵەیەکی لەم جۆرەوە. دروشمەکەمان وەک شتێکی دڵنیا، ددان بە مۆرکی بۆرژوازیدا دەنێت کە شۆڕشی پێ دەناسرێتەوە و ناتوانێت ڕاستەوخۆ لە جوغزی شۆڕشی دیموکراسیی پەتی دەربچێت. ئامانجی ئەم شۆڕشە دیاریکراوە بەرەوپێشەوەچوونە، مەبەستی کۆششەکەی ئەم شۆڕشە ئەوەیە باشترین شێوەی گونجاو بدات بە پرۆلیتاریا. هەروەتر، مەبەستی ئەوەیە شۆڕشی دیموکراسی

تا ئەوپەڕی ڕادە بەکار بهێنێت بۆ زامنکردنی سەرکەوتن بە باشترین شێوە بۆ خەباتی پڕۆلیتاریای هەڵکشاو لەپێناوی سۆسیالیزمدا.)) (لینین، نووسراوە هەڵبژاردەکان، بەرگی یەکەم – بەشی دووەم، لاپەڕە ٩٠–٩١).

ئەگەر گەشەکردن بە ئاراستەی سۆسیالیزم –و بە تێپەڕاندنی سەرمایەداری– لە هەندێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات لە یەکێتیی سۆڤێت و لە دووتوێی دەوڵەتی سۆڤێتی و بە یارمەتیی گەلی مەزنی ڕووسی پاش شۆڕشی سۆسیالیستیی مەزنی ئۆکتۆبەر مومکین بووبێت، ئەوا دامەزراندنی سۆسیالیزم لە وڵاتانی دواکەوتووی تازەسەربەخۆبوودا شتێکی مەحاڵە، تەنانەت ئەگەر بەرەیەکی نیشتمانیی یەکگرتووش، بە سەرکردایەتیی چینی کرێکار، سەرکردایەتیی شۆڕشی نیشتمانیی سەرکەوتوو بکات، هێشتا ئەو کاتەش دەبێت بە قۆناغی دیموکراسیی میللیدا بڕوات بۆ هێنانەدیی بنچینە مادی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوورییەکانی سۆسیالیزم.

سۆسیالیزم بە هیواخوازیی باش و مەبەست و نیازی جوامێرانە بونیاد نانرێت، بەڵکو دەبێت لە ڕێگەی دیموکراسیی میللییەوە پێداویستییەکانی فەراهەم بکرێن، دەبێت گۆڕانکاریی سیاسیی دیموکراسی بکرێت، وەک: لەناوبردنی ئۆتۆکراسی و حکومڕانیی فیوداڵیزم و بەکرێگیراوی، بەدیهێنانی ڕزگاریی نیشتمانی و ئازادیی سیاسی، چاکسازیی کشتوکاڵی و خاوێنکردنەوەی کۆمەڵگە لە پاشماوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست. هەموو ئەم گۆڕانکارییانە لە جەوهەردا دەسکەوتی دیموکراسیی بۆرژوازین کە دیموکراسیی میللی بە شێوەیەکی باشتر، ڕیشەییتر، یەکلاکەرەوەتر و خێراتر جێبەجێیان دەکات. لینین هەر زوو ئەو ڕاستییەی ڕوون کردەوە کە ((خەبات لەپێناو زەوی و ئازادیدا خەباتێکی دیموکراسییە، بەڵام خەبات لەپێناو ڕووخاندنی دەسەڵاتی سەرمایەدا خەباتێکی سۆسیالیستییە.)) بەبێ بانگەشەکردن بۆ جێبەجێکردنی ئەم چاکسازییە دیموکراسییانە،

ناتوانرێت جووتیاران و جەماوەری بەرفراوانی وردەبـۆرژوازی لە شارەکان کەسب بکرێن. ئەمانە زۆربـەی زۆری [دانیشتوانی] وڵاتە دواکەوتووەکان پێک دەهێنن کە کرێکاران تێیدا بە زۆری لە ڕووی ژمارە و جۆرییەوە لاوازن و لە ڕووی سیاسییەوە دواکەوتوون. کەواتە چۆن دەتوانرێت بەبێ کەسبکردنی جووتیاران لە ڕێگەی بەدیهێنانی داواکانیان و خەونە دێرینەکانیان بۆ بەدەستهێنانی زەوی، سوپای بنەڕەتیی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی پێک بهێنرێت و شێوازی جەنگی میللی پیادە بکرێت کە لە لادێوە دەستی پێ کردبێت؟ یان بنکەی شۆڕشگێڕی لە لادێ ڕزگارکراوەکاندا دابمەزرێنرێت وەک دەسپێکێک بۆ ڕزگارکردنی شارە گەمارۆدراوەکان؟ یاخود چۆن دەکرێت بەبێ کەسبکردنی وردەبـۆرژوازی لە شارەکاندا، بـەرەی نیشتمانی بەدی بهێنرێت؟ هەموو ئەوانە لە پێداویستییەکانی بەرپاکردنی شۆڕش و سەرکەوتنیەتی. چۆن دەکرێت بەبێ ئـازادیی سیاسی، چاکسازیی کشتوکاڵی، بەپیشەسازیکردنی وڵات، ڕزگارکردنی ژنان لە کۆتوبەندی کۆنەپەرستی و هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی خەڵک، سۆسیالیزم بونیاد بنرێت؟

ئەگەر هەندێک کەس وای تێ گەیشتبن کە بەجێهێنانی ئەم ئەرکە دیموکراسییانە بە واتای دواخستنی سۆسیالیزمە، ئەوا ئێمە، ((وەک وەڵامێک بۆ ئەو بیانووە ئانارشیستییەی کە بانگەشەی ئەوە دەکەن ئێمە شۆڕشی سۆسیالیستی دوا دەخەین))، بەم وتە نایابەی لینین وەڵامیان دەدەینەوە:

((ئێمە دوای ناخەین، بەڵکو بە تاقە ئامرازی مومکین و بە تاقە ڕێگەی ڕاست، کە ڕێگەی کۆماری دیموکراسییە، یەکەمین هەنگاو بەرەو ڕووی دەنێین.)) چونکە هەر وەک لینین بە حەق دەڵێت، ((ئەوەی دەیەوێت بە ڕێگەیەکی دیکە، لە دەرەوەی دیموکراسیی سیاسی بەرەو سۆسیالیزم

بڕوات، بە دڵنیاییەوە دەگاتە دەرەنجامی گەمژانە و کۆنەپەرستانە، جا بە واتا ئابوورییەکەی بێت، یان بە واتا سیاسییەکەی.))

کەواتە بانگەشەی هەڵە بۆ تێپەڕاندنی ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراسی و دەستبەجێ دەستکردن بە شۆڕشی سۆسیالیستی لە ناوەختدا و لە سەردەمی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیدا، بانگەشەیەکی کۆنە، لە ئێستادا نوێ دەبێتەوە و بە دروشمی بەباقوبریقی نوێوە دەردەکەوێت، بە بیانووی گۆڕانی بارودۆخی نێودەوڵەتی و بیانووی گەشەپێدانی داهێنەرانەی مارکسیزمەوە.

لە چین، پێش جەنگی دووەمی جیهان، بانگەشەیەک بۆ (یەک شۆڕش) سەری هەڵدا و دەیوت پێویستە هەردوو شۆڕشە دیموکراسی و سۆسیالیستییەکە بە یەک گورز بەدی بهێنرێن. واتە بە تێکەڵکردنی ئەرک و چەمکەکانی هەردوو شۆڕشەکە و بانگەشەکردنی بۆ ئیمکانییەتی بەدیهێنانی دەستبەجێی سۆسیالیزم، بەبێ تێپەڕین بە قۆناغی شۆڕشی دیموکراسیی نوێدا؛ سەبارەت بە کەسە ساویلکەکانی ناو بانگەشەکارانی ئەم (یەک شۆڕش)ـە، ماو تسی تۆنگ لە توێژینەوەکەیدا (لەمەڕ دیموکراسیی نوێ) دەڵێت:

((کەسانێک هەن کە وەک دەردەکەوێت، نیازیان خراپ نییە، بەڵام (تیۆری یەک شۆڕش) و ئەو بیرۆکە سەبجێکتیڤە پەتییەی کە باوەڕی بە (بەدیهێنانی شۆڕشە بە یەک گورز لە هەردوو بواری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا)، چەواشەی کردوون. ئەوان تێ ناگەن لەوەی شۆڕش لە ڕەوتی خۆیدا بۆ چەند قۆناغێک دابەش دەبێت و ئێمە ناتوانین بگەینە قۆناغی دواتر بەبێ ئەوەی بە قۆناغی یەکەمدا بڕۆین. شتێک نییە بە ناوی (بەدیهێنانی دوو شۆڕش بە یەک گورز). ئەم ڕوانگەیە زیانی چڕوپڕی هەیە، چونکە هەنگاوە پێویستەکانی شۆڕش تێکەڵ دەکات و هەوڵی وەگەڕخراو بۆ بەدیهێنانی ئەرکی ئێستا لاواز دەکات.

((ئــەوە ڕاســتــە و گــونـجـاوە لــەگــەڵ تـیـۆری مارکسیستی لەمەڕ گەشەکردنی شۆڕش کە لەبارەی دوو قۆناغە شۆڕشگێڕییەکەوە بڵێین یەکەمیان هەلومەرجی پێویست بۆ دووەمیان فەراهەم دەکات. دەشبێت هەردووکیان بەدوای یەکتردا بێن، بەبێ ئەوەی ڕێگە بدەین قۆناغی دیکتاتۆرییەتی بۆرژوازی بکەوێتە نێوانیانەوە.

((بـەڵام بانگەشەکردن بۆ ئـەوەی کە شۆڕشی دیموکراسی ئەرکی دیاریکراو و قۆناغی تایبەتی خۆی نییە و دەکرێت لـەو کاتەی کە ئەرکی شۆڕشی دیموکراسیی تێدا بەجێ دەهێنرێت، ئەرکێکی دیکە بەجێ بهێنرێت کە تەنها لە قۆناغێکی تردا بەجێ دەهێنرێت، بۆ نموونە، ئەرکی شۆڕشی سۆیالیستی، ئەوا ئەمە هیچ نییە جگە لە تەرجەمەکردنی بیرۆکەی (بەدیهێنانی دوو شۆڕش بە یەک شۆڕش)، ئەمەش بیرۆکەیەکی یۆتۆپییانەیە و شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینە ڕەتی دەکەنەوە.))

کەواتە، دیموکراسیی میللی پێویستییەکە بۆ ڕێخۆشکردن بۆ سۆسیالیزم، چونکە جێبەجێکردنی چاکسازییە دیموکراسییەکان بەشێوەیەکی ڕیشەییتر و پێشکەوتنخوازانەتر لەوەی بۆرژوازی دەیکات، بە تایبەتی لە بوارەکانی چاکسازیی کشتوکاڵی و بەپیشەسازیکردن، ڕێکخستنی بازرگانیی دەرەکی و بەرەنگاریکردنی قۆرخکاری، لە پێداویستییە بنچینەییەکانی بونیادنانی سۆسیالیزمن. شۆڕشی دیموکراسیی نوێش، کە چینی کرێکار و پێشڕەوە شۆڕشگێڕییەکەی سەرکردایەتیی دەکەن، دەتوانێت جووتیاران هۆشیار بکاتەوەو بیانهێنێتە ناو خەباتەوە بە هاوپەیمانییەکی تۆکمە لەگەڵ کرێکاران و سەرجەم ڕەنجدەراندا، ئەمەش بە مەرجێکی سیاسیی بنەڕەتی دادەنرێت بۆ گواستنەوە بۆ سۆسیالیزم. گواستنەوە بۆ سۆسیالیزم تەنها ئەو کاتە لە تـوانـادا دەبێت کە دوو ئامانجە بنەڕەتییەکەی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی بەدی بهێنرێن:

١- لەناوبردنی ئیمپریالیزم کە تەگەرەیە لە بـەردەم گەشەکردنی

ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووریدا.

٢– لەناوبردنی فیوداڵیزم و بۆرژوازیی کۆمپرادۆری کە تەگەرەن لە بەردەم گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان و گەشەی ئابووریی نیشتمانی و پەرەسەندنی هێزەکانی کرێن کە لە شار و لادێ کارگەرن. هەروەها ئەم دوانە ڕێگرن لە بەردەم بونیادنانی ئابووریی سیستەمی سۆسیالیستیدا.

جیاوازییەکە لەگەڵ ئەم تاقمەی کە بانگەشە بۆ بەدیهێنانی دوو شۆڕش بە یەک گورز دەکەن، سەرچاوەکەی خواستی دامەزراندن یان دانەمەزراندنی سیستەمی سۆسیالیستی نییە، چونکە دامەزراندنی سۆسیالیزم ئامانجە ستراتیژییەکەی شۆڕشی دیموکراسیی نوێیە کە بەبێ ڕاوەستان دەگۆڕێت بۆ شۆڕشێکی سۆسیالیستی پاش ئەوەی ئەرکە دیموکراسییەکانی تەواو دەکات، وەک چۆن ئەو ئامانجە ستراتیژییەیە کە حیزبە مارکسی – لینینییەکان لەپێناویدا خەبات دەکەن، بەڵام لە ڕێگەی دیموکراسیی میللییەوە لە پەیوەندیدا بە وڵاتانی دواکەوتوو و کۆلۆنی یان نیمچەکۆلۆنی لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمەریکای لاتینی.

هەڵەی دەستبەجێ دەستکردن بە بانگەواز بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی لە وڵاتانی کۆلۆنی و نیمچەکۆلۆنی کە کۆمەڵگەیەکی نیمچەفیوداڵییان هەیە، بە ڕوونی دەردەکەوێت ئەگەر درک بەوە بکەین کە جەوهەری شۆڕشی سۆسیالیستی ڕووخاندنی دەسەڵاتی سەرمایە و خستنی سەرمایەداری و دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریایە شانبەشانی خۆماڵیکردن و گۆڕینی جووتیاران بۆ کارگەران لەسەر زەوییەک کە موڵکی کۆمەڵگەیە، بە کەرەستەیەکی بەرهەمهێنانی خۆماڵیکراو کە موڵکی گەلە. لە کاتێکدا ئەم جۆرە وڵاتانە ڕووبەڕووی ئەرکەکانی ڕزگاریی نیشتمان و لەناوبردنی ئیمپریالیزم و فیوداڵیزم و بۆرژوازیی کۆمپرادۆری دەبنەوە، شانبەشانی دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاران لە چاکسازییەکی کشتوکاڵیی ڕیشەییدا، بەپیشەسازیکردنی وڵات و

گەشەپێدانی هێزە بەرهەمهێنەرەکان و هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی خەڵک، ئیدی مەسەلەی خستنی سەرمایەداریی نیشتمانی لە ئەستۆی شۆڕش نییە، مەگەر دوای بەجێهێنانی ئەرکە نیشتمانی و دیموکراسییەکانی، واتە بەرەبەیانی گواستنەوە بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی لە ڕێگەی گەشەپێدانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیی میللی، کە پێداویستییەکانی بونیادنانی سۆسیالیزمیش دەخوڵقێنێت.

هەر بۆیە تەنها لە ڕێگەی دیموکراسیی میللییەوە دەکرێت بەرەو سۆسیالیزم بڕۆینە پێش، بەرەو بونیادنانی کردەیی سۆسیالیزم، ئەمەش هیچ جێگرەوەیەکی تری نییە.

جگە لەوانەی خرانە ڕوو، ئەم تاقمە (چەپڕەوانە) هەڵەی تۆقێنەر دەکەن (بە ڕەواڵەت چەپڕەو)، بەڵام بە جەوهەر ڕاستڕەو، وەک نکۆڵیکردن لە ڕۆڵی پێشڕەوایەتیی چینی کرێکار لە هەردوو شۆڕشی دیموکراسی و سۆسیالیستیدا و سپاردنی ئەم ئەرکە بە خوێندکاران یان ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ یاخود جووتیاران، یان (گرووپە شۆڕشگێڕە چەکدارەکان)، ئەو ڕاستییە لە بیر دەکەن کە تەنها چینی کرێکار دەتوانێت سەرکردایەتیی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی تا کۆتاییە سەرکەوتووەکەی و تا دیموکراسیی میللی و سۆسیالیزم بکات. سۆسیالیزم سیستەمی چینی کرێکارە کە خۆی بونیادی دەنێت و سەرکردایەتیی دەکات، سیستەمە سیاسییەکەشی دیکتاتۆرییەتی پڕۆلیتاریایە.

هەروەها ئەم تاقمە (چەپڕەوانە) نکۆڵی لە پێویستیی بوونی حیزبێکی پێشڕەوی شۆڕشگێڕی تەیار بە تیۆری سۆسیالیزمی زانستی (مارکسیزم – لینینیزم) دەکەن و گرنگییەکی گەورە بە مەسەلەی حیزب نادەن. لە کاتێکدا ئەزموونی خەباتی گەلانی خەباتگێڕ لەپێناو ڕزگاریی نیشتمانیی یەکجارەکیدا سەلماندوویەتی کە پێویستە حیزبێکی پێشڕەوی شۆڕشگێڕی شێوەنوێ هەبێت، حیزبێک کە لە ڕیزەکانی خۆیدا

باشترین توخمە کرێکاری و جووتیاری و ڕۆشنبیرەکان کۆ دەکاتەوە و لە خەباتەکەیدا تیۆری مارکسیزم – لینینیزم دەکاتە ڕێنوێنی خۆی و ڕێکخستنەکانی خۆی لەسەر بناغەکانی ناوەندێتیی دیموکراسی و ڕەخنە و ڕەخنەلەخۆگرتن دادەمەزرێنێت، شێوازی تێکۆشانی جەماوەریی شۆڕشگێڕانە پیادە دەکات و شێوازی ڕابوون و هۆشیارکردنەوە و ڕێکخستن و سەرکردایەتیکردنی جەماوەری میلليی بەرفراوان، بەو پێیەی کە هێزی سەرەکییە بتوانێت ئەرکەکانی ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراسیی یەکجارەکی بەجێ بهێنێت، شێوازی خەباتی جەماوەریی شۆڕشگێڕانەی چەکدار لە ڕێگەی جەنگی میلليی شۆڕشگێڕانەوە کە لە لادێوە دەست پێ دەکات و بنکەی شۆڕشگێڕی دروست دەکات، پاشان لە ناوجەرگەی خەباتی چەکداریی درێژخایەندا گەشە دەکات بۆ ئەوەی لە لادێوە گەمارۆی شار بدات، وەک ڕێخۆشکردنێک بۆ ڕزگارکردنی. هەر بۆیە بیر و بۆچوونە هەڵەکان دەربارەی (سەنتەری شۆڕشگێڕانە) ی جێگرەوەی بنکەی شۆڕشگێڕی، کە ئەزموونەکانی چین و ڤێتنام و کۆریا ڕاستییەکەیان سەلماند، تەنها زیان بە شۆڕش دەگەیەنێت.

حیزبی پێشڕەوی هەڵقوڵاو لە ناخی جەماوەری میللییەوە، کە لە خەباتیدا پشتئەستوورە بە هێزەکانی ئەم جەماوەرە میللییە و وزە شۆڕشگێڕییە زۆروزەبەندەکانی، حیزبێک کە لە خەباتیدا لەسەر تیۆری مارکسیزم – لینینیزم دەڕوات و شێوازی خەباتی شۆڕشگێڕانە، شێوازی جەنگی میلليی شۆڕشگێڕانە پیادە دەکات، تەنها ئەم حیزبە دەتوانێت لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراسیدا سەرکردایەتیی خەباتەکانی گەل بکات بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی، پاشان گەشەپێدانی ئەم شۆڕشە بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی. هاوڕێ ماوتسی تۆنگ دەڵێت:

((مادام شۆڕشمان دەوێت، پێویستە حیزبێکی شۆڕشگێڕ هەبێت. بەبێ حیزبێکی شۆڕشگێڕ، حیزبێک کە بەگوێرەی تیۆر و شێوازی مارکسیزم – لینینیزمی شۆڕشگێڕ دامەزرابێت، مەحاڵە سەرکردایەتیی چینی کرێکار و جەماوەری بەرفراوانی گەل بکرێت و بەرەو سەرکەوتن بەسەر ئیمپریالیزم و بەکرێگیراوەکانیدا ببرێت.))

بەڵام حیزبە نیشتمانییەکان یان پێشکەوتنخوازەکان یاخود نەتەوەییە بۆرژوازییەکان ناتوانن سەرکردایەتیی شۆڕش بکەن و ئەرکە دیموکراسی و نیشتمانییەکانی بەجێ بهێنن، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی دیاریکراویش، ماوەیەکی درێژ یان کورت، لە ڕیزی پێشەوەی خەباتی نیشتمانیدا بن. ئەم جۆرە حیزبانە لە ڕووی مێژووییەوە ناتوانن ئەم ئەرکە مێژووییە جوامێرانەیە، کە مێژوو ڕۆڵی سەرکردایەتی و بەجێهێنانیانی بە حیزبە پێشڕەوەکان سپاردووە، لە ئەستۆ بگرن.

سەرنجدان لە مێژووی گەلانی عەرەب و کورد و ئێرانی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێت نەبوونی حیزبێکی پێشڕەوی شۆڕشگێڕی بەهێز، کە بتوانێت جەماوەری گەل ڕابپەڕێنێت و هۆشیاریان بکاتەوە و ڕێکیان بخات، هۆکاری سەرەکیی شکستهێنانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیی ئەم گەلانەیە لە بەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانی و دیموکراسییەکانیدا پێکەوە.

کەواتە پێویستە سەرجەم توخمە هۆشیار و خەباتگێڕەکانی کرێکاران و جووتیاران و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ درک بەم ڕاستییە بکەن و لە گرنگیی بوونی حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ تێ بگەن، لەپێناو دامەزراندن و گەشەپێدان و بەهێزکردنیدا خەبات بکەن، بۆ ئەوەی ئەم حیزبە پێشڕەوە شۆڕشگێڕە بتوانێت ئەرکی ڕابوون و هۆشیارکردنەوە و ڕێکخستن و سەرکردایەتیکردنی جەماوەری میللی بگرێتە ئەستۆ، بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو بە سەرکردایەتیی خۆی پێک بهێنێت و لە

پێش جەماوەرەوە خەباتی شۆڕشگێڕانەی چەکداری بەرپا بکات، بە شێوازی جەنگی میللیی شۆڕشگێڕانە لەپێناو بەجێهێنانی ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی و بۆ دامەزراندنی دیموکراسیی میللی و پاشان سۆسیالیزم لە وڵاتدا.

پێویستە شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینە سەرجەم ئەو وەهم و خەیاڵپڵاوی و خۆزگانە لە زەین و بیرکردنەوەیان دەربکەن سەبارەت بەوەی حیزبە نەتەوەییە بۆرژوازییەکان –بچووک یان گەورە– بتوانن سەرکردایەتیی شۆڕشی ڕزگاریخوازی نیشتمانی بکەن و ئەرکەکانی شۆڕشی نەتەوەیی و دیموکراسی بەجێ بهێنن.

بە کورتی، چەکی سەرەکی کە گەلی پێ ڕزگار دەکرێت و ئامانج و ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیی پێ بەدی دەهێنرێت، سێ دانەیە:

((حیزبێک کە سیستەمێکی بەهێزی هەبێت و تەیار بێت بە تیۆری مارکسیزم – لینینیزم، شێوازی ڕەخنەلەخۆگرتن بەکار بهێنێت و پەیوەست بێت بە جەماوەری گەلەوە و سوپایەک کە ئەم جۆرە حیزبە سەرکردایەتیی بکات و بەرەیەکی یەکگرتوو کە سەرجەم چین و گرووپە شۆڕشگێڕەکان لە خۆی بگرێت و ئەم جۆرە حیزبە سەرکردایەتیی بکات، ئەمانە ئەو سێ چەکەن کە بە هۆیانەوە سەرکەوتن بەسەر دوژمندا مسۆگەر دەکرێت.))

ئەمە ڕاستییەکەیە، ئەمەیە ڕێگەی ڕزگاری و دیموکراسیی میللی و سۆسیالیزم. تەنها لەڕێگەی بەدەستهێنانی ئەم سێ چەکەوە ڕزگاریی نیشتمان و بەجێهێنانی ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراسی و پاشان گۆڕینیان بۆ [شۆڕشی] سۆسیالیستی مومکین دەبێت. بەبێ ئەم سێ چەکە، گەل ناتوانێت ئامانجە نیشتمانی و دیموکراسی و سۆسیالیستییەکانی بەدی بهێنێت.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییانەدا، دەتوانین بزانین ئەم (تاقمە چەپڕەوانە) تا چەند لە ڕاستەڕێی خەباتی شۆڕشگێڕانە، کە دەبێتە هۆی سەرکەوتن، لایان داوە، چۆن ((وەهمی شۆڕشگێڕی))یان هەڵگرتووە و هەوڵ دەدەن کۆمەڵگە بە ئەرکی یۆتۆپی، لە کاتی نەگونجاودا، بار بکەن، چۆن دروشمی پێچەوانەی واقیعی بابەتی و هەلومەرجی مادی بەرز دەکەنەوە؛ واتە ئارەزوو و خۆزگەی باش دەخەنە شوێنی یاسا بابەتییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی.

ئەگەر ڕووداو و ئەزموونەکانی خەباتی گەلان ئەوەمان بۆ بسەلمێنن کە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی لە سەردەمەکەماندا شۆڕشێکی دیموکراسیی میللییە، ئەوا پێویستە هەڵوێستی چینە کۆمەڵایەتییەکان لەبارەیەوە بزانین، بۆ ئەوەی لە ڕۆڵی ئەوان لەو شۆڕشەدا تێ بگەین و درکی پێ بکەین، ئەو چینەش بناسین کە دەتوانێت ڕۆڵی سەرکردایەتی بگێڕێت، ئەو چینەی کە هێزی سەرەکی پێک دەهێنێت، ئەو چین و گرووپانەش کە لەم شۆڕشە نیشتمانییە دیموکراسییە نوێیەدا ڕۆڵی هاوپەیمان و یاریدەدەر دەبینن.

# هەڵوێستی چینە کۆمەڵایەتییەکان
# لە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیدا

ئەو کۆمەڵگەیەی کە ڕووبەڕووی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی دەبێتەوە (کە بە زۆری کۆمەڵگەیەکی نیمچەفیودالّی و کۆلۆنی یان نیمچەکۆلۆنییە)، بەسەر ئەم چینە کۆمەلایەتییانەدا دابەش دەبێت:

کرێکاران و جووتیاران و توێژە ڕەنجدەرەکانی تر و وردەبۆرژوازی و بۆرژوازی و فیودالّیزم. ئەمە جگە لە هەندێک کۆمەڵگەی سەرەتایی، کە لە قۆناغێکی مێژوویی دواکەوتوودا ماونەتەوە و بۆ نموونە، سەرمایەداریی مۆدێرنیان تێدا نییە، هەرچەندەش دەکەونە ژێر کاریگەریی شۆڕشی جیهانی، یان بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکانی دراوسێ، لەگەڵ فاکتەرە سەبجێکتیڤەکاندا کارلێک دەکەن و خەباتگێڕەکانیان دەست دەکەن بە تێکۆشان لەپێناو ڕزگاربوون لە کۆتوبەندی کۆیلایەتیی کۆلۆنیالی؛ بەلام ئەم نموونانە دەگمەنن. بۆ نموونە، کۆمەڵگەی مەنگۆلی سەرمایەداریی مۆدێرنی نەناسیوە، هەندێک لە کۆمەڵگە ئەفریقییەکانیش بە بارودۆخی تایبەت دەناسرێنەوە؛ بەلام لە زۆربەی زۆری کۆمەڵگەکاندا ئەم پێنج چینە بە پلە و بڕ و جۆری ناچوونیەک و جیاواز هەن. لەم کۆمەڵگە چینایەتییانەشدا هەموو بزووتنەوە سیاسی و هزری و کۆمەلایەتییەکان بە مسۆگەری ئالای چینێکی دیاریکراویان هەڵگرتووە؛ حیزب و گرووپ و کەسەکانیشیان، بەبێ ئاوارتە، مۆرکی چینێکی کۆمەلایەتیی دیاریکراویان هەڵگرتووە، تەنانەت ئەگەر بە زارەکییش نکۆڵیی لێ بکەن. هەڵوێست و سیاسەت و ئاڕاستەکانیان لەبەرچاو دەگرن و بەرگری لە بەرژەوەندیی چینێکی دیاریکراو دەکەن، جا ئەگەر ڕای بگەیەنن یان نا. جا هەر وەک چۆن لە پاڵ فیودالّەکانەوە جووتیاران هەبوون، سەرمایەداریی مۆدێرنیش لە پاڵ سەرمایەدارەکانەوە پڕۆلیتاریا دەخولقێنێت. هەروەتر، لەم

کۆمەڵگەیانەدا توێژەکانی وردەبۆرژوازیی مۆدێرن دەردەکەون، توێژە کۆنەکانیشیان، بە حوکمی وردەبەرهەمهێنان، پەرە دەسێنن و زیاد دەکەن. هەڵوێستی ئەم چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازانە بەرامبەر شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی لەسەر بناغەی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیان و پەیوەندییان بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانەوە و بە حوکمی پێویستییە مادییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی دیاری دەکرێت، هەروەها لەسەر بناغەی تایبەتمەندییە چینایەتییەکان و خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکان و بە کاریگەریی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانیان؛ بەڵام پاڵنەرە مرۆیی و نیشتمانییەکانی وەک چاکەدۆستی و خۆشەویستیی نیشتمان و هەستوسۆز بەرامبەر هەژاران و ڕق لە ستەم، ئەمانە تەنها کاریگەریی تاکەکەسییان لەسەر هەندێک خەڵکی دیاریکراو و هەندێک تاکی دیاریکراوی ئەم چینانە دەبێت، نەک لەسەر هەموویان وەک چینێک و تەنهاش بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و بارودۆخە چینایەتییەکان دەیانجووڵێنێت.

## ١- چینی فیوداڵ

بەرژەوەندییەکانی دژ بە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسییە، کە ئامانجەکەی تەنها ڕزگاریی نیشتمانی نییە لە گرێی کۆیلایەتیی کۆڵۆنیالی، بەڵکو ئامانجیشیەتی گەشەی سەرمایەداری بەدی بێنێت، لە نێویشیدا ڕەتکردنەوەی فیوداڵیزم و ڕزگارکردنی جووتیاران.

کەواتە، هەر وەک لینین دەڵێت، ((هیچ گومان لەوەدا نییە کە هەموو بزووتنەوەیەکی نیشتمانی ناتوانێت شتێکی تر بێت جگە لە بزووتنەوەیەکی بۆرژوازیی دیموکراتیک، چونکە زۆرینەی جەماوەری وڵاتانی دواکەوتوو لە جووتیاران پێک دێن کە پەیوەندییە سەرمایەدارییە بۆرژوازییەکان دەنوێنن.)) (بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی گەلانی ڕۆژهەڵات، چاپی عەرەبی، مۆسکۆ، لا ٣٦٠).

کەواتە ئامانجی شۆڕشی نیشتمانی، تەسفییەکردنی پەیوەندییە فیوداڵییەکان، لەناوبردنی چینی فیوداڵ و ڕزگارکردنی جووتیارانە لە چەوساندنەوەیان. ئەمەش واتای ئەوەیە شۆڕشی نیشتمانی لە ڕووی جەوهەرەوە شۆڕشێکی دیموکراسییە، بەڵام دیموکراتیکبوونەکەی تەنها بە دامەزراندنی حکومڕانییەکی نیشتمانی کامڵ دەبێت کە ئازادییەکان و مافە دیموکراسییەکان بۆ چینەکان و سەرجەم گرووپە نیشتمانییەکان فەراهەم بکات. کەواتە دیموکراتیکبوونی شۆڕشی نیشتمانی واتە:

١- تەسفییەکردن و ڕیشەکێشکردنی پەیوەندییە فیوداڵییەکان و جێبەجێکردنی چاکسازیی کشتوکاڵیی ڕیشەیی.

٢- ڕووخاندنی دەسەڵات کە لە فیوداڵیزم و سەرمایەداریی کۆمپرادۆری و نۆکەرانی ئیمپریالیزمدا بەرجەستە دەبێت، هەروەها بونیادنانی دەسەڵاتێکی نیشتمانی لەسەر داروپەردوویان، بە مەرجێک، ئەم دەسەڵاتە دەسەڵاتی گەل بێت بە هەموو چینە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکانیەوە، نەک ئەوەی یەک چینی کۆمەڵایەتی تاکڕەوانە دەسەڵاتی بە دەستەوە بێت.

٣- ڕەهاکردنی ئازادییە دیموکراسییەکان و دابینکردنی مافە دیموکراسییەکان بۆ گەل، لە ناویشیدا دامەزراوە نوێنەرایەتییە جیاجیاکان.

بەبێ ئەم هەنگاوانە پێکەوە، شۆڕشی دیموکراسی ناتوانێت شۆڕشێکی نیشتمانیی دیموکراتیک بێت. هەر بۆیە چاکسازیی کشتوکاڵی و هەندێک چاکسازیی دیموکراتیکی کۆمەڵایەتیی تر بەس نین بۆ ئەوەی سیفەتی دیموکراسیی تەواو بەم شۆڕشە نیشتمانییە بدرێت، ئەگەر ئازادییە دیموکراسییەکان و ناوەندێتیی دیموکراتیک لە حوکمڕانیدا شانبەشانیان نەبن و هەتا سەرجەم کۆتوبەندە فیوداڵی و بیرۆکراسییەکان تێک نەشکێنرێن کە دەبنە کۆسپ لە بەردەم ڕابوونی جەماوەری میللیدا، ئەوا حکومڕانیی نیشتمانیی هەڵقوڵاو لە شۆڕشی

نیشتمانییەوە وەک حکومڕانییەکی نادیموکراتیک دەمێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر پێشکەوتنخوازیش بێت لە ڕووی جێبەجێکردنی هەندێک چاکسازیی پێشکەوتنخوازانە و دژایەتیکردنی کۆلۆنیالیزم و فیوداڵیزم.

ئەم ناوەڕۆکەی شۆڕشی نیشتمانی، فیوداڵیزم دەکات بە چینێکی نەیار، وەک چۆن فیوداڵیزم بە حوکمی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی و بە حوکمی سروشتی ئەم جۆرە شۆڕشە دژایەتیی ئەم جۆرە شۆڕشە نیشتمانییە دیموکراسییە دەکات. بەشداریکردنی هەندێک توخمی دیاریکراوی فیودالی لە خەباتی نیشتمانیدا دژی دەسەڵاتدارێتیی بێگانە و کۆلۆنیالی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، هیچ شتێکی جەوهەری لەم ڕاستییە ناگۆڕێت. کاتێک نیشتمان ڕووبەڕووی غەزووی کۆلۆنیالی یان بێگانە دەبێتەوە، ((هەڵە دەکەن ئەو کەسانەی حیزبەکەمان کە باوەڕیان وایە هەموو ئۆردووگای هەردوو چینی موڵکدارەکان و بۆرژوازییەکان یەکخراو و نەگۆڕن و لە هیچ هەلومەرجێکدا گۆڕانکارییان بەسەردا نایەت. ئەو کەسانە ناتوانن درک بە مەترسیی دۆخی هەنووکە بکەن، لە سەروو ئەوەشەوە، مێژووشیان لە بیر کردووە.)) (ماو تسی تۆنگ، نووسراوە هەڵبژاردەکان، بەشی یەکەم، دەربارەی تەکتیکی ڕووبەڕووبوونەوەی ئیمپریالیزمی ژاپۆنی، ل ٢٢٨).

بۆ سوودوەرگرتن لە ئیمکانییەتی بەشداریکردنی هەندێک توخمی دیاریکراوی موڵکدارەکان و حیزبی بەرگریکار لە بەرژەوەندییەکانیان لە جەنگی نیشتمانی دژی غەزووی کۆلۆنیالی، ڕابەرایەتیی پارتی کۆمۆنیستی چینی لە کاتی دەستدرێژیی ژاپۆن بۆ سەر چین، پەیمانی دا ((بوەستێت لە دەستبەسەرداگرتنی زەویی موڵکدارەکان))، ئەوەش ((لەبەر ئەوەی چارەسەرکردنی مەسەلەی زەوی بۆ جووتیاران مەرجدارە بە بەرگریکردن لە چین، بۆیە زۆر پێویست بوو دەستبەرداری ئەوە بین لە ڕێگەی هێزەوە دەست بەسەر زەوییەکاندا بگرین و پەنا بۆ شێوازی

گونجاوی نوێ ببەین.)) (ماوتسی تۆنگ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩٧).

لەو وڵاتانەی کە ڕووبەڕووی دەستدرێژیی ئیمپریالی یان چەوساندنەوەی نەتەوەیی دەبنەوە، توێژێک لە فیوداڵە ڕۆشنگەرەکان پەیوەست دەبن بە بزووتنەوەی نەتەوەییەوە و بە پلەی دیاریکراو بەشداری لە خەباتی نەتەوەیی ڕزگاریخوازدا دەکەن؛ هەر بۆیە دەبێت ئەم توێژە لە بەرژەوەندیی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو کەسب بکرێن. کاتێک ئەم توێژە بەشداریی شۆڕشی نیشتمانی دەکەن، پێویستە هێزە شۆڕشگێڕە پێشڕەوەکان پێشوازییان لێ بکەن و بۆ بەرژەوەندیی خەبات دژی ئیمپریالیزم و تەریککردنی تەواوەتیی دوژمنان لە ناوەوە سوودیان لێ ببینن، بە جۆرێک، تەنها ژمارەیەکی زۆر کەمی خەڵکی وڵاتەکە لەگەڵیاندا بمێننەوە؛ هەروەها دەبێت هەوڵیان لەگەڵ بدرێت تا قایل ببن پشتگیریی چاکسازیی کشتوکاڵی بکەن، چونکە پشتگیریی ئەوان سوودی بۆ خەباتەکەمان دژی ئیمپریالیزم و فیوداڵیزم هەیە. هاوڕێ ماو تسی تۆنگ دەڵێت:

((پێویستە دەستبەرداری ئەو فیوداڵە ڕۆشنگەرانە نەبین کە هاوکارییان کردووین و هێشتاش هاوکاریمان دەکەن، ئەوانەی پشتگیریی خەباتەکەمان دەکەن دژی ویلایەتە یەکگرتووەکان و چان کای شیک، هەروەها پشتگیریی چاکسازیی کشتوکاڵی دەکەن.)) پاشان درێژەی دەداتێ:

((ڕەزامەندیی ژمارەیەکی کەمی فیوداڵە ڕۆشنگەرەکان لە ماوەی چاکسازیی کشتوکاڵیدا، سوودی بۆ چاکسازی لە هەموو وڵاتەکەدا هەیە، بە شێوەیەکی تایبەتیش یارمەتیمان دەدات لە کەسبکردنی ڕۆشنبیران (زۆربەی ڕۆشنبیرانی چین سەر بە خێزانی موڵکدار یان جووتیاری دەوڵەمەندن)، بۆرژوازیی نیشتمانی (زۆربەی ئەندامانی بۆرژوازیی

نیشتمانی پەیوەندییان بە زەوییەوە هەیە)، فیوداڵە ڕۆشنگەرەکان لە هەموو وڵاتەکەدا (کە بە سەدان هەزار دەژمێررێن)، هەروەها بۆ تەریککردنی دوژمنی سەرەکیی شۆڕشی چین، تاقمەکەی چان کای شیکی کۆنەپەرست.)) (ماو تسی تۆنگ، نووسراوە هەڵبژاردەکان، دار ابن سیناء، بیروت، ل ٢٢٤).

لەگەڵ ئەوەشدا، شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی دژی ئیمپریالیزم و فیوداڵیزم دەبێت پێکەوە.

## ٢- بۆرژوازیی کۆمپرادۆری

((بۆرژوازییەکە پەروەردەی ئامێزی سەرمایەدارانی وڵاتانی ئیمپریالییە و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ خزمەتیان دەکات. پەیوەندییەکی فرەلق و توندوتۆڵ لە نێوان ئەم چینە و هێزە فیوداڵی و لۆکاڵییەکاندا هەیە.)) بە حوکمی پەیوەندییەکەی بە ئیمپریالیزمەوە -کە دوژمنی پلە یەکی شۆڕشە- و پەیوەندییە تۆکمەکەی لەگەڵ چینی فیوداڵی کۆنەپەرست و پشتبەستنە چارەنووسسازەکەی بە ئیمپریالیزم، چینێکی کۆنەپەرستی دوژمنی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسییە. بەم جۆرە، لەو ڕاستییانەوە کە خرانە ڕوو، تێ دەگەین فیوداڵیزم و بۆرژوازیی کۆمپرادۆری بەرژەوەندیی چینایەتییان هەیە کە دژی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسییە، هەروەها پەیوەندیی خیانەتکارانەیان لەگەڵ ئیمپریالیزمدا هەیە. لابردنی ئەمانە لەسەر ڕێگە، لە پێداویستییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتییە؛ لەگەڵ ئەوەشدا، ڕابەرایەتیی شۆڕشگێڕی حەکیم، لە هەلومەرجی دەستدرێژیی ئیمپریالی و توندبوونی ناکۆکیی لە نێوان وڵاتانی ئیمپریالیدا، دەتوانێت سوودمەند بێت لە کەسبکردنی توخمە کۆمپرادۆرییەکانی پاشکۆی ئەو دەوڵەتە کۆلۆنیالییانەی کە بەرژەوەندییان ناتەبایە لەگەڵ دەوڵەتە کۆلۆنیالە دەستدرێژیکەرە

دیاریکراوەکە. لە کاتی دەستدرێژیی ئیمپریالیزمی ژاپۆنی بۆ سەر چین، پێشڕەوی شۆڕشگێڕی گەلی چین لەگەڵ هەندێک توخمی دیاریکراوی کۆمپرادۆریی پاشکۆی کۆلۆنیالیزمی ئەمەریکی و بەریتانیدا هاوکاریی کرد، چونکە بەرژەوەندیی سەرگەورەکانیان، کە ئیمپریالیزمی ئەمەریکی و بریتانی بوو، ناتەبا بوو لەگەڵ بەرژەوەندیی ئیمپراتۆری ژاپۆنیدا. لە هەلومەرجی وڵاتانی عەرەبیدا، دەکرێت کۆمپرادۆری پاشکۆی کۆلۆنیالیزمی فەڕەنسی، کە بەرژەوەندییەکانی دژی ئیمپریالیزمی ئەمەریکییە، کەسب بکرێن، کاتێک کە ئیمپریالیزمی ئەمەریکی بەردەوامە لە دەستدرێژییەکانی و ناکۆکیی ئەمەریکی–فەڕەنسی کڵپەی کردووە. بە کورتی، گەلانی شۆڕشگێڕ کاتێک لەمڕۆدا خەباتی شۆڕشگێڕانە دژی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی و سەگە بەرەڵاکانیان بەرپا دەکەن، دەتوانن سوود لە ناکۆکییە شاراوەکانی نێوان دەوڵەتانی ئیمپریالیی دیکە و ئیمپریالیزمی ئەمەریکی وەربگرن.

ئەدی بۆرژوازیی نیشتمانی؟

## ٣- ڕۆڵی بۆرژوازیی نیشتمانی لە شۆڕشدا

کێشەی بۆرژوازیی نیشتمانی کێشەیەکی ئاڵۆزە، ئەوەش بە هۆی دابەشبوونی بۆ توێژە گەورە و ناونجی و ڕاستڕەو و چەپڕەوەکان، بە هۆی ڕاڕاییە چینایەتییە حەتمییەکەی لە هەڵوێستەکانیدا، بە هۆی لاوازی و تایبەتمەندییە چینایەتییە سەبجێکتیڤەکانی، چونکە توێژی باڵای بۆرژوازیی نیشتمانی پەیوەندیی لەگەڵ بۆرژوازیی کۆمپرادۆری و فیوداڵیزم و بیرۆکراسیی حکومڕاندا هەیە، هەر بۆیە لە لیستی هێزە شۆڕشگێڕەکان دەردەکرێت و دەدرێتە پاڵ هێزە کۆنەپەرستە نەیارە بیرۆکراسییەکان لە لیستی هێزە نیشتمانییەکاندا، ئەوەش بە حوکمی ناتەبایی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی لەگەڵ بەرژەوەندییە گشتییەکانی

گەل و شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی، کە دژی مۆنۆپۆلی و بیرۆکراسییە. لە عێراق و هەندێک وڵاتی عەرەبی، کە خۆماڵیکردن و کۆنترۆڵی دامەزراوە حکومییەکانیان بەسەر بازرگانیی دەرەکیدا بە خۆوە بینی، تەنها توێژە ناونجی و پێشکەوتنخوازییەکانی بۆرژوازی لە چوارچێوەی ڕیزی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازدا دەمێننەوە.

بۆ ئەوەی بە باشی لەم بابەتە تێ بگەین، دەبێت لە ڕووی مێژووییەوە لە هەڵوێستی بۆرژوازیی نیشتمانی بکۆڵینەوە.

بۆرژوازی هەر لە بنەڕەتەوە لە منداڵدانی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتییەوە وەک چینێکی نوێی پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕ پەرەی سەند. لە فەڕەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەکان و بریتانیا و چەند وڵاتێکی تری ئەورووپیدا سەرکردایەتیی شۆڕشە دیموکراسییە بۆرژوازییەکانی کرد. سیستەمە دیموکراسییە بۆرژوازییە پەرلەمانییەکانی دامەزراند کە هەر زوو گۆڕان بۆ دیکتاتۆرییەتێکی چینایەتیی توندوتیژ لە خزمەتی بۆرژوازیدا، سەرەڕای ڕووپۆشکردنی بە ڕووپۆشێکی ئاوریشمینی نەرمی پەڕلەمانتاریزم و هەڵبژاردنەکان و ئازادییەکان.

((لە شۆڕشە بۆرژوازییەکاندا، بۆ نموونە لە خۆرئاوا، بۆرژوازی ڕۆڵی سەرکردایەتیی دەگرت بە دەستەوە و پرۆلیتاریاش، پێی خۆش بوایە یان نا، ڕۆڵی یاریدەدەری دەبینی. بەڵام جەماوەری جووتیاران هێزێکی یەدەکی بۆرژوازی بوون. مارکسیستەکان ئەمەیان بە شتێکی حەتمی و ناچاری دادەنا و تەنها لە یەک خاڵدا سڵیان دەکردەوە: پرۆلیتاریا تا ئەوپەڕی توانا بەرگری لە داواکارییە چینایەتییە ڕاستەوخۆکانی بکات و حیزبی سیاسیی خۆی هەبێت.)) (نامیلکەی یەکەم شۆڕشی دیموکراسی لە ڕووسیا، نووسینگەی چاپەمەنییە میللییەکان، بەیروت – دیمەشق، ل ٣١، ١٩٤٧).

بەڵام پاش گۆڕانی سەرمایەداریی مۆنۆپۆلی بۆ کۆلۆنیالیزم و پاش پەرەسەندنی پڕۆلیتاریا و دەرکەوتنی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە ڕێکخراوەکەی و حیزبە پێشڕەوە شۆڕشگێڕەکەی و لەگەڵ هەڵهاتنی بەیانی سەردەمی شۆڕشی سۆسیالیستیی پڕۆلیتاری بە تێپەڕین بە شۆڕشی دیموکراسیدا، ئەستێرەی بۆرژوازی وەک چینێکی سەرکردە، تەنانەت لە شۆڕشە بۆرژوازییە دیموکراسییەکانیشدا، لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دای لە کزی.

((بەڵام ئێستا، لە دۆخە مێژووییە نوێیەکەدا، بەپێی تێگەیشتنی لینین، ڕۆڵەکە بە جۆرێک بەرجەستە دەبێت کە لەگەڵیدا پڕۆلیتاریا دەبێت بە هێزی سەرکردەی شۆڕشی بۆرژوازی؛ هەرچی بۆرژوازییە، لە سەرکردایەتیی شۆڕش دوور دەکەوێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە جەماوەری جووتیاران دەبن بە هێزی یەدەکی پڕۆلیتاریا.)) (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١–٣٢).

ڕووسیا ئەو وڵاتە بوو کە تێیدا مارکسیستە شۆڕشگێڕەکان، بە سەرکردایەتیی لینین، توانای بۆرژوازییان بۆ سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی دیموکراسی ڕەت کردەوە. لینین، بە دووربینی و پاش کۆڵینەوەیەکی قووڵ لە دۆخی ڕووسیا و هەلومەرجی سەردەمی کۆلۆنیالیزم – بالاترین قۆناغەکانی سەرمایەداری – گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە دەبێت پڕۆلیتاریا سەرکردایەتیی شۆڕشی دیموکراسیی ڕووسی بکات، نەک بۆرژوازی. ئەو دەسەڵاتەش کە لێیەوە هەڵدەقوڵێت، دەبێت (دیکتاتۆرییەتی دیموکراسیی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و جووتیاران) بێت، نەک دیکتاتۆرییەتی بۆرژوازیی ڕووپۆشکراو بە پەرلەمانتاریزمی دەستووری، چونکە سەرەڕای ئەوەی کە ((شۆڕشی ئێستا مۆرکێکی دیموکراسیی بۆرژوازییانەی هەیە، سەرەڕای ئەوەی لە ئێستادا ناتوانێت لە چوارچێوەی شتە مومکینەکان لە سایەی سەرمایەداریدا

دەربچێت، لەبەر ئەوانە، کۆنگرە وای دادەنێ کۆتاییهاتنی ئەم شۆڕشە بە سەرکەوتنی تەواوەتی، شتێکە پێش ئەوانی تر بۆ پڕۆلیتاریا گرنگە، چونکە سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە یارمەتیی پڕۆلیتاریا دەدات خۆی ڕێک بخات و لە ڕووی سیاسییەوە بەرز ببێتەوە، ئەزموون و شارەزایی پراکتیکی بە دەست بهێنێت لە پیادەکردنی سەرکردایەتیی سیاسیی جەماوەری کارگەر و لە شۆڕشی بۆرژوازییەوە بگوێزێتەوە بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی.)) (بەپێی هەڵسەنگاندنی بڕیاری کۆنگرەی سێیەمی پارتی کرێکارانی سۆسیال دیموکراسی لە ڕووسیا، لە کۆبوونەوەی لەندەن لە نیسانی ١٩٠٥ – بگەڕێوە بۆ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١).

لینین لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (دوو پلان بۆ سۆسیالیزمی دیموکراتیک لە شۆڕشی دیموکراسیدا) وردەکارییەکانی ئەو ئەنجامگیرییە بلیمەتانەیەی ڕاڤە کردووە و دەڵێت:

((مارکسیزم پڕۆلیتاریا فێری ئەوە ناکات لە شۆڕشی بۆرژوازی دوور بکەوێتەوە و هەڵوێستی بێباکیی لێ وەربگرێت و سەرکردایەتییەکەی لێ بگەڕێت بۆ بۆرژوازی، بەڵکو بە پێچەوانەوە، فێری دەکات بەوپەڕی چالاکی و هێزەوە بەشداریی تێدا بکات؛ لەپێناو دیموکراسیی پڕۆلیتاریدا کە تەواو گونجاو بێت و بردنی تا کۆتایی، ئەوپەڕی خەبات بکات.)) (هەڵبژاردەکان، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، چاپی عەرەبی، مۆسکۆ، ل ٤٩).

لینین، پاش کۆڵینەوە لە سروشتی چینی بۆرژوازی، کە چینێکی ڕاڕا و ترسنۆک و خۆپەرستە، هەروەها لەبەر ئەوەش کە بۆرژوازی شۆڕشگێڕ نییە و بە ڕادەی پێویست پێداگر نییە بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراسی بە تەواوەتی، بەم ڕاستییانە گەیشت. لینین دەڵێت:

((بۆرژوازی بە شێوەیەکی پچڕپچڕ و ناساز دەداتە پاڵ شۆڕش کە فاکتەرەکانی چاوبرسێتی و ترس دەیجووڵێنن. زۆرینەی بۆرژوازی

شانبەشانی شۆڕشی چەواشە و ئۆتۆکراسی و دژی شۆڕش و دژی گەل دەوەستێت، کاتێک دەستی بە بەرژەوەندییە بەرتەسک و خۆپەرستانەکانی دەگات، کاتێک لە ڕەوتی دیموکراسیی بەردەوام و گونجاو تا کۆتایی دوور دەکەوێتەوە (کە هەر لەمڕۆوە لێی دوور کەوتووەتەوە.))

لە سەروبەندی گفتوگۆکردن سەبارەت بە خەباتی کرێکاران و خەباتی بۆرژوازی لەپێناو ئازادیدا، لینین دەڵێت:

((چینی کرێکار و نوێنەرە هۆشیارەکانی، ئەم خەباتە بەرەو پێشەوە دەبەن و پاڵی دەنێن، بەبێ ئەوەی سڵ لە بردنی هەتا کۆتایی بکەنەوە، بگرە ئاواتی ئەوان تەجاوزکردنی دوورترین سنووری شۆڕشی دیموکراسی و تێپەڕاندنیەتی تا مەودایەکی دوور. بەڵام بۆرژوازی ڕاڕا و چاوبرسییە و تەنها بە شێوەیەکی بەشەکی و ڕووپامایانە دروشمەکانی ئازادی قبوڵ دەکات.)) (هەمان سەرچاوەی ئاماژەبۆکراو، ل ١٤٣).

تەنانەت بۆرژوازی کاتێک ددان بە شۆڕشدا دەنێت، یان بەشداریی تێدا دەکات، ((ئەم ددانناندنەی بە شۆڕشدا ناشێت ڕاستگۆیانە بێت، ئەمە بە چاوپۆشیکردن لەم بیرمەند یان ئەو بیرمەندی بۆرژوازی وەک کەس؛ چونکە بۆرژوازی ناتوانێت، لەم پلە بالایەی بزووتنەوەکەشدا، واز لە خۆپەرستی و ڕاڕایی و سازش و فڕوفێڵە کۆنەپەرستە قێزەونەکانی بهێنێت.)) (سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٦). وەک وەلامێک بۆ بانگەشەی مەنشەفییەکان کە دەڵێن ((شۆڕش بۆرژوازییانەیە)) و هەر لەبەر ئەوەش ((تەنها بۆرژوازیی ئازاد دەتوانێت سەرکردایەتیکردنی لە ئەستۆ بگرێت و نابێت پڕۆلیتاریا لە جەماوەری جووتیاران نزیک ببێتەوە، بەڵکو دەبێت لە بۆرژوازیی ئازاد نزیک ببێتەوە))، لینین دەڵێت:

((بۆ بۆرژوازی، لە خەباتەکەیدا دژی پڕۆلیتاریا، وا باشترە پشت

بە هەندێک لە پاشماوەکانی ڕابوردوو ببەستێت، بۆ نموونە، ڕژێمی پاشایەتی، یان سوپای هەمیشەیی...)) ((بۆ بۆرژوازی وا باشترە شۆڕشی بۆرژوازی بەوپەڕی پێداگیرییەوە سەرجەم پاشماوەکانی ڕابوردوو ڕانەماڵێت (گسکیان لێ نەدات)، بەڵکو هەندێکیان بهێڵێتەوە، واتە ئەم شۆڕشە بە تەواوەتی گونجاو نەبێت، هەتا کۆتایی نەڕوات، ئەوەندە پێداگر نەبێت کە نەرمونیانی و چاوپۆشیی تێدا نەبێت. زۆر جار سۆسیال دیموکراتەکان بە شێوەیەکی کەمێک جیاواز گوزارشت لەم بیرۆکەیە دەکەن کاتێک دەڵێن بۆرژوازی هەر خۆی خیانەت لە دۆزەکەی خۆی دەکات، بۆرژوازی خیانەت لە دۆزی ئازادی دەکات، بۆرژوازی ناتوانێت پابەندی دیموکراسییەکی گونجاو بێت. شیاوترە بۆ بۆرژوازی هەندێک گۆڕانکاریی پێویست بە ئاراستەی بۆرژوازییانەی دیموکراسیدا بکات، بە هێواشییەکی زیاتر و شێنەیی و وریایی و بە پێداگیرییەکی کەمترەوە، لە ڕێگەی چاکسازییەوە بێت، نەک شۆڕش؛ ئەم گۆڕانکارییانەش بەرامبەر دامەزراوە فیوداڵییە (بەڕێزەکان) – بۆ نموونە، خاوەنێتی – تا ئەوپەڕی نەرمونیان بن، ئەم گۆڕانکارییانە بە کەمترین پشکی مومکین بەشداری بکەن لە گەشەپێدانی دەستپێشخەریی شۆڕشگێڕانە و مکووڕانە لای زۆرینەی خەڵک، واتە لای جووتیاران و بە تایبەتی لای کرێکاران، ئەگەر نا، ئەوا وەک ئەوەی فەڕەنسییەکان دەڵێن، بۆ کرێکاران ئاسان دەبێت (چەکەکانیان لەم شانەوە بکەنە ئەو شان)، واتە هەمان ئەو چەکانەی شۆڕشی بۆرژوازی پێی داون، ڕوویان بکەنە سنگی بۆرژوازی، ئەو ئازادییەش پێیانی دەدەن و ئەو دامەزراوە دیموکراسییانەش کە لەسەر خاکێکی بژارکراو لە بەندایەتی دادەمەزرێنرێن.))

((بەڵام چینی کرێکار بە پێچەوانەوەیە، شیاوترە بۆیان گۆڕانکارییە پێویستەکان بە ئاراستەی بۆرژوازیی دیموکراسیدا، بە شێوەیەکی

شۆڕشگێڕانە بێت، نەک لە ڕێگەی چاکسازییەکانەوە، چونکە ڕێگەی چاکسازی ڕێگەی پێچەبەدەورە و دەستی دەستییە، مردنێکی هێواش و بەئازاری بەشە بۆگەنبووەکانی جەستەی گەلە، پڕۆلیتارەکان و جووتیاران پێش هەر کەسێک و لە هەر کەسێکیش زیاتر بە دەست ئەم بۆگەنبوونەوە ئازار دەچێژن. بۆ پڕۆلیتاریا، ڕێگەی شۆڕشگێڕانە هاوشێوەی نەشتەرگەرییەکی خێرا و کەمئازارە، ڕێگەی بڕینەوەی بەشە بۆگەنبووەکەیە بە سووربوون و پێداگیرییەوە، ڕێگەی لایەنی کەمی تەنازول و نەرمونیانییە بەرامبەر ڕژێمی پاشایەتی و دامەزراوە گڵاو و ڕیسواکانی کە بۆگەنبوون دەیانرزێنێت و بە بۆگەنەکەی کەشوهەواکە ژاراوی دەکات.)) (هەڵبژاردەکان، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، ل ٤٧–٤٨). پاشان لینین درێژەی دەداتێ:

((تەنها پڕۆلیتاریا دەتوانێت بە ڕۆحی بەردەوامی و خۆڕاگرییەوە لەپێناو دیموکراسیدا تێ بکۆشێت، بەڵام ناتوانێت لەم تێکۆشانەی لەپێناو دیموکراسیدا سەربکەوێت، مەگەر ئەوەی جەماوەری جووتیاران پەیوەست ببن بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی پڕۆلیتاریاوە. ئەگەر پڕۆلیتاریا هێزی پێویستی بۆ ئەم مەبەستە بۆ فەراهەم نەبێت، ئەوا بۆرژوازی دەست بەسەر سەرکردایەتیی شۆڕشی دیموکراسیدا دەگرێت و مۆرکێکی ڕاڕا و خۆپەرستانەی لێ دەدات.)) (سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩).

لینین لە نێوان شۆڕشی دیموکراسی بە سەرکردایەتیی پڕۆلیتاریا و شۆڕشی سۆسیالیستی کە پڕۆلیتاریا بە سەرکردە و بونیادنەری سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەی دادەنرێ، پەیوەندییەکی ئۆرگانی و بەهێز دەبینێت و سەرکەوتنی یەکلاکەرەوە لە شۆڕشی دیموکراسیدا، بە واتای بەجێهێنانی تەواوەتیی ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراسی، بە سەرەتای خەبات لەپێناو شۆڕشی سۆسیالیسیتیدا دادەنا؛ سەبارەت بە یەکەم شۆڕشی دیموکراسی لە ڕووسیا لە ساڵی ١٩٠٥، دەڵێت:

((سەرکەوتنی تەواوەتیی شۆڕشی ئێستا، کۆتایی شۆڕشی دیموکراسی و سەرەتای خەباتێکی یەکلاکەرەوە لەپێناو شۆڕشی سۆسیالیستیدا تۆمار

دەکات. بەدیهێنانی داخوازییەکانی جووتیاران لە ڕۆژگاری ئێستاماندا و تێکشکاندنی تەواوەتیی کۆنەپەرستی و سەرکەوتنی کۆماری دیموکراسی، هەموو ئەمانە کۆتاییپێهێنانی شۆڕشگێڕانەی بۆرژوازی و تەنانەت کۆتاییپێهێنانی بێچەندوچوونی وردەبۆرژوازی و سەرەتای خەباتێکی ڕاستەقینە کە پڕۆلیتاریا لەپێناو سۆسیالیزمدا بەرپای دەکات، تۆمار دەکەن.)) پاشان لینین ئەم بیرۆکە زانستییە شۆڕشگێڕییەی دەخاتە ڕوو:

((پێویستە پڕۆلیتاریا شۆڕشی دیموکراسی هەتا کۆتایی بەجێ بهێنێت، ئەوەش بەوەی جەماوەری جووتیاران پەیوەندیی پێوە بکەن بۆ تێکشکاندنی بەرەنگاریی ئۆتۆکراسی لە ڕێگەی هێزەوە و ئیفلیجکردنی ڕاڕایی لای بۆرژوازی. دەبێت پڕۆلیتاریا شۆڕشی سۆسیالیستی بەرپا بکات، جەماوەری توخمە نیوەپڕۆلیتارییەکانی شارەکان پەیوەندیی پێوە بکەن بۆ تێکشکاندنی بەرەنگاریی بۆرژوازی لەڕێگەی هێزەوە و ئیفلیجکردنی ڕاڕایی لای جەماوەری جووتیاران و وردەبۆرژوازی. ئەمەیە ئەرکەکانی پڕۆلیتاریا.)) (سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩).

بەم جۆرە، لینینیزم لە ڕووی تیۆرییەوە بۆرژوازیی لە لوتکەی سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی دیموکراسیی بۆرژوازی هێنایە خوارەوە و ڕێگەی بۆ چینێکی شۆڕشگێڕی بوێر خۆش کرد کە سەرکردایەتیی شۆڕش بکات، ئەویش چینی کرێکارە.

کەواتە بۆرژوازی ناتوانێت لە شۆڕشی دیموکراسیی نەتەوە سەربەخۆکاندا، کە ڕووبەڕووی ئەرکی ڕزگاریی نیشتمانی دەبنەوە، ڕۆڵی سەرکردایەتیی شۆڕش ببینێت.

ئەدی بۆرژوازیی نیشتمانیی نەتەوە ستەملێکراوەکان، لە وڵاتانی کۆلۆنی و نیمچەکۆلۆنیدا؟ وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمەریکای لاتینی؟

وەڵامەکە ئەمەی خوارەوەیە.

# ڕۆڵی بۆرژوازیی نیشتمانیی
# نەتەوە کۆڵۆنی و نیمچەکۆڵۆنییەکان

گەلانی وڵاتانی کۆڵۆنی و نیمچەکۆڵۆنی لە هەرسێ کیشوەرەکە بە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراسیدا دەڕۆن و ڕووبەڕووی ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی دەبنەوە، بەو مانایەی لەپێناو ڕزگارکردنی نیشتمان لە کۆنترۆڵی کۆڵۆنیالیزمی بێگانە، سەربەخۆیی نیشتمانی، بەجێهێنانی چاکسازیی دیموکراسیی وەک چاکسازیی کشتوکاڵیی ڕیشەیی، بەپیشەسازیکردنی وڵات و ڕزگارکردنی ئابووریی نیشتمانی لە کۆنترۆڵی بێگانە و کێبڕکێی کۆڵۆنیالی و دەستوەردانی کۆمپانیا مۆنۆپۆلییە کۆڵۆنیالییەکاندا خەبات دەکەن کە هەوڵ دەدەن بە ئەختەبووتە بازرگانی و داراییەکەیان گەمارۆی ئەم ئابوورییە نیشتمانییە بدەن، لە گەردەنی بئاڵێن و ڕێگەی گەشەکردن و کامڵبوونی لێ بگرن، هەروەها لەپێناو ئازادییە دیموکراسییەکانی جەماوەری میللی و حیزبەکانی و هێزەکانی، لەبری دەسەڵاتێکی نۆکەری ئیمپریالیزم کە لە فیوداڵیزم و بۆرژوازیی کۆمپرادۆریدا بەرجەستە دەبێت، شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی هەوڵ دەدات دەسەڵاتێکی میللی دابمەرزێنێت کە تەنها نوێنەرایەتیی دیکتاتۆرییەتی یەک چین نەکات، بەڵکو نوێنەرایەتیی چینە پێشکەوتنخوازە دژەئیمپریالی و فیوداڵی و کۆمپرادۆرییەکان بکات پێکەوە؛ واتە کرێکاران، جووتیاران، وردەبۆرژوازی و بۆرژوازیی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز، دەسەڵاتێکی دیموکراتیکی ناوەندگەرا دادەمەزرێنێت کە ئازادییە دیموکراسییەکان دەدات بە گەل و تەنها دژ بە دوژمنانی گەل دیکتاتۆرییەت پەیڕەو دەکات.

کەواتە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی ئەرکەکانی شۆڕشی بۆرژوازیی کلاسیکی بەجێ دەهێنێت و لە قۆناغی یەکەمیدا وەک شۆڕشێکی دیموکراسیی بۆرژوازی دەمێنێتەوە، بە حوکمی ئەوەی ((هەر بزووتنەوەیەکی نیشتمانی ناتوانێت بزووتنەوەیەکی بۆرژوازیی دیموکراسی نەبێت – لینین.))

بەڵام شۆڕشێکی دیموکراتیکی بۆرژوازییە لە چەشنێکی نوێ و ((ماوەیەکی زۆرە بووە بە بەشێک لە شۆڕشی سۆسیالیستیی پڕۆلیتاریی جیهانی، بگرە لە کاتی ئێستادا بووە بە بەشێکی زۆر گرنگی ئەم شۆڕشە جیهانییە و هاوپەیمانێکی مەزنی.)) کەواتە هەڵوێست و ڕۆڵی بۆرژوازیی نیشتمانی بەرامبەری چییە؟ ئاخۆ، بۆ نموونە، هەمان هەڵوێست و ڕۆڵی بۆرژوازییە لە ڕووسیا؟

بێگومان جیاوازییەک هەیە لە نێوان بۆرژوازیی نەتەوەی سەربەخۆ و بۆرژوازیی نەتەوەی ستەملێکراو، بۆرژوازیی گەلانی کۆلۆنیکراو و نیمچەکۆلۆنیکراو، بۆرژوازیی ئەو گەلانەی بە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیدا تێ دەپەڕن.

بۆرژوازیی نەتەوەی سەربەخۆ وزەی شۆڕشگێڕیی خۆی لە دەست داوە و بووە بە چینێکی بەشدار لە حکومڕانیدا، چینێکی سەردار بە تەنها خۆی یان بە هاوبەشی لەگەڵ موڵکدارەکاندا. بەرژەوەندییە چینایەتییەکەی ئەوە دەخوازێت درێژە بە حکومڕانیی چەوسێنەرانە بدات دژ بە کرێکاران و جووتیاران و بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکەیان، هاوپەیمانی هێزە بۆرژوازییە جیهانییەکانە و بەم پێیەش، هێزێکی کۆنزەرڤاتیڤە. بەڵام بۆرژوازیی گەلانی خەباتکار لەپێناو ڕزگاریی نیشتمانیدا بۆرژوازییەکە ڕووبەڕووی چەوساندنەوەی ئیمپریالی و کێبڕکێی توندی بۆرژوازیی نێودەوڵەتی دەبێتەوە؛ سەربەخۆیی نیشتمانی بە مەرجێکی پێویست دەبینێت بۆ گەشەکردنی و دەستگرتنی بەسەر بازاڕی نیشتمانی و گرتنی هەندێک دەرچە بە ڕووی دزەکردنی سەرمایەداریی نێودەوڵەتیدا، هەر

بۆیە دەست بە جۆرێک لە (پۆپۆلیزم) و (شۆڕشگێڕییەوە) دەگرێت.

لینین لە وتارەکەیدا لەمەڕ دیموکراسی و پۆپۆلیزم لە چین، لەم بارەیەوە دەڵێت:

((بۆرژوازیی خۆرئاوایی کە گۆڕهەڵکەنەکەی –پڕۆلیتاریا– لە بەردەمیدا وەستاوە، بۆگەنی کردووە. بەڵام لە ئاسیا، هێشتا بۆرژوازییەکی کارامە هەیە بۆ نوێنەرایەتیکردنی دیموکراسییەکی دروستی تێکۆشەر و دڵسۆز، بۆ ئەوەی هاوڕێیەکی شایستە بێت بۆ مژدەبەخشانی مەزن و پیاوانی مەزن، کە فەرەنسا لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا خستنیەوە.))

((نوێنەری سەرەکی یاخود کۆڵەکەی کۆمەڵایەتیی سەرەکیی ئەم بۆرژوازییە ئاسیاییە، کە هێشتا دەتوانێت چالاکییەکی مێژوویی پێشکەوتنخوازانە بکات، جووتیارە. لە تەنیشتی ئەمەوە، بۆرژوازیی لیبراڵی و پیاوەکانی هەن، هاوشێوەی یوان شیکای، کە لە هەر کەسێکی دیکە زیاتر توانای خیانەتیان هەیە. دوێنێ لە بۆغدیخان ترسان و لە بەردەمیدا ناوچەوانیان لە خۆڵ وەردەدا (واتە بۆی هاتنە سەر چۆک)، پاش ئەوە، کاتێک هێزیان بینی و هەستیان بە سەرکەوتنی دیموکراسیی شۆڕشگێڕی کرد، پشتیان کردە بۆغدیخان، سبەینێش لەپێناو سەفقەیەک لەگەڵ بۆغدیخانێکی کۆن یان دەستوورخوازێکی نوێدا خیانەت لە دیموکراسیخوازان دەکەن.)) (بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی گەلانی ڕۆژهەڵات، چاپی عەرەبی، مۆسکۆ، دارالتقدم، ل ٧٨، ١٩٦٧).

ئەم دەربڕینە کورتە نایابانەی لینین ڕاڤەیەکی زانستیی وردیان تێدایە سەبارەت بە سروشتی بۆرژوازیی نیشتمانی لە وڵاتانی کۆلۆنی و نیمچەکۆلۆنی، هەروەها بۆ سروشتی توێژە بچووک و لیبراڵییەکانی پێکەوە، ئاشکراکردنی سیفەتی دوانەیی و تایبەتمەندیی دووڕوویی و هەمەچەشنەیی و گشتگیریی شۆڕشگێڕبوونی هەندێک جار، هەندێک جاری تریش ڕاڕایی و سازشەکانی.

هاوڕێ ماو تسی تۆنگ لە بەراوردکردنی نێوان بۆرژوازیی ڕووسی و بۆرژوازیی چینیدا دەڵێت:

((بۆرژوازیی ڕووسی لە هەموو سیفەتێکی شۆڕشگێڕانە داماڵرابوو. ئەرکی پڕۆلیتاریا لەوێ، بەرهەڵستیکردنی بۆرژوازی بوو، نەک یەکێتی لەگەڵیدا؛ بەڵام بۆرژوازیی نیشتمانیی چینی لە هەندێک ماوەی دیاریکراو و تا سنوورێکی دیاریکراو، سیفەتی شۆڕشگێڕانەی هەیە، لەبەر ئەوەی چین وڵاتێکی کۆلۆنی و نیمچەکۆلۆنییە و لە بەردەم ئەگەری دەستدرێژیدایە. ئەرکی پڕۆلیتاریاش لێرە ئەوەیە ئەم سیفەتە فەرامۆش نەکات و لەگەڵیدا بەرەیەکی یەکگرتوو دژی ئیمپریالیزم و حکومەتە بیرۆکراسییەکان و میرەکانی جەنگ پێک بهێنێت.))

بە هۆی ئەم جیاوازییە جەوهەرییە و بە هۆی ئەوەی بزووتنەوەی نیشتمانیی دیموکراسیی دژەئیمپریالیزم بەشێکە لە شۆڕشی سۆسیالیستیی جیهانی، ئینتەرناسیۆنالیزمی کۆمۆنیستی (کۆمێنتێرن) حیزبە کرێکاری و کۆمۆنیستەکانی لە ئەورووپا ناچار کرد ((پشتگیریی بزووتنەوە نیشتمانییە دیموکراسییە بۆرژوازییەکان بکەن.)) لینین دەڵێت ((پێویستە ئینتەرناسیۆنالیزمی کۆمۆنیستی هەنگاو بۆ هاوپەیمانییەکی کاتی لەگەڵ دیموکراسیی بۆرژوازی لە کۆلۆنییەکان و وڵاتە دواکەوتووەکان بنێت، بە مەرجی ئەوەی تێکەڵیان نەبێت و بە ڕەهاییەوە سەربەخۆیی بزووتنەوەی کرێکاری بپارێزێت، تەنانەت لە شێوە بەراییەکەشیدا.)) (لینین، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی گەلانی ڕۆژهەڵات، ل ٣٦٧). بەڵام نابێت وا لەم قسەیە تێ بگەین کە لینینیزم بانگەشەی بۆ پشتگیریکردن لە هەموو بزووتنەوەیەکی نیشتمانی کردووە، چونکە لینینیزم تەنها پشتگیریکردنی ئەو بزووتنەوە نیشتمانییە شۆڕشگێڕانەیەی سەپاندووە کە ئیمپریالیزم لاواز دەکات و دژایەتیی دەکات، نەک ئەو بزووتنەوە نیشتمانییانەی کە پەیوەستن بە

کۆلۆنیالیزمەوە. زۆر گرنگە سەرجەم توخمە مارکسی – لینینییەکان لە عێراق و کوردستان هەمیشە ئەوەیان لە بیر بێت کە ئینتەرناسیۆنالیزمی کۆمۆنیستی لە کۆنگرەی دووەمیدا لە مۆسکۆ لە تەمووزی ١٩٢٠، لەسەر بنەمای هەندێک پێشنیاز کە لینین دای ڕشتبوون، بڕیاری دا پشتیوانی و پاڵپشتیی بزووتنەوە نیشتمانییە (بە ڕاستی شۆڕشگێڕەکان) بکات؛ لینین لە لێدوانێکدا سەبارەت بە گۆڕینی دەستەواژەی (بۆرژوازیی دیموکراسی) بۆ دەستەواژەی (نیشتمانپەروەریی شۆڕشگێڕی) لە بڕیارەکانی کۆنگرەدا سەبارەت بە خەباتی گەلانی کۆلۆنی دەڵێت:

((مەبەستی ئەم ئاڵوگۆڕە لەوەدا کورت دەبێتەوە کە ئێمە وەک کۆمۆنیست، ناچار نین پشتگیریی بزووتنەوە بۆرژوازییەکان لە کۆلۆنییەکان بکەین و پشتگیرییشیان ناکەین، مەگەر تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت کە ئەم بزووتنەوانە بە ڕاستی شۆڕشگێڕ بن... لەو حاڵەتانەشدا کە نوێنەرانی ئەم بزووتنەوانە نابن بە ڕێگرمان لە پەروەردەکردن و ڕێکخستنی جەماوەری جووتیاران و جەماوەری بەرفراوانی چەوساوان، پەروەردەیەکی شۆڕشگێڕانە و ڕێکخستنێکی شۆڕشگێڕانە.)) (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨).

لێرەدا دەبێت پێداگیری لەسەر ئەم ڕاستییانەی خوارەوە بکەین:

یەکەم: نابێت مارکسیست – لینینیستەکان پاڵپشتیی هیچ ((بزووتنەوەیەکی پەیوەست بە کۆلۆنیالیزم و هاوپەیمانییە کۆلۆنیالیستییەکان بکەن، بەڵکو دەبێت بەرهەڵستیی بکەن. خۆ ئەگەر ئەم جۆرە بزووتنەوە نیشتمانییە دژی هێزە شۆڕشگێڕەکان جەنگا و جەماوەری جووتیارانی چەوساندەوە و فیوداڵیزمی بووژاندەوە، ئەوا دەبێت بەرهەڵستیی بکەن، چونکە مارکسیست – لینینیستەکان پاڵپشتیی بزووتنەوە نیشتمانییە (بە ڕاستی شۆڕشگێڕەکان) و دژە ئیمپریالییەکان و پیلانگێڕییەکانی دەکەن.

دووەم: مارکسیست – لینینیستەکان سەرنج و بایەخی خۆیان دەخەنە سەر پەروەردەکردن و ڕێکخستنی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری بەرفراوانی جووتیاران و کرێکاران، هەروەها هەبوونی ئیمکانییەتی خەبات بۆ ڕاپەڕاندنی جەماوەری میللی و هۆشیارکردنەوە و ڕێکخستن و پەروەردەکردنی بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە؛ سەرنج دەخەنە سەر بەدەستهێنانی ئازادیی کار و خەبات لەپێناو ئەم جۆرە پەروەردە شۆڕشگێڕی و هۆشیارییە جەماوەرییە، بە ئومێدی خوڵقاندن و چەسپاندن و بەهێزکردنی حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ و هۆشیارکردنەوەی جووتیاران، بۆ هێنانەکایەی هاوپەیمانێتیی کرێکاران و جووتیاران وەک بنچینەیەکی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو. ئەمە لە کاتێکدا لادەر و هەلپەرست و ڕیفۆرمیستەکان سەرنج دەخەنە سەر مەسەلە لاوەکییەکانی وەک بەشداریکردن لە وەزارەت و دابەشکردنی پۆستەکان و چنینەوەی دەسکەوت و ڕواڵەتگەرایی کاری عەلەنی.

سێیەم: مارکسیزم – لینینیزم لەلایەکەوە هاوپەیمانێتی لەگەڵ بۆرژوازیی نیشتمانیدا بە هاوپەیمانێتییەکی کاتی دادەنێت کە ڕەنگە درێژ ببێتەوە بۆ دیموکراسیی میللی، لە لایەکی تریشەوە مەرجدارە بە پاراستنی سەربەخۆیی بزووتنەوەی چینی کرێکار و پاراستنی سەربەخۆیی حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ لە ڕووی ڕێکخراوەیی و هزری و سیاسییەوە.

کەواتە سەرەتا پێویستە بانگەشەی هەڵوەشاندنەوەی حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ بە هەڵە بخرێتەوە، پاشان بانگەشەی نەبوونی ئیمکانییەتی هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ بۆرژوازیدا ڕەت بکرێتەوە.

بۆرژوازیی نیشتمانی لەو وڵاتانەی کە بە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیدا تێ دەپەڕن، بۆرژوازییەکە کە لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە لاوازە و خەسڵەتی [دوولایەنەی] بەشداریکردن لە شۆڕش و سازشکردن لەگەڵ دوژمنی هەیە. هاوڕێ ماو تسی تۆنگ لەم بارەیەوە دەڵێت:

((ئیمکانییەتی بەشداریکردن لە شۆڕشدا لە لایەکەوە و سازشکردن لەگەڵ دوژمن لە لایەکی ترەوە، سیفەتێکی دوولایەنیی بۆرژوازیی چینییە، وەک دەوترێ، (هەردوو وەزیفەکەی دەوێت). بۆرژوازی لە مێژووی ئەورووپا و ئەمەریکاشدا هەر ئاوا بووە. کاتێک ڕووبەڕووی دوژمنێکی بەهێز دەبووەوە، لەگەڵ کرێکاران و جووتیاراندا دژی ئەو دوژمنە دەچووە هاوپەیمانێتییەوە، بەڵام کاتێک کرێکاران و جووتیاران بێدار بوونەوە، ئەوا بۆرژوازی لێیان هەڵدەگەڕایەوە و لە دژی کرێکاران و جووتیاران لەگەڵ دوژمندا هاوپەیمانێتیی دەبەست. ئەمە یاسایەکی گشتییە و بۆ بۆرژوازی لە هەموو وڵاتانی جیهان ڕاستە، بەڵام ئەم خەسڵەتە لای بۆرژوازیی چینی بە شێوەیەکی ڕوونتر دەردەکەوێت.))

تێبینیی ئەو توانای سەرکردایەتییە ئاستبەرزەی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی چینی بکەن کە بە سەرۆکایەتیی ماو تسی تۆنگ درکی بەم خەسڵەتە کرد کە لای بۆرژوازیی چینی بە شێوەیەکی ڕوونتر دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا هاوپەیمانیی لەگەڵدا کرد، نەک تەنها دژی ئیمپریالیزمی داگیرکاری دوژمن، بەڵکو لە شۆڕشی نیشتمانی میللییشدا و تا بونیادنانی دەوڵەتی دیموکراسیی نوێ.

هاوڕێ ماوتسی تۆنگ لە کاتی ڕاڤەکردنی دیکتاتۆرییەتی دیموکراسیی میللیدا دەڵێت گوتەزای گەل ((چینی کرێکاران و جووتیاران و وردەبۆرژوازیی شار و بۆرژوازیی نیشتمانی دەگرێتەوە. ئەم چینانە لەژێر سەرکردایەتیی چینی کرێکار و پارتی کۆمۆنیستدا یەک دەگرن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان و هەڵبژاردنی حکومەتەکەیان، بە مەبەستی پیادەکردنی دیکتاتۆرییەت بەسەر نۆکەرانی داگیرکەر، واتە بەرامبەر موڵکدارانی عەقار و بۆرژوازیی بیرۆکراسی.)) (نامیلکەی دیکتاتۆرییەتی دیموکراسیی میللی، چاپی پەکین، ل٢٠).

سەبارەت بە پێویستیی بەشداریکردنی بۆرژوازی لە حکومڕانیی دیموکراسیی میللی و پێویستیی دیموکراسیی میللی بە بۆرژوازیی نیشتمانی، ماو تسی تۆنگی خاوەنی تیۆری دیموکراسیی میللی دەڵێت:

((لە قۆناغی ئێستادا، بۆرژوازیی نیشتمانی گرنگییەکی زۆر گەورەی هەیە، ئێمە هێشتا ڕووبەڕووی کۆڵۆنیالیزم دەبینەوە کە دوژمنێکی دڕندەیە.

پیشەسازیی نوێی چینی تا ئێستاش ڕێژەیەکی سەدیی لاوازی لە تێکڕای ئابووریی نیشتمانیدا گرتووە... چین بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی فشاری داگیرکەران ببێتەوە و ئابوورییە دواکەوتووەکەی هەنگاوێک بباتە پێشەوە، دەبێت سوود لە سەرجەم توخمە گرنگەکانی سەرمایەداری لە شار و لادێ وەربگرێت. ئەم توخمانە بەسوودن بۆ گەشانەوەی نیشتمانی و خۆشگوزەرانیی گەل، زیانبەخش نین و دەبێت لەگەڵ بۆرژوازیی نیشتمانیدا لە خەباتی هاوبەشدا یەک بگرن.

سیاسەتی ئێستامان لەسەر چاودێریکردنی سەرمایەداری وەستاوە، نەک لابردنی.)) (سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩).

کەواتە سووربوون لەسەر کەسبکردنی بۆرژوازیی نیشتمانی تەنها لەبەر خواستی دامەزراندنی هاوپەیمانییەکی نیشتمانیی فراوان نییە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و فیودالیزم، بەڵکو بە هۆی پێداویستیی وڵاتەکانیشمانە بۆ سوودوەرگرتن لە بۆرژوازیی نیشتمانی بۆ خولقاندنی ئابوورییەکی نیشتمانیی گەشاوە و سوودوەرگرتن ((تا ئەوپەڕی توانا لە خەسڵەتە پۆزەتیڤەکانی سەرمایەداریی تایبەت لە شار و لادێ، ئەوەش لە بەرژەوەندیی گەشەپێدانی ئابووریی نیشتمانیی لادێ.

لەو ماوەیەشدا دەبێت ڕێگە بە هەموو توخمەکانی سەرمایەداری لە شار و لادێ بدرێت، کە زیانبەخش نین، بەڵکو بەسوودن بۆ ئابووریی نیشتمانی کە بمێننەوە و گەشە بکەن. ئەمە تەنها مەسەلەیەکی حەتمی

نییە، بگرە لە ڕووی ئابوورییشەوە پێویستە)) وەک ئـەوەی هـاوڕێ ماو تسی تۆنگ دەڵێت. گرنگیی ئەو فاکت و ڕاستییانەی خرانە ڕوو، وەڵامدانەوەیەکی بەجێ و بەدرۆخستنەوەیەکی پڕاوپڕی بانگەشەکانی چەپڕەویی منداڵانەیە بۆ سڕینەوەی بۆرژوازیی نیشتمانی (لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە) و خۆماڵیکردنی بەپەلە (پێش کاتی خۆی) و جەنگان لەگەڵ سەرمایەداریی نیشتمانیی ناونجی تەنانەت پێش بەجێهێنانی ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراسیی میللی. ئێمە لە وڵاتی خۆماندا چەندین نموونەی ڕێوشوێنی بەپەلە و سەرپێیی گرووپە وردەبۆرژوازییەکان دژی سەرمایەداریی نیشتمانیی ناونجی دەبینین لەژێر پەردەی سۆسیالیزم و لە بازاڕی موزایەدەی ئاشکرا بەسەر چەپڕەویدا، کە ئەمە بووە بە هۆی شێواندنی بازاڕی نیشتمانی و لاوازکردنی ئابووریی وڵات و لاوازکردنی بەرەی ناوخۆیی بە ڕووی ئیمپریالیزم و فشارە ئابووری و سیاسییەکانیدا، هەروەها تەگەرەدانان لە بەردەم پەرەسەندن و گەشەسەندنی ئابووریی نیشتمانیدا. لە ڕاستیدا (دیاریکردنی سەرمایە) لە ڕووی سیاسەتی باجگیری و نرخەکان و لە ڕووی هەلومەرجی کار و مافەکانی کرێکارەوە پێویست و گرنگە، بەڵام ((کۆتکردنی سەرمایەی تایبەت بە شێوەیەک کە تەجاوزی سنوور بکات و چەقبەستوانە بێت)) و باوەڕهێنان بەوەی ((ناکرێت هەروا زۆر بە ئاسانی و خێراییەکی بێوێنە سەرمایەی تایبەت لەناو ببرێت))، ((بۆچوونێکی تـەواو هەڵەیە، بۆچوونی هەلپەرەستانەی چەپڕەوانەیە، یاخود ڕوانینێکی سەرکێشانەیە)) وەک ئەوەی سەرۆک ماو دەڵێت.

بە کورتی، پێویستە بەرهەڵستیی لادانی چەپڕەوانە بکرێت کە بانگەشەی ئەوە دەکات مەحاڵە بۆرژوازیی نیشتمانی لە شۆڕش دژی ئیمپریالیزم و فیوداڵیزمدا بەشداری بکات، چونکە بۆرژوازیی نیشتمانی دەتوانێت —سـەرەڕای لاوازییە سیاسییەکەی — لە خەباتی شۆڕشگێڕانە دژی ئیمپریالیزم و دەستدرێژیی بێگانە و فیوداڵیزم بەشداری بکات، ئەوەش

بە هۆی ئەوەی لە لایەن ئیمپریالیزمەوە تووشی چەوساندنەوە دەبێت و ناتەبایی بەرژەوەندییەکانی لە هەندێک هەلومەرجی دیاریکراودا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزمدا. نەک هەر ئەوە، بەڵکو تەنانەت دەکرێت بەشێکی دیاریکراویان پەلکێشی شۆڕشی دیموکراسیی نوێ بکرێن.

هاوڕێ ماوتسی تۆنگ دەڵێت:

((بۆرژوازیی نیشتمانی لە ڕووی سیاسییەوە چینێکی زۆر لاوازە و زۆریش ڕاڕایە. بەڵام لە ئەنجامی چەوسانەوە و کۆتوبەندکردنیان لەسەر دەستی کۆلۆنیالیزم و فیودالیزم و سەرمایەداریی بیرۆکراسی، دەکرێت زۆرینەی ئەندامانیان پەیوەندی بە شۆڕشی دیموکراسیی میللییەوە بکەن، یاخود هەڵوێستی بێلایەنی بگرنە بەر. ئەوان بەشێکن لە جەماوەری فراوانی میللی، بەڵام کۆڵەکە سەرەکییەکەی نین و ئەو هێزەش نین مۆرکی شۆڕش دیاری بکەن.)) (ماو تسی تۆنگ، نووسراوە هەڵبژاردەکان، بەرگی چوارەم، چاپی عەرەبی، دار ابن سیناء، بیروت، ل ٢٤٣).

لەبەر هەموو ئەمانە، پێویستە هێزە شۆڕشگێڕە پێشڕەوەکان لەگەڵ لێشاوی ڕیڤیژنیزمی چەپڕەوانەی منداڵانەدا نەڕۆن ((دژ بە هەموو بۆرژوازیی نیشتمانی))، بەڵکو دەبێت خەبات بکات لەپێناو کەسبکردنی فراوانترین توێژەکانی بۆرژوازیی نیشتمانی لە بەرژەوەندیی خەبات دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی، بە تایبەتی لە کاتی توندبوونی پیلانگێڕیی ئیمپریالی و دەستدرێژیی زایۆنیزمی نیشتەجێکردن کە ئیمپریالیزمی ئەمەریکی پاڵپشتیی دەکات.

ئەمە هەڵوێستی زانستی و شۆڕشگێڕانەی ڕاستەقینەیە بەرامبەر بۆرژوازیی نیشتمانی، کە لەبەر ڕۆشنایی پرەنسیپە شۆڕشگێڕییەکان بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی دیموکراسیی میللی، لە توخمە مارکسیستە – لینینیستە خەباتکارەکان دەوەشێتەوە.

## هۆکارەکانی بێتوانایی بۆرژوازی
## لە سەرکردایەتیکردنی شۆڕشدا

لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە سەبارەت بە ئیمکانییەت و پێویستیی بەشداریکردنی بۆرژوازیی نیشتمانی لە شۆڕش و دیموکراسیی میللی و گرنگییەکەی بۆ ئابووریی نیشتمانی خرانە ڕوو، کەچی بۆرژوازیی نیشتمانی ناتوانێت لە بزووتنەوەی نیشتمانیی دیموکراسیدا ڕۆڵی سەرکردایەتیی شۆڕشگێڕ ببینێت، بگرە ناتوانێت سەرکردایەتیی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی بکات، ئەوەش لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە، سەرەڕای ئەو ڕاستییانەی کە لەمەڕ بۆرژوازی و توانای خەبات و خەسڵەتە چینایەتییەکانی ڕوون کرانەوە.

یەکەم: لاوازیی بۆرژوازیی نیشتمانی لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە، ئەمەش توانا سیاسی و ئابوورییەکەی سنووردار دەکات و وای لێ دەکات سیفەتی سازشکردن لەگەڵ دوژمنانی شۆڕشدا وەربگرێت، هەروەها لاوازییە (چەندێتی و چۆنێتییەکەی) دەخاتە ڕوو لە لەئەستۆگرتنی ئەرکەکانی سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی دژی دوژمنەکانی لە ئیمپریالیزم و فیودالیزم و سەرمایەداریی کۆمپرادۆریی تا کۆتایی.

دووەم: دەستتێکەڵکردنی سەرمایەداریی جیهانی لەگەڵ بۆرژوازیی نیشتمانی، گۆڕانکاریی لە سروشتی بۆرژوازیی نیشتمانی و چۆنێتیی پەیوەندییەکەی لەگەڵ بۆرژوازیی جیهانیدا هێناوەتە کایەوە. لینین لە ڕاپۆرتێکدا کە بە ناوی کۆمیتەی تایبەتمەند بە مەسەلەی ناسیۆنالیزم و مەسەلەی کۆلۆنییەکان پێشکەشی کۆنگرەی دووەمی ئینتەرناسیۆنالیزمی کۆمۆنیستیی کردووە، بەم شێوەیە [ئەم پەیوەندییەی] دەستنیشان

کردووە:

((هەندێک نزیکبوونەوە لە نێوان بۆرژوازیی وڵاتە چەوسێنەرەکان و بۆرژوازیی وڵاتە کۆلۆنییەکاندا ڕووی داوە، کە وای کردووە بۆرژوازیی وڵاتانی چەوساوە، سەرەڕای پشتگیریکردنی بزووتنەوە نیشتمانییەکان، لە هەمان کاتدا لە زۆر حاڵەتدا، یان با بڵێین لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، بە ڕێککەوتن لەگەڵ بۆرژوازیی ئیمپریالیدا، واتە لەگەڵیدا، دژی سەرجەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕ و چینە شۆڕشگێڕەکان خەبات بکات.)) ئەمڕۆ دەتوانین بڵێین پاش پەلهاویشتنی سەرمایەداریی جیهانی بۆ نێو وڵاتانی کۆلۆنی و وڵاتە پاشکۆکان و دەرکەوتنی سەرمایەداری لەو وڵاتانەدا، هەروەها پەیوەستبوونی ئابووریی ئەم وڵاتانە بە بازاڕی سەرمایەداریی جیهانییەوە و پەیوەستبوونی سەرمایە بازرگانییەکەی بەم بازاڕەوە بە چەندین ڕایەڵ و بەرژەوەندیی ئابووریی دوولایەنەوە، دەستتێکەڵکردن و پەیوەندیی زۆر ڕوویان داوە.

هەر بۆیە ئەم بۆرژوازییە نیشتمانییە ناتوانێت لە شۆڕشی دژ بە سەرمایەداریی جیهانیدا، کە بە چەندین ڕایەڵ پێیەوە پەیوەستە، ڕۆڵی سەرکردایەتی ببینێت، شۆڕشێک کە گەورەبوونێکی بەرچاوی کرێکاران و جووتیاران و ڕەنجدەرانی وڵاتەکەی بە خۆیەوە دەبینێت، هەروەها گەورەبوونی خەباتە سیاسییەکەی لەپێناو لەناوبردنی ئیمپریالیزم و چەوسانەوەدا، بە جۆرێک، کە هێزەکانی کرێکاران و جووتیاران و ڕەنجدەران، وەک هێزی بنچینەیی و پاڵنەری شۆڕشی دیموکراسی، خەباتی خۆیان بەرپا دەکەن، تەنانەت دژی بۆرژوازیی لۆکاڵییش، بە تایبەتییش لەبەر ئەوەی [بۆرژوازی] بەوە دەناسرێتەوە کە کاتێک کرێکاران و جووتیاران ڕادەپەڕن، دەتوانێت پشت بکاتە شۆڕش و لەگەڵ دوژمناندا سازش بکات و بە حەتمی لە ڕاپەڕاندنی شۆڕش هەتا کۆتایی دوور دەکەوێتەوە.

سێیەم: شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی لە وڵاتانی کۆلۆنی و نیمچەکۆلۆنیدا چیتر شۆڕشێکی کۆنەباو نییە، بەڵکو بووە بە شۆڕشێکی نیشتمانیی دیموکراسیی نوێ لە سەرجەم ئەو وڵاتانەی کە ڕووبەڕووی ئەرکەکانی قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراسی دەبنەوە. هەر بۆیە بۆرژوازیی نیشتمانی، کە هەوڵ دەدات حکومڕانییە پەرلەمانییەکەی دابمەزرێنێت و دەسەڵاتە چینایەتییەکەی بسەپێنێت، واتە دیکتاتۆرییەتە بۆرژوازییەکەی کە ناتەبایە لەگەڵ سروشتی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتیکی هاوچەرخدا کە داوای دامەزراندنی دەسەڵاتی گەل دەکات بە هەر چوار چینە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازەکەیەوە، ناتوانێت ئەرکەکانی ئەم شۆڕشە دیموکراتیکە بەجێ بهێنێت.

ئەمەش واتە ناتوانرێت دەسەڵاتی سیاسیی دیموکراسیی نوێ بەسەرکردایەتیی بۆرژوازی بونیاد بنرێت، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی دیموکراسیی نوێ هیچ نییە جگە لە قۆناغێکی ڕاگوزەری بەرەو سۆسیالیزم کە بۆرژوازی دژایەتیی دەکات و تەنها چینی کرێکار دای دەمەزرێنێت؛ ئەمە لە کاتێکدا بۆرژوازی هەمیشە هەوڵ دەدات دەسەڵاتی خۆی بەسەر پرۆلیتاریادا بسەپێنێت، واتە درێژە بدات بە چەوساندنەوەی کرێکاران و ڕەنجدەران و پاراستنی سەروەریی خۆی بەسەریاندا؛ لەبەر ئەوەش کە دیموکراسیی نوێ وردەوردە ئەو قۆرخکارییە لەناو دەبات کە سەرمایەداریی نیشتمانی چاوی تێ بڕیوە، وەک چۆن دەسەڵاتی بۆرژوازیی نیشتمانییش بەسەر ژیانی ئابووریی وڵاتەکەدا لەناو دەبات. دیموکراسیی نوێ شانبەشانی قەدەغەکردنی قۆرخکاری، کەرتێکی گشتی و فراوان و بەهێز لە ئابووریی نیشتمانیدا دەخوڵقێنێت، بە تایبەتی بوارەکانی پیشەسازی و بازرگانیی دەرەکی و بانکەکان، لە کاتێکدا بۆرژوازیی نیشتمانی، بە ناوی ئازادیی بازرگانی و پیشەسازییەوە، واتە ئازادیی خۆی لە وەبەرهێنانی سامان و خێروبێرەکانی وڵاتدا بۆ

بازاڕ و ئابووری و بەرژەوەندییە چینایەتییەکەی خۆی، چاو دەبڕێتە ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئابووریی نیشتمانیدا بسەپێنێت.

دیموکراسیی نوێ تەنها بە سەرکردایەتیی چینی کرێکار بونیاد دەنرێت، نەک بۆرژوازی، واتە بۆرژوازی ناتوانێت سەرکردایەتیی شۆڕشێک بکات کە ئەرکە بنچینەییەکەی دامەزراندنی دەسەڵاتی دیموکراسیی میللییە لەسەر داروپەردووی ئیمپریالیزم و فیوداڵیزم.

چوارەم: شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیی هاوچەرخ بەشێکە لە شۆڕشی سۆسیالیستیی جیهانی کە لە سەردەمی خۆیدا شۆڕشی سۆسیالیستیی مەزنی ئۆکتۆبەر لە ڕووسیا لە ساڵی ١٩١٧ دەسپێکی سەردەمێک بوو، شۆڕشی (چینی)یش لە ساڵی ١٩٤٩ سەرکەوتنەکانی گەیاندە لوتکە. شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە شۆڕشی سۆسیالیستیی جیهانیدا، چونکە وەک ئەوەی لینین دەڵێت:

((شۆڕشی سۆسیالیستی نە بە گشتی و نە بە شێوەیەکی سەرەکی بریتی نابێت لە خەباتی پڕۆلیتاریا، لە نێوان شۆڕشگێڕانی هەر وڵاتێک دژی بۆرژوازیی وڵاتەکانیان، بەڵکو دەبێتە خەباتی سەرجەم ئەو کۆلۆنی و وڵاتانەی کە ئیمپریالیزم ستەمیان لێ دەکات، خەباتی سەرجەم وڵاتانی پاشکۆ دژی ئیمپریالیزمی جیهانی.)) (بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی گەلانی ڕۆژهەڵات، ل ٣٤).

بەڵگەنەویستە [بۆرژوازی] ناتوانێت سەرکردایەتیی ئەم شۆڕشە نیشتمانییە دیموکراسییە بکات کە بووە بە بەشێکی گرنگی شۆڕشی سۆسیالیستیی جیهانی و ئەو هەموو بایەخەی هەیە لە سەرکەوتنی پڕۆلیتاریای جیهانیدا، چینێکی بۆرژوازی کە سروشتە چینایەتییەکەی ناتەبایە لەگەڵ سۆسیالیزمدا. هەر بۆیە بۆرژوازی بە بێتوانا دادەنرێت لە سەرکردایەتیکردنی ئەم شۆڕشە نیشتمانییەدا، کە ئەم هەموو بایەخەی

هەیە لە ڕووخاندنی قەڵای ئیمپریالیزم و سەرخستنی سۆسیالیزم و لەناوبردنی چەوساندنەوە و سەرمایەداریدا؛ بۆرژوازیی نیشتمانی، تەنانەت ئەو کاتەش کە بەشداریی شۆڕشی نیشتمانی دەکات، سیفەتە چینایەتییەکەی دەپارێزێت کە سیفەتی سازشکردنە لەگەڵ دوژمنانی شۆڕشدا، بە تایبەتی کاتێک جووتیاران و کرێکاران ڕادەپەڕن و بە گوڕوتینەوە بەشداریی خەباتی شۆڕشگێڕانە دەکەن؛ وەک چۆن بۆرژوازیی نیشتمانی ئارەزوو ناکات بە تەواوی لە ئیمپریالیزم جیا ببێتەوە تەنانەت ئەو کاتەش کە لە شۆڕشدا بەشداری دەکات، هەرگیز هەموو پردەکانی لەگەڵیدا ناڕووخێنێت؛ خەباتی بۆرژوازی دژی ئیمپریالیزم خەباتێکی سنووردارە و بە ڕزگاریی سیاسیی وڵات سنووردار کراوە، بە واتای دەرکردنی هێزە کۆلۆنیالیستەکان و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسی بە شێوەیەکی فەرمی. بۆرژوازی نایەوێت و ناتوانێت ئیمپریالیزم و هەژموونە سیاسی و سەربازییەکەی و پەلهاویشتنە ئابووری و هزرییەکانی ڕیشەکێش بکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە، هەوڵ دەدات بە پشتبەستن بە دەزگا ئیداری و دادوەرییەکان، کە ئیمپریالیزم بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی دای مەزراندوون، تەنها بەرژەوەندییە چینایەتییە چاوچنۆکانەکانی خۆی زامن بکات، چونکە، وەک لینین دەڵێت، ((بۆ بۆرژوازی وا باشترە لە خەباتیدا دژی پرۆلیتاریا، پشت بە هەندێک لە پاشماوەکانی پرۆلیتاریا ببەستێت، وەک ڕژێمی پاشایەتی و سوپای هەمیشەیی... شۆڕش بەوپەڕی پێداگیرییەوە سەرجەم پاشماوەکانی ڕابوردوو ڕانەماڵێت، بەڵکو هەندێکیان بهێڵێتەوە، واتە شۆڕش هەتا کۆتایی نەبات.))

بۆرژوازی کە هەست بە پەیوەندیی خزمایەتی دەکات لەگەڵ سەرمایەداریی نێودەوڵەتیدا، کە ئیمپریالیزمی لێ کەوتووەتەوە، هەوڵ دەدات پەیوەندییە بازرگانی و بانکی و ئاڵوگۆڕییەکانی لەگەڵ بازاڕە

جیهانییەکەیدا بهێڵێتەوە، هەروەها ڕێگە خۆش دەکات بۆ هێشتنەوەی وڵات و ئابوورییەکەی لە داوی کۆلۆنیالیزمی نوێدا. هەموو ئەمانە وا دەکەن خەباتەکەی دژی ئیمپریالیزم سنووردار بێت، پێداگرانە نەبێت و خەوشی سازش و تەنازولکردنی هەبێت.

هەر بۆیە بۆرژوازی بە بێتوانا دادەنرێت لە چارەسەرکردنی یەکەمین ئەرکی سەرەکیی شۆڕشی نیشتمانیدا، کە لەناوبردنی یەکجارەکیی ئیمپریالیزمە، هەر بۆیە بە بێتوانا دادەنرێت لە بەجێهێنانی ڕۆڵی سەرکردایەتی لە شۆڕشدا.

پێنجەم: بۆرژوازیی نیشتمانی بە چەندین ڕایەڵەی دیاریکراو پەیوەستە بە فیوداڵیزم و زەویدارە گەورەکانەوە، پەیوەندی و درێژبوونەوەی زۆری هەیە لەگەڵ بۆرژوازیی لادێدا، کە ئەمە وای لێ دەکات نەتوانێت و خواستی نەبێت چاکسازیی کشتوکاڵیی ڕیشەیی جێبەجێ بکات. ئەم دیاردەیە لە وڵاتەکەماندا بەرجەستەیە، چونکە زۆر لە (زەویدارەکان و سەرۆکی خێڵەکان و ئەندامانی فیوداڵیزم) کە ئاژەڵدارانی گەورە و خاوەن بەرهەمی زۆرن، بەرهەمی ئاژەڵی و کشتوکاڵی دەفرۆشن و بازرگانیی پێوە دەکەن، کە ئەمەش وا دەکات لە یەک کاتدا هەم موڵکدار بن، هەم سەرمایەدار. هەر ئەمەشە پەیوەستیی نێوان سەرمایەداری و فیوداڵیزم بەهێز دەکات و وا لەم سەرمایەدارییە دەکات لەوانی تر ڕاسترەوتر بێت، بە تایبەتی لە بواری چاکسازیی کشتوکاڵی و دژایەتیی ئیمپریالیزمدا؛ پاشان بەشداریکردنی سەرمایەداران لەگەڵ فیوداڵیزمدا لە چەوساندنەوەی جووتیاران لە ڕێگەی وەبەرهێنانی سەرمایەکانیانەوە –بۆ نموونە، هەر وەک مامەڵەی بازرگانانی تووتن لەگەڵ موڵکدارەکاندا– وا دەکات سەرمایەداری پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ فیوداڵیزمدا هەبێت و بەرژەوەندیی هاوبەشی لەگەڵیدا هەبێت، کە ئەمە سیفەتی ڕادیکاڵیزمی شۆڕشگێڕانەی لێ دوور دەخاتەوە لە

دژایەتیکردنی فیوداڵیزمدا، کە کۆڵەکەی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستییە. لەبەر ئەوەی زۆر لە سەرمایەدارەکان بنەچەیەکی فیوداڵییان هەیە و لە خێزانە زەویدار و ئەرستۆکراتە کۆنەکانن، ژمارەیەکی زۆریشیان پەیوەندیی بەرژەوەندیخوازانەیان لەگەڵ فیوداڵدا هەیە؛ ئەمەش واتە بێتوانایی لە سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەیەکی نیشتمانیدا کە لە جەوهەردا مەسەلەی جووتیارانە، دواتر، ناتوانێت سەرکردایەتیی شۆڕشی نیشتمانی بکات کە جووتیاران سوپا بنەڕەتییەکەی پێک دەهێنن؛ بە تایبەتی لەم سەردەمەماندا کە هەلومەرجی نیشتمانی و نێودەوڵەتی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی ناچار دەکات لە لادێوە دەست پێ بکات، لادێ بکات بە بنکەی شۆڕشگێڕانە، فراوانی بکات و لەوێوە گەمارۆی شارەکان بدات وەک دەسپێکێک بۆ ڕزگارکردنیان.

کەواتە بۆرژوازیی نیشتمانی ناتوانێت ئەرکی دووەمی شۆڕشی نیشتمانی بەجێ بهێنێت (چاکسازیی کشتوکاڵیی ڕیشەیی) لە ڕێگەی ڕووخاندنی یەکجارەکیی فیوداڵیزم و ڕزگارکردنی جووتیاران لە کۆتوبەندیان و دواکەوتن و پاشماوەکانی بەندایەتی، دواتریش، بە بێتوانا دادەنرێت لە بەرپاکردنی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی، کە بە سەرکەوتوو دانانرێت ئەگەر چاکسازیی کشتوکاڵیی ڕیشەیی جێبەجێ نەکات و فیوداڵیزم نەڕووخێنێت، کە ئەمە بە دووەم ئەرکی سەرەکیی شۆڕش دادەنرێت. هەر بۆیە بۆرژوازیی نیشتمانی ناتوانێت ڕۆڵی سەرکردایەتی لە شۆڕشدا بگرێتە دەست.

شەشەم: چینی بۆرژوازیی نیشتمانی چینێکی کۆمەڵایەتیی ترسنۆک و خۆپەرست و ڕاڕایە. ئەم سیفەتانەش ڕێگەی لێ دەگرن ڕۆڵی سەرکردایەتیی بێسڵەمینەوەی پێویست ببینێت بۆ سەرخستنی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی لە سەردەمەکەماندا، کە بە گشتی بووە بە شۆڕشێکی توندوتیژ و خوێناوی و درێژخایەن، کە جەنگی پڕ

لە کوشتوبڕ بە خۆوە دەبینێت، بە هەلومەرجی سەخت و بەرزونزمیی زۆردا تێ دەپەڕێت و ڕووبەڕووی نسکۆ و شکستی زۆر دەبێتەوە. سەرەڕای ئیمکانییەتی بەشداریکردنی بۆرژوازیی نیشتمانی لە شۆڕشدا، بەڵام وەک ئەوەی هاوڕێ ماو تسی تۆنگ دەڵێت، ((لەگەڵ ئەوەشدا بۆرژوازیی نیشتمانی ناتوانێت ڕۆڵی سەرکردایەتیکردنی شۆڕش ببینێت، چونکە دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووریی بۆرژوازی، لاوازیی دونیابینی و بوێرییەکەی دیاری کردووە، هەروەها ترسی لە جەماوەر، کە ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەمەیان سەلماندووە.)) (نامیلکەی دیکتاتۆرییەتی دیموکراسیی میللی، چاپی عەرەبی، پەکین، ل ٢٩–٣٠).

حەوتەم: بە زۆری، بۆرژوازی هەموو ئەو دامودەزگا کۆنانە دەهێڵێتەوە (دەیانپارێزێت) کە بە میرات لە کۆلۆنیالیزم و دەسەڵاتی بەکرێگیراوی کۆلۆنیالیزمیان وەردەگرێت بە هەموو دامودەزگا سەربازییەکانەوە، لە چەشنی سوپا و پۆلیس و دەزگا داپلۆسێنەرەکانی تر.

بەوەش، بۆرژوازیی نیشتمانی شۆڕش تەواو ناکات، بەڵکو لە نیوەی ڕێگەدا دەیوەستێنێت، چونکە تەواوکردنی شۆڕش تێکشکاندنی دەزگا کۆنەکان و ڕامالینی شوێنەوارەکانیان و بونیادنانەوەیان دەخوازێت. لەوەش خراپتر، بۆرژوازی هەندێک لە کۆڵەکە بەهێزەکانی دژەهەڵگەڕانەوە لە شۆڕش دەهێڵێتەوە، چونکە دەزگا کۆنە میراتییەکان دەگۆڕێن بۆ کۆڵەکەکانی کۆنەپەرستی و ڕاستڕەوی و هێزە بەکرێگیراوەکانی پەیوەست بە ئیمپریالیزم. ئەم هێزانە، کە لە نێو دەزگا کۆنەکاندا کنەیان کردووە، لەوانەیە کودەتایەکی کۆنەپەرستانە بەرپا بکەن، یاخود بەشداری بکەن لە گۆڕینی شێنەیی و ئاشتییانەی حکومڕانیی بۆرژوازیی نیشتمانی بۆ حکومڕانییەکی ڕاستڕەو و کۆنەپەرست و گرێدراو بە کۆلۆنیالیزمی نوێ.

نموونەی ئەم جۆرە دەزگایانە دەبنە ڕێگر لە بەردەم جێبەجێکردنی

چاکسازیی ڕیشەیی و ئەنجامدانی گۆڕانکاریی بنەڕەتی و قووڵ لە کۆمەڵگەدا و ڕێگە لە گۆڕانکارییە یەکلاکەرەوە و شۆڕشگێڕییەکان لە وڵاتدا دەگرن.

هەر بۆیە بۆرژوازی ناتوانێت سەرکردایەتیی شۆڕش بکات کە ئامانجەکەی ڕامالینی سەرجەم پاشماوەکانی ڕابوردووە و دەیەوێت ڕێوشوێنی ڕیشەیی پێشکەوتنخوازانە بگرێتە بەر.

ئەمە سەبارەت بە بۆرژوازی بە گشتی، ئەدی بۆرژوازیی نیشتمانیی عێراقی؟

## ڕۆڵی بۆرژوازیی نیشتمانیی عێراقی

با مەسەلەی ڕۆڵی بۆرژوازیی نیشتمانیی عێراقی لە شۆڕشدا لە ڕووی مێژووییەوە وەربگرین، ئەویش لەمیانەی گەشەکردنی بزووتنەوەی نیشتمانیی عێراقییەوە لە کاتی شۆڕشی ساڵی بیستەوە [مەبەست شۆڕشی ساڵی١٩٢٠ـە]، کە ڕۆڵێکی دیاری بینی لە بزووتنەوەی نیشتمانیی دژ بە ئیمپریالیزمی بریتانیدا، بەڵام لاوازییە چەندێتی و جۆرێتییەکەی و هاوپەیمانێتینەکردنە جدییەکەی لەگەڵ ڕەنجدەراندا وایان کرد ڕۆڵەکەی سنووردار بێت، بەڵام لە مەیدانی بەگژداچوونەوەی کۆلۆنیالیزمدا مایەوە، هەرچەندە هەمان ڕۆڵیشی نەبینیبێت لە خەبات دژی فیوداڵیزم، ئەگەرچی یەکێکە لە بەهێزترین کۆڵەکە کۆمەڵایەتییەکانی حکومڕانێتیی پاشایەتیی نۆکەری کۆلۆنیالیزم و دژ بە بزووتنەوەی نیشتمانیی دیموکراسی، ئەوەش بە هۆی ڕایەڵە و پەیوەندییە زۆرەکانی نێوان بۆرژوازیی عێراقی کە مۆرکی بازرگانیی هەیە (لە پەیوەندیدا بە باڵە بازرگانییەکەیەوە) و نێوان فیوداڵیزمی عێراقی و بە حوکمی گۆڕانی هەندێک لە موڵکدارەکان بۆ بازرگان و سەرمایەدار بە هۆی لاوازیی بۆرژوازیی و ڕاڕاییەکەی و شۆڕشگێڕنەبوونی هەر لە بنەڕەتەوە. هەر لە سییەکانەوە گرووپێکی کۆمپرادۆریی بۆرژوازی لە باوەشی ئیمپریالیزمدا گەشەی کرد و پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ کۆمپانیاکانی [ئیمپریالیزم] و لەگەڵ حکومڕانیی پاشایەتیی نۆکەری کۆلۆنیالیزم هەبوو. پاش جاڕدانی سەربەخۆییە ڕواڵەتییەکە، توێژێکی تری بۆرژوازی سازشیان کرد بۆ کورسی و چوونە نێو وەزارەت و پۆستە حکومییەکانەوە، ئەمە لە کاتێکدا باڵە نیشتمانییە دژەئیمپریالییەکەی بۆرژوازیی عێراقی درێژەی بە خەبات دا، سەرەڕای ئەوەی کە حکومەت حیزبەکانی هەڵوەشاندەوە.

بۆرژوازیی نیشتمانی لە ڕێگەی نوێنەرەکانیەوە لە سوپا و حیزبەکاندا، هەوڵی دا سەرکردایەتیی بزووتنەوەی نیشتمانی بگرێتە دەست، ئەوەش بە سوودوەرگرتن لە لاوازییە چەندێتی و چۆنێتییەکەی چینی کرێکار و لاوازیی هۆشیاریی سۆسیالیستی و پێشکەوتنخوازی. بەڵام ئەرکی سەرکردایەتی لەوە قورستر و ئاڵۆزتر بوو کە بۆرژوازی چاوەڕوانی دەکرد، هەلومەرجە مێژووییە باوەکەش ئەو ئیمکانییەتەی ڕەت کردەوە کە بۆرژوازی ئەم ئەرکە ئاڵۆز و مەترسیدارە لە ئەستۆ بگرێت.

لە چلەکاندا بۆرژوازیی عێراقی چالاک بوو، ئەوەش بە هۆی زۆربوونی ژمارەی، گەشەکردنە ڕێژەییەکەی و سەرهەڵدانی هەندێک پیشەسازیی نیشتمانی و چالاککردنی بازرگانی – وەک چۆن توێژێک لە بۆرژوازیی گرێدراو بە سوپای بریتانی و بەڵێندەرایەتیی حکومی و بە بازاڕی ڕەش و جامبازییەوە پەرەی سەند. حیزبە بۆرژوازییەکان (لە نێویاندا ناسیۆنالیستی ڕاستڕەو) و دیموکراسییە پێشکەوتنخوازەکان دەرکەوتن. هەروەها خەبات توند بووەوە و شێوازەکانی هەمەچەشن بوون، لە کۆتایی چلەکاندا بە ئاشکرا دەرکەوت حکومڕانیی پاشایەتیی گرێدراو بە ئیمپریالیزم و نوێنەری بەرژەوەندییەکانی فیوداڵیزم و سەرمایەداریی کۆمپرادۆری ڕێگە بە ژیانی دەستووری نادات کە بۆرژوازی تامەزرۆی بوو، بەڵکو سەرکوت و تۆقاندن دژی بزووتنەوەی نیشتمانی پیادە دەکات و ڕێگە نادات گەل ئازادییە دیموکراسییەکانی پیادە بکات، هەر بۆیە ڕەشەکوژی چڕ بووەوە، کەشە سیاسییەکە بوو بە کەشێکی خنکێنەر و تۆقێنەر، لە ئەنجامدا بۆرژوازیی نیشتمانی لە مەیدانی خەباتی کردەییدا نشوستی هێنا، لە ساڵۆنەکانیدا گۆشەگیر بوو و حیزبە نیشتمانییەکانی هەڵوەشاندەوە. لەو کاتەدا بۆ هەموان ڕوون بووەوە لەبەر ئەوەی درێژەدان بە تێکۆشانی نیشتمانی شۆڕشگێڕبوون و جەنگاوەربوون لە کاردا و بەرگەگرتنی قوربانیدان و فیداکاری و

چوونەزیندان و تاراوگە دەخوازێت، هەروەتر، بەردەوامی و خەباتی نهێنی و شۆڕشگێڕانە دەخوازێت، ئەوا ڕاستییەکی گرنگ دەرکەوت، ئەویش ئەوەیە شۆڕشی چەکداری زەرووورەتێکە بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی و ڕزگارکردنی وڵات لە ئیمپریالیزم. هەر بۆیە دەرکەوت بۆرژوازییە نیشتمانییەکەمان بە تەواوەتی دەستەوەستانە لەوەی ئەم ڕۆڵە شۆڕشگێڕییە پڕ لە فیداکاری و قوربانیدانە ببینێت.

ماوەی ساڵانی چلەکان بە دەرکەوتنی چینی کرێکار لەسەر شانۆی سیاسی و نیشتمانی دەناسرێتەوە، [ئەڵبەتە] بە سەندیکا، مانگرتن، خۆپیشاندان و ڕێکخستنە سیاسییەکانیەوە کە هەوڵیان دا نوێنەرایەتیی بکەن. چینی کرێکار وەک هێزێکی جەنگاوەری جەربەزە لە مەیداندا دەرکەوت کە نەک هەر دژی ئیمپریالیزم و پاشایەتی خەباتی دەکرد، بەڵکو بۆ دەرهێنانی جڵەوی سەرکردایەتیی خەباتی نیشتمانی لە دەستی بۆرژوازییش، کە لە بەجێهێنانی ڕۆڵە سەرکردایەتییەکەیدا شکستی هێنا.

## ڕۆڵی وردەبۆرژوازیی عێراقی

لێرەدا وردەبۆرژوازی، بە سوودوەرگرتن لە نوێنەران و ڕۆشنبیران و حیزبە دیموکراتیکە پێشکەوتنخوازەکانی، سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی نیشتمانیی دیموکراسیی لە ئەستۆ گرت.

زۆریی ژمارەی وردەبۆرژوازی و بوونی ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی بە توانا هزری و کۆمەڵایەتییەکانیانەوە، وردەبۆرژوازی دەکات بە هێزێکی دیار لە مەیدانی کێبڕکێکردن لەسەر سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی نیشتمانی، بە تایبەتی لە هەلومەرجی ئەم وڵاتانەی ئێمەدا کە چینی کرێکار لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە لاوازە و پێشڕەوی ئەم چینە وەک هێزێکی گەورە دەرنەکەوتووە کە زۆرینەی چینی کرێکار لە دەوری کۆ ببنەوە و [هێشتاش] هاوپەیمانییەک لە نێوان کرێکاران و جووتیاراندا نییە.

ئەوەی پاڵپشتیی هەوڵی وردەبۆرژوازی دەکات بۆ بەدەستەوەگرتنی سەرکردایەتیی شۆڕشی نیشتمانی، بوونی نوێنەرە زۆرەکانیەتی لە ڕیزی هێزە چەکدارەکاندا کە ڕۆڵێکی گرنگی تێدا دەبینن کاتێک خۆیان لە ناو ڕێکخراوەی ئەفسەرانی ئازادیخوازدا ڕێک دەخەن، وەک چۆن پێش و دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووز ڕووی دا.

ئەفسەرانی ئازادیخواز، کاتێک عەرشی پاشایەتی دەڕووخێنن، حکومڕانیی کۆنەپەرستی کۆلۆنیالیزم دەخەن، بەکرێگیراوە خائینەکانی لە کۆڕی حکومڕانی دەردەکەن، ڕێککەوتننامە ستەمکارانەکان هەڵدەوەشێننەوە کە وڵات دەبەستنەوە بە ڕەوڕەوەی کۆلۆنیالیزمی جیهانییەوە و هاوپەیمانییە سەربازییە ئیمپریالییەکان ڕەت دەکەنەوە و بەرهەڵستیی دەکەن، ئەو کاتە ئەم سەرکەوتنە نیشتمانییە نایابە

چاوەکان دەگەشێنێتەوە و دڵی جەماوەری میللی کێش دەکات و پشتگیریی بەرفراوانی جەماوەری میللی بە دەست دەهێنێت، وەک ئەوەی پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووز ڕووی دا. ئەمەش وا دەکات کێبڕکێکردنی وردەبۆرژوازی بۆ سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی نیشتمانی کێبڕکێیەکی ترسناک بێت و وای لێ دەکات بە کردەیی لە کۆڕی سەرکردایەتیکردنی فیعلیدا بێت.

دەسکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی وەک چاکسازیی کشتوکاڵی و خۆماڵیکردن و پیشەسازیکردن و بڵاوکردنەوەی زانیاری و فێرکردن و دەسکەوتە تەندروستی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکە سەرکردایەتیی وردەبۆرژوازی دەچەسپێنن. لاوازیی چەندێتی و چۆنێتیی چینی کرێکار و نەبوونی حیزبێکی پێشڕەوی ڕاستەقینەی چینی کرێکار، حیزبێک کە ستراتیژ و تاکتیکی بەپرەنسیپ و شۆڕشگێڕانەی دروستی هەبێت، حیزبێک کە دروشم و سیاسەتی ڕاست بخاتە ڕوو، ئاشنای سەرکردایەتی بێت، زۆرینەی چینی کرێکار لە دەوری کۆ ببنەوە و ڕێگەی دامەزراندنی هاوپەیمانێتیی کرێکاران و جووتیاران وەک بنچینەیەک بۆ بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو بگرێتە بەر، ئەمە یەکەمین هۆکاری یارمەتیدەرە کە وردەبۆرژوازی بۆ ماوەیەکی سنووردار ئەم ڕۆڵی سەرکردایەتییەی شۆڕش بگێڕێت. ڕیڤیژنیزمیش هۆکاری دووەمە.

## ڕیڤیژنیزم لە خزمەتی بۆرژوازیدا دژ بە چینی کرێکار

ڕیڤیژنیزمی هاوچەرخ، بە بەرەودان بە کاڵا ڕیڤیژنیستییە بەسەرچووەکان کە بە نەخشی فریودەر ڕووپۆش کراون، خزمەتی زۆر پێشکەش بە وردەبۆرژوازی دەکات لە هێشتنەوەی لەسەر سەکۆی سەرکردایەتی، وەک بانگەشەکانی بۆ ئیمکانییەتی وەرچەرخانی ئاشتییانە بەرەو سۆسیالیزم و ئیمکانییەتی بونیادنانی سۆسیالیزم بەبێ تێپەڕین بە قۆناغی دیموکراسیی میللی و بەبێ سەرکردایەتیی چینی کرێکار و بەبێ ئەوەی پێویستی بەوە بێت بە تیۆری سۆسیالیزمی زانستی ڕێنوێنی بکرێت و بەبێ پێویستبوون بە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا. هەروەها بڵاوکردنەوەی بانگەشە و پڕوپاگەندەی توانای بۆرژوازی بۆ سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی، هەروەتر، بێتوانایی چینی کرێکار بۆ سەرکردایەتیکردنی شۆڕش و ئیمکانییەتی گەشەکردنی ناسەرمایەداری و بەسەرچوونی پێویستبوون بە پێشڕەوی شۆڕشگێڕی سۆسیالیزمی زانستی، چونکە ڕێکخراوە وردەبۆرژوازییەکان بەم ڕۆڵە مێژووییە مەترسیدارە هەڵدەسن، تا ئەوەی ڕیڤیژنیزم گەیشتە ڕادەی شکۆمەندکردنی ئەم ڕێکخراوانە و بانگەوازکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی پارتە کۆمۆنیستەکان و تێکەڵبوونیان بەم ڕێکخراوانە. ئەم خیانەتە لە مارکسیزم – لینینیزم (سۆسیالیزمی زانستی)، لە ژێر پەردەی (گەشەپێدانی داهێنەرانەی مارکسیزم – لینینیزم) و بە ناوی (ڕۆحی سەردەم) و وەڵامدانەوەیەک بە پێداویستییەکانی ڕووی دا. ڕیڤیژنیزم بەم شێوەیە لە مەیدانی تیۆریدا خزمەتەکانی پێشکەشی وردەبۆرژوازی کرد و هەوڵ دەدات یارمەتیی بدات بۆ درێژەدان بە ڕۆڵی سەرکردایەتی لە شۆڕشی نیشتمانیدا. بەوەش زیانی گەورە دەدات نەک هەر لە

بزووتنەوەی چینی کرێکار و ڕۆڵە مێژووییەکەی، بەڵکو لە بزووتنەوەی نیشتمانیی دیموکراسییش، کە زۆر جار دەبێتە هۆی لەبارچوونی خودی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی. ئەمەش خزمەتێکی گەورەیە و ڕیڤیژنیزمی هاوچەرخ پێشکەشی بۆرژوازیی دەکات لە ململانێی لەگەڵ چینی کرێکار —لە ئاستی ناوخۆیی – و ئیمپریالیزم لە ململانێی دژی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی لەسەر ئاستە گشتییەکە.

هەر بۆیە خەبات دژی ڕیڤیژنیزمی هاوچەرخ مەرجێکی بنەڕەتی و ناچارییە بۆ سەرکەوتنی خەبات دژی ئیمپریالیزم، چونکە هەر وەک لینین بە حەق دەڵێت:

((خەبات دژی کۆلۆنیالیزم ڕستەیەکی بێواتا یان تەنها فێڵێکە ئەگەر بە توندی گرێ نەدرێتەوە بە خەبات دژی هەلپەرستی.))

ئەم هەلپەرستییە کە ڕیڤیژنیزم [باڵە] ڕاستڕەوەکەی پێک دەهێنێت و کە لینین سەبارەت بە ڕیڤیژنیستەکانی هەڵگرانی ئەو بیر و باوەڕە وتوویەتی ئەوان ((لە ڕووی بابەتییەوە تاقمێکی سیاسیی پاشکۆی بۆرژوازین... چونکە هەژموونی [بۆرژوازی] دەگەیەنن بە ئەوانی تر و بەکرێگیراوانی بۆرژوازین لە بزووتنەوەی کرێکاراندا.)) (بگەڕێوە بۆ وتارەکەی لینین سەبارەت بە مایەپووچبوونی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم).

ڕیڤیژنیزم تەنها بەوەندە واز ناهێنێت هەوڵە تیۆری و پڕوپاگەندەییەکانی پێشکەش بکات، بەڵکو یارمەتییە کردەییەکانیشی پێشکەش دەکات بۆ ئەوەی ڕێگە لە چینی کرێکار بگرێت لە شۆڕشی دیموکراسیدا ڕۆڵی سەرکردایەتی ببینێت، ئەوەش بە پیادەکردنی شێوازەکانی فڕوفێڵ و پیلانگێڕی و بەلاڕێدابردنی خەباتەکەی لە ڕاستەڕێ و ژاراویکردنی زەینیان بە گوتە و پڕوپاگەندەی ڕیڤیژنیستی و هاندانی هەندێک حیزبی دیاریکراو بەرەو ڕێگەی ڕیڤیژنیزم و تەنانەت نکۆڵیکردن لە ڕۆڵیان لە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیدا.

ئێمە لێرەدا هەرچەندە لە بابەتی بەرەی نیشتمانی دەکۆڵینەوە، نەک شیکردنەوە و ڕاڤەکردن و بەدرۆخستنەوەی بۆچوونە ڕیڤیژنیستییەکان – ئەو ڕیڤیژنیزمەی کە لە بنەڕەتەوە لە تۆوی وردەبۆرژوازییەوە لە ڕیزەکانی چینی کرێکاردا سەوز بووە و گەشەی کردووە، لە ئەرستۆکراسییەتی کرێکاران و سیخوڕەکانی ناو ڕیزی چینی کرێکار (بناغە چینایەتییەکەی هاوسۆزی و هاریکاریی نێوان ڕیڤیژنیزم و وردەبۆرژوازیی نەتەوەیی لێرەدایە). لەگەڵ ئەوەشدا، دەڵێم پێویستە ئاگاداری مەترسیی ڕۆڵی تێکدەرانەی ڕیڤیژنیزم بین لەسەر شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی، نەک تەنها لە ڕووی دوژمنایەتیی ڕیڤیژنیزم بەرامبەر ئەم شۆڕشە بە بیانووی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و پاراستنی ئاشتیی جیهانی و کوژاندنەوەی ئاگردانی جەنگەکان، بەڵکو لەبەر تێکدانی ڕەوتی شۆڕش و ڕەوتی گەشەکردنی و بەشداریکردنی لە ڕێگرتن لەوەی شۆڕش ڕەوتە ڕاستەکەی خۆی بگرێتە بەر، کۆسپدانانی لە بەردەم دابەشکردنی ڕاستی ڕۆڵی سەرکردایەتی و خەباتگێڕانە لە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیدا لە نێوان چینە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازەکاندا، بەشداریکردنی لە ڕێگرتن لە چینی کرێکار ڕۆڵی سەرکردایەتی لە شۆڕشدا بگرێتە دەست، کە ئەمە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی ئەوەی شۆڕش لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی و سەرکەوتنی تەواوەتی بەسەر ئیمپریالیزم و فیودالیزم و سەرمایەداریی کۆمپرادۆریدا شکست بهێنێت؛ ئەمەش خزمەتێکی گەورەیە کە ڕیڤیژنیزم پێشکەشی ئیمپریالیزمی دەکات. هەر ئەمەشە ناچارمان دەکات لە چالاکییە تێکدەرانەکانی بەئاگا بین، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی ڕیڤیژنیزم لە لایەکەوە دیاردەیەکی جیهانییە، لە لایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، بەو پێیەی ڕیڤیژنیزمی هاوچەرخ توخمێکە لە توخمەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتیی هەنووکە.

هەر بۆیە پێویستە بەرهەڵستیی تێکدان و دەستوەردانەکانی لە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیدا بکرێت، بە هەمان شێوە، لەسەر ئاستی بزووتنەوەی کرێکاریی جیهانییش. بەڵام نە ئەم هەوڵە تاقەتپڕووکێن و یارمەتییە زەبەلاحانەی کە ڕیڤیژنیزمی هاوچەرخ پێشکەشی وردەبۆرژوازییان دەکات، نە وزە پێشکەوتنخوازییەکانیشی کە لە کودەتا سەربازییە پێشکەوتنخوازییەکانیدا دەتەقێنەوە و نە هەلومەرجی باوی یارمەتیدەری وردەبۆرژوازی لە ڕووی لاوازیی چینی کرێکار و نەبوونی حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕی بەهێز و لە ڕووی بوونی حاڵەتی پشێویی هزری و شپرزەیی تیۆریی کاتی لە ڕیزەکانی جەماوەری ڕەنجدەردا، نە هەموو ئەم بارودۆخانە و نە هەبوونی کردەیی وردەبۆرژوازی لە سەرکردایەتیدا دەتوانن وردەبۆرژوازی لە ناوەندی سەرکردایەتیی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیدا بهێڵنەوە، چونکە وردەبۆرژوازی ناتوانێت لە شۆڕشدا ڕۆڵی سەرکردایەتی ببینێت و ئەرکەکانی شۆڕش لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراسیدا بە تەواوەتی جێبەجێ بکات.

# هۆکارەکانی بێتوانایی وردەبۆرژوازی لە سەرکردایەتیکردنی شۆڕشدا

سەرکردایەتیکردن لە شۆڕشدا، گوزارشت نییە لە پێشەنگی و بەڕێوەبردن و ئاڕاستەکردن و کاریگەریدانان لەسەر ماوەیەک لە ماوەکانی قۆناغە مێژووییەکە یان جەنگێک لە جەنگەکانی شۆڕش یاخود قۆناغێک لە قۆناغەکانی.

سەرکردایەتیی خوازراو بەدەستەوەگرتنی ڕابەرایەتیی شۆڕشە لە سەرجەم قۆناغەکانیدا بۆ بەدیهێنانی سەرجەم ئامانجەکانی و ئاڕاستەکردن و بەڕێوەبردنی سەرجەم جەنگەکانی لە میانەی قۆناغێکی مێژوویی کامڵدا – و لێرەوە – لە میانەی هەموو قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراسی. لەوانەیە توێژێک یان چینێکی کۆمەڵایەتی لە ماوەیەکی دیاریکراودا [جڵەوی] ڕاپەڕینێکی دیاریکراو یان جەنگێکی دیاریکراوی شۆڕش بە دەستەوە بگرێت؛ لەوانەشە سەرکردایەتیی جەنگێک یاخود ژمارەیەک جەنگی شۆڕشگێڕانە بکات، بەڵام سەرکردایەتیی سەرجەم جەنگەکان ناکات و شۆڕش ناگەیەنێتە کۆتاییە سەرکەوتووەکەی، لەبەر ئەوەیە کە ناتوانێت سەرکردایەتیی شۆڕش بکات. توێژی وردەبۆرژوازی ڕێک لەم جۆرە توێژانەیە کە بەسەر سەری جەماوەرەوە هەندێک جەنگی شۆڕشگێڕانەی گرنگ بەرپا دەکات و سەرکردایەتیی هەندێک ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی چەکدارانە دەکات، تەنانەت سەرکردایەتیی شۆڕشی نیشتمانی دەکات لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا، بە تایبەتییش لە ڕووە سیاسییەکەیەوە، بەڵام ناتوانێت درێژە بە سەرکردایەتیکردنی شۆڕش بدات هەتا کۆتاییە

سەرکەوتووەکەی، بۆ ئەوەی سەرجەم ئامانج و داواکارییەکانی بەدی بێن و سەرجەم ئەرکەکانی قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی بەجێ بهێنرێن، ئەوەش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

یەکەم: وردەبۆرژوازی چینێکی کۆمەڵایەتیی یەکانگیر یان جێگیر نییە، بەڵکو کۆمەڵێک توێژی کۆمەڵایەتیی جیاوازە، ڕیزەکانی لێکهەڵوەشاون، ڕاڕایە و توخمەکانی هاوسەنگ نین، بە سەرکەوتنەکانی دەنازێ و کەشوفش دەکات کە خۆشییەکانی مەستی دەکەن، لەو نسکۆ و شکستانە دەترسێت و دەتۆقێت کە لاوازی دەکەن، بە خێرایی هەورەبرووسکە لەمپەڕی ڕاستڕەوییەوە بۆ ئەوپەڕی چەپڕەوی سەنگەر دەگوازێتەوە، چونکە بە حوکمی سروشتە چینایەتییەکەی، لە دەرپەڕینەکانیدا لە نێوان چینی کرێکار و بۆرژوازیی نیشتمانیدا دێت و دەچێت، لە خەسڵەتەکانیشی، هەڵچوون و کەفوکوڵ و نەویبوونەوە و بێورەبوونن. ئەمانە کۆمەڵێک سیفەتن کە ڕێگەی لێ دەگرن بۆ ماوەیەکی درێژ یاخود تا کۆتایی وێستگە سەرکردایەتیی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی بکات. پاشان وردەبۆرژوازی بەسەر سێ پێگەدا دابەش دەبێت، یەکەمیان نزیکە لە بۆرژوازیی ناونجی و خەون بەوەوە دەبینێت بگات بەو پێگەیە و بگۆڕێت بۆ بۆرژوازیی ناونجی و پاشان گەورە. خەسڵەتەکانی توێژە ناونجییەکەی بۆرژوازیی نیشتمانیی هەیە. بەڵام پێگەی دووەمیان توێژێکی ناونجییە لە وردەبۆرژوازی کە بە گشتی لە ڕووی ئابوورییەوە خۆبژێوە. گرووپێکە لە سەرکەوتنی شۆڕش بەگومانە، بەڵام بەرهەڵستیی ناکات. توێژی سێیەم ئەوەیانە کە باڵی چەپڕەوی وردەبۆرژوازی پێک دەهێنێت، ئەو توێژەیانە کە لە ڕووی ئابوورییەوە خۆبژێو نییە و هەست بە کورتهێنانی ساڵانەی ڕوو لە هەڵکشان دەکات، لەبەر ئەوە، توێژێکی گرنگە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیدا و بەشداریی شۆڕش دەکات.

ئەم نەگونجاوییە [چینایەتییە] ئیمکانییەتی ئەوە ڕەت دەکاتەوە وردەبۆرژوازی سەرکردایەتیی شۆڕش بکات، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی ئەم توێژە کۆمەڵایەتییە پەرت دەبێت و دەگۆڕێت بۆ بۆرژوازیی ناونجی یاخود بۆرژوازیی نوێ، یاخود توێژە خوارینەکانی دادەڕووخێن –بە تایبەتی لە قەیرانە ئابوورییەکاندا– و دەگۆڕێن بۆ نیمچەپڕۆلیتاریا و بێکارەکانیان هزری ئانارشیستییان لا چێ دەبێت.

دووەم: وردەبۆرژوازی هەوڵ دەدات تەنها خۆی حکومڕانی بکات و پەنا دەباتە بەر سەپاندنی حکومڕانییەکەی لە سەرڕا و بە شێوەیەکی دیکتاتۆرییانە. ئازادییە دیموکراسییەکان سەرکوت دەکات و بە بیانووی پاراستنی شۆڕش و دەستکەوتەکانی، مافە دیموکراسییەکانی جەماوەری میللی قەدەغە دەکات، شۆڕشێک کە لەبەر ئەوەی پشتی بە جەماوەری میللی نەبەستووە و ئەم جەماوەرە بەشدارییان تێدا نەکردووە، کەموکورت دەبێت. هەر بۆیە وردەبۆرژوازی کاتێک خۆی دەخاتە پێگەی سەرپەرشتیاری شۆڕش و جەماوەری میللی و پاشان ڕێگە لە دەستپێکردنی شۆڕش و تەقینەوەی وزە زۆروزەبەندەکانی دەگرێت، چەمکی شۆڕش دەشوێنێت.

وردەبۆرژوازی کاتێک حکومڕانی دەکات و باوەڕی بە ئازادییە دیموکراسییەکان نییە، بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی ناو ڕیزەکانی گەل ڕێگەی ڕاست ناگرێتە بەر، بەڵکو بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییانە، پەنا دەباتە بەر شێوازە بیرۆکراسییە دژەدیموکراسییەکان، کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی زاڵکردنی لایەنە دوژمنکارانەکەی ئەم ناکۆکییانە بەسەر لایەنە نادوژمنکارانەکە و لە کۆتاییشدا گۆڕینی دۆست بۆ دوژمن، هەروەها پێکدادان لەگەڵ کرێکاران و جووتیارانی هەژار و نوێنەرە سیاسییەکانیان.

هەر بۆیە وردەبۆرژوازی باوەڕی بەوە نییە بە شێوازە دیموکراسییەکان ناکۆکییەکانی ناو ڕیزەکانی گەل چارەسەر بکات، باوەڕی بە زەروورەتی ڕەهاکردنی ئازادییە دیموکراسییەکانی جەماوەری میللی نییە و حکومڕانییە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکەی ڕووبەڕووی جەماوەری میللی دەکاتەوە کە [ئەم جەماوەرە] سەرپەرشتیاریی لە سەرڕا (الوصاية الفوقانية) ڕەت دەکاتەوە. پاشان وردەبۆرژوازی، سەرەڕای بەجێهێنانی هەندێک چاکسازیی دیموکراسیی وەک چاکسازیی کشتوکاڵی، بەڵام ڕەتی دەکاتەوە مافە دیموکراسییەکان بە جەماوەری میللی بدات. هەموو ئەمانە بە واتای ئەوەن وردەبۆرژوازی ناتوانێت سەرکردایەتیی شۆڕشێکی دیموکراسی بکات، چونکە لە جەماوەری میللی دەسڵەمێتەوە کە دیموکراتیکبوونی شۆڕش ئەوە دەسەپێنێت ئازادییەکان بە گەل بدرێن و تەنها دوژمنانی ڕاستەقینەی گەل لەو ئازادییانە بێبەش بکرێن.

ئەو توێژە کۆمەڵایەتییەی کە باوەڕی بە ڕەهاکردنی ئازادییە دیموکراسییەکانی گەل نییە، ناتوانێت سەرکردایەتیی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی بکات کە دیموکراسی جەوهەرەکەی پێک دەهێنێت. هەڵسوکەوتی بیرۆکراسییانەی وردەبۆرژوازی هانی دەدات لە درێژەدان بە شۆڕش بوەستێت تا ڕادەی هەڵگەڕانەوە، پاشەکشەی لێ بکات و بکشێتەوە لە هاندانی شۆڕشگێڕانە بەرەو پێشەوە تا کۆتاییە سەرکەوتووەکەی.

سێیەم: وردەبۆرژوازی لە چەندین لایەنەوە ناتوانێت ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی بەجێ بهێنێت، لەوانەش:

١- ناتوانێت بە تەواوەتی پاشماوەکانی ئیمپریالیزم و پاشماوەکانی توخمە هەڵگەڕاوەکانی دژ بە شۆڕش لەناو ببات کە ئەمە ئاسانکاری بۆ ئیمپریالیزم دەکات لە لایەکەوە درێژە بە پیلانگێڕییەکانی دژی حکومڕانییە نیشتمانییە پێشکەونخوازییەکەی وردەبۆرژوازی بدات، لە لایەکی

ترەوە وا لە وردەبۆرژوازی دەکات توانای بەرهەڵستیی سەرکەوتوانە و بەردەوامی بە ڕووی پیلانگێڕییە کۆڵۆنیالییەکاندا نەبێت، ئەمەش لە دواشیکاریدا بە واتای ئەوەیە وردەبۆرژوازی ناتوانێت ئەرکی یەکەمی شۆڕشی نیشتمانی جێبەجێ بکات کە ڕووخاندنی تەواوەتیی کۆڵۆنیالیزم و لەناوبردنی یەکجارەکیی شوێنەوارەکانیەتی، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی وردەبۆرژوازی هەندێک لە پەیوەندی لەگەڵ ئیمپریالیزمدا دەهێڵێتەوە و سەرجەم پردەکانی لەگەڵیدا ناڕووخێنێت، ئەمەش وای لێ دەکات نەتوانێت ئەرکی یەکەمی شۆڕش جێبەجێ بکات و بە سەرکەوتوویی سەرکردایەتیی بکات.

٢- ناتوانێت چاکسازیی کشتوکاڵیی ڕیشەیی بکات کە خزمەتی جووتیارانی هەژار بکات و بە پلەی یەکەم پشت بە ئەوان ببەستێت و ببێت بە هۆی گەشەپێدان لە لادێدا بە شێوەیەکی جیاواز لە شێوازەکەی بۆرژوازی. بەڵکو ئەو چاکسازییە کشتوکاڵییەی کە دەیکات، لە چەشنی چاکسازیی کشتوکاڵیی سەرمایەداری دەبێت کە دەبێت بەهۆی زاڵبوونی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان و بووژاندنەوەیان لە لادێدا و زیادبوونی توخمە سەرمایەدارییە لادێییەکان و جڵەوشلکردن بۆ پەرەسەندنی کە پواز دەخاتە هاوپەیمانێتیی کرێکاران و جووتیارانی هەژار [و دەیقڵیشێنێت]، دەبێتە کۆسپ لە بەردەم مەرجی بنەڕەتیی شۆڕش و بەجێهێنانی چاکسازیی کشتوکاڵی و وەرچەرخان بە ئاڕاستەی سۆسیالیزمدا.

٣- وردەبۆرژوازی توانای چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتیی نییە لەسەر بناغەیەکی پێشکەوتنخوازانە و بەپێی مافی بڕیاردانی چارەنووس کە سۆسیالیزمی زانستی تەبەنیی دەکات و بە تاقە چارەسەری یەکجارەکی بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی دادەنرێت، ئەوەش بە حوکمی ئەو ڕایەڵانەی کە گرێی دەدەنەوە بە بۆرژوازی و هزرە

شۆڤێنییەکانی و پاشماوەی خڵتە زەینییەکانی بۆرژوازی، هەروەها بە حوکمی تەمومژاویبوونی زەینییەتی وردەبۆرژوازیی پێشکەوتنخواز. چارەسەرنەکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی واتە جێبەجێنەکردنی سەرجەم ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی، واتە نەتوانینی سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی بە سەرکەوتنی تەواوەوە.

چوارەم: لەبری هێنانی دەسەڵاتێکی میلیی دیموکراتیک کە حکومڕانیی کرێکاران، جووتیاران، وردەبۆرژوازی و بەشە پێشکەوتنخوازەکەی بۆرژوازی بەرجەستە بکات، ئەو دەسەڵاتەی کە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی شۆڕش قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراسی پێویستە، وردەبۆرژوازی حکومڕانییە تاکڕەوانەکەی خۆی دەسەپێنێت لەبری حکومڕانیی تەبایی. ئەوەش بە واتای سەرنەکەوتنیەتی لە چارەسەرکردنی ڕاست و دروستی مەسەلەی بنەڕەتیی شۆڕش کە مەسەلەی دەسەڵاتە.

وردەبۆرژوازی دیموکراسیی میللی دانامەزرێنێت کە لە ڕووی مێژووییەوە بووە بەو ئامانجە بنەڕەتییەی کە بە بەدیهێنانی، ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی بەجێ دەهێنرێن. بەم شێوەیە، ناتوانێت هاوەڵیی شۆڕش بکات هەتا کۆتاییە سەرکەوتووەکەی، کە ئەمەش وای لێ دەکات نەتوانێت سەرکردایەتیی شۆڕشی دیموکراسیی میللی بکات کە بووە بە تاقە ڕێگە بۆ ڕزگاریی نیشتمانیی یەکجارەکی و جێبەجێکردنی چاکسازییە دیموکراسییە میللییەکان و بەرجەستەکردنی پەیوەندییە ئۆرگانییەکەی نێوان شۆڕش و سۆسیالیزم، بەو پێیەی کە دیموکراسی قۆناغێکی ڕاگوزەری و دەسپێکێکە بەرەو سۆسیالیزم.

وردە بۆرژوازی لەبری گرتنەبەری ئەم ڕێگە ڕاستە بە هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ ڕەنجدەراندا، لە هەوڵێکی شکستخواردوودا بۆ بونیادنانی سۆسیالیزم بە تێگەیشتنە وردەبۆرژوازییەکەی، واتە

بە بەلاڕێدابردنی سۆسیالیزم و شێواندنی و نیشاندانی لە شێوەی ڕێوشوێنی خۆماڵیکردن و چاکسازیی کلکوگوێکراودا، هەوڵ دەدات باز بەسەر پێویستی و زەرووڕەتەکانی بونیادنانی دیموکراسیی میللیدا بدات.

ئەمە هەوڵێکی مەترسیدارە و دوو قۆناغەکەی شۆڕش تێکەڵ دەکات کە دیموکراسیی میللی و سۆسیالیزمن و دەبێتە هۆی هێنانەکایەی ئاستەنگی زۆر و دواتریش لەباربردنی شۆڕشە نیشتمانییە دیموکراسییەکەی.

بە ڕاستی شۆڕشی نیشتمانی بەشێکە لە شۆڕشی سۆسیالیستیی جیهانی و نابێت ڕێگە بدرێت هیچ ماوەیەکی حکومڕانیی بۆرژوازی بکەوێتە نێوان شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی و شۆڕشی سۆسیالیستییەوە، بەڵام ناشبێت ئەرکەکانی دوو قۆناغەکە تێکەڵ بکرێن، ناشێت باز بەسەر یەکێکیاندا بدرێت بەرەو دووەمیان، چونکە ناتوانرێت بەبێ تەواوکردنی قۆناغی یەکەمیان سۆسیالیزم بونیاد بنرێت، چونکە سۆسیالیزم تەنها ئەو کاتە بونیاد دەنرێت کە دیموکراسیی میللی ئەرکەکانی تەواو بکات و تەنها پاش جێبەجێکردنی ئەرکەکانی [سۆسیالیزم بونیاد دەنرێت]؛ هەر بۆیە ئەم هەوڵەی وردەبۆرژوازی بۆ تێکەڵکردنی دوو قۆناغەکە، واتە بونیادنەنانی هیچ کامیان، نە دیموکراسیی میللی و نە سۆسیالیزم؛ هەروەتر، وردەبۆرژوازی ناتوانێت لەم ڕێگەیەدا سەرکردایەتیی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی بکات و ناتوانێت سەرکردایەتیی بونیادنانی سۆسیالیزم بکات بە حوکمی سروشتە (سۆسیال ئینتەرناسیۆنال و بۆرژوازییە نەتەوەییە) ناکۆکەکەی، هەروەها بە حوکمی ئەوەی سۆسیالیزم سیستەمی چینی کرێکارە، سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە و تەنها بە سەرکردایەتیی چینی کرێکار و پێشڕەوە سۆسیالیستییە زانستییەکەی و دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا بونیاد دەنرێت.

کارل مارکس دەڵێت:

((لە نێوان کۆمەڵگەی سەرمایەداری و کۆمەڵگەی کۆمۆنیستیدا

قۆناغێک هەیە کە تێیدا کۆمەڵگەی سەرمایەداری بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی. قۆناغێکی گواستنەوەی سیاسی هاوڕێژەی دەبێت کە تێیدا دەوڵەت تەنها دەوڵەتی دیکتاتۆریی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا دەبێت.))

لە وەڵامی هەوڵەکانی کاوتسکی بۆ بەلاڕێدابردنی ئەم چەمکە و پرسیارکردنی: ((بۆچی دیکتاتۆرییەت؟ لە کاتێکدا زۆرینە لە ئارادایە؟)) لینین قسە و پاساوەکانی مارکس و ئینگڵس بۆ پێویستیی دیکتاتۆرییەت دەهێنێتەوە:

((– بۆ تێکشکاندنی بەرەنگاریی بۆرژوازی،

– بۆ ترس خستنەدڵی کۆنەپەرستەکان،

– بۆ پاڵپشتیکردنی دەسەلاتی چەکداریی گەل دژی بۆرژوازی،

بۆ ئەوەی پرۆلیتاریا بتوانێت بە توندوتیژی دوژمنەکانی سەرکوت بکات.))

کەواتە مەسەلەکە بە خستنی بۆرژوازی و موڵکدارەکان و دەستبەسەرداگرتنی موڵکەکانیان و دەستکردن بە بونیادنانی سۆسیالیزم کۆتایی نایەت، بەڵکو بەرەنگاریکردنیان سەرسەختانە بەردەوام دەبێت، چوکە ئەوان ((هێشتاش لە چەوساوەکان بەهێزترن، چونکە پەیوەندییە جیهانییەکانی چەوسێنەران یەجگار گەورەیە))، وەک ئەوەی لینین لە کتێبی شۆڕشی پرۆلیتاری و کاوتسکیی هەڵگەڕاوەدا دەڵێت. پاشان هەوڵەکانی گەڕاندنەوەی سیستەمی بۆرژوازی لە لایەن بۆرژوازیی بەزیوەوە بەردەوام دەبێت. لینین دەڵێت:

((گواستنەوە لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم قۆناغێکی مێژوویی تەواوە. هەتا ئەو کاتەی کۆتایی نەیەت، چەوسێنەران هێشتا دەست بە ئومێدی گەڕانەوەی دەگرن، بە ئومێدێکەوە کە دەگۆڕڕێت بۆ هەوڵەکانی گەڕاندنەوە. ئەو چەوسێنەرانەی کە هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەبوون

بکەون، باوەڕیان پێ نەدەکرد و بیرۆکەکەشی بە خەیاڵیاندا نەدەهات، لە پاش یەکەمین شکستی جدی، دەکەونە جەنگ و بە مکووڕییەکی دە هێندەوە بەشداری دەکەن، بە توندوتیژییەکی شێتانە و ڕقێکی سەدان هێندەوە لەپێناو گەڕاندنەوەی (فیردەوسی) ونبوو، لەپێناو خێزانەکانیان کە ژیانێکی کامەرانیان هەبوو و ئێستە (هەرچیوپەرچییە خوێڕییەکان) بە وێرانی و نەهامەتی و ڕەنجی تاقەتپڕووکین مەحکوومیان کردوون.

لە پشت سەرمایەدارە چەوسێنەرەکانەوە زۆرینەی وردەبۆرژوازی دەبینرێن کە دەیان ساڵ ئەزموونی مێژوویی لە سەرجەم وڵاتان سەلماندوویەتی کە دوودڵ و ڕاڕان، ئەمڕۆ دوای پڕۆلیتاریا دەکەون و سبەی لە بارگرانییەکانی شۆڕش دەترسن؛ هەر بۆیە لەگەڵ یەکەم بەزین یان نیوەبەزیندا کە پڕۆلیتاریا تووشی دەبێت، ترس و تۆقین دایان دەگرێت، شپرزە و بەلەسە دەبن، هاوار دەکەن و لەم ئۆردووگاوە بۆ ئەو ئۆردووگا هەڵدێن...)) (لینین، شۆڕشی پڕۆلیتاری و کاوتسکیی هەڵگەڕاوە، ل٨٣، نامیلکەی لەمەڕ دیموکراسیی سۆڤێتی، چاپی عەرەبی، مۆسکۆ، ل ٨٤). لەوەی خرایە ڕوو، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە دیکتاتۆرییەتی پڕۆلیتاریا پێویستە بۆ چەسپاندنی سۆسیالیزم و بونیادنانی سۆسیالیزم و پاراستنی لە هەوڵەکانی بۆرژوازیی بەزیو. هەر بۆیە دیکتاتۆرییەتی پڕۆلیتاریا کۆتایی وێستگە نییە. لینین دەڵێت:

((دیکتاتۆرییەتی پڕۆلیتاریا کۆتایی خەباتی چینایەتی نییە، بەڵکو بەردەوامیی ئەم خەباتەیە بە شێوەیەکی نوێ. دیکتاتۆرییەتی پڕۆلیتاریا خەباتی چینایەتیی پڕۆلیتاریای سەرکەوتووە کە دژی بۆرژوازیی تێکشکێنراو دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرتووە، بەڵام بۆرژوازییەک کە قڕ نەبووە، لەناو نەچووە و وازی لە بەرەنگاری نەهێناوە، بگرە بەرەنگارییەکەی توند کردووەتەوە.)) (دەربارەی مەسەلەکانی لینینیزم، چاپی عەرەبی، دار ابن سیناء، بەیروت، ل ١٧٧).

کەواتە چۆن، بەبێ دیکتاتۆرییەتی هەرە شۆڕشگێڕترین و پێداگرترین چین، بەبێ دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا، دەتوانرێت بەرهەڵستیی هەوڵە شپرزە و شێتانەکانی بکرێت، بەرەنگارییە سەرسەخت و دڕندانەکەی تێک بشکێنرێت؟ سیستەمە حکومڕانییە پێشکەوتنخوازەکەی وردەبۆرژوازی چۆن دەتوانێت تا کۆتایی لە بەردەم فشاری زۆروزەبەندی بۆرژوازیی لۆکاڵی و بۆرژوازیی نێودەوڵەتیدا خۆی ڕابگرێت؟ [لە بەردەم] هەوڵەکانیان بۆ گەڕاندنەوەی داسەپاندنی سەرمایەداری، بە تایبەتی کە وردەبۆرژوازی چینێکی هاوچەشن نییە و لە شۆڕشگێڕبوون و پتەویی خەباتەکەیدا سەقامگیر و پێداگیر نییە. وەڵامەکە ئەوەیە کە وردەبۆرژوازی ئامادە نییە و توانای ئەوەی نییە ئەم ئەرکە مەترسیدار و سەخت و ئاڵۆزە لە ئەستۆ بگرێت، بگرە بە تەواوەتی دەستەوەستانە لە بەجێهێنانی ئەم ئەرکەدا.

ئەم ڕاستییانە جێگیرن و نووسراوەکانی سۆسیالیزمی زانستیی مارکس و ئینگڵس و لینین سەلماندوویانە و ناکرێت چەمکە ڕیڤیژنیستییە پووچەکان بە درۆیان بخەنەوە، هەرچەندەش ڕیڤیژنیزمی هاوچەرخ هەوڵ بدات بیانڕازێنێتەوە و جوانیان بکات.

لەبەر هەموو ئەوانەی خرانە ڕوو، دەتوانین بڵێین وردەبۆرژوازی ناتوانێت لە شۆڕشی دیموکراسیدا ڕۆڵی سەرکردایەتی ببینێت.

پێنجەم: وردەبۆرژوازی ناتوانێت هاوپەیمانییەکی چینایەتیی فراوان بە سەرکردایەتیی خۆی پێک بهێنێت و ناتوانێت یەکێتیی نیشتمانی و بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو بپارێزێت، لەبەر ئەوەی ناتوانێت کرێکاران و جووتیارانی هەژار و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ و بۆرژوازیی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز لە یەک بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوودا خڕ بکاتەوە، چونکە بڕوای بە بەرەی یەکگرتوو نییە، بەڵکو شێوازی بیرۆکراسیی لە سەرڕا دەگرێتە بەر، شێوازی دەسەڵاتگەریی دیکتاتۆرییانە، بۆ سەپاندنی

خواست و ویستی خۆی بەسەر جەماوەری میللیدا، هەروەها بە هۆی ئەوەی باوەڕی بە دیموکراسی و ڕەهاکردنی ئازادییە دیموکراسییەکان بۆ ئەم جەماوەرە میللییە نییە و لەبەر ئەوەی بە حوکمی سروشتە چینایەتییەکەی، هاوپەیمانیی کرێکاران و جووتیاران -بنچینە تۆکمەکەی بەرەی یەکگرتوو- ڕەت دەکاتەوە، هەر وەک ئاشکرا و زانراویشە، سەرکردایەتیکردن بە توندوتیژی و هێز و دەسەڵاتگەریی لە سەرڕا بە دەست ناهێنرێت، بەڵکو بە قایلکردنی جەماوەری میللی و ڕازیکردنی بە ڕاستێتیی ئەم سەرکردایەتییە و قبوڵکردنی [لە لایەن جەماوەری میللییەوە] بە دەست دەهێنرێت.

زیاتر لەوەش، ئەزموونی وڵاتانی عەرەبی و ئاسیایی دەیسەلمێنن وردەبۆرژوازی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو دەڕووخێنێت، تەنانەت ئەگەر ئەم بەرەیە هەشبێت، ئەمە جگە لە هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی.

لە زۆربەی ئەم وڵاتانەدا وردەبۆرژوازی -هەر کە حکومڕانیی گرتە دەست- بە ڕاشکاوی بێباوەڕیی خۆی بەرامبەر بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو دەردەبڕێت و لەبری ئەو، چەمکی (تاقە ڕێکخستن) و (تاقە حیزبی سەرکردە) پێشنیاز دەکات. ئەمەش واتای ئەوەیە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی، کە بۆ سەرکەوتنی بوونی بەرەیەکی یەکگرتووی نیشتمانی پێویست و ناچارییە، ناکرێت لە لایەن وردەبۆرژوازییەوە سەرکردایەتی بکرێت کە باوەڕی پێی نییە و ناتوانێت پێکهێنان و سەرکردایەتیکردنی بگرێتە ئەستۆ.

با ئەزموونی عێراقی بە هەند وەربگرین و پەندی لێ وەربگرین.

## ئەزموونی عێراقی لەگەڵ وردەبۆرژوازیدا

لە عێراق، وردەبۆرژوازی لە ڕێگەی ئەفسەرە ئازادەکانی نوێنەرانییەوە هەوڵی دا سەرکردایەتیی شۆڕشی نیشتمانیی عێراقی بکات. ئەفسەرانی ئازاد بە سەرکردایەتیی زەعیم ڕوکن عەبدولکەریم قاسم لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت و ئەرکی خستنی پاشایەتی، ڕاگەیاندنی کۆمار، ڕزگارکردنی عێراق لە بنکە سەربازییەکانی بریتانیا و هاوپەیمانیی بەغدادی دوژمنکارانەیان جێبەجێ کرد و یاسای چاکسازیی کشتوکاڵییان ڕاگەیاند. شۆڕش لە ساڵی یەکەمیدا ئازادییە دیموکراسییەکانی تا ڕادەیەکی زۆر ڕەها کرد (بەڵام ناسیۆنالیستەکانی لێ بێبەش کرد) و جڵەوی بۆ ئینتلاقەیەکی جەماوەریی بەرفراوان شل کرد. جڵەوی بۆ بۆرژوازیی نیشتمانی شل کرد ببووژێتەوە و بگەشێتەوە و زیادەیەکی بەرچاو لە قازانج و پرۆژەکان و بەرهەمدا بە دەست بهێنێت؛ بۆرژوازییش هەوڵی دا لە شۆڕش بئاڵێت و گەمارۆی بدات و دەستی بەسەردا بگرێت؛ لە کاتێکدا (شیوعییەکان) هەوڵیان دا لە ڕێگەی هاوپەیمانی لەگەڵ (سەرۆکی تاقانە) و دروشمی (حیزبی شیوعی لە حکومڕانیدا) بە شێوەیەکی ئاشتییانە بیگۆڕن بۆ حکومڕانییەکی دیموکراسیی ئاڕاستەکراو. بۆرژوازیی نیشتمانی شکستی هێنا لە دەستەمۆکردنی وردەبۆرژوازی (ی سەربازی) و کۆنترۆڵکردنی بە دروشم و سیاسەتەکانی، نەیتوانی قایلی بکات لەژێر پەردەی دیموکراسییەکی دەستووریدا دەسەڵاتی ڕادەست بکات.

شیوعییەکانیش شکستیان هێنا لەوەی قاسم بکەن بە کاسترۆ و بە شێوەیەکی ئاشتییانە بگوێزنەوە بەرەو دیموکراسیی پەرلەمانی. توخمە (سەربازییەکانی) وردەبۆرژوازی سوور بوون لەسەر پیادەکردنی

ڕابەرایەتیکردن و سەرکردایەتیکردن بە زەینییەتێکی تاکڕەوانە (لە سەرووی چین و حیزبەکانەوە) و بە عەقڵییەتێکی دیکتاتۆرانەوە، وردەوردە پاشەکشەی کرد لە ڕەهاکردنی ئازادییە دیموکراسییەکان و بێبەشکردنی حیزب و ڕێکخراوەکان و ڕۆژنامەگەری. ئەوەش پاش ئەوەی گەلی خستە گێژاوی ناکۆکییە خوێناوییە تۆقێنەرەکانەوە، پاش ئەوەی سەرکەوتوو بوو لە پلانی (پەرتکە و زاڵبە) و بەرەی نیشتمانیی تێک شکاند و پەیمانی (بەرەی یەکێتیی نیشتمانی)ی هەڵوەشاندەوە و هەندێک لە حیزبەکانی لە نێوان خۆیاندا کەوتنە پێکدادان، لەگەڵ ئەوەشدا وردەبۆرژوازی (لە ڕووی ئابوورییەوە) بەرژەوەندییەکانی بۆرژوازیی نیشتمانیی پاراست، بەڵام بێبەشی کرد لە مافی بەشداریکردن لە حکومڕانیی نیشتمانی و پیادەکردنی ئازادییە دیموکراسییەکان. ئەمەش ناکۆکیی لە نێوانیاندا هێنایە کایەوە.

پاشان وردەبۆرژوازی دەستی کرد بە هەڵگەڕانەوە لە شۆڕش، بە تایبەتی چاکسازییە دیموکراسییەکان و موغازەلەکردنی ڕاستڕەوی و کۆنەپەرستی لەژێر دروشمی (ئەوەی چوو، چوو). سەرمایەداریی کۆمپرادۆری مایەوە بەبێ ئەوەی دەست بۆ بەرژەوەندییەکانی درێژ بکرێت، فیوداڵیزمیش دەستی بە بووژانەوە کرد، بە تایبەتی لە کوردستان، کە حکومڕانییە قاسمییەکە [مەبەست عەبدولکەریم قاسمە. وەرگێڕ] ڕووی تێ کرد بە ئومێدی بەکارهێنانی دژی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی. چاکسازیی کشتوکاڵی (ی بە مۆرک بۆرژوازی) ساتمەی کرد و شکستی هێنا. پەیوەندیی حکومڕانیی نیشتمانیی بۆرژوازی لەگەڵ سەرجەم حیزبە سیاسییە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکاندا سارد بووەوە.

هەروەها ئەم ئەزموونەی عێراق بێتوانایی وردەبۆرژوازیی لە سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیدا بەرەو

بەدیهێنانی هەموو ئامانجەکانی سەلماند؛ ڕێوشوێنە چاکسازییەکانی وەک ڕێوشوێنی ناڕیشەیی و کرچوکاڵ دەرکەوتن کە لە زۆر بواردا لە نێوان وەسەتییەت و ئیسلاحییەتدا بوون. پەیوەندییە تۆکمەکانیشی بە بۆرژوازیی نیشتمانییەوە دەرکەوتن کە دەستوپێی دەبەستنەوە لە بەرەوپێشچوون.

پاشان وردەبۆرژوازی نەیتوانی چارەسەرێکی پەسەند بۆ مەسەلەی دەسەڵات –مەسەلە بنەڕەتییەکەی شۆڕش– پێشکەش بکات، چونکە هەوڵی دا دەسەڵات بۆ خۆی قۆرخ بکات و کرێکاران و جووتیاران و بۆرژوازیی نیشتمانی و زۆر توێژی دیکەی خودی وردەبۆرژوازیی لێ بێبەش کرد. پاشان نەیتوانی چارەسەرێکی زانستییانە بۆ مەسەلەی نەتەوەیی بخاتە ڕوو. لەبری چەسپاندنی یەکێتیی نیشتمانی لەسەر بناغەکانی یەکسانیی ڕاستەقینە و لەسەر ڕێساکانی یەکێتیی ئارەزوومەندانە بە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ئەوەی گەلی کورد مافی خۆی لە ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا پیادە بکات، تەنانەت لە دداننان بە پرەنسیپی هاوبەشی لە نیشتمان لە نێوان کورد و عەرەبدا پاشەکشەی کرد، پاشان گۆڕا بۆ پێگەی دوژمن و بەکارهێنانی هێزی سەربازی دژی نەتەوەی کورد، کە لە دواوێستگەدا بەرپاکردنی جەنگی براکوژی بوو لە کوردستانی عێراق، بەوەش یەکێتیی نیشتمانیی بە یەکجاری ڕووخاند پاش ئەوەی کەلێنی تێ خست بە ڕۆڵە تێکدەرانەکەی لە درزخستنە ڕیزی نیشتمانیی یەکگرتوو و ڕووخاندنی بەرەی یەکێتیی نیشتمانی کە پێنج حیزبە نیشتمانییەکەی لە خۆ گرتبوو: حیزبی نیشتمانیی دیموکراسی، پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتراکی، حیزبی شیوعی و حیزبی ئیستیقلال.

هەروەها وردەبۆرژوازی شکستی هێنا لە چارەسەرکردنی ناکۆکییە ناوخۆییەکان و فەراهەمکردنی ئازادییە دیموکراسییەکان بۆ حیزب و

هێزە نیشتمانییەکان، هەروەتر، هەوڵی دا ژیانی حیزبی و سەندیکایی و پیشەیی بشێوێنێت.

بەڵام لەسەر ئاستی نەتەوەیی، سیاسەتێکی کۆسمۆپۆلیتیکیی تەبەنی کرد کە بناغەکەی فەرامۆشکردنی بوونی هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد و بزووتنەوە نەتەوەییەکانیان بوو. هەروەتر، لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبی دژایەتیی کرد بەبێ ئەوەی دروشمێکی ڕاست سەبارەت بە بابەتی یەکێتیی عەرەبی بخاتە ڕوو.

ئەوە بەویژدانییە ددان بەوەدا بنێین کە حیزبە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکان نەیانتوانی دروشمی ڕاست بۆ قۆناغەکە بخەنە ڕوو و شکستیان هێنا لە پاراستنی یەکێتییە نیشتمانییەکەیان و چارەسەرکردنی ناکۆکییە ناوخۆییەکانیان بە شێوازی دیموکراسی، شێوازی گفتوگۆ و دیالۆگ و ڕەخنە و قایلکردن. هەر بۆیە ناکۆکییەکانی نێوانیان گۆڕا بۆ ناکۆکیی دوژمنکارانە و توند کە بۆ چارەسەرکردنیان پەنا برایە بەر بەکارهێنانی کوشتن و قڕکردن و تۆقاندن و چەوساندنەوە؛ لە کاتێکدا ئەرکەکە بەرزکردنەوەی دروشمی حکومڕانییەکی میللی بوو لەبری زیندووکردنەوەی حکومڕانیی وردەبۆرژوازی نیشتمانی و تەپڵلێدان بۆ ڕابەرە تاقانەکەی [مەبەست تەقدیسکردنی عەبدولکەریم قاسمە. و]، لە کاتێکدا ئەرکەکە پێویستی بە کۆکردنەوەی هێز و سازدانی وزە میللییەکان و یەکخستنی هێزە پێشکەوتنخوازەکان و هێزی کرێکاران و جووتیاران دەکرد لەپێناو بەدیهێنانی ئەم ئامانجەدا. حیزبە پێشکەوتنخوازەکان شیکارییەکی چینایەتیی دروستیان نەبوو بۆ ڕووداوەکان و گەشەکردنەکان، باوەڕیان بە ڕوانینێکی شۆڕشگێڕانە نەبوو بۆ گەشەکردنەکان و ئاییندە، بەڵکو باوەڕیان بە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوەکان هەبوو بە تاکتیکی ڕۆژانە و هەڵوێستی دەستبەجێ و سیاسەتی کورتخایەن، بەبێ ئەوەی ستراتیژێکی ڕوونیان

هەبێت کە پلانەکانی پیادە بکرێن بۆ گەیشتن پێیان و بەدیهێنانیان. ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی عێراق دەرفەتێکی مێژوویی دەگمەنی لە کیس بچێت.

وردەبـۆرژوازیـی عارفییش [مەبەست عەبدولسەلام عـارفە. و]، سـەرەڕای ئەنجامدانی [پرۆسـەی] خۆماڵیکردن لەژێر کاریگەریی گەشەکردنە عەرەبییەکان و هـاوارە درۆیینەکەی لەمەڕ یەکێتیی عەرەبی، سیاسەتێکی زۆر ڕاستڕەوانەتر و کۆنەپەرستانەتری [لەوەی عەبدولکەریم قاسم] پیادە کرد. ئاڵووالآیی حکومڕانی و تالانییەکانی مەستیان کرد و دروشمەکانی یەکێتیی عەرەبی لە بیر کرد.

زومرەی عارفییانە نموونەیەکی زیندووە لەسەر هاوار و لوورەلووری درۆیینە لەپێناو یەکێتیدا لە لایـەک و هەڵوەشاندنەوەی هەنگاوە یەکێتیخوازییە جدییەکان لە لایەکی ترەوە.

ئاشکراشە دروشمی یەکێتیی عەرەبی کە بۆرژوازی خستیە ڕوو، مۆرکی وردەبۆرژوازییانەی نادیموکراسیی پێوە بـوو، بە جۆرێک، دروشمەکەی بە شێوەیەکی مەرکەزیی توند خستە ڕوو، بە شێوەیەک، کە وەک جۆرێک لە دەسەڵاتگەری و سەپاندن دەهاتە بـەر چاوی جەماوەری میللی و ڕاستییەکی گرنگ دەرکەوت کە پێویستە سەرجەم خەباتگێڕانی عەرەب بە باشی لێی تێ بگەن، ئەویش ئەوەیە کە یەکێتیی عەرەبایەتی تەنها لەسەر دەستی جەماوەری عەرەبی و بە سەرکردایەتیی چینی کرێکار، تەنها لە جەنگەی شۆڕشی دیموکراسیی میللیی عەرەبیدا بەدی دێت.

ئـەو زیانە زەبـەندانـەی کە وردەبــۆرژوازی لە ئەنجامی دروشمە نادیموکراسی و هـەڵـەکانی، لـە ئەنجامی هەڵسوکەوتە حکومگەرە دیکتاتۆرییە زیانبەخشەکانی و بەهـۆی خستنەڕووە لـەسـەرڕاکەی دروشمی یەکێتی و نکۆڵیکردنی لە زەروورەتی یەکێتیی دیموکراسی و فەراهەمکردنی ئازادییە دیموکراسییەکانی جەماوەری میللی و حیزبە

پێشکەوتنخوازەکانی بە یەکێتیی عەرەبی گەیاندن، زۆر کوشندەتر بوون لە مەترسییە هەرێمییەکان و بۆرژوازیی گەورە و زیانەکانی هەردووکیان بۆ یەکێتیی عەرەبی.

بە داخەوە، حیزبە شیوعییە عەرەبییەکان لە ڕۆژهەڵات [مەبەست لە وڵاتانی شام و عێراقە لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەبی. و] درکیان بە گرنگیی یەکێتیی عەرەبی نەکرد، یەکەم، وەک داواکارییەکی جەماوەری عەرەبی، دووەم، وەک وەڵامدانەوەیەک بە پێداویستییە مادییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگەی عەرەبی، لە کۆتاییشدا، وەک بەدیهێنانی بیرۆکەی سۆسیالیزم کە قەوارە گەورەکان بەسەر قەوارە بچووکەکاندا پەسەند دەکات، یەکێتیی نێوان نەتەوە جیاوازەکان بەسەر جودایی نێوانیاندا پەسەند دەکات لە ڕووی پرەنسیپەوە، پاشانیش یەکخستنی بەشە جیاوازەکانی یەک نەتەوە وەک پراکتیزەکردنێکی یاسای سەرهەڵدانی نەتەوەکان و گەشەکردنیان لە لایەک و خولقاندنی قەوارەیەکی فراوانتر و بەهێزتر لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئیمپریالیزمدا و گونجاوتر بۆ خێراکردنی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان و چینی کرێکار لە لایەکی ترەوە.

نەتەوەی عەرەبی یەک نەتەوەیە و ئیمپریالیزم و فیوداڵیزم پارچەپارچەیان کردووە بۆ سەپاندنی ستەم و دەسەڵاتگەریی خۆیان بەسەر جەماوەری میللیی عەرەبی و لاوازکردنی بەرەنگاریی ئەم جەماوەرە و پەرتکردنی هێز و وزەکانی. خەباتی عەرەبی دژی ئیمپریالیزم، زایۆنیزم، فیوداڵیزم و پارچەپارچەکردن، خەباتێکی دادپەروەرانە و ڕەوایە. هەر بۆیە پێویستە هێزە پێشڕەوە عەرەبییەکان بەشداریی ئەم خەباتە بکەن و هەوڵی سەرکردایەتیکردنی بدەن. بەڵێ، پێویستە هێزە پێشڕەوە عەرەبییەکان ئامێز بۆ ڕەوتی ڕزگاریخوازی یەکێتیخوازی نەتەوەیی بکەنەوە و ئەم ڕەوتە دژ بە ئیمپریالیزم، زایۆنیزم، فیوداڵیزم

و پارچەپارچەکردن و لەپێناو ڕزگاریی یەکجاری و دیموکراسیی میللی و یەکێتیی عەرەبیدا ئاڕاستە بکەن. بەوەش ڕێگە لەوە دەگرن هێزە بۆرژوازی و کۆنەپەرستەکان بتوانن یاری بە هەستوسۆزی جەماوەری میللی بکەن و ڕەوتی نەتەوەیی عەرەبی (کە لە ڕووی مێژوویی و بابەتییەوە لە ئارادایە) لە بەرژەوەندیی ڕاستڕەو یاخود پرۆژە داگیرکارییە گومانلێکراوەکان، کە سیفەتی یەکێتیخوازیی عەرەبییان هەیە، بەکار بهێنن. بەڵکو بە پێچەوانەوە، پێویستە هێزە پێشڕەوە عەرەبییەکان سەرکردایەتیی ڕەوتی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی یەکێتیخوازی عەرەبی بخەنە سەر ڕێگەی خەباتی شۆڕشگێڕانە دژی ئیمپریالیزم، زایۆنیزم، فیوداڵیزم و پارچەپارچەکردن، هەروەها لەپێناو ڕزگاریی تەواوەتی لە ئیمپریالیزم و پەلوپۆ سیاسی و ئابووری و هزرییەکانی، لەپێناو لەناوبردنی تەواوەتیی فیوداڵیزم و پارچەپارچەیی، دواتریش لەپێناو دیموکراسی و یەکێتیی نەتەوەیی ئوممەی عەرەبیدا.

لەئامێزگرتن و سەرکردایەتیکردنی ڕەوتی نەتەوەیی ڕزگاریخواز و لە لایەن حیزبە پێشڕەوەکانەوە تەنها نابێتە هۆی دابڕینی ڕاستڕەو و توخمە بەکرێگیراوەکان کە بازرگانی بە ناسیۆنالیزمەوە دەکەن، یاخود دابڕینی بۆرژوازی لە سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە، بەڵکو دەبێتە هۆی گەشەپێدانی کرۆکە پێشکەوتنخوازییەکەی ئەم ڕەوتە نەتەوەییە و بووژانەوەی ناوەڕۆکە دیموکراسییەکەی و تێکەڵکردنێکی دروست لە نێوان مەسەلەی نەتەوەیی و مەسەلەی جووتیاری، دواتریش، کردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی بە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە کە ناوەڕۆکێکی جووتیاری و دیموکراسییانەی هەیە و لە دروشمەکانیدا ماف و داوا کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازییەکانیش پێکەوە کۆ دەکاتەوە. بەو جۆرەش، هێزە پێشڕەوە عەرەبییەکان دەتوانن سەرکردایەتیی جەماوەری جووتیاران و سەرکردایەتیی ڕەوتی

نەتەوەیی ڕزگاریخواز و دواتریش سەرکردایەتیی خەباتی نیشتمانیی دیموکراسی بە دەست بهێنن؛ بەو جۆرە، دەبێتە پێشڕەوێکی ڕاستەقینەی گەل و دەتوانێت سەرکردایەتیی خەباتەکەی بکات دژی ئیمپریالیزم و فیودالیزم و کۆنەپەرستی و لەپێناو ڕزگاریی دیموکراسیی میللی و یەکێتیی نیشتمانی.

گومانی تێدا نییە بەدیهێنانی یەکێتییەکی پێشکەوتنخوازانەی عەرەبی لەمیانەی خەباتی جەماوەریی میللیی عەرەبییەوە، ئامانجە نەتەوەییە باڵاکەی ئوممەی عەرەبی بەدی دەهێنێت. بەوەش قەوارەیەکی بەهێزی پێشکەوتنخواز دروست دەکات کە تەرازووی گەلانی شۆڕشگێڕ قورس دەکات و دەوڵەتێکی پێشکەوتنخوازی بۆ بەدی دەهێنێت کە توانای مادی و مرۆیی و وزەی زۆروزەبەندی دەبێت. بەوەش دەتوانرێت زنجیرە بەهێزەکانی بەرەی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی بپسێنرێن و هاوسەنگییەکە لە ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە لای بەرژەوەندیی گەلانی شۆڕشگێڕدا بشکێنرێتەوە. بە بەدیهێنانی یەکێتیی عەرەبی، هێزە شۆڕشگێڕە عەرەبییەکان دەتوانن وزە مەزنەکانیان یەک بخەن و لەگەڵ هێزی گەلانی شۆڕشگێڕ لە خەباتدا یەکانگیری بکەن بۆ خستنی ئیمپریالیزم لەسەر ئاستی هەرێمی و جیهانی، وەک چۆن یەکێتیی عەرەبیی پێشکەوتنخواز ئاسانکاری بۆ ئوممەی عەرەبی دەکات ئەرکەکانی ڕزگاریی ئابووری بەجێ بهێنێت، وەک خۆماڵیکردنی برە زۆرەکەی نەوتی عەرەبی و بونیادنانی ئابوورییەکی نیشتمانیی بەهێز و سەربەخۆ و بەپیشەسازیکردنی وڵاتانی عەرەبی، پاشان داخستنی بازاڕی عەرەبی بە ڕووی سەرمایەداریی نێودەوڵەتیدا. بێبەشکردنی ئەم سەرمایەدارییە نێودەوڵەتییە لە نەوتی عەرەبی و بازاڕی عەرەبی و کەرەستەی خاوی عەرەبی، دەبێتە هۆی توندکردنەوەی قەیرانە خنکێنەرەکەی سیستەمی سەرمایەداریی جیهانی و دواتریش

بەشداریکردنی لە خێراکردنی ڕووخانی سەرمایەداریی جیهانیدا، بە تایبەتییش کە نەتەوەی عەرەبی دژایەتیی زایۆنیزم دەکات کە یەکێک لە زنجیرە گرنگەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی پێک دەهێنێت.

لەبەر ئەوەی یەکێتیی عەرەبی ئەم گرنگییەی هەیە، هەر بۆیە ئاساییە ئیمپریالیزم دژایەتیی بکات، کۆسپ بخاتە بەردەم بەدیهێنانی، سنوورە دەستکردەکانی بپارێزێت و پارچەپارچەکردنی دەرەبەگایەتییانە و هەرێمیی باو بپارێزێت. هەروەها ئەرکی حیزبە شیوعییەکانە کە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی عەرەبی و لە پێشەوەی جەماوەری میللییەوە خەبات بکەن و ڕەوتی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لە خۆ بگرن و سەرکردایەتیی ئەم ڕەوتە بکەن بۆ ئەوەی ببنە پێشڕەوی ڕاستەقینەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و جەماوەری میلليی عەرەبی. کەواتە ئەرکی هێزە پێشڕەوە شۆڕشگێڕە عەرەبییەکان سەرکردایەتیکردنی ڕەوتی ڕزگاریخوازی نەتەوەییە بە ئاڕاستەیەکی پێشکەوتنخوازانەی دژ بە ئیمپریالیزم و فیوداڵیزم و زایۆنیزم، هەروەها خەباتکردن لەپێناو ڕزگاریی سەرتاپاگیر و دیموکراسیی میللی و یەکێتیی عەرەبی.

بەم جۆرە، دەبینین وردەبـۆرژوازی بە کردەیی شکستخواردووە لەوەی بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە سەرکردایەتیی شۆڕشی نیشتمانی بکات.

جگە لە خستنی ڕژێمی پاشایەتیی نۆکەری ئیمپریالزم (لە ڕووی سیاسییەوە) و تا ڕادەیەکیش لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە و جێبەجێکردنی هەندێک چاکسازیی دیموکراسی لە بوارە کشتوکاڵی و پیشەسازی و کولتوورییەکاندا، دەبینین [وردەبـۆرژوازی] شکست دەهێنێت لە هێنانەدیی یەکێتیی نیشتمانی (و پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو) و لە فەراهەمکردنی ئازادییەکان و مافە دیموکراسییەکانی

جەماوەری میللیدا، بۆ ئەوەی ئینتلاقە بکات و وزەکانی کۆ بکاتەوە و ئیمکانیاتەکانی لە جەنگە نیشتمانییەکاندا ساز بکات، دەبینین شکست دەهێنێت لەجێبەجێکردنی ئەرکە بنەڕەتییەکانی قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراسی، لەناوبردنی یەکجارەکیی ئیمپریالیزم و کۆڵەکەکانی و ڕیشەکێشکردنی ڕەگە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی لە وڵاتدا، ڕیشەکێشکردنی پەیوەندییە فیوداڵییەکان و لەناوبردنی چەوساندنەوەی چینایەتی و ستەمی نەتەوەیی، هەروەها شکستی هێناوە لە بونیادنانی دەسەڵاتی میلليی خوازراو لەم قۆناغە مێژووییەدا. هەر بۆیە وردەبۆرژوازی لە تاقیکردنەوەکەدا کەوتووە و شکستەکەشی دەرکەوتووە.

## هەڵپەی چەپڕەوانەی وردەبۆرژوازی

وردەبـۆرژوازی لە عێراق شکستی هێنا، وەک چۆن لە سەرجەم وڵاتانی عرووبەدا شکستی هێنا لەوەی سەرکەوتوانە سەرکردایەتیی شۆڕش بکات هەتا کۆتاییە سەرکەوتوەکەی.

لەوەش خراپتر، وردەبۆرژوازیی عەرەبی تەنانەت نەیتوانی هێزێکی سەربازی دابمەزرێنێت کە بتوانێت لە مەیدانی بەرگریی نیشتمانیدا خۆی ڕابگرێت، هەر بۆیە بێتواناییە ئابڕووبەرەکەی بە ئاشکرا دەرکەوت. ڕووداوەکـان گوتەکەی لینینیان پشتڕاست کردەوە کە دەڵێت جەنگ تاقیکردنەوە و سەنگی مەحەکە بۆ سەرجەم چین و حیزبە سیاسییەکان. جەنگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧ ڕاستییە تاڵەکانی لەمەڕ وردەبۆرژوازیی عەرەبی و شکستە خەوشدارەکەی لە سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی تا کۆتاییەکەی کەشف کرد و کەموکوڕییەکانی وەک خۆی خستە ڕوو. وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر ڕووداوەکان، زۆر گرووپی ڕێکخراو و پەرتوبڵاوی وردەبۆرژوازی بە خێرایی مووشەک ڕوویان کردە چەپ و ئەوپەڕی چەپ، هەر بۆیە هەندێک گرووپیان تووشی سەرەگێژەی (هەڵپەی چەپڕەوانە بوون) و هاوشوهووشێک لە ناویاندا بەرز بووەوە کە بانگی کەوتنی وردەبۆرژوازییان دەدا لە ڕووی مێژووییەوە، وەک ئەوەی ئەوە دۆزینەوەیەکی بێهاوتای نوێ بێت.

لە ڕاستیدا وردەبـۆرژوازی لـەو کاتـەوە لە ڕووی مێژووییەوە کەوتووە کە پرۆلیتاریا وەک هێزێکی نوێ دەرکەوت و مێژوو ئەرکی سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی پێ سپارد. کەشفەکەی برادەرە چەپڕەوە نوێیەکانمان نوێ نییە، بەڵکو کۆنە و زیاتر لە سەدەیەکی بەسەردا تێ

پەڕیوە، بەڵام برایانمان بەم دواییانە کەشفیان کردووە، پاش ئەوەی بە دەستی خۆیان لەمسیان کرد و بینییان (قەڵای هیواکان)ی پشتئەستوور بە حکومڕانیی وردەبۆرژوازی لەق دەبێت و خەریکە بەسەر ئەوانیشدا دەڕووخێت.

بەڵام ئەم کەشفە سەرکەوتوانەیە پێویستی بە ترس و تۆقین و هەڵهاتن لە واقیع بەرەو ئەوپەڕی چەپڕەوی نییە، ناشبێت بە پاساو بۆ تەبەنیکردنی دروشمەکانی (سەروو چەپایەتی) و ڕاگەیاندنی دوژمنایەتیی ئاشکرا و جەنگی دەستبەجێ دژ بەم سیستەمە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازانە، وەک (کاردانەوەیەک) بەرامبەر بە پووچەڵبوونەوەی خەیاڵ؛ لەگەڵ ئەوەشدا ئاشکرایە سروشتی چینایەتیی وردەبۆرژوازی (وەک وردەموڵکدار) ئەم سیفەتە شۆڕشگەراییانەیەی بۆ سەربار دەکات کە هەندێک جار لە ئاناشیزم دەچێت. لینین دەڵێت:

((لای مارکیستەکان، بە شێوەیەکی تیۆری، بە تەواوەتی ساغ بووەتەوە و سەرجەم شۆڕش و بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان لە ئەورووپا ئەوەیان بە تەواوەتی دووپات کردووەتەوە کە وردەموڵکدار (ئەم نموونە کۆمەڵایەتییەی کە لە وڵاتانێکی زۆری ئەورووپیدا نوێنەرایەتیی جەماوەرێکی بەرفراوان دەکات) لە سایەی سەرمایەداریدا بە دەست ستەمێکی هەمیشەییەوە دەناڵێنێت و بە زۆرییش بە شێوەیەکی چڕ و خێراییەکی نائاسایی باڵ بەسەر ژیانیدا دەکێشێت و تووشی وێرانبوونی دەکات؛ لە ئەنجامی ئەوەشدا، بە ئاسانی تووشی زیادەڕۆیی لە شۆڕشگێڕیدا دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت سەقامگیر و خۆڕاگر بێت و پابەندی نیشان بدات.)) (لینین، هەڵبژاردەکان، بەشی چوارەم، چاپی عەرەبی، مۆسکۆ، ل٢٠). بە دڵنیاییەوە شۆڕشگێڕە ڕاستەقینەکان و مارکسییە لینینییەکان پێشوازی لە گۆڕانی خەباتگێڕە پێشکەوتنخوازەکان بەرەو چەپایەتی و خواستیان بۆ تەبەنیکردنی

مارکسیزم – لینینیزم دەکەن، چونکە تیۆری سۆسیالیزمی زانستی لە پاوانی گرووپێکدا نییە و لە فەرمانگەی تاپۆ وەک موڵکی تاکەکەسێک تۆمار نەکراوە. سۆسیالیزمی زانستی تیۆرێکی شۆڕشگێڕانەیە لەپێناو گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانەدا، تیۆری شۆڕشگێڕانەی جەماوەری میللییە کە لە خەباتی شۆڕشگێڕانەدا ڕێنوێنییان دەکات، ڕێنوێنیی هەموو ئەوانە دەکات کە نیشتمانی خۆیان خۆش دەوێت و چاکەی گەلانی خۆیان دەوێت، خوازیارن بە ڕاستگۆیی و دڵسۆزییەوە ڕێگەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بگرنە بەر. تیۆرێکی شۆڕشگێڕانەیە بۆ سەرجەم کرێکاران و جووتیاران و ڕەنجدەران و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ کە دەیانەوێت مرۆڤ لە ستەم و چەوساندنەوەی نەتەوەیی ڕزگار بکەن و لەپێناو سۆسیالیزمدا خەبات دەکەن. تیۆرێکە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتیی پێشکەوتنخواز.

بەڵام بانگەشەکردن بۆ تیۆرەکە و تەبەنیکردنی سۆسیالیزمی زانستی و دووبارەکردنەوەی هەندێک ڕستەکانی مارکس و لینین و فەیلەسووفە مارکسی–لینینییەکانی دیکە شتێکە، تێگەیشتن لە تیۆر و فەلسەفەکانیان و تێکەڵکردنی ڕاستییە گشتییەکانی بە هەلومەرجە واقیعییەکان و تایبەتمەندییە دیاریکراوەکانی شۆڕش شتێکی ترە.

تێگەیشتن لە تیۆری سۆسیالیزمی زانستی هەنگاوی یەکەمە، بەڵام لەوە گرنگتر، پراکتیکی کردەیی و تێکەڵکردنیەتی بە هەلومەرجە مەلمووسەکان و تایبەتمەندییە هەستەکییەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانە، بەو پێیەی تیۆرەکە ڕێبەری کار و ڕێنوێنی خەباتە. لینین دەڵێت (پراکتیکی کردەیی باڵاترە لە مەعریفەی (تیۆری)، لەبەر ئەوەی نەک تەنها سیفەتی سەرتاپاگیریی هەیە، بەڵکو سیفەتی واقیعیی ڕاستەوخۆشی هەیە.))

ماوتسی تۆنگ دەڵێت: ((تیۆری ماتەریالیزمی دیالەکتیکی لەمەڕ مەعریفە، پراکتیکی کردەیی لە پلەی یەکەمدا دادەنێت، چونکە وا دادەنێت

هەرگیز ناشێت مەعریفەی مرۆیی لە پراکتیکی کردەیی جیا بکرێتەوە؛ هەموو ئەو تیۆرە هەڵانەش کە نکۆڵی لە گرنگیی پراکتیکی کردەیی دەکەن و مەعریفە لە پراکتیکی کردەیی جیا دەکەنەوە، ڕەت دەکاتەوە.)) (نووسراوە هەڵبژاردەکان، بەشی چوارەم، دەربارەی پراکتیکی کردەیی، ل ٤٣٤).

لەبەر ئەوە، دەبێت درک بە گرنگیی حیزبی پێشڕەوی تەیار بە بیر و باوەڕی سۆسیالیزمی زانستی بکرێت کە ئەم ئەرکە بەجێ دەهێنێت و بە میتۆد و سیاسەتە شۆڕشگێڕییە دروستەکەی، بە دانانی ستراتیژێکی ڕاست بە شێوەیەکی دروست و تاکتیکی تاوتوێکراو کە خزمەتی ئەم ستراتیژە بکات، گوزارشتی لێ دەکات.

هەر بۆیە ئەوە حیزبی پێشڕەوە کە ئەم پراکتیکە خەباتگێڕانەیە ڕێک دەخات و سەرکردایەتیی خەباتی کرێکاران و جووتیاران و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕی تێکەڵ بە شۆڕش دەکات، ئەوە کە بەرهەمهێنانی کادر و توخمی خەباتگێڕی قاڵبوو بە هزری شۆڕشگێڕی و تیۆری سۆسیالیزمی زانستی لە ئەستۆ دەگرێت، هەر ئەویشە کە دەتوانێت توخمە چەپخوازە نوێیەکان، کە بە ڕاستگۆیی و دڵسۆزییەوە دەخوازن مارکسیزم – لینینیزم تەبەنی بکەن، بتوێنێتەوە و پاشان ئەم دەستەیە لە شۆڕشگێڕەکان بگۆڕێت بۆ چەپڕەو کە واز لە میتۆدی وردەبۆرژوازی بهێنن و زەینییەتی وردەبۆرژوازی وەلا بنێن، پاشان بەرەو سۆسیالیزمی زانستی وەریان بچەرخێنێت، کە ئەمە کارێکی باشە، بەڵام ئەوەی گرنگە، ئەوەیە کە بە کردەیی بیانکات بە سۆسیالیستی ڕاستەقینەی زانستی، کە ئەمە ئەرکێکی قورسە و شانبەشانی ئامادەیی، تێگەیشتنی دروست لە تیۆری سۆسیالیزمی زانستییش دەخوازێت، سەرەڕای پراکتیکی کردەیی بەردەوام بۆ ماوەیەکی زەمەنیی پێویست. ماو تسی تۆنگ دەڵێت ((ماتەریالیزمی دیالەکتیک –فەلسەفەی مارکسیزم– دوو

تایبەتمەندیی دیاری هەیە، یەکەمیان سیفەتی چینایەتییە کە بە ڕاشکاوی ڕای دەگەیەنێت ماتەریالیزمی دیالەکتیکی لە خزمەتی پڕۆلیتاریادایە. سیفەتی دووەمیان پراکتیکیبوونە کە جەخت لەسەر پاشکۆیەتیی تیۆر بۆ پراکتیکی کردەیی دەکات، بە جۆرێک کە بنەمای تیۆری لەسەر بناغەی پراکتیکی کردەیی دادەمەزرێ، پاشان تیۆری دێتەوە و خزمەتی پراکتیکی کردەیی دەکات.)) ئەم ئەرکە ئاستەنگی زۆری دێتە پێش، چونکە کەشی خەباتگێڕانەی نیشتمانی و نێونەتەوەیی پڕە لە چەمک و پڕوپاگەندەی ڕیڤیژنیستانە و (چەپڕەویی نوێ) و (ترۆتسکیزم) کە لە ژێر پەردەی دژەستالینیزمدا (ئەم دروشمە لادەرە دژەمارکسی—لینینییە) ڕستێک بیر و باوەڕی چەواشەکاری دژ بە سۆسیالیزمی زانستی تەبەنی دەکەن.

بازاڕەکان پڕن لە کتێبی بە ڕواڵەت جوان کە ناونیشانی فریودەریان لەمەڕ چەپڕەوی نوێ و دوبرەییزم لەسەر نووسراوە، کتێبخانەکان پڕن لە کتێبی ڕیڤیژنیستیی نزیک لە زەینییەتی ئەو لاوانەی کە کاژی وردەبۆرژوازییان فرێ داوە، هەر بۆیە ڕووکردنی لاوانی پێشکەوتنخواز لە سۆسیالیزمی زانستی، بەربەست و ئاستەنگی زۆری دێتە بەردەم.

هیچ سەیر نییە ڕێسای (کاردانەوە) لە ئەنجامی فڕێدانی کاژی وردەبۆرژوازی، بەرەو هەڵپەی چەپڕەوانە پاڵیان بنێت، کە بە سڕینەوەی سەرلەبەری بۆرژوازیی نیشتمانی (لە ناویشیاندا توێژە پێشکەوتخوازەکان) و بانگەشەکردن بۆ کەوتنی یەکجارەکیی وردەبۆرژوازی، وتنەوەی چەمکە ترۆتسکی و دوبرێییەکان لەمەڕ شۆڕش و کانگا شۆڕشگێڕییەکان و فەرامۆشکردنی زەروورەتی شۆڕشی دیموکراسیی میللی، گوزارشت لە خۆی بکات، وەک ئەوەی ئارەزووی سەبجێکتیڤیی ئەوان بتوانێت یاسای گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و گریمانەکانی مێژوو ئاڵوگۆڕ بکات. ئەمە لە کاتێکدا ڕاستییە بابەتییەکان

لە شوێنە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانی خۆیاندا دەمێننەوە کە نەک بەپێی خواستی دەستەبژێری ڕۆشنبیر و هیوا باشەکانیان، بەڵکو بەپێی یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و پێداویستییە مادییەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی و پێکدادانی ناکۆکییەکان دەگۆڕێن و کارلێک دەکەن و گەشە دەکەن. بۆ نموونە، ڕاگەیاندنی کەوتنی وردەبۆرژوازی لە لایەن ئەو خەباتگێڕانەوە، بە واتای ئەوە نییە کە وردەبۆرژوازی بە فیعلی کەوتووە، چونکە وردەبۆرژوازی هێشتاش هێزێکی شۆڕشگێڕە لە خەباتدا و ئیمکانی ئەوە هەیە تا ساتی بونیادنانی دیموکراسیی میللی وەک هێزێکی شۆڕشگێڕ بمێنێتەوە.

وردەبۆرژوازی یەکێکە لە هێزە پێشکەوتنخوازەکان کە بانگهێشت کراوە بۆ بەشداریکردن لە خەباتی یەکخراو بۆ بونیادنانی دیموکراسیی میللی، بەڵام ناتوانێت سەرکردەی ئەم خەباتە بێت.

ئەمە سەبارەت بە وردەبۆرژوازیی مەحکووم کە جووتیارانی ناونجی، خوێندکاران، مامۆستایانی قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی، وردەپارێزەر، پزیشکان، ئەندازیاران، پیشەسازە دەستییەکان، وردەفەرمانبەری حکومی، کتێبفرۆش، وردەبازرگان، کاسبکارانی وەک بەقاڵ و عەتار و دوکانداران لە خۆی دەگرێت. ئەم وردەبۆرژوازییە توێژی فراوان و زۆری خەڵک لە خۆی دەگرێت، لە ناویاندا توێژە ڕۆشنبیر و خوێندەوارەکان کە لە بزووتنەوەی نیشتمانی و شۆڕشگێڕیدا گرنگییان هەیە و سەرجەمیان بۆ سێ توێژ دابەش دەبن.

سەرلەبەری وردەبۆرژوازی، لەگەڵ کرێکاران و جووتیاران، بە هێزی شۆڕشگێڕی سەرەکی دادەنرێن لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیدا. بەڵام ناتوانێت ڕۆڵی سەرکردایەتی یان پێشڕەو ببینێت.

بەڵام وردەبۆرژوازیی حکومڕان جیاوازە لە وردەبۆرژوازی پێش ئەوەی حکومڕانی بە دەستەوە بگرێت، ئەویش لەم تایبەتمەندییانەدا:

١– توێژی حکومڕانی وردەبۆرژوازی بە زۆری نوێنەرایەتیی توێژە باڵاکەی وردەبۆرژوازی دەکات کە لە ڕووی ئابوورییەوە خۆبژێوە، لەگەڵ زیادەیەکی ساڵانە، ئەم توێژە حکومڕانە تەنها ساڵانە خۆی ناژێنێت، بەڵکو دەست بە گۆڕان دەکات بەرەو بۆرژوازیی ناونجی بە هۆی پێگەکانی لە دەسەڵات، مووچە، ئیمتیازات، پلەبەرزبوونەوە و تەرفیعی خێرای ساڵانە کە بە دەستی دەهێنێت، بەوەش چینێکی نوێ پێک دەهێنێت کە لە سەرەتادا چینی بۆرژوازیی ناونجیی نوێیە، بەڵام [دواتر] دەگۆڕێت بۆ بۆرژوازییەکی قۆرخکار، بە حوکمی قۆرخکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت کە جەوهەری ژێرخانەکەی سەرمایەداریی دەوڵەتە. کاتێک سەرمایەداریی دەوڵەت دەبێت بە ژێرخان، ئەوا سەرخان (دەسەڵاتی سیاسی و قانوونی و جێبەجێکردن – واتە حکومەت) دەست بە گۆڕانێکی شێنەیی دەکات بۆ حکومەتی سەرمایەداریی دەوڵەت بەپێی یاسای سازانی سەرخان لەگەڵ ژێرخان، بەو پێیەی ڕەنگدانەوە و وێنەیەکی سیاسیی سەرەوەیە بۆ ژێرخانی ئابووری. بەم شێوەیە، توێژە حکومڕانەکەی وردەبۆرژوازی وردەوردە دەگۆڕێت بۆ بۆرژوازیی ناونجی، پاشان بۆ بۆرژوازییەکی قۆرخکاری شێوەنوێ، ئەوەش بە حوکمی کۆنترۆڵە ڕەهاکەی بەسەر پرۆژە پیشەسازی، بانکی، دارایی و کشتوکاڵییەکاندا و بەسەر ئابووریی نیشتمانی و بازرگانیی دەرەکیدا. هەروەها بە حوکمی گۆڕانی دەوڵەت بۆ حکومڕانیی سەرمایەداریی دەوڵەت. ئەمە جیاوازییەکی گرنگە لە نێوان بۆرژوازیی حکومڕان و بۆرژوازیی مەحکوومدا.

٢– بۆرژوازیی حکومڕان نوێنەرایەتیی هەموو وردەبۆرژوازی و هەموو توێژەکانی ناکات، بەڵکو بە زۆری نوێنەرایەتیی توێژە باڵاکەی

دەکات. لە کاتێکدا وردەبۆرژوازی بە توێژە زۆرەکانیەوە بەشداریی جەنگی ڕزگاریی نیشتمانی دەکات (بێگومان بە ڕادەی جیاواز)، توێژی باڵای وردەبۆرژوازیی حکومڕان دەست دەکات بە فرێدانی کاژی وردەبۆرژوازی و جیاوازبوون لێی و دوودڵبوون لە بەشداریکردن لە خەباتی شۆڕشگێڕانە.

٣- لە کاتێکدا وردەبۆرژوازیی ژێردەسەڵات خەسڵەت و توانای هاریکاریکردنی لەگەڵ کرێکاران و جووتیارانی هەژار و سەرجەم ڕەنجدەران هەیە لە خەبات لەپێناو ڕزگاری و دیموکراسیی میللیدا، کەچی وردەبۆرژوازیی حکومڕان لە دیموکراسیی میللی هەڵدەگەڕێتەوە و هەوڵ دەدات حکومڕانییە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازییەکەی خۆی وەک ئەڵتەرناتیڤێکی دیموکراسیی میللی بونیاد بنێت.

٤- لە کاتێکدا وردەبۆرژوازیی مەحکووم لەگەڵ کرێکاران و جووتیارانی هەژار و سەرجەم ڕەنجدەراندا خەبات دەکات لەپێناو ماف و ئازادییە دیموکراسییەکاندا، توێژی وردەبۆرژوازیی حکومڕان کاتێک دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرێت، دەست دەکات بە بێبەریکردنی کرێکاران و جووتیارانی هەژار و نوێنەرانیان لە ڕیزی ڕۆشبیراندا لە ماف و ئازادییە دیموکراسییەکان و سەپاندنی دیکتاتۆرییەتی خۆی، بەوەش جەماوەری میللیی ڕەنجدەر بێبەش دەکات لە دیموکراسی و موومارەسەکردنی ئازادییە دیموکراسییەکان.

٥- وردەبۆرژوازیی مەحکووم دروشمی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو قبوڵ دەکات، بەڵام وردەبۆرژوازیی حکومڕان دروشمی بەرەی یەکگرتوو ڕەت دەکاتەوە و فەرامۆشی دەکات، لەبری ئەوە، دروشمی حیزبی تاقانە یان کۆبوونەوەی نەتەوەیی تاقانە یاخود یەکێتیی سۆسیالیستی یان ڕێکخراوەی شۆڕشگێڕی تاقانە پێشنیاز دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، کەوتنی وردەبـــۆرژوازی لە لوتکەی سەرکردایەتییەوە لە ڕووی

مێژووییەوە، بە واتای دەرکردنی نییە لەسەر سەکۆی سەرکردایەتی کە ئێستا لەسەری ڕاوەستاوە، یان دەستبەجێ دەرکردنی لە مەیدانی کاریگەری بەسەر ڕووداوەکان و بارودۆخەکانەوە.

لینین لە گفتوگۆی لەگەڵ کۆمۆنیستە (چەپڕەوە) ئەڵمانییەکاندا، کە باس لە کەوتنی پەڕلەمانتاریزم دەکەن لە ڕووی مێژووییەوە و دەرەنجامەکەش (بە بانگەشەی ئەوان) بایکۆتکردنی پەڕلەمان دەبێت بە ڕەهایی و بە شێوەیەکی هەمیشەیی، لینین بەرهەڵستی دەکات و جیاوازیی نێوان کەوتنی پەڕلەمان لە ڕووی مێژووییەوە، کە ئەمە قسەیەکی ڕاستە لە مەودای ستراتیژیدا و نێوان مانەوە واقیعییەکەی لە مەودای تاکتیکیدا ڕوون دەکاتەوە. لە سەردەمی هەرەسهێنانی ئیمپریالیزمدا، لینین کۆلۆنیالیزم بە ((زەبەلاحێک کە قاچەکانی لە قوڕن)) وەسف دەکات. ماو تسی تۆنگ ئەم وەسفە بەم گوزارشتە ناسراوە دادەڕێژێتەوە: ((کۆلۆنیالیزم و گشت کۆنەپەرستان پڵنگی کاغەزین.)) لە کاتی ڕاڤەکردنیدا ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە کە کۆلۆنیالیزم زەبەلاحێکە و قاچەکانی لە قوڕن یان پڵنگێکی کاغەزییە، ئەمە قسەیەکی ڕاستە لە مەودای ستراتیژیدا لە ڕووی ڕوانین لە داهاتوو کە بە مسۆگەری هیی گەلان و جەماوەری ڕەنجدەرە، بەڵام لە مەودای تاکتیکیدا، لە ئاستی پراکتیکی خەباتکارانە لە دژی، کۆلۆنیالیزم پڵنگێکی ڕاستەقینەیە، قاچەکانی ئاسنین و تۆکمەن ئەگەر لە پێکدادانی ڕاستەوخۆمان لەگەڵیدا سەیری بکەین.

وردەبۆرژوازی –کە لە ڕووی مێژووییەوە دەیان ساڵە کەوتووە– هێشتا، لە وڵاتانی عەرەبیی ڕزگاربوودا، گۆڕەپانی خەباتی نیشتمانیی گرتووە، هێشتا لەسەر عەرشی سەرکردایەتی دانیشتووە لە ئاڕاستەکردنی پراکتیکی کردەیی ڕووداوەکان و بارودۆخەکاندا، هەر لەسەر سەکۆی سەرکردایەتییش دەمێنێتەوە تا ئەو ڕۆژەی هێزی

کرێکاری ڕێکخراو لەسەر شانۆ دەردەکەوێت کە پێشرەوی شۆڕشگێڕی سۆسیالیزمی زانستی لە هاوپەیمانییەکی تۆکمە لەگەڵ جووتیاران و سەرجەم ڕەنجدەراندا سەرکردایەتیی دەکات. چینی کرێکار تەنها ئەو کاتە دەتوانێت وردەبۆرژوازی لەسەر سەکۆی سەرکردایەتی لا ببات و بیگەڕێنێتەوە بۆ شوێنە ڕاست و شایستەکەی خۆی لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکاندا کە لە پشتی چینی کرێکاری جەنگاوەرەوە ڕیزیان بەستووە.

هەتا پێشرەوێکی شۆڕشگێڕی سۆسیالیزمی زانستیی چینی کرێکار سەرهەڵنەدات، پێشرەوێکی بەهێز کە باشترین توخمە کرێکارییەکان بگرێتە خۆ و زۆرینەی چینی کرێکار و هەموو توخمە شەریف و هۆشیارەکان لە دەوری ئالاکەی کۆ ببنەوە، هەتا ئەم پێشرەوە متمانەی چینی کرێکار بە دەست نەهێنێت و لەژێر سەرکردایەتیی خۆیدا هاوپەیمانێتیی کرێکاران و جووتیاران و سەرجەم ڕەنجدەران دانەمەزرێنێت، ئەوە دروشمی خستنی وردەبۆرژوازی لە باشترین حاڵەتدا چەمکێکی زانستیی تیۆری دەبێت، لە کاتێکدا دروشمی خستنی حکومڕانیی پێشکەوتنخوازانەی وردەبۆرژوازی دروشمێکی پێشوەخت دەبێت و بەدی ناهێنرێت، لە خزمەتی هێزە هەڵگەڕاوە دژەشۆڕشەکاندا دەبێت، بەو پێیەی دروشمێکی سەرکێشانەی (سەروو چەپڕەوییە).

لینین، سەرەڕای بانگەوازەکەی بۆ گۆڕینی شۆڕشی شوباتی ١٩١٧ بۆ شۆڕشێکی سۆسیالیستی و بانگەوازکردنی کرێکاران بۆ نیشاندانی پاڵەوانێتیی پرۆلیتاری لەپێناو سەرخستنی شۆڕشەکەیان و پرسەکەیاندا، کەچی هێشتا بەرهەڵستیی بەرزکردنەوەی دروشمی خستنی حکومەتی کاتیی دەکرد، تا ئەو کاتەی هەلومەرج پێ گەیشت و ئیمکانییەتی ڕاستەقینەی ڕووخاندنی دەرکەوت.

کاتێک ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆمیتەی حیزب لە پترۆگراد (باگداییڤ و ئەوانی تر) دروشمی دەستبەجێ ڕووخاندنی حکومەتی کاتییان لە خۆپیشاندانەکانی ئایاری ١٩١٧ خستە ڕوو، واتە چەند مانگێک پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ((کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی بەلشەڤی زۆر بە توندی ڕەفتاری ئەو چەپڕەوە سەرکێشانەی ڕەت کردەوە، چونکە پێی وابوو ئەم دروشمە پێشوەختە و ڕاست نییە و دەکرێت هەوڵەکانی حیزب بۆ بەدەستهێنانی زۆرینەی ئەنجوومەنە سۆڤێتییەکان بە لای خۆیدا تەنگەتاو بکات.)) (بگەڕێوە بۆ مێژووی حیزبی بەلشەڤی، بەشی حەوتەم).

با گوێ لە لینین بگرین کە بە وردییە بەناوبانگەکەی و قووڵییە تیۆرییەکەی و دووربینییەکەی ئەزموونی بەلشەڤییەکان ڕاڤە دەکات:

((بەلشەڤییەکان بە وریاییەکی زۆرەوە خەباتی سەرکەوتووی خۆیان دژی کۆمارە پەڕلەمانییەکەی بۆرژوازی (لە ڕاستیدا) و دژی مەنشەڤییەکان دەست پێ کرد. ئامادەکاری بۆ ئەو خەباتە، سەرەڕای ئەو بۆچوونانەی کە ئێستا لە ئەمەریکا و ئەورووپا دەیانبینین، سادە و ئاسان نەبوو. ئێمە لە سەرەتای ماوەی ناوبراودا بانگەوازمان بۆ ڕووخاندنی حکومەت نەکرد، بەڵکو ئەوەمان شی کردەوە کە بەبێ گۆڕانکاریی بەرایی لە دەستەی سۆڤێتاتەکان و ڕۆحییەتەکەیدا، ناتوانرێت حکومەت بڕووخێنرێت. ئێمە بانگەوازمان بۆ بایکۆتکردنی پەڕلەمانی بۆرژوازی، بۆ کۆمەڵەیەکی دامەزرێنەر نەکرد، بەڵکو هەر لە دانیشتە گشتییەکەی حیزبەکەمان لە نیسانی ١٩١٧دا، ئێمە بە ڕەسمی و بە ناوی حیزبەوە دەمانوت کۆمارێکی بۆرژوازی لەگەڵ کۆمەڵەیەکی دامەزرێنەردا باشترە لە هەر کۆمارێکی تر بەبێ کۆمەڵەیەکی دامەزرێنەر. بەڵام کۆماری کرێکاران و جووتیاران، واتە کۆماری سۆڤێتی، ئەوەیان لە هەر کۆمارێکی تری بۆرژوازیی دیموکراسیی پەڕلەمانی چاکترە. ئەگەر

ئەم ئامادەکارییە نەبوایە کە بەوپەڕی وریایی و وردی و دووربینی و درێژخایەنییەوە بوو، ئەوا نە دەمانتوانی لە تشرینی یەکەمی ١٩١٧ سەرکەوتن بە دەست بهێنین، نە دەمانتوانی ئەو سەرکەوتنە بپارێزین.)) (هەڵبژاردەکانی لینین، نەخۆشیی چەپڕەویی منداڵانە لە کۆمۆنیزمدا، چاپی عەرەبی، مۆسکۆ، ل ١٨).

ئەگەر ئەو هەلومەرجە تایبەتانە ڕەچاو بکەین کە وڵاتانی عەرەبی پێیدا تێ دەپەڕن لە ڕووی کەوتنەبەر دەستدرێژیی ئیمپریالی و هێرشی زایۆنیزمی نیشتەجێکردن و بیری خۆمان هێنایەوە کە پارتی کۆمۆنیستی چینی چۆن بانگەوازی بۆ یەکێتی کرد لەگەڵ کای شیک و حیزبەکەیدا کاتێک چین کەوتە بەر هێرشی داگیرکارانەی ژاپۆنی، ئەوا دەتوانین بڵێین دروشمی خستنی سیستەمە پێشکەوتنخوازەکان کە وردەبۆرژوازی لە هەلومەرجی ئێستەدا بە ڕێوەیان دەبات، لە کاتێکدا حیزبی پێشڕەوی ڕاستەقینە و بەهێز لە ئارادا نییە، لە کاتێکدا هاوپەیمانیی کرێکاران و جووتیاران بەدی نەهێنراوە، ئەوە دروشمێکی سەرکێشانەی هەرزەکارانە دەبێت و تەنها خزمەتی نەخشەی هێزە هەڵگەڕاوە دژەشۆڕشەکان دەکات کە پیلانگێڕییەکی بێپەردە و بەردەوام دژی ئەم سیستەمانە بە ڕێوە دەبەن.

بەڵام ئەمە بە واتای ئەوە نییە دروشمی دیموکراسیی میللی وەلا بنرێت، بەڵکو واتای نەخشەکێشانی ستراتیژێکی دروست دەگەیەنێت کە دامەزراندنی دیموکراسیی میللی بکات بە ئامانجی سەرەکیی لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراسیدا، خەباتکردن بۆ گەیشتن بەم ئامانجە لە ڕێگەی کۆکردنەوەی هێزە پێویستەکان بۆ بەدیهێنانی، بە دامەزراندنی پێشڕەوی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە و بەهێزکردنی، بەدەستهێنانی متمانەی چینی کرێکار و کۆکردنەوەیان لە دەوری ئاڵای ئەم پێشڕەوە و بەدیهێنانی هاوپەیمانیی کرێکاران و جووتیاران و ڕەنجدەران بە

سەرکردایەتیی ئەم پێشڕەوە، بەو پێیەی ئەمە ڕێگە ڕاستەکەیە بۆ بەدیهێنانی دیموکراسیی میللی، لابردنی وردەبۆرژوازی لەسەر سەکۆی سەرکردایەتی و گۆڕینی حکومڕانییە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکەی بە حکومڕانییەکی دیموکراسیی میللی تا ئەو کاتەی بارودۆخەکە پێ دەگات و هەلومەرج فەراهەم دەبێت بەبێ درەنگخستن یان دواخستنی، هەروەها نابێت پێشوەخت دروشمگەلی پەڕگیر بەرز بکرێنەوە بەبێ پێگەیشتنی هەلومەرج بۆ بەدیهێنانیان؛ ئەگەر نا، ئەوا پرۆسەکە دەگۆڕێت بۆ موزایەدەیەکی چەپڕەوانەی بەتاڵ، بۆ سەرکێشییەکی هەرزەکارانە ئەگەر توێژێکی شۆڕشگێڕ هەوڵی دا ئەم دروشمە پێشنیاز بکات بۆ چالاکی لەپێناویدا بەبێ هەبوونی پێداویستییەکانی بەدیهێنانی. (قیادەی مەرکەزیی حیزبی شیوعیی عێراقی) بە سەرکردایەتیی عەزیز ئەلحاجی هەڵگەڕاوە گرفتاری ئەم پەتایەی هەڵپەی چەپڕەوانە بوو و سەرکێشیی چەپڕەوانەی کرد بە ڕێباز، لە ئەنجامدا، تا ڕادەیەک و بە خێراییەکی سەرسووڕهێنەر، ڕێکخستنە بەهێزەکانیان تێک شکان، چونکە درکی نەکرد بە ڕاستیی ناکۆکیی نێوان چینی کرێکار و جووتیاری هەژار و ڕۆشنبیرانی پەیوەست بەوان لە لایەک، لەگەڵ وردەبۆرژوازیی حکومڕان لە لایەکی تریشەوە.

ئەم ناکۆکییە لە قۆناغی تێکۆشان دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و پیلانگێڕیی ئیمپریالی ناکۆکییەکی لاوەکییە، چونکە ناکۆکیی بنەڕەتی هێشتا لەگەڵ ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و چین و توخمە کۆنەپەرستە بەکرێگیراوەکاندایە، بەڵام ئەم ناکۆکییە لە سەروەختی بەرەوپێشچوونی شۆڕشی نیشتمانی بەرەو نزیکبوونەوە لە بەدیهێنانی دیموکراسیی میللی بەرز دەبێتەوە بۆ ناکۆکییەکی دوژمنکارانە، بە تایبەتی پاش باڵاکردنی خەباتی چینی کرێکار بە سەرکردایەتیی پێشڕەوە سیاسییە شۆڕشگێڕەکەی و لە پێش جەماوەری میللیی ڕەنجدەرەوە، وەک

جووتیاران و توێژە شۆڕشگێڕەکانی خوێندەواران و وردەبۆرژوازیی پێشکەوتنخواز. هەروەها تێکۆشانەکەی لەپێناو دیموکراسیی میللیدا چڕ دەبێتەوە. کاتێکیش ناکۆکیی وردەبۆرژوازیی حکومڕان سووک دەبێت، یاخود کاتێک ناکۆکییەکەی لەگەڵ ئیمپریالیزم و زایۆنیزمدا نامێنێت، یان کاتێک وردەبۆرژوازی لەگەڵ ئیمپریالیزمدا هاوپەیمانی دەکات و دەبێتە پاشکۆ یاخود بەکرێگیراوی ئەو، تەنها ئەو کاتە ئەم ناکۆکییە دەبێتە ناکۆکییەکی سەرەکیی دوژمنکارانە و دەبێت بۆ پێشەوە پاڵ بنرێت و دەربخرێت. پەلەکردن لە پێشخستنی ئەم ناکۆکییە بۆ پلەی یەکەم (پێش ئەوەی بگۆڕێت بۆ ناکۆکییەکی دوژمنکارانە)، تەنانەت ئەگەر بە مەبەستێکی جوامێرانەش بێت، وەک دامەزراندنی دیموکراسیی میللی (پێش پێگەیشتنی هەلومەرجەکەی)، جۆرێکە لە سەرکێشیی هەرزەکارانە.

ئەوەی کە حکومڕانیی وردەبۆرژوازی ناتوانێت ئەرکەکانی قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی جێبەجێ بکات و دیموکراسیی میللی دەتوانێت سەرجەم ئەرکەکانی ئەم قۆناغە جێبەجێ بکات، بە واتای ئەوە نییە کە ئیمکانییەتی ڕاستەقینە هەبێت بۆ ئەوەی دووەمیان جێی یەکەمیان بگرێتەوە، بەڵکو بە واتای پێویستیی خەباتکردنە لەپێناو خوڵقاندنی ئیمکانیاتی ڕاستەقینە بۆ هێنانەکایەی ئەم گۆڕانکارییە. ئەوەی کە چینی کرێکار لە ڕووی مێژووییەوە دەتوانێت سەرکردایەتیی هەردوو شۆڕشی دیموکراسی و سۆسیالیستی بکات و وردەبۆرژوازی ناتوانێت ئەمە بکات، ئەمە بەو واتایە نییە کە ئەم قسەیە بکرێت بە بەڵگەی تەنازولکردنی وردەبۆرژوازی بۆ چینی کرێکار لەبارەی سەرکردایەتیکردنی فیعلییەوە، بەڵکو ئەوەی گرنگ و پێویستە، ئەوەیە چینی کرێکار کە لە ڕووی مێژووییەوە ئامادەی سەرکردایەتیکردنە، بە فیعلی بتوانێت لەسەر شانۆی ڕووداوەکان و گەشەکردنەکان ئەم سەرکردایەتییە پیادە بکات، نەک لەسەر لاپەڕەی کتێب و بڵاوکراوەکان... چینی کرێکار تەنها ئەو

کاتە دەتوانێت وردەبۆرژوازی لەسەر سەکۆی شانۆی سیاسی لاببات و خۆی ڕووداوەکان ئاڕاستە بکات، وەک سەرکردەیەکی ڕاستەقینەی شۆڕش جڵەوی ڕووداوەکان و گەشەی هەلومەرجەکان بگرێتە دەست.

کەوابوو، چینی کرێکار بۆچی و چۆن دەتوانێت لە شۆڕشی دیموکراسیدا ڕۆڵی سەرکردایەتی ببینێت؟

## چینی کرێکار، سەرکردەی شۆڕشی دیموکراسی

توانای چینی کرێکار و قابیلییەتەکەی لە سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی و شۆڕشی سۆسیالیستیدا، پشتئەستوورە بە خەسڵەت و تایبەتمەندییە چینایەتی و قابیلییەتە جەنگاوەری و وزە شۆڕشگێڕییەکەی وەک نوێترین چینی کۆمەڵایەتیی ڕەنجدەری ستەملێکراو.

یەکەم: چینی کرێکار نوێترین چینی کۆمەڵایەتییە، بە تایبەتی پڕۆلیتاریای پیشەسازی کە نوێنەرایەتیی هێزە نوێیەکانی بەرهەمهێنان دەکات و بە پێشکەوتنخوازترین چین دادەنرێت. چینی کرێکار بە ژمارەی زۆر و لە شێوەی کۆمەڵی ڕێکوپێکدا لە پرۆژە نوێیەکاندا کۆ دەبنەوە، وەک کارگەکان، کارخانەکان، هێڵی ئاسن، بەندەر، تەلەگراف، نەوت و کارەبا. نوێترین ئامێر و ماشینەکان بەکار دەهێنن و لەوانەشەوە ئەم دەرەنجامانە دەکەونەوە:

١– توانای کرێکاران بۆ ڕێکخراوبوونی سەندیکایی و سیاسیی حیزبیی شۆڕشگێڕانە، بۆ کاری هەماهەنگ و ڕێکخراو، دیسپلین و پەیوەستی و پابەندی و یەکێتی لە کار و ئیرادەدا. ئەمانە کۆمەڵێک سیفەتی پێویستن بۆ خەباتی ڕێکخراو و مومارەسەکردنی سەرکردایەتی لە کۆمەڵگەدا. ئەم سیفەتانەش تەنها لە چینی کرێکاردا هەن.

٢– توانای کرێکاران بۆ وەرگرتنی هزری نوێ و پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕانە بە حوکمی ئاستیان و پەیوەندییان بە نوێترین شێوازەکانی بەرهەمهێنانەوە، دواتر، توانایان بۆ تێگەیشتن لە تیۆری شۆڕشگێڕانە.

٣– توانای کرێکاران بۆ پیادەکردنی شێوازە خەباتگێڕییەکانی وەک

مانگرتنی سەندیکایی، مانگرتنی سیاسی و خۆپیشاندان کە بە مەشق و ڕاهێنانی بەرایی و ڕێخۆشکەر دادەنرێن لە خەباتی شۆڕشگێڕانەدا.

٤– چینی کرێکاری مۆدێرن (پرۆلیتاریا) چینێکی پەرەسەندووە، چونکە ساڵ لە دوای ساڵ و بە حوکمی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی پیشەسازی و بڵاوبوونەوەی ئامێرە نوێیەکان لە بەرهەمهێنان (ی پیشەسازی و کشتوکاڵی)دا پەرە دەسێنێت و بۆ ئایندە پلەی گرنگترین چینی دەبێت. ئەم پەرەسەندنەی چینی کرێکار پەرەسەندنێکی چەندێتییە (لە ڕووی زۆربوونی ژمارەیانەوە)، وەک چۆن پەرەسەندنێکی چۆنێتییە لە ڕووی زیادبوونی هۆشیاریی چینایەتی و سیاسییان و چالاکیی ڕێکخراوەیی و شۆڕشگێڕی و ڕۆڵیان لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و خەباتی شۆڕشگێڕانەدا.

دووەم: نزمیی پێگەی ئابووریی کرێکاران و بێبەشییان لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان. کرێکاران خاوەنی هیچ نین جگە لە هێزی کار و پشت بە باسک و جەستەیان دەبەستن لە کاردا، بێئومێد بوون لە بەدەستهێنانی سەروەت و بە دەست چەندین گرفت و بارگرانی و ستەمەوە دەناڵێنن، ڕووبەڕووی چەوساندنەوەی چینایەتی و ستەمی بۆرژوازی و زۆرداریی کۆڵۆنیالی (و هەندێک جاریش نەتەوەیی) دەبنەوە. هەموو ئەمانەش ئەم دەرەنجامانەیان هەیە:

١– کرێکاران وزەی شۆڕشگێڕانەی زۆروزەبەندیان هەیە و کاتێک ئەم وزەیە دەتەقێتەوە، دەتوانێت موعجیزە و پاڵەوانێتیی پرۆلیتاری بخوڵقێنێت.

٢– کرێکاران لە خەباتدا تایبەتمەندیی جەربەزەیی و نەبەزی و ئازایەتییان هەیە و ترسی لەدەستچوونی مولکوماڵ و بەرژەوەندییان نییە.

٣– کرێکاران تایبەتمەندیی شۆڕشگێڕیی ڕێکخراو و مکووڕ

و پێداگرییان هەیە، دوودڵی و ڕاڕایی ناناسن و لە خەباتدا تایبەتمەندیی بەردەوامی و نەگۆڕی و خۆڕاگرییان هەیە.

وەک ئەوەی لینین وتوویەتی، ((پرۆلیتاریا لە ڕووی بارودۆخە چینایەتییەکەیەوە، تاقە چینی شۆڕشگێڕی پێداگر و پێشکەوتووترە لە چینەکانی تر، هەر لەبەر ئەوەشە بانگهێشت کراوە بۆ بینینی ڕۆڵی سەرکردایەتی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی دیموکراسیدا.))

سێیەم: بەرژەوەندییە چینایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی پرۆلیتاریا وا دەخوازێت شۆڕش ڕیشەیی و قووڵ و بەردەوام بێت، گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی بە ڕێگەی شۆڕشگێڕانە و یەکلاکەرەوە بێت و پرسەکان بە پێداگریی شۆڕشگێڕانە یەکلایی بکرێنەوە. کرێکاران بە هیچ بەرژەوەندییەکی خۆپەرستانەوە، بە هیچ چینێکی چەوسێنەرەوە پەیوەست نین؛ جگە لە ڕایەڵەی (دوژمنایەتی و ململانێی چینایەتی) هیچ شتێک گرێی ناداتەوە بە سەرمایەداری و فیوداڵیزمەوە. هەر بۆیە چینی کرێکار سەرکەوتنی یەکلاکەرەوەی شۆڕشی بە لاوە گرنگە. لینین دەڵێت:

((سەرکەوتنی یەکلاکەرەوەی شۆڕش [مەبەست شۆڕشی دیموکراسییە. و] زیاتر بۆ پرۆلیتاریا گرنگە تا بۆرژوازی، لەوەشەوە ئەو ئەنجامە دەکەوێتەوە کە شۆڕشی بۆرژوازی تا ڕادەیەک بۆ پرۆلیتاریا گرنگە تا بۆرژوازی.)) (نامیلکەی یەکەم شۆڕشی دیموکراسی لە ڕووسیا، نووسینەگەی چاپەمەنییە میللییەکان، بەیروت – دیمەشق، ل ٢٦، ١٩٤٧).

چوارەم: چینی کرێکار چینێکی کۆمەڵایەتیی شۆڕشگێڕی دڵسۆزە بۆ دیموکراسی و چاکسازییە دیموکراسییەکان، بەرژەوەندییەکانی تەبان لەگەڵ جووتیاران و ڕێوشوێنە دیموکراسییەکانی وەک چاکسازیی کشتوکاڵی و ڕەهاکردنی ئازادییە دیموکراسییەکانی وەک ئازادیی کاری سەندیکایی و سیاسی و ڕادەربڕین و بڵاوکردنەوە و خۆپیشاندان و حیزبەکان... لینین دەڵێت:

((تەنها پرۆلیتاریا دەتوانێت بە ڕۆحییەتی بەردەوامی و کۆڵنەدان

لەپێناوی دیموکراسیدا تێ بکۆشێت، بەڵام ناتوانێت لەم تێکۆشانەدا سەربکەوێت مەگەر ئەوەی جەماوەری جووتیاران بێنە پاڵ خەباتی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاری.)) (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩).

لەوەی خرایە ڕوو، ئەم ئەنجامانە دەردەکەون:

١- چینی کرێکار دەتوانێت لەسەر بناغەیەکی پتەو و بۆ مەودایەکی درێژ لەگەڵ جووتیاراندا هاوپەیمانی بکات، کە ئامادەی دەکات بۆ سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی کە چاکسازیی کشتوکاڵی بە جەوهەرە دیموکراسییەکەی دادەنرێت.

٢- چینی کرێکار بە ڕاستگۆیی و دڵسۆزییەوە بەیداخی دیموکراسی و ئازادییە گشتییەکان هەڵدەگرێت کە توانای دەداتێ لەگەڵ ڕۆشنبیرانی ئازاد و بۆرژوازیی نیشتمانیدا، بچووک بێت یان گەورە، هاوپەیمانی بکات.

٣- چینی کرێکار بە بەرگریکردنی لە دیموکراسی، دەرگا والا دەکات بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی ناو گەل بە شێوازی دیموکراسییانە، کە ئەمە دەبێتە هۆی پتەوبوونی یەکێتیی نیشتمانیی گەل و هەلومەرجی پێویست فەراهەم دەکات بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز.

چینی کرێکار بە خەباتکردن لەگەڵ سەرجەم هێزە پێشکەوتنخوازەکاندا، دەتوانێت هەلومەرجی لەبار بخوڵقێنێت بۆ دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز کە بە تاقە ڕێگەی سەرکەوتنی تەواوەتی و یەکجارەکیی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی دادەنرێت. ئەمەش چینی کرێکار ئامادە دەکات بۆ ئەوەی لە بەرە و لە شۆڕشیشدا پێکەوە ڕۆڵی سەرکردایەتی بگێڕێت.

پێنجەم: بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار دژایەتیکردنی سەرجەم جۆرەکانی چەوساندنەوە و هەموو شێوەکانی زۆرداری دەکات بە مەسەلەیەکی حەتمی، جا ئەگەر چەوساندنەوەی سەرمایەدارییانە و فیوداڵی بێت، یان زۆرداریی کۆڵۆنیالی و نەتەوەیی و مەزهەبی و...

چینی کرێکار کەس ناچەوسێنێتەوە، زۆر لە کەس ناکات و خوێنی کەس نامژێت، بەڵکو خۆی ڕووبەڕووی زوڵموزۆر و چەوساندنەوە و ستەم دەبێتەوە، هەر بۆیە چینی کرێکار دوژمنی سەرسەختی هەموو جۆرەکانی ستەم و زوڵموزۆرە. لەبەر ئەوەشە بە سەرسەختی و پێداگری و هێز و گوڕوتینەوە دژی ئیمپریالیزم و بۆرژوازی و فیودالیزم خەبات دەکات، بۆ ئەوەی بە یەکجاری ئەم سێ بەڵایە تەسفییە بکات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت چینی کرێکار ئەو چینە کۆمەڵایەتییە شۆڕشگێڕەیە کە دەتوانێت هەردوو ئەرکە بنەڕەتییەکەی شۆڕشی نیشتمانی بەجێ بهێنێت کە یەکەمیان لەناوبردنی ئیمپریالیزم و دووەمیان لەناوبردنی فیودالیزم و بۆرژوازیی کۆمپرادۆرییە. لێرەشەوەیە کە چینی کرێکار دەتوانێت سەرکردایەتیی شۆڕش بکات.

چینی کرێکار بە حوکمی ئەوەی تایبەتمەندیی چەوسێنەرانی نییە و دوورە لە چەوساندنەوە و دژایەتیی زوڵموزۆر دەکات، بە حوکمی ئەوەی بەرژەوەندیی لەوەدایە هەموو جۆرەکانی ستەم و چەوساندنەوە لەناو ببات، ئەوا بە شێوەیەکی بابەتی هەردوو شۆڕشی دیموکراسی و سۆسیالیستی پێکەوە دەبەسێتەوە، بە پێچەوانەی بۆرژوازییەوە کە دەیەوێت دیوارێکی هاوشێوەی دیواری چین لە نێوانیاندا دروست بکات؛ هەر ئەمەشە چینی کرێکار ئامادە دەکات سەرکردایەتیی شۆڕشی نیشتمانی بکات، کە لە سەردەمی ئێستاماندا بووە بە شۆڕشی دیموکراسیی نوێ.

چینی کرێکار تاقە چینی کۆمەڵایەتییە کە بەرژەوەندییەکانی ناچاری دەکەن هەموو کۆمەڵگە لە چەوساندنەوە ڕزگار بکات، بۆ ئەوەی خۆی لە خراپییەکانی چەوساندنەوە ڕزگار بکات، هەروەها لەبەر ئەوەی ناتوانێت خۆی ڕزگار بکات بەبێ ڕزگارکردنی هەموو کۆمەڵگە لە خراپییەکانی چەوساندنەوە و زوڵموزۆر.

فریدریک ئینگڵس لە پێشەکیی کتێبی مانیفێستی کۆمۆنیستیدا ئەوە ڕاقە

دەکات کە چۆن مێژوو هەر لە سەروەختی هەڵوەشانەوەی موڵکایەتیی زەویی کۆمۆنیزمی سەرەتاییەوە مێژووی خەباتی نێوان چینەکانە ((خەباتی نێوان چینە چەوسێنەرەکان و چینە چەوساوەکان، خەباتی نێوان چینە سەردەستەکان و چینە ژێردەستەکان لە سەرجەم قۆناغەکانی گەشەکردنە کۆمەڵایەتییەکەیدا.)) پاشان ئینگڵس درێژەی دەداتێ:

((ئەم خەباتە لە کاتی ئێستەدا گەیشتووەتە قۆناغێک کە تێیدا چینی چەوساوە و زوڵملێکراو (پرۆلیتاریا) ناتوانێت خۆی لە چینی چەوسێنەر و زۆردار (بۆرژوازی) ڕزگار بکات بەبێ ئەوەی لە هەمان کاتدا و بۆ هەمیشە هەموو کۆمەڵگە لە چەوساندنەوە و زۆرداری و لە ستەمی چینەکان ڕزگار بکات.)) (ستالین، نامیلکەی ماتەریالیزمی مێژوویی و ماتەریالیزمی دیالەکتیک، ل٧٥).

شەشەم: لەبەر ئەوەی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی شۆڕشێکی دیموکراسیی نوێیە کە دیموکراسیی میللی بونیاد دەنێت، ئەوا بە تەنها چینی کرێکار دەتوانێت سەرکردایەتیی بکات، لەبەر ئەوەی بووە بە بەشێک لە شۆڕشی سۆسیالیستی کە چینی کرێکار (لە هەردوو ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتیدا) دای دەمەزرێنێت. دیموکراسیی میللی بووە بە قۆناغێکی ڕاگوزەر بەرەو سۆسیالیزم و لە ئەنجامی ئەوەشدا ناکۆک نییە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار لە درێژەدان بە ڕەوتی شۆڕشی دیموکراسیی نوێ بەرەو سۆسیالیزم، بە پێچەوانەی بۆرژوازییەوە کە بەرهەڵستیی دەکات.

لینین ئەرکی پرۆلیتاریا بەم جۆرە دیاری دەکات:

((لە پێشەوەی هەموو گەل، بە تایبەتی لە پێشەوەی هەموو جووتیاران، لەپێناو ئازادیی تەواودا، لەپێناو شۆڕشێکی دیموکراسیی پێداگردا، لەپێناو کۆماردا، لە پێشەوەی کارگەران و سەرجەم چەوساوان لەپێناو سۆسیالیزمدا، سیاسەتی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ دەبێت بەم

شێوەیە بێت، هەر ئەمەشە ئەو دروشمە چینایەتییەی کە دەبێت باڵ بکێشێت و چارەسەری سەرجەم مەسەلە پلانرێژییەکان و هەموو چالاکییە پراکتیکییەکانی حیزبی کرێکاران لەمیانەی شۆڕشەوە دیاری بکات.)) (نامیلکەی یەکەم شۆڕشی دیموکراسی لە ڕووسیا، ل٤٠).

حەوتەم: چینی کرێکار توانای دامەزراندنی حیزبی پێشڕەو هەیە و هەروەها خاوەنی تیۆری پێشڕەوی شۆڕشگێڕانەیە کە سۆسیالیزمی زانستییە؛ هەر لەبەر ئەوەشە تەنها ئەو دەتوانێت سەرکردایەتیی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی بکات تا سەرکەوتنی کۆتایی، دەتوانێت سەرکردایەتیی هەموو گەل بکات بەرەو دیموکراسی و پاشان سۆسیالیزم.

***

لەپێناو گۆڕینی (ئیمکانیاتی دابینکردنی سەرکردایەتیی پڕۆلیتاری لە شۆڕشی دیموکراسیدا بۆ ڕاستییەکی واقیعی، بۆ ئەوەی پڕۆلیتاریا لە ڕاستی و لە واقیعدا ببێتە ڕابەر و سەرکردەی شۆڕشی بۆرژوازی)، ئەوا بە بۆچوونی لینین، دەبێت دوو مەرج فەراهەم بن:

یەکەم: دەبێت پڕۆلیتاریا هاوپەیمانێکی هەبێت کە بشێت سەرکردایەتیی پڕۆلیتاریا قبوڵ بکات، ئەویش جەماوەری جووتیارانە.

دووەم: پڕۆلیتاریا خۆی لە سەرکردایەتیی شۆڕشی بۆرژوازیی ئازاد داببڕێت و دوور بکەوێتەوە لێی، بۆ ئەوەی خۆی سەرکردایەتی بگرێتە دەست.

# چینی کرێکار چۆن دەتوانێت لە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیدا ڕۆڵی سەرکردایەتی بگێڕێت؟

تایبەتمەندییە شۆڕشگێڕییەکانی چینی کرێکار کە ئامادەی دەکەن بۆ ئەوەی ڕۆڵی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ ببینێت، بە تەنها بەس نین بۆ ئەوەی ئەم (ئامادەییە) بگۆڕن بۆ ڕاستییەکی واقیعی، بۆ دەستکردن بە سەرکردایەتی بە فیعلی، بەڵکو دەبێت ئەم مەرجانەی خوارەوەش فەراهەم بن:

یەکەم: دامەزراندنی پێشڕەوێکی شۆڕشگێڕانە بۆ چینی کرێکار لە شێوەی حیزبێکی سیاسیی پێشڕەودا کە تەیار بێت بە تیۆری سۆسیالیزمی زانستی، حیزبێکی پێشڕەو کە باشترین توخمە کرێکارییە خەباتگێڕ و هۆشیارەکان بگرێتە خۆی، بەو پێیەی حیزب دەستەی پێشڕەوی چینی کرێکارە و لەو ڕووەوە کە دەستەیەکی ڕێکخراوە لە ڕێکخستنێکی پۆلاییندا، کە لەسەر پرەنسیپەکانی دیموکراسیی ناوەندێتی و ڕەخنە و ڕەخنەلەخۆگرتن و شێوازەکانی کاری جەماوەری دامەزراوە، هەروەها کە باڵاترین شێوەی ڕێکخستنی چینایەتییە، لەو ڕووەشەوە کە یەکێتیی تەواوە لە ئیرادە و لە کاردا، یەکێتییەک کە کوتلەکاریی دابەشکارانە قبوڵ ناکات و یەکێتیی تیۆر و پراکتیکیشە.

بوونی حیزبێکی پێشڕەو بۆ چینی کرێکار، واتای ئەوە نییە کە ئەندامبوون تێیدا تەنها بۆ کرێکاران بێت، بەڵکو ئەم حیزبە یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەی ئیختیارییە بۆ هەموو خەباتگێڕانی شۆڕشگێڕ لە کرێکاران و جووتیاران و ڕۆشنبیران و سەرجەم ئەو ڕەنجدەرانەی کە بەرنامەی حیزب و پێڕەوە ناوخۆییەکەی قبوڵ دەکەن، باوەڕیان

بە سۆسیالیزمی زانستی و شێوازە جەماوەرییە شۆڕشگێڕییەکەی لە کاردا هەیە. بەڵام پێویستە هەموو ئەندامان، سەرەڕای جیاوازیی چاوگە چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکانیان، لە بۆتەی حیزبدا بتوێنرێنەوە، بۆتەی خەباتی جەماوەریی شۆڕشگێڕانە، دەبێت بە تیۆری پێشڕەوی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار پەروەردە بکرێن، چونکە وەک ئەوەی لینین لە کتێبی (چی بکرێت)دا دەڵێت، ((تەنها حیزبێک دەتوانێت ڕۆڵی خەباتگێڕی پێشڕەو ببینێت کە تیۆری پێشڕەو ڕێنوێنیی بکات.))

دووەم: هەبوونی پەیوەندییەکی بەتین و بەهێزی حیزبی پێشڕەو بە چینەکەوە، بەو پێیەی حیزب دەستەیەکی پێشڕەوی ڕێکخراوە و سەرکردەی چینی کرێکارە، بە جۆرێک، ئەم پەیوەندییە ڕێکخراو و ئۆرگانی و چەسپاو و کارلێکەر بێت، وەک پەیوەندیی دەستەی ئەرکان بە سوپاوە، لەو ڕووەوە کە پەیوەستییەکی سەرکردایەتییە. ئەم جۆرە پەیوەندییەی نێوان حیزب و چین دەبێت دوولایەنە بێت کە لینین بەم جۆرە پێناسەی دەکات: ((متمانەیەکی دوولایەنە لە نێوان پێشڕەوی چینی کرێکار و جەماوەری کرێکاراندا.)) واتای ئەمە چییە؟ ستالین وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە بەوەی کە واتای ئەوەیە:

١- ((دەبێت حیزبی پێشڕەو بە وریاییەوە گوێ لە دەنگی جەماوەر بگرێت، دەبێت هەڵوێستی گرنگیدان بە غەریزەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر بگرێتە بەر، لە خەباتی کردەیی جەماوەر بکۆڵێتەوە و بەوەش دروستیی سیاسەتەکەی خۆی بۆ دەربکەوێت، کەواتە نەک هەر دەبێت جەماوەر فێر بکات، بەڵکو خۆیشی لە جەماوەرەوە فێر ببێت.))

٢- ((دەبێت حیزب ڕۆژ لە دوای ڕۆژ متمانەی جەماوەری پرۆلیتاریا بە دەست بهێنێت و بە سیاسەت و کاری خۆی پشتگیریی جەماوەر بۆ خۆی زامن بکات. نابێت فەرمان بکات، بەڵکو پێش هەموو شتێک هەوڵی قایلکردن بدات، بەوەش ئاسانکاری بۆ جەماوەر بکات بە ئەزموونی

خۆیان درک بە دروستیی سیاسەتی حیزب بکەن، هەروەتر، سەرکردە و ڕابەر و مامۆستای چینێک بێت.)) (ستالین، پرەنسیپەکانی لینینیزم و دەربارەی مەسەلەکانی لینینیزم، چاپی عەرەبی، دار ابن سیناء، بەیروت، ل ١٩٨، ١٩٦٧).

ئاشکرایە مەسەلەی بەدەستهێنانی متمانەی چینی کرێکار تەنها بەوە نابێت بە زارەکی جاڕی ئەوە بدات کە حیزبی پێشڕەوی چینی کرێکارە، یان تابلۆی (حیزبی شیوعی) هەڵبواسێت و بە زارەکی بانگەشە بۆ مارکسیزم – لینینیزم بکرێت.

متمانەی جەماوەری چینی کرێکار بەوە بە دەست دەهێنرێت کە حیزب لە ڕیزەکانی خۆیدا باشترین توخمە کرێکارییە شۆڕشگێڕەکان و باشترین توخمە خەباتگێڕ و لەخۆبردووەکان لە خۆ بگرێت، حیزب تیۆرێکی دروست و سیاسەتێکی ڕاستی هەبێ، دڵسۆزیی تەواوی خۆی بۆ چینی کرێکار و ئامانج و بەرژەوەندییەکانی نیشان بدات و بیسەلمێنێت، لەپێناویدا قوربانی بدات و پەیوەندیی چڕوپڕ و زۆر بە جەماوەری چینەکەوە دروست بکات، بە مەرجێک، ئەم جەماوەرە بە دروشم و پلانەکانی حیزب قایل بکات، ستالین دەڵێت:

((هەبوونی هەژموونی حیزب لەسەر متمانەی چینی کرێکار دادەمەزرێت، متمانەی چینی کرێکاریش بە توندوتیژی بە دەست ناهێنرێت –کە توندوتیژی تەنها تێکی دەشکێنێت– بەڵکو بە دروستیی تیۆر، بە دروستیی سیاسەتی حیزب، بە دڵسۆزیی حیزب بۆ چینی کرێکار، بە پەیوەندییەکەی بە جەماوەری چینی کرێکارەوە، بە ئامادەیی و توانای بۆ قایلکردنی جەماوەر بە دروستیی دروشمەکانی بە دەست دەهێنرێت.)) (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠١).

هەروەها بەدەستهێنانی ئەم متمانەیە پێویستی بە ماوەیەکی زۆر هەیە، ماوەیەکی دیاریکراوی خەباتگێڕی، کە حیزبی پێشڕەو لەمیانەیەوە

بە خەبات و قوربانیدانەکانی لە جەنگە خەباتگێڕییەکاندا کە لەپێناو داوا و ئامانجەکانی چینی کرێکاردا و بە سەرکردایەتیی کردەیی خۆی لە خەباتی ڕۆژانەیدا بەرپای دەکات، شایستەیی و لێهاتوویی خۆی دەسەلمێنێت. ستالین دەڵێن:

((متمانەی چینی کرێکار بە حیزب لەپڕ و بە ئامرازی توندوتیژی بەرامبەر چینی کرێکار بە دەست ناهێنرێت، بەڵکو بە کاری دوورودرێژی حیزب لە نێو جەماوەردا، بە سیاسەتی دروستی حیزب و بەوەی حیزب بزانێت جەماوەر بە دروستیی سیاسەتەکانی قایل بکات لەسەر بنەمای ئەزموونی تایبەتی جەماوەر، بەوەی حیزب بزانێت [چۆن] پشتگیریی چینی کرێکار بۆ خۆی زامن بکات و لە پێشەوەی جەماوەری چینی کرێکار بڕوات.)) (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠).

لێرەدا دەبێت گرنگیی قایلکردنی جەماوەر لە ڕێگەی کاری بەسەبر و بەردەوام بە دروستیی سیاسەتی حیزب لەسەر بنچینەی ئەزموونی تایبەتی جەماوەر نیشان بدەین. ئەمەش واتە نابێت حیزب هەنگاو بۆ بەرپاکردنی جەنگی یەکلاکەرەوە بنێت تەنها پاش قایلکردنی جەماوەر نەبێت بە دروستیی هەڵوێست و دروستیی سیاسەت و پلانەکانی، بۆ ئەوەی جەماوەر بەدەم بانگەوازەکانیەوە بچن و حیزب لە جەنگدا سەرکردایەتییان بکات و لە پێشەوەی بڕوات، نەک ئەوەی لە جەماوەر دابېڕێ و بە تەنیا جەنگ بەرپا بکات، چونکە دەکەوێتە سەرکێشییەوە. لینین دەڵێت:

((مەحاڵە تەنها بە پێشڕەو سەرکەوتن بە دەست بهێنرێت. هەڵدانی پێشڕەو بە تەنیا بۆ ناو جەنگی یەکلاکەرەوە، مادام هەموو چینەکە، مادام هەموو جەماوەری بەرفراوان لەگەڵ پێشڕەودا نەوەستاون، جا یان بە هەڵوێستی پشتگیریی ڕاستەوخۆ، یان هەڵوێستی بێلایەنیی پڕ لە هاوسۆزی و بێتوانایی تەواوەتی لە یارمەتیدانی دوژمنەکەی، تەنها

گەمژەیی نییە، بەڵکو تاوانیشە.))
((بۆ ئەوەی هەموو چینەکە بە ڕاستی و هەموو جەماوەری بەرفراوانی کارگەران و مەزلوومانی دەستی سەرمایە بگەنە ئەوەی ئەم هەڵوێستە بگرنە بەر، تەنها پڕوپاگەندە و هاندان بەس نییە، بۆ گەیشتن بەوە، دەبێت جەماوەر بە ئەزموونە سیاسییە تایبەتەکەی خۆی دەوڵەمەند بکرێت.)) (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٧).

تەنانەت ئەگەر سیاسەتی حیزب بە شێوەیەکی گشتی دروستیش بێ، بەڵام بێئارام بێت و پشوودرێژ نەبێت و نەزانێت چاوەڕێ بکات، بۆ ئەوەی جەماوەر لەسەر بنەمای ئەزموونە تایبەتەکەی خۆی بە دروستیی سیاسەتی حیزب و پلانەکانی قایل ببێت، ئەوا حیزب ناتوانێت سەرکەوتن بە دەست بهێنێت.

خۆ ئەگەر لەو کاتەدا بە پشتبەستن بە هێزە حیزبییە تایبەتەکانی خۆی جەنگی یەکلاکەرەوەی بەرپا کرد، ئەوە وەک ئەوە وایە ڕێگەی سەرکێشەکانی گرتبێتە بەر و لە جەماوەر دادەبڕێت.

هەر بۆیە سەرکردایەتیی دروست لەم بارودۆخانەدا واتە:

((زانینی قایلکردنی جەماوەر بە دروستیی سیاسەتی حیزب، زانینی دانان و پراکتیزەکردنی دروشمگەلێک کە جەماوەر بگەیەنن بە هەڵوێستی حیزبەکان و ئاسانکارییان بۆ بکات کە لەسەر بنەمای ئەزموونی تایبەتی خۆی درک بە دروستیی سیاسەتی حیزب بکات، زانینی بەرزکردنەوەی [ئاستی تێگەیشتنی] جەماوەر بۆ ئاستی درککردن بە حیزب و بەم شێوەیەش، زامنکردنی پشتگیری و ئامادەییەکەی بۆ خەباتی یەکلاکەرەوە))، هەر وەک چۆن ستالین وتوویەتی و پێداگیری لەسەر ئەو ڕاستییەش دەکات کە ((ڕێگەی قایلکردن ڕێگەی بنەڕەتییە بۆ ئەوەی حیزب سەرکردایەتیی چینی کرێکار بکات.))

ئاساییە کە حیزب چاو نابڕێتە ئەوەی (چین) بخاتە ناو حیزبەوە،

سەرەڕای سووربوونە زۆرەکەی لەسەر پەیوەندیی تۆکمەی بە چینەوە و بە دەستهێنانی متمانەی و قایلکردنی بە سیاسەت و دروشمەکانی. حیزب تەنها دەستەیەکی پێشڕەوی چینی کرێکارە، بەڵام مەسەلەی یەکێتیی چین لە مەسەلە بنەڕەتییە گرنگەکانە کە سەرکەوتن لە خەباتدا بەندە بە بەدیهێنانی ئەم یەکێتییەوە. هەر بۆیە پێویستە لەپێناو بەدیهێنانی یەکێتیی خەباتگێڕانەی چینی کرێکاردا خەبات بکرێت، یەکێتییەکی بنەمایی ڕاست و یەکێتیی توخمە هۆشیارەکان، ئەو توخمانەی باوەڕیان بە پرەنسیپەکان هەیە. بێگومان بەدیهێنانی ئەم جۆرە یەکێتییە پێویستە مەسەلەیەکی ئاڵۆز و سەختە و پێویستی بە خەباتی کۆڵنەدەرانە و کاری پشوودرێژانە و هەوڵی بەردەوام هەیە بۆ قایلکردنی چینی کرێکار بە گرنگیی یەکێتی و زەرووورەتی یەکێتیی بەپرەنسیپ، بەو پێیەی ئەمە مەرجێکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی چینی کرێکار و بەجێهێنانی ئەرکەکانی ڕۆڵی پێشڕەو لە شۆڕش و کۆمەڵگەدا.

سەبارەت بە زەرووورەتـی یەکێتیی چینی کرێکار و پەیوەستییە تۆکمەکەی بە حیزبی پێشڕەوەوە و نەبوونی ئیمکانییەتی ئەوەی هەموو چینی کرێکار بخرێتە ناو حیزبەوە، لینین دەڵێت:

((ئێمە حیزبی چینین، هەر بۆیە نزیکەی هەموو چینەکە (بەڵام لە کاتی جەنگدا، واتە جەنگی ئەهلی، هەموو چینەکە بە ڕەهاییەوە)، دەبێت لەژێر سەرکردایەتیی حیزبەکەماندا کار بکات و زۆرترین ژمارە لە دەوری حیزب ڕیز ببەستن. بەڵام ئەوەی کە تا ڕادەیەک هەموو چینەکە یان سەرلەبەری چینەکە ڕۆژێک لە ڕۆژان و لە سەردەمی سەرمایەداریدا لە دۆخێکدا بن کە بتوانن لەگەڵیدا بەرز ببنەوە تا دەگەنە پلەی هۆشیاری و چالاکیی هاوشێوەی دەستە پێشڕەوەکەیان، واتە وەک حیزبە سۆسیال دیموکراتەکەیان، ئەوا ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە جۆرێکە لە مانیلۆڤیزم و شێوەیەکە لە ڕەوتکردن لە پاشکۆی بزووتنەوەکەوە. ڕێکخراوەی

سەندیکایی (کە ڕێکخراوەیەکی سەرەتاییە زیاتر لە حیزب و نزیکترە لە درککرنی گرووپە ناپێشکەوتووەکانەوە) ناتوانێت لە سەردەمی سەرمایەداریدا سەرلەبەری چینی کرێکار بە تەواوەتی لە خۆی بگرێت، تاقە سۆسیالیست دیموکراتێکیش نییە کە بیرکردنەوەیەکی دروستی هەبێت، ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ناخیدا گومانی لەوە هەبێت.)) (ستالین، بنچینەکانی لینینیزم و دەربارەی مەسەلەکانی لینینیزم، ل ١٣٦–١٣٧).

سێیەم: زامنکردنی هاوپەیمانێتیی کرێکاران و جووتیاران، بەو پێیەی ئەم هاوپەیمانێتییە بناعەیەکی پتەوی بەرەی نیشتمانییە کە چینی کرێکار خەبات دەکات لەپێناو دامەزراندنی و پێکهێنانی لە کرێکاران و جووتیاران و وردەبۆرژوازی و بۆرژوازیی نیشتمانی، بە مەرجی ئەوەی پێشڕەوی چینی کرێکار سەرکردایەتیکردنی بۆ ئەم بەرەیە و سەرجەم ئەو چینە شۆڕشگێڕانەی کە پەیوەندییان پێوە کردووە، دەست پێ بکات. ئەگەر چینی کرێکار هاوپەیمانێتیی لەگەڵ جووتیاراندا زامن کرد، واتە ئەگەر جووتیارانی بە لای خۆیدا ڕاکێشا و سەرکردایەتیکردنی خەباتی جووتیارانی بۆ خۆی گەرانتی کرد، ئەوا ئەمە بە واتای بەدەستهێنانی سەرکردایەتیی زۆرینەی گەل و سوپای بنەڕەتیی بزووتنەوەی نیشتمانییە، هەروەها بەدەستهێنانی سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسییە کە لە جەوهەردا شۆڕشی جووتیارانە. کاتێک چینی کرێکار جووتیاران بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت و سەرکردایەتیکردنیان لە خەباتی شۆڕشگێڕانەدا بە دەست دەهێنێت، واتە بەدیهێنانی هاوپەیمانێتیی کرێکاران و جووتیاران، ئەوا ئەمە ئاسانکاریی بۆ دەکات تا بۆرژوازیی نیشتمانی ڕابکێشێت بۆ ناو بەرەی نیشتمانی، وەک چۆن ئاسانکاریی بۆ دەکات وردەبۆرژوازیی شارەکان کەسب بکات پێش بۆرژوازیی نیشتمانی. تەنها ئەو کاتە بەرەیەکی فراوانی نیشتمانیی ڕاستەقینە بەدی دێت و ئاسانکاری بۆ

چینی کرێکار دەکات سەرکردایەتیکردنی سەرجەم چینە نیشتمانییەکان لە ئەستۆ بگرێت؛ بەڵام چینی کرێکار چۆن لە ڕێگەی حیزبە سیاسییە پێشڕەوەکەیەوە دەست بە سەرکردایەتیکردنی سیاسیی سەرجەم چینە شۆڕشگێڕەکان لە وڵاتدا دەکات؟

هـاوڕێ ماو تسی تۆنگ وەڵامـی ئەم پرسیارە دەداتـەوە و دەڵێ جێبەجێکردنی ئەرکی دەستپێکردنی سەرکردایەتیی سیاسی ئەمانە دەخوازێت:

١- دەبێت چینی کرێکار ((ئەو دروشمە سیاسییە بنەڕەتییانە بەرز بکاتەوە کە هاوشان و هاوپێی گەشەکردنی مێژوویین)) و ((لەپێناو گۆڕینی ئەم دروشمە سیاسییانە بۆ ڕاستیی واقیعی، لە هەموو قۆناغێک لە قۆناغەکانی گەشەکردن و لە هەموو وەرچەرخانێکی بنەڕەتیی ڕووداوەکاندا دروشمی کار بەرز بکاتەوە؛)) چونکە بەبێ ئەم ئامانجە دیاریکراوانە، سەرکردایەتیی سیاسی لە بابەتەکە دەردەچێت.

٢- پێویستە چینی کرێکار و بە تایبەتییش پێشڕەوە سیاسییەکەی ((گوڕوتین و دڵسۆزیی بێسنوور پیشان بدات بۆ ئـەوەی ببێت بە نموونەیەک لە کاردا بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانج و دروشمانە.)) وەک چۆن پێوستە کادر و ئەندامانی حیزبی پێشڕەو ((لە خەڵک دووربینتر بن و زیاتر ئامادەی قوربانیدان بن، پێداگرتر و بەتواناتر بن لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکان بەبێ جیاکاری، هەروەها بەتواناترین کەسان بن لە پشتبەستن بە زۆرینەی جەماوەر و بەدەستهێنانی پشتگیرییان.))

٣- حیزبی چینی کرێکار ((پەیوەندیی گونجاو لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا دروست بکات، گەشە بە هاوپەیمانییەکەی لەگەڵیاندا بدات و پاڵپشتیی بکات، ئەمە لە کاتێکدا کە پابەند بێت بە پرەنسیپی دەستهەڵنەگرتن لە ئامانجە سیاسییە بڕیارلێدراوەکانی خۆی.))

٤- ((پێویستە ڕیزەکانی حیزبی چینی کرێکار فراوان بکات، بەهێز و

پتەویان بکات. پارێزگاری لە یەکێتییە ئایدیۆلۆژی و پێڕەوە وردەکەی بکات.)) (بگەڕێوە بۆ ماو تسی تۆنگ، نووسراوە هەڵبژاردەکان، بابەتی ئەرکی پارتی کۆمۆنیستی چینی لە قۆناغی بەرەنگاریکردنی ژاپۆندا، ل ٤٠١).

چـوارەم: دەبێت چینی کرێکاری گۆشکراو بە پرەنسیپەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی شۆڕشگێڕانە هەستی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز تەبەنی بکات، ئامێز بۆ داواکارییە نەتەوەییە دیموکراسییەکان بکاتەوە، دروشمە نەتەوەییە شۆڕشگێڕییەکان بەرز بکاتەوە و پێش بکەوێت بۆ ئەوەی خۆی -نەک بۆرژوازی- بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخواز بە ڕێوە ببات و هەر خۆی -نەک بۆرژوازی- سەرکردایەتیی ڕەوتی نەتەوەیی و یەکێتیخوازی بکات، ئەوەش بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە و بنەمایی دروست و دوور لە دەمارگیریی نەتەوەیی و ڕۆحی ناسیۆنالیستیی بۆرژوازییانە؛ دەبێت پێشڕەوی چینی کرێکار لە کرۆکی ئەو ڕاستییە تێ بگات کە لەم قسەیەی لینیندا دەدرەوشێتەوە: ((نیشتمانپەروەری لە قووڵترین هەستەکانە و چەندین سەدە و هەزاران ساڵ قەوارە بەسەرخۆداداخراوەکان بەهێزیان کردووە.)) دەبێت پێشڕەو بزانێت ئەم هەستە زۆر قووڵانە، لە ئەنجامی دزەکردنی بۆ ناو ڕیزەکانی گەل، بووە بە هێزێکی مادی. ئەم جۆرە هێزە کارایەش ڕیشەیەکی چەسپاوی لە ناو مێژوودا هەیە و ناشێت و نابێت فەرامۆش بکرێت، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی نیشتمانپەروەری لە هەستە مرۆڤایەتییە جوامێرەکانە، خۆشەویستیی نیشتمان و هەستەکانی پەیوەست بە ئاشتەوایی و کارکردن بۆ ڕزگارکردن و دەربازکردنی لە دەستی ئیمپریالیزم و زەوتکەرە زۆردارە بێگانەکان بەرجەستە دەکات. لە ئێستادا نیشتمانپەروەری لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمەریکای لاتینی لە قووڵترین هەستە شۆڕشگێڕییەکانە دژی ئیمپریالیزمی جیهانی و

چەوساندنەوەی نەتەوەیی، هەروەها بووە بە هێزێکی شۆڕشگێڕی کارا لە کۆمەڵگەدا کە بە ڕۆڵی گەورەی خۆی بەشداری دەکات لە گڕدانی هەستی شۆڕشگێڕانەی دژ بە ئیمپریالیزم و ورووژاندنی گڕوتینی دەستکردن بە خەباتی شۆڕشگێڕی بۆ ڕزگارکردنی ئەم وڵاتانە لە ئیمپریالیزمی جیهانی. ئەمە واتە نیشتمانپەروەریی شۆڕشگێڕانە لە سەردەمی ئێستاماندا یەکێکە لە گرنگترین هێزە شۆڕشگێڕەکان لە جەنگی ڕەنجدەران لەگەڵ ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرکردایەتیی ویلایەتە یەککگرتووەکان. هەر بۆیە ئەگەر پێشڕەو ئەم هەستانە نەگرێتە خۆی و سەرکردایەتیی ڕەوتە شۆڕشگێڕییەکەیان نەکات، ئەوا ناتوانێت لە بزووتنەوەی نیشتمانیی شۆڕشگێڕیدا ڕۆڵی سەرکردایەتی ببینێت، وەک چۆن ناتوانێت بەشداری بکات لە گەشەپێدانی نیشتمانپەروەری و قووڵکردنەوەی ناوەڕۆکە دیموکراسی و پێشکەوتنخوازییەکەی و گەڵاڵەکردنی دروشمەکانی بە ئاڕاستەیەکی شۆڕشگێڕانە و جەماوەریدا، کە ئەمە واتە ڕەخساندنی بوار بۆ بۆرژوازی بۆ ئەوەی ڕۆڵی سەرکردایەتی لە بزووتنەوەی نیشتمانیدا بگێڕێت، گەندەڵی بکات و چەمکە نەتەوەییە بەرتەسک و شۆڤێنییەکانی خۆی تێدا بڵاو بکاتەوە.

ڕاستە چینی کرێکار لە دروشم و سیاسەتە گشتییەکانیدا ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاری تەبەنی دەکات، بەڵام وەک ئەوەی هاوڕێ ماو تسی تۆنگ گوزارشتی لێ دەکات، ((نیشتمانپەروەری لە واقیعدا پراکتیزەکردنێکی کردەیی ئینتەرناسیۆنالیزمە لە جەنگی ڕزگاریخوازی نیشتمانیدا.)) کەواتە هەرگیز پێکدژییەک لە نێوان نیشتمانپەروەریی ڕاست، نیشتمانپەروەریی خەباتگێڕە شۆڕشگێڕەکان، نیشتمانپەروەریی کارگەرانی شۆڕشگێڕ و نێوان ئینتەرناسیۆنالیزمی ڕاستەقینەدا نییە کە بە واتای برایەتی و تێکۆشانی هاوبەش و یەکانگیریی تێکۆشانە لە نێوان کارگەرانی سەرجەم نەتەوەکان دژی ئیمپریالیزم و سەرمایەداریی

نێودەوڵەتی، لەپێناو ڕزگارکردنی سەرجەم گەلان و دەربازکردنی کارگەرانی سەرجەم وڵاتان لە ستەم و چەوساندنەوە، وەک چۆن واتە یەکێتیی بەرژەوەندییەکانی کارگەرانی سەرجەم وڵاتان و زەروورەتی تەبایی و گونجانیان لەگەڵ بەرژەوەندییە بنەڕەتییە گشتییەکانی شۆڕشی سۆسیالیستیی جیهانی، هەروەها داواکردن لەو وڵاتانەی کە سۆسیالیزم تێیاندا سەرکەوتوو بووە، کۆمەکی مادی و مەعنەوی پێشکەشی نەتەوە ستەملێکراوەکان و چینی کرێکاری خەباتگێڕ بکەن. هەر بۆیە ئینتەرناسیۆنالیزم پێکدژ نییە لەگەڵ نیشتمانپەروەریی ڕاستگۆدا.

هاوڕێ ماو تسی تۆنگ دەڵێت:

((ئێمە لە یەک کاتدا ئینتەرناسیۆنالیست و نیشتمانپەروەرین، دروشمی ئێمە جەنگانە دژی دەستدرێژکاران وەک بەرگرییەک لە نیشتمان.)) هەر بۆیە ئەو پارتە کۆمۆنیستانەی کە لە بزووتنەوە نەتەوەییە پێشکەوتنخوازەکانی وڵاتەکانیان دوور کەوتنەوە و هەڵوێستی بێباکییان بەرامبەر گرتنە بەر، بە هەڵەدا چوون.

ئەرکی ئەوان ئەوە بوو لەم بزووتنەوە نەتەوەییە ڕزگاریخوازانە بکۆڵنەوە و لەو ڕاستییە تێ بگەن کە (هەلومەرجی مێژوویی ناوەڕۆکی نیشتمانپەروەری دیاری دەکات). ناسیۆنالیزمی خەباتگێڕی نەتەوەی ستەملێکراو دژی ئیمپریالیزم و بەکرێگیراوەکانی، ناسیۆنالیزمێکی پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕە، هێزێکی کارایە و کاریگەرییەکی ئەرێنیی لەسەر کۆمەڵگە هەیە لە بەرژەوەندیی شۆڕشدا.

ئەگەر چینی کرێکار ڕەوتی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز بگرێتە خۆی و سەرکردایەتیی بکات، بە ڕێگەی پێشکەوتنخوازانەی شۆڕشگێڕانەدا هاوخەباتی لەگەڵ گەلانی شۆڕشگێڕدا ڕێنوێنیی بکات، ئەوا ئەم جۆرە بزووتنەوە نەتەوەییە دەبێتە بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخوازی شۆڕشگێڕ و دەگۆڕێت بۆ لقێکی گرنگ لە لقەکانی شۆڕشی سۆسیالیستیی جیهانی.

فەرامۆشکردنی ڕەوتی نەتەوەیی –کە ڕەوتێکی مێژوویی و بابەتییە– و دابڕان و دوورکەوتنەوە لە جەماوەرە بەرفراوانەکەی، دەبێت هۆی دابڕان لە بزووتنەوە میللییەکان و تاکبوونەوە لە ڕێگەدا (پەراوێزی ڕووداوەکان)؛ ئەو کاتە چینی کرێکار ناتوانێت سەرکردایەتیی جەماوەری میللی بکات، بە تایبەتی لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیدا. ئەو کاتەش ناتوانێت سەرکردایەتیی بزووتنەوەی نیشتمانیی ڕزگاریخواز بکات، وەک چۆن ناتوانێت پرۆلیتاریا و جەماوەری ڕەنجدەرانی دیکە ڕزگار بکات هەتا نیشتمان و گەل لە ئیمپریالیزم ڕزگار نەکات و چینی کرێکار سەرکردایەتیی بزووتنەوەی نیشتمانیی ڕزگاریخواز نەکات.

((چونکە دەستدرێژکاران نابەزێنرێن و نەتەوەکەمان ڕزگار ناکرێت مەگەر ئەوەی بۆ بەرگری لە نیشتمان بجەنگین، وەک چۆن ناشتوانرێت پرۆلیتاریا و سەرجەم ڕۆڵە ڕەنجدەرەکانی گەل ڕزگار بکرێن هەتا نەتەوە ڕزگار نەکرێت.)) (ماو تسی تۆنگ، نامیلکەی ڕۆڵی پارتی کۆمۆنیستی چینی لە جەنگی نیشتمانیدا).

حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ خۆی لە ڕەوتی گەشەکردنی مێژوویی و جەماوەری بەرفراوان دادەبڕێ کاتێک بە [کاریگەریی] چەمکە کۆسمۆپۆلیتییەکان ئالای نیشتمانی فەرامۆش دەکات، یاخود پەلە ناکات لە بەرزکردنەوەی و چوونەپاڵ جەماوەری میللی و پیشەوەی ڕیزەکانی لە ژێر ئالاکەیدا.

ئەگەر حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ ئالای نیشتمانپەروەری بەرز نەکاتەوە، ئەوا بۆرژوازی بەرزی دەکاتەوە، پاڵپشتی و سۆزی جەماوەر بە دەست دەهێنێت کە لە ژێر ئالاکەیدا هاتوونەتە پالی. بەوەش حیزبی پێشڕەو توانای پیادەکردنی ڕۆڵی پێشڕەوایەتی بە فیعلی لە دەست دەدات.

هاوڕێ لین بیاو دەڵێت:

((مێژوو سەلماندوویەتی پێویستە پارتی کۆمۆنیست لە بەردەم دەستدرێژیی تۆقێنەری ئیمپریالیزمدا ئاڵای نیشتمانی بەرز بکاتەوە و ئەم چەکە بەکار بهێنێت: بەرەی یەکگرتوو، بۆ ئەوەی جەماوەری گەل و سەرجەم نیشتمانپەروەرانی خەباتگێڕی دژ بە ئیمپریالیزم، کە ٠٩٪ی دانیشتوانی وڵاتن، لە دەوری کۆ ببنەوە، بۆ ئەوەی تا ئەوپەڕی سنوور سەرجەم توخمە پۆزەتیڤەکان ساز بدات و تا ئەوپەڕی ڕادە لەگەڵ سەرجەم ئەو هێزانەدا یەک بگرێت کە دەکرێت لەگەڵیاندا یەکێتی پێک بهێنێت، تا ئەوپەڕی ڕادە دوژمنی هاوبەشی هەموو نەتەوە گۆشەگیر بکات. خۆ ئەگەر ئاڵای نیشتمانیمان فەرامۆش کرد، ئەگەر پلانی دەرگای داخراومان گرتە بەر و خۆمان گۆشەگیر کرد، ئەوا ئەو کاتە پیادەکردنی سەرکردایەتی و گەشەپێدانی پرسی شۆڕشی میللی دەکەونە دەرەوەی بابەتەکە، ئەمەش لە ڕاستیدا واتای ئەوەیە ئێمە خۆمان یارمەتیمان پێشکەشی دوژمن کردووە و خۆمان ڕووبەڕووی بەزین کردووەتەوە.)) (نامیلکەی بژی سەرکەوتنی جەنگی میللی، ل ٢١–٢٢).

دواجار، ئەوانەی باوەڕیان وایە پێشڕەوانی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ لە هەستی نەتەوەیی و دروشمە نەتەوەییە پێشکەوتنخوازییەکان داماڵراون، هەڵەیەکی کۆسمۆپۆلیتی دەکەن، هەڵەی دوورخستنەوەی چینی کرێکار لە ئەرکەکەی لە سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز.

لینین دەڵێت:

((ئێمەی پرۆلیتاریای ڕووسی کە درک دەکەین، ئاخۆ لە هەستی کەرامەتی نەتەوەیی بێبەرین؟ بێگومان نەخێر، ئێمە زمانەکەمان و نەتەوەکەمان خۆش دەوێت، ئەوپەڕی هەوڵ دەدەین بۆ ئەوەی جەماوەرە کارگەرەکەی ڕابپەڕێنین (واتە لە سەدا نەوەدی دانیشتوان) بۆ ئاستی

ژیانی درککردن، ئاستی ژیانی دیموکراسیخوازان و سۆسیالیستخوازان. ئێمە هەست بە ئازار دەکەین، وەک ئەو ئازارەی دەنیشێتە سەر دڵمان کاتێک دەبینین و هەست دەکەین نیشتمانە جوانەکەمان بە دەستی جەلادەکانی نۆکەرانی قەیسەر و خانەدانەکان و سەرمایەداران چەندە توندوتیژی و ستەم و گرفتاری دەچێژێت.)) پاشان لە درێژەدا دەڵێت:

((ئێمە پڕین لە کەرامەتی نەتەوەیی، چونکە نەتەوەی ڕووسیش خۆی چینێکی شۆڕشگێڕی هێناوەتە کایەوە...)) (بگەڕێوە بۆ وتارەکەی لینین سەبارەت بە کەرامەتی نەتەوەیی ڕووس).

پاشان، کەواتە چینی کرێکار چۆن سەرکردایەتیی بزووتنەوەی نیشتمانیی ڕزگاریخواز بەجێ دێنێت ئەگەر هەستە نەتەوەییەکان و داواکارییە نەتەوەییەکان و مافە نەتەوەییەکان فەرامۆش بکات؟ چۆن دەتوانێت سەرکردایەتیی جەماوەری میللی بکات ئەگەر گوزارشت لە ئاواتە نەتەوەییە ڕەواکانی نەکات؟

هەر بۆیە دەبێت چینی کرێکار بە ڕاستگۆیانەترین شێوە گوزارشت لە هەستە نەتەوەییە پێشکەوتنخوازییەکان و ئاواتە نەتەوەییە ڕەواکان بکات. ئاساییە ئەگەر چینی کرێکار بەگوێرەی چەمکە پێشکەوتنخوازییە مرۆییەکانی دژ بە شۆڤینیزم و کۆسمۆپۆلیتیزم و گۆشەگیریی نەتەوەیی و دوور لە چەمکەکانی پلەبەندیی چینایەتی و نکۆڵیکردن لە خەباتی چینایەتی بە بیانووی (ناسیۆنالیزم) و پاراستنی (یەکێتیی نەتەوە) گوزارشت لەوە بکات؛ چینی کرێکار ناتوانێت سوود لە تیۆرەکەی – تیۆری سۆسیالیزمی زانستی– و فەلسەفەی مارکسیزم – لینینیزم وەربگرێت ئەگەر نەک هەر فێری تیۆرەکە بێت و لێی تێ بگات، بەڵکو فێری پراکتیزەکردنی کردەییانەشی ببێت لە ڕێگەی بەستنەوەی بە تایبەتمەندییە دیاریکراوەکانی نیشتمانەکەی و بارودۆخی گەلەکەی و تایبەتمەندییەکانی شۆڕشیش لە وڵاتەکەیدا.

هاوڕێ ماو دەڵێت: ((بەڵام ناتوانین بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە مارکسیزم جێبەجێ بکەین، مەگەر ئەوەی بیبەستینەوە بە تایبەتمەندییە دیاریکراوەکانی وڵاتەکەمانەوە و لە بۆتەیەکی نیشتمانیی دیاریکراودا دای بنێین. هێزی مەزنی مارکسیزم – لینینیزم لەوەدایە کە پەیوەستە بە پیادەکردنی شۆڕشگێڕانەی دیاریکراوی وڵاتانی جیاوازەوە.))

بەم شێوەیە، دەبێت چینی کرێکار لە مێژووی گەلەکەی بکۆڵێتەوە، ئاشنای بارودۆخی بزووتنەوەی نیشتمانی و ئاڕاستە شۆڕشگێڕییەکانی بێت، ڕاستییە گشتییەکەی تیۆری سۆسیالیزمی زانستی تێکەڵی واقیعە دیاریکراوەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە وڵاتەکەیدا بکات، مارکسیزم – لینینیزم بخاتە ناو بۆتەیەکی نیشتمانیی دیاریکراوەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی جیاکردنەوەی ناوەڕۆکە تیۆرییەکەی شۆڕش لە مۆرکە نیشتمانییە پێویستەکەی، شێوازی ئەو کەسانەیە کە لە تیۆرەکە تێ ناگەن، ئەو کەسانەش کە ئینتەرناسیۆنالیزم بەرەوڕووی نیشتمانپەروەریی شۆڕشگێڕانە دەکەنەوە، گەمژەییەکی گەورە دەکەن.

هاوڕێ ماو دەڵێت:

((جیاکردنەوەی ناوەڕۆکی ئینتەرناسیۆنالیستی لە فۆرمی نیشتمانپەروەری، میتۆدی ئەو کەسانەیە کە هیچ شتێک لە ئینتەرناسیۆنالیزم تێ ناگەن.))

چینی کرێکار لە خەباتە نیشتمانییە ڕزگاریخوازەکەیدا بە باشی لەو ڕاستییە تێ دەگات کە خەباتی نەتەوەیی لە جەوهەری خۆیدا خەباتێکی چینایەتییە، بەو پێیەی خەباتی چینە پێشکەوتنخوازەکانی نەتەوەی ستەملێکراوە دژی چینی سەرمایەداریی ئیمپریالی لە نەتەوەی ستەمکاردا، بەو پێیەی خەباتی جەماوەری میللییە دژی فیوداڵیزمە ئەهلییەکەی و سەرمایەدارییە کۆمپرادۆرییە ئەهلییەکەشی، بەو پێیەی مەسەلەی ناسیۆنالیستی لە جەوهەری خۆیدا مەسەلەی جووتیارانە و

خەباتی جووتیاران دژی فیوداڵیزم و پاشماوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست خەباتێکی چینایەتی و ژیارییە. جووتیاران وەک چۆن سوپای بنەڕەتیی بزووتنەوەی نیشتمانی پێک دێنن، ئاواش خەباتێکی چینایەتییانە دەکەن بە مۆرکێکی نیشتمانییەوە کاتێک دژی ئیمپریالیزم تێ دەکۆشن و لەپێناو ڕزگاریی نیشتمانیی یەکجارەکیدا هەوڵ دەدەن.

هەروەها خەباتی چینی کرێکار دژی فیوداڵیزم و بۆرژوازیی کۆمپرادۆری لە دووتوێی ململانێی نیشتمانیی شۆڕشگێڕانە لەگەڵ ئیمپریالیزم و حکومڕانیی بەکرێگیراو و پاشکۆی ئیمپریالیزم، کە نوێنەرایەتیی سەرمایەداریی قۆرخکاری دەکات، خەباتێکی چینایەتییە لە مۆرکێکی نیشتمانیدا.

چینی کرێکار مەسەلەی یەکێتیی نەتەوەیی –لەسەر بنەمایەکی پێشکەوتنخوازانە– وەک مەسەلەیەکی ڕەوا و پێویست سەیر دەکات بۆ گەشەکردنی و بۆ سەرکەوتنی سۆسیالیزم، خەباتەکەشی لەپێناو بەدیهێنانی یەکێتیی نەتەوەیی –لەسەر بنەمایەکی پێشکەوتنخوازانە– بە خەباتێکی شۆڕشگێڕانەی ڕەوا و جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی سۆسیالیزمی زانستی دادەنێت کە کۆبوونەوە گەورەکان لە نێوان نەتەوە جیاوازەکاندا لەسەر بنەمای بژاردەیەکی ئازاد پەسەند دەکات، چ بگات بە یەکخستنی بەشەکانی یەک نەتەوە. پرۆلیتاریا مەرج بۆ بەدیهێنانی یەکێتیی نەتەوەیی دانانێت تەنها ئەوە نەبێت کە یەکێتییەکی پێشکەوتنخوازانە بێت، لە بەرژەوەندیی جەماوەری میللیدا بێت و دژی بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزم و چینە کۆنەپەرستەکان بێت.

هەر بۆیە، بۆ نموونە، دەبێت چینی کرێکاری عەرەبی سەرکردایەتیی خەباتی جەماوەری عەرەبی بکات لەپێناو یەکێتیی عەرەبیی پێشکەوتنخوازدا، هاوشێوەی چینی کرێکاری ڤێتنامی یان چینی کرێکاری کۆری و خەباتی هەردوو ئەو نەتەوانە لەپێناو بەدیهێنانی یەکێتی لە

نێوان بەشەکانی نەتەوەکەیان و نیشتمانەکەیان.

یەکێتیی عەرەبیی پێشکەوتنخواز تەنها ئامانجێکی نەتەوەیی ئوممەی عەرەب بەدی ناهێنێت، بەڵکو نەخشە کۆنەپەرستییەکانی ئیمپریالیزمیش لەناو دەبات کە بۆ بەڕێکردنی پیلانگێڕییەکانی خۆی، نەتەوەی عەرەبی دابەش کردووە. وەک چۆن ئەم یەکێتییە عەرەببیە پێشکەوتنخوازە هێزێکی پێشکەوتنخوازی گەورە دەهێنێتە کایەوە لە مەیدانی نێودەوڵەتی و مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئیمپریالیزم و زایۆنیزمدا و ئیمکانیاتی ئەوە فەراهەم دەکات [گەلی] عەرەب نەوتەکەیان خۆماڵی بکەن، کۆمەڵگەی سۆسیالیستی بونیاد بنێن و گورزی کوشندە لە ئیمپریالیزمی نێودەوڵەتی بدەن. ئەو حیزبە پێشڕەوە عەرەببییەی کە درک بەم ڕاستییانە ناکات و یەکێتیی عەرەبی یاخود یەک دەوڵەتی عەرەبی بە دروشمی خەیاڵیی چەشنی دەوڵەتی جیهانی دادەنێت، هەڵەیەکی بنەمایی و سیاسیی گەورە دەکات. وەک چۆن ئەو کەسانەش بە هەڵەدا دەچن کە پێیان وایە وردەبۆرژوازیی عەرەبی دەتوانێت یەکێتیی عەرەبی بەدی بهێنێت، چونکە تاقە چین کە بتوانێت یەکێتییەکی عەرەبیی پێشکەوتنخوازی سەقامگیر بونیاد بنێت، چینی کرێکارە کاتێک پێشەنگایەتیی دەکات و سەرکردایەتیی خەباتی جەماوەری نەتەوەیی عەرەبی لە جووتیاران و ڕەنجدەران و کاسبکاران و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ دەکات.

## ڕۆڵی جووتیاران لە شۆڕشدا

جووتیاران چەندین سەدە لەسەر دەستی فیوداڵیزم و نوێنەرایەتییە سیاسییەکەی، ڕژێمی پاشایەتیی ئۆتۆکراسی، ڕووبەڕووی ستەم و زۆرداری بوونەوە. ئاشی ئەو جەنگانەی ڕژێمە پاشایەتییەکان و ئیمپراتۆرە کۆنەکان هەڵیان گیرساند، لەسەر شانی جووتیاران بوو و بە خوێنی ئەوان گەڕا.

سوپاکان بە زۆری لە جووتیاران پێک دەهێنران و خەرجییەکانیشیان هەر لە جووتیاران دەسەنرا و کۆ دەکرایەوە، سەرکردە و ڕابەرەکانیشیان لە خوێنمژانی جووتیاران بوون، یاخود بەکرێگیراوانی ئەو ستەمکارە دڵڕەقانە بوون.

هەر بۆیە خەباتی جووتیاران دژی ستەمکاران و خوێنمژانیان بە درێژایی مێژوو شتێکی ئاسایی و ڕەوا بووە. بەڵام مێژوو سەلماندوویەتی جووتیاران هەمیشە [هێزی] یەدەکی شۆڕش بوون، سووتەمەنی و هێزە بنەڕەتییەکەی بوون، بەبێ ئەوەی سەرکردایەتیکردن لە شۆڕشدا بۆ ئەوان بووبێت. پەیوەستیی جووتیاران بە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیی تاکەکەسی و پەیوەندییەکانیان بە شێوازی وردەبەرهەمهێنانی بەسەرچووەوە کردوونی بە چەندین گرووپی پەرتوبڵاو، کە بە ئاسانی ڕێکخستن و پابەندی و دیسپلین قبوڵ ناکەن، بەڵکو بە سەختی و هێواش و ڕاڕاییەوە. لە چاخە تاریکەکانی فیوداڵیزمدا چەندین شۆڕشی جووتیاری ڕوویان دا، بەڵام سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا و خەباتەکەش درێژەی نەکێشا.

لە سەردەمی شۆڕشی بۆرژوازیدا لە ڕۆژئاوای ئەورووپا، ئاپۆرای جووتیاران بە سەرکردایەتیی بۆرژوازی بۆ جەنگین لە دژی حکومڕانیی

پاشایەتیی ئۆتۆکراسی، کە نوێنەری دەرەبەگایەتی و ستەمکاری بوو، ڕاپەڕین.

ستالین لەم بارەیەوە دەڵێت:

((شۆڕشە بۆرژوازییەکان لە ڕۆژئاوا (ئینگلتەرا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا و نەمسا)، وەک ئاشکرایە، ڕێگەیەکی دیکەیان گرتە بەر. لەوێ سەردەستەیی بۆ پرۆلیتاریا نەبوو کە بە هۆی لاوازییەکەیەوە نوێنەرایەتیی هێزێکی سیاسیی سەربەخۆی نەدەکرد و ئاسانیش نەبوو بیکات، بەڵکو سەردەستەییەکە بۆ بۆرژوازیی لیبراڵی بوو. لەوێ جووتیاران لەسەر دەستی پرۆلیتاریا، کە ژمارەیان کەم و نارێکخراو بوون، ڕزگار نەکران، بەڵکو لەسەر دەستی بۆرژوازی لە ڕژێمی فیوداڵی ڕزگار کران. لەوێ جووتیاران لەگەڵ بۆرژوازیی لیبراڵی دژی ڕژێمی کۆن جووڵان، لەوێ جووتیاران [هێزی] یەدەکی بۆرژوازی بوون. دواتر لەوێ شۆڕش بوو بە هۆی ئەوەی کێشی سیاسیی بۆرژوازی زۆر قورس ببێت.)) (ستالین، بنەماکانی لینینیزم و دەربارەی مەسەلەکانی لینینیزم، چاپی عەرەبی، خانەی ئین سینا، بەیروت، ل ٧٧، ١٩٦٧).

بەڵام سەبارەت بە بزووتنەوەی پرۆلیتاریی ئەورووپی و خەباتەکەی لەپێناوی سۆسیالیزمدا، مارکس ئاماژەی بۆ پێویستیی سازاندنی نێوان بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی جووتیاری و شۆڕشی پرۆلیتاری کردووە. ئەمەش بیرۆکەیەک بوو و لە نامەیەکدا کە ساڵی ١٨٥٦ بۆ ئینگڵسی نارد، دای ڕشتووە و تێیدا دەڵێت: ((لە ئەڵمانیا هەموو شتێک بەند دەبێت بە ئیمکانی پاڵپشتیکردنی شۆڕشی پرۆلیتاری بە چاپێکی نوێی جەنگی جووتیارانەوە.)) [مەبەستی مارکس نوێبوونەوەی جەنگی ناوخۆیی جووتیارانی ئەڵمانیایە لە دژی فیوداڵیزم کە لە سەدەی چواردەیەم و پازدەیەمدا بەرپایان کردبوو. و]

لە ڕاستیدا جووتیارانی چەوساوە و بە تایبەتی جووتیارانی هەژار، وزەیەکی شۆڕشگێڕییان هەیە کە بەبێ تەقاندنەوە و خستنەگەڕی، سەرکەوتن لە شۆڕشی دیموکراسی یاخود سۆسیالیستیدا بە دەست ناهێنرێت.

ڤلادیمیر ئیلیچ لینین بە ڕوونی درکی بەم ڕاستییە کرد و لەسەر ئەو بناغەیە تیۆری هاوپەیمانیی نێوان کرێکاران و جووتیارانی لە شۆڕشی دیموکراسی و شۆڕشی سۆسیالیستیدا داڕشت، بەوەش، لینین هاوپەیمانێکی بەهێزی بۆ پڕۆلیتاریای شۆڕشگێڕ هێنایە کایەوە و بەو هاوپەیمانییەش سەرکەوتنی پڕۆلیتاریای لە شۆڕشی سۆسیالیستیدا زامن کرد.

بابەتی جووتیاران گفتوگۆ و مشتومڕی لە نێوان شۆڕشگێڕانی ڕووس بە گشتی و مارکسییەکان و پۆپۆلیستەکاندا بە تایبەتی وروووژاند. ((ئەگەر پۆپۆلیستەکان بە هەڵە وای بۆ چووبن کە هێزی شۆڕشگێڕی سەرەکی لە جووتیاراندایە نەک کرێکاران، ئەوا دەتوانرێت تەنها بە بزووتنەوەکانی یاخیبوونی جووتیاران دەسەڵاتی قەیسەر و زەویدارە گەورەکان بڕووخێنرێت، پۆپۆلیستەکان چینی کرێکاریان نەدەناسی، یاخود درکیان بەوە نەدەکرد جووتیاران ناتوانن بە تەنها بەسەر قەیسەر و زەویدارە گەورەکاندا زاڵ ببن ئەگەر لەگەڵ چینی کرێکاردا هاوپەیمانی نەکەن و نەڕۆنە ژێر ئاڵاکەی. پۆپۆلیستەکان تێبینیی ئەوەیان نەدەکرد چینی کرێکار شۆڕشگێڕترین و لەپێشترین چینەکانی کۆمەڵگەیە لە بواری پێشکەوتندا.)) (بگەڕێوە بۆ مێژووی حیزبی بەلشەڤی، بەشی یەکەم).

پلیخانۆڤ، کە فەزڵی گەورەی لە زاڵبوونی مارکسیزم بەسەر پۆپۆلیستەکاندا هەبوو بە هۆی نووسراوە مارکسیستییە بەراییەکانیەوە، بۆچوونی پۆپۆلیستەکانی بە درۆ خستەوە. پلیخانۆڤ ڕوونی کردەوە

جووتیاران لە کشتیارە تاقوتەراکان –سەرەڕای زۆریی ژمارەیان– پێک هاتوون، ئەو چینە ڕەنجدەرەی کە پەیوەستە بە دواکەوتووترین شێوەی ئابوورییەوە، ئەویش وردەبەرهەمهێنانە، هەر بۆیە وەک چینێکی جووتیاری، داهاتوویەکیان نییە، بە تایبەتی کە ئەوان بە شێوەیەکی دەوری و بە بەردەوامی دابەش دەبن بۆ جووتیارانی دەوڵەمەند (بۆرژوازی) و جووتیارانی نەدار (نیمچەپڕۆلیتاریا و پڕۆلیتاریا)؛ پاشان جووتیاران، بە هۆی یەکنەگرتنیان و دۆخیان وەک وردەموڵکدار، بە ئاسانی ڕێکخستن قبوڵ ناکەن و بە هەمان خێرایی پڕۆلیتاریا شوێنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی ناکەون.

بەڵام پلیخانۆڤ درکی بە گرنگیی جووتیاران و گرنگیی هاوپەیمانییان لەگەڵ کرێکاران و وزە شۆڕشگێڕییە شاراوەکانی ناو جووتیارانی هەژار و نەدار نەکرد. لینین ئەم گرنگییەی بزووتنەوەی جووتیاریی ڕوون کردەوە و لە کتێبەکەیدا، (هاوڕێیانی گەل کێن؟) بۆ یەکەم جار بیرۆکەی هاوپەیمانیی شۆڕشگێڕانەی نێوان کرێکاران و جووتیارانی خستە ڕوو، بەو پێیەی ئەم هاوپەیمانییە کەرەستەی سەرەکییە بۆ ڕووخاندنی حکومەتی قەیسەر و زەویدارە گەورەکان. لینین دەڵێت:

((دەبێت سەرجەم هەوڵەکان بخرێنە گەڕ بۆ چەسپاندنی هاوپەیمانیی نێوان پڕۆلیتاریای شۆڕشگێڕی سۆسیالیستی و جووتیارانی شۆڕشگێڕ، بۆ ئەوەی ئەم هاوپەیمانییە بەهێزتر و بەتواناتر بێت و پەرە بسێنێت و پێ بگات، تا ئەو ساتەی کاتی چارەسەرکردنی قەیرانی سیاسیی هەنووکە دێت، ئەو داهاتووەی کە ناچارییە و بەری پێ ناگیرێت. لەم هاوپەیمانییە و تەنها لەم هاوپەیمانییەدایە دەکرێت چارەسەرکردنی ئەم پرسە سەرکەوتوو بێت کە پەیوەستە بەوەی (سەرجەم زەوییەکان) ڕادەستی جووتیاران بکرێن و هەموو ئازادی و هەموو دەسەڵات ڕادەستی گەل بکرێن.)) هەر بۆیە لینین ئەوەی بەسەر پارتی کرێکارانی

سۆسیال دیموکراتدا پێویست کرد کە لەپێناو دەربازکردنی جووتیاران لە هەژموونی بۆرژوازی خەبات بکەن و هاوپەیمانییان لەگەڵ پڕۆلیتاریا دابمەزرێنن و کێش بکرێنە ژێر ئاڵای سەرکردایەتیی پڕۆلیتاریا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بە تەواوەتی ئاگاداری ڕاڕایی و دوودڵیی جووتیاران بوو، چونکە ئەوان تاقە هێزی جدین کە دەکرێت هاوپەیمانێتی بە سەرکردایەتیی پڕۆلیتاریا قبوڵ بکەن و بەو هاوپەیمانێتییەش دەکرێت سەرکەوتن لە شۆڕشدا بە دەست بهێنرێت.

لینین بە باشی درکی بەوە دەکرد کە ((لە نێوان جووتیاراندا جەماوەرێک لە توخمە نیمچەپڕۆلیتارییەکان هەیە شانبەشانی توخمە وردەبۆرژوازییەکان))، ئەوانیش هەردووکیان دوو گرووپی کۆمەڵایەتیی شۆڕشگێڕن، لینین باوەڕی بەوە هەبوو ((جەماوەری جووتیاران بەبێ ئەوەی ببن بە سۆسیالیست و بەبێ ئەوەی لە وردەبۆرژوازیبوون بکەون، دەکرێت ببن بە توندترین و پێداگرترین لایەنگرانی شۆڕشی دیموکراسی. بە مسۆگەرییش هەر دەبن ئەگەر ڕەوتی ڕووداوە شۆڕشگێڕییەکان نەپچڕێت، ئەو ڕووداوانەی کە جەماوەری جووتیاران ڕۆشنبیر دەکەن، پچڕانێکی پێشوەخت لە ئەنجامی خیانەتی بۆرژوازی و شکستهێنانی پڕۆلیتاریا. ئا بەم مەرجە، بە مسۆگەری جووتیاران دەبن بە قەڵا و پردی شۆڕش، چونکە تەنها شۆڕشێکی سەرکەوتووی تەواو دەتوانێت لە مەیدانی چاکسازیی کشتوکاڵیدا هەموو شتێک بە جووتیاران ببەخشێت، هەموو ئەو شتانەی ئارەزوویان دەکات و خەونیان پێوە دەبینێت، هەموو ئەو شتانەی کە بە حەق پێویستن بۆی.)) (بگەڕێوە بۆ لینین، دوو پلان بۆ سۆسیال دیموکراتیک لە شۆڕشی دیموکراسیدا).

لە ڕاستیدا لینین بایەخێکی گەورەی بە مەسەلەی جووتیاران دا، تەنانەت هەندێک کەس پێیان وابوو ((پرسی بنەڕەتی لە لینینیزمدا

مەسەلەی جووتیاران و ڕۆڵ و بایەخی ئەوانە.)) بەڵام ئەمە هەرگیز ڕاست نییە، ((چونکە مەسەلەی بنەڕەتی لە لینینیزمدا و خاڵی دەسپێکی، مەسەلەی جووتیاران نییە، بەڵکو دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریایە، مەسەلەی بردنەوە و چەسپاندنیەتی. مەسەلەی جووتیاران، بەو پێیەی مەسەلەی هاوپەیمانێکی پرۆلیتاریایە لە خەباتەکەی لەپێناو دەسەلاتدا، مەسەلەیەکی وەرگیراوە.)) (ستالین، دەربارەی مەسەلەکانی لینینیزم، چاپی عەرەبی، ل ١٦٣).

کەواتە ڕۆڵی پرۆلیتاریا سەرکردایەتیکردنە لە شۆڕشدا و ڕۆڵی جووتیاران ڕۆڵی هاوپەیمانی پرۆلیتاریایە لە شۆڕشدا. خەباتی لینین لەپێناوی شۆڕشی پرۆلیتاری و لەپێناوی سەرکەوتنی و دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریادا، بایەخدانی بە مەسەلەی جووتیاران و ڕۆڵیان لە شۆڕشدا کرد بە پێویست.

ستالین دەڵێت: ((هەموو ئەوانەی کە بەرەو حکومڕانی دەڕۆن و خۆیانی بۆ ئامادە دەکەن، بە ناچاری دەبێت بایەخ بەوە بدەن کە بزانن هاوپەیمانە ڕاستەقینەکانیان کێن؟ بەم واتایە، مەسەلەی جووتیاران دەبێت بە بەشێک لە مەسەلە گشتییەکەی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا؛ بەم سیفەتەش، مەسەلەیەک لە مەسەلە زیندووە گەورەکانی لینینیزم پێک دەهێنێت.)) (سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٣). پاشان درێژەی دەداتێ:

((مەسەلەکە بەم جۆرە دانراوە: ئاخۆ ئیمکانیاتە شۆڕشگێڕییە شاراوەکانی جەماوەری جووتیاران بە هۆی هەلومەرج و بوونی بابەتییانەوە بەسەر چووە یان نا؟ ئەگەر بەسەر نەچووبێت، ئاخۆ هیوایەک، بناغەیەک هەیە بۆ سوودوەرگرتن لەم ئیمکانیاتە لەپێناو شۆڕشی پرۆلیتاری و گۆڕینی جەماوەری جووتیاران، واتە گۆڕینی زۆرینە چەوساوەکەیان لە [هێزی] یەدەکی بۆرژوازییەوە، وەک ئەوەی لە شۆڕشە بۆرژوازییەکاندا لە ڕۆژئاوا وابوون و تا ئێستاش هەر

وان، بۆ [هێزێکی] یەدەک، بۆ هاوپەیمانی پرۆلیتاریا؟ لینینیزم بە بەڵێ وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتـەوە، واتـە ددان بە بوونی لێهاتوویی و کارامەیی شۆڕشگێڕی لە ڕیزی زۆرینەی جووتیاراندا دەنێت، هەروەها ئیمکانییەتی سوودوەرگرتن لەم لێهاتوویی و کارامەییانە لە بەرژەوەندیی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا. مێژووی سێ شۆڕشە ڕووسییەکە جەختێکی تەواو لەسەر ئەنجامگیرییە لینینییەکان لەم بارەیەوە دەکەن.

لێرەوە ئەو ئەنجامگیرییە عەمەلییە [دێت] سەبارەت بە زەرووورەتی پشتگیریکردنی جەماوەری جووتیارانی ڕەنجدەر لە خەباتیان دژی بەکۆیلەکردنیان و چەوساندنەوەیان، لە خەباتیان لەپێناو ڕزگاربوونیان لە ستەم و نەهامەتی.)) (سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٤–٧٥).

لەسەر بنەمای ئەم تیۆرە لینینییە لەمەڕ مەسەلەی جووتیاران و وەک گەشەپێدانی ئەم تیۆرە و دەوڵەمەندکردنی، هاوڕێ ماو تسی تۆنگ مەسەلەی جووتیارانی لە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراسیدا تاوتوێ کرد. هەروەها هاوڕێ ماو لە خوێندنەوەی بۆ مێژووی چین تێبینیی ئەوەی کرد جووتیارانی چین هێزی سەرەکیی شۆڕش بوون لە سەرجەم خەباتەکاندا دژی داگیرکەر و بنەماڵەی جینگ هەر لە سەروەختی جەنگی شانشینی تایپینگی [ئاسمانیی] پیرۆزەوە (Taiping Hevaenly kingdom ) لە ساڵی ١٨٥١ و کۆی ڕاپەڕینە نیشتمانییەکان لە ژێر ئاڵای بۆرژوازیی پێشکەوتنخوازی چینیدا بە ڕابەرایەتیی سۆن یات سۆن، جووتیاران هێزی شۆڕشگێڕی سەرەکی بوون، کاتێکیش دوای جەنگی یەکەمی جیهان شۆڕشی چینی هەڵگیرسایەوە و شۆڕشی سۆسیالیستیی ئۆکتۆبەر سەرکەوت و بە دەرکەوتنی حیزبی کۆمۆنیست و هاوپەیمانێتیکردنی لەگەڵ کۆمینتانگ و چوونەناو ئەو هاوپەیمانێتییەوە لەگەڵ پاراستنی سەربەخۆییە ئایدیۆلۆجی و سیاسی و ڕێکخراوەییەکەی، چووە قۆناغێکی نوێوە، بایەخی ڕۆڵی کرێکاران

و جووتیاران دەرکەوت کە پاڵی بە ڕابەری نەمر، سۆن یات سۆنەوە نا سەرلەنوێ (سێ پرەنسیپەکەی گەل) دابڕێژێتەوە و هاوکاریی کرێکاران و جووتیارانی کرد بە پایەیەکی گرنگ لە سێ پایەکانی. بەڵام حیزبی بۆرژوازیی نیشتمانیی چینی، بە حوکمی سروشتە چینایەتییەکەی، نەیتوانی تیۆرێکی دروست لەمەڕ ڕۆڵی کرێکاران و جووتیاران لە شۆڕشی دیموکراسیدا دابڕێژێت، هەر بۆیە سەرکردەی پارتی کۆمۆنیستی چین، ماو تسی تۆنگ، داڕشتنی ئەو تیۆرەی بە سەرکەوتنێکی بەرچاوەوە لە ئەستۆ گرت، کاتێک جەختی کرد لەسەر گرنگیی هاوپەیمانێتیی کرێکاران و جووتیاران وەک بناغەیەکی پتەوی بەرەی نیشتمانی دژی ئیمپریالیزم و فیوداڵیزم و کۆمپرادۆری. هاوڕێ ماو تسی تۆنگ ڕۆڵی سەرکردایەتیی چینی کرێکاری لە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیدا ڕوون کردەوە، بەڵام سەبارەت بە جووتیاران، پشتی بە دانراوەکەی ستالین بەست کە دەڵێت مەسەلەی نیشتمانی لە جەوهەری خۆیدا مەسەلەی جووتیارانە، هەروەتر، جووتیاران سوپای بنەڕەتیی بزووتنەوەی نیشتمانی پێک دەهێنن؛ ماو تسی تۆنگ چەمکەکەی ئەوی وا داڕشتەوە کە جووتیاران هێزی شۆڕشگێڕیی سەرەکیی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسین، لە کاتێکدا پڕۆلیتاریا ڕۆڵی سەرکردایەتیی شۆڕشگێڕی لە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیدا دەبینێت.

هاوڕێ ماو دەڵێت: ((ستالین وتوویەتی (مەسەلەی ناسیۆنالیزم لە جەوهەری خۆیدا مەسەلەی جووتیارانە.) ئەمەش واتە شۆڕشی چین لە ڕووی جەوهەرەوە شۆڕشی جووتیارانە، بەرەنگاریی ئێستاش دژی ژاپۆن، لە ڕووی جەوهەرەوە بەرەنگاریی جووتیارانە دژی ژاپۆن. سیاسەتی دیموکراسیی نوێ لە ڕووی جەوهەرەوە واتە بەخشینی دەسەڵاتەکان بە جووتیاران. سێ پرەنسیپە نوێیەکەی گەلیش،

یاخود دیموکراسی، لە ڕووی جەوهەرەوە پرەنسیپەکانی شۆڕشی جووتیارین، وەک چۆن کولتووری جەماوەری لە ڕووی جەوهەرەوە واتە بەرزکردنەوەی ئاستی جووتیاران. جەنگی بەرەنگارییش دژی ژاپۆن لە ڕووی جەوهەرەوە جەنگی جووتیارانە.)) (ماو تسی تۆنگ، نووسراوە هەڵبژاردەکان، بەرگی دووەم، ل ٥١١).

ماوتسی تۆنگ تێبینیی تایبەتمەندییە گشتییەکانی وڵاتانی کۆلۆنی و نیمچەکۆلۆنیی کردووە، لەو ڕووەوە کە هێزە شۆڕشگێڕەکانیان لە سەرەتاوە لاوازن و هێزەکانی دوژمنانی شۆڕش گەورەن، هەروەها لە ڕووی دواکەوتنی ئابووری و سیاسی و کولتووریی ئەم وڵاتانە و لاوازیی چەندێتی و چۆنێتیی کرێکاران و زۆریی جووتیاران؛ لە هەموو ئەمانەوە ئەو ئەنجامگیرییەی کرد کە شۆڕش درێژخایەن دەبێت، جووتیاران سوپا بنەڕەتییەکەی پێک دەهێنن و کرێکارانیش سەرکردایەتییەکەی، ئەمەش بە ناچاری ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە کار بە ئامۆژگارییەکەی ئینگڵس بکرێت کە دەڵێت بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا، دەبێت حیزب لە شارەوە بچێت بۆ لادێ و دەبێت حیزبی پێشڕەو دەست بکات بە گواستنەوەی چەقی قورسایی چالاکییەکانی بۆ لادێ، لەوێوە دەست بکات بە دامەزراندنی بنکە شۆڕشگێڕییەکان و ڕزگارکردنی لادێ، بۆ ئەوەی لەوێوە گەمارۆی شارەکان بدات، پاشان لە ڕێگەی جەنگی میللیی درێژخایەنەوە سەرجەم وڵات ڕزگار بکات، لە ناویشیدا ڕزگارکردنی سەرجەم شارە گەمارۆدراوەکان بە ناوچە لادێییە ڕزگارکراوەکانیشەوە. هاوڕێ ماو ئەوەی ڕوون کردەوە کە کرێکاران و جووتیاران هێزی پاڵنەری بنەڕەتیی شۆڕش پێک دەهێنن، جەماوەری بەرفراوانیش لە وردەبۆرژوازی و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ باشترین هاوپەیمانن کە دەکرێت لە شۆڕشی نیشتمانیدا پشتیان پێ ببەسرێت؛ هەروەها دەکرێت لە چوارچێوەی بەرەی نیشتمانی و لە خەبات دژی

ئیمپریالیزم و فیوداڵیزمدا، هاوپەیمانێتی لەگەڵ بەشێک لە بۆرژوازیی نیشتمانیدا بکرێت.

هاوڕێ ماو دەڵێت: ((هێزی بزوێنەری شۆڕش هێشتا لە بنچینەدا کرێکاران و جووتیاران و وردەبۆرژوازیی شارەکانن، بەڵام ئێستا دەکرێت بۆرژوازیی نیشتمانییش پەیوەندییان پێوە بکات.)) (نووسراوە هەڵبژاردەکان، بەرگی یەکەم، دەربارەی تاکتیکی بەرەنگاریکردنی ئیمپریالیزمی ژاپۆنی، ل ٢٤٨). سەبارەت بە ڕۆڵی سەرکردایەتیکردنی جووتیاران و وردەبۆرژوازیی شارەکان دەڵێت: ((ئەوان هێزی سەرەکین لە جەنگی شۆڕشگێڕیدا، بەڵام ئەو وردەبەرهەمهێنانەی کە پێی دەناسرێنەوە، دیدگای سیاسییان بەرتەسک دەکات (هەندێک لە جەماوەری بێکار هزری ئانارشیستییان لا چێ دەبێت)، هەر بۆیە ناتوانن بە دروستی سەرکردایەتیی جەنگ بکەن.)) (ماو تسی تۆنگ، ناملیکەی شەش وتاری سەربازی، ل ٢٤).

بەڵام جووتیاران چینێکی کۆمەڵایەتیی یەکخراو و هاوچەشن پێک ناهێنن، توێژی کۆمەڵایەتیی جیاواز پێک دێنن کە ١- جووتیارانی دەوڵەمەند، ٢- جووتیارانی ناونجی، ٣- جووتیارانی هەژار، ٤- کرێکارانی کشتیاری لە خۆ دەگرێت. ئەم توێژانەش هەڵوێستی جیاوازیان بەرامبەر شۆڕش هەیە. سەرەڕای هاوسۆزیی سەرجەم جووتیاران لەگەڵ هەستە نیشتمانییەکان و بزووتنەوەی نیشتمانیی ڕزگاریخواز، بەڵام جووتیاری هەژار و کرێکارە کشتیارەکان لە لادێ هێزی سەرەکیی شۆڕشگێڕن لە جەنگی میللیدا. لە کاتێکدا جووتیارانی ناونجی هەڵوێستی هاوشێوەی هەڵوێستی وردەبۆرژوازیی شارەکانی هەیە، هەڵوێستی جووتیارە دەوڵەمەندەکان وەک هەڵوێستی بۆرژوازیی نیشتمانی و وردەموڵکدارە گەورە نیشتمانییەکانە بەرامبەر بزووتنەوەی نیشتمانیی ڕزگاریخواز، هەر بۆیە چینی کرێکار هەڵوێستی خۆی

بەرامبەر جووتیاران بەم قسەیەی لینین دیاری دەکات:

((سەرەتا، لەگەڵ (هەموو) جووتیاران دژ بە موڵکایەتی، دژ بە موڵکدارانی خانووبەرە، دژ بە سەدەکانی ناوەڕاست (بەو پێیەش، شۆڕش وەک شۆڕشێکی بۆرژوازیی دیموکراسی دەمێنێتەوە). پاشان لەگەڵ جووتیارانی هەژار، لەگەڵ نیوەپڕۆلیتارەکان، لەگەڵ چەوساوان دژ بە سەرمایەداری، لە نێویاندا لادێیە دەوڵەمەندەکان، کۆلاک، جامبازان، لە ئەنجامیشدا شۆڕش دەبێت بە شۆڕشێکی سۆسیالیستی.)) خواستی دروستکردنی بەربەستێکی هاوشێوەی دیوارەکەی چین لە نێوان هەردوو شۆڕشەکەدا و لێکجیاکردنەوەیان، بەبێ ڕادەی ئامادەیی پڕۆلیتاریا و ڕادەی یەکگرتنی لەگەڵ جووتیارانی هەژار، هیچ نییە جگە لە شێواندنێکی گەورەی مارکسیزم و ئابڕووبردنی و دانانی لیبراڵیزم لە شوێنی.

کەواتە، جووتیاران سوپای بنەڕەتیی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی پێک دەهێنن، بەڵام ناتوانن سەرکردایەتیی شۆڕش تا سەرکەوتن بکەن. بۆچی؟

## هۆکارەکانی بێتوانایی جووتیاران
## لە سەرکردایەتیکردنی شۆڕشدا

لە ڕاستیدا جووتیاران ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیدا کە لە جەوهەردا شۆڕشی خۆیانە و هەموو یارمەتییەکی پێشکەش دەکەن، بەشی زۆری پارتیزانان لە ڕۆڵەکانی خۆیانن و ناوچەکانی شۆڕش ناوچەی جووتیاران خۆیانن، کە هەموو یارمەتییەکی مادی و مەعنەویی پێشکەش دەکەن و بەرگەی بارگرانی و گیروگرفت و ناڕەحەتییەکانی دەگرن.

ڕاستە ئامانجی سەرەکیی شۆڕش، شانبەشانی ڕزگارکردنی نیشتمان لە ئیمپریالیزم و دەسەڵاتداریێتیی بێگانە، ڕزگارکردنی جووتیارانە لە فیوداڵیزم و ڕیشەکێشکردنی پەیوەندییە فیوداڵییەکانە لە وڵاتدا، بەڵام لەبەر ئەم هۆکارانەی کە لە خوارەوە ڕوون کراونەتەوە، جووتیاران ناتوانن ڕۆڵی سەرکردایەتی لە شۆڕشدا ببینن:

یەکەم: جووتیاران چینێکی هاوچەشنی یەکخراو نین، بەڵکو جووتیاران لە کۆمەڵێک توێژ پێک دێن، یەکەمیان جووتیارانی دەوڵەمەند کە لەسەر بۆرژوازی حیسابن، ئەوانیش ناتوانن ڕۆڵی سەرکردایەتی ببینن هەر لەبەر هەمان ئەو هۆکارانەی کە بۆرژوازی بەگوێرەیان ناتوانێت ئەم ڕۆڵە ببینێت. دووەمیان (جووتیارانی ناونجین) کە وردەبۆرژوازین و پێشتر بێتواناییان لە لەئەستۆگرتنی ڕۆڵی سەرکردایەتیکردنی شۆڕشدا ڕوون کرایەوە. سێیەمیان جووتیارانی نەدارن (کە نیمچەپرۆلیتاریان)، هەروەها کرێکارە کشتیارەکان، ئەمانیش پەیوەستن بە چینی کرێکارەوە، کە پرۆلیتارەکانیان بە تایبەتمەندیی شۆڕشگێڕی و خەباتگێڕی و جەنگاوەری دەناسرێنەوە کە ئامادەیان دەکات بۆ سەرکردایەتیکردنی

شـۆڕش. بـەڵام ئـەم جووتـیارانـە، ســەرەڕای ئـەوەی لـە نزیکترین هاوپەیمانەکانی چینی کرێکارن لە خەبات لەپێناوی سۆسیالیزمدا، بەڵام پەیوەستییان بە وردەبەرهەمهێنان و ئامرازی بەرهەمهێنانی سەرەتایی و پەرتوبڵاوییان، وایان لێ دەکات تایبەتمەندیی جەنگاوەرانە و شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریایان نەبێت کە ئامادەیان دەکات بۆ سەرکردایەتیکردنی شۆڕش.

دووەم: جووتیاران کە توێژی کۆمەڵایەتیی زۆر پێک دەهێنن، بە توێژێکی کۆمەڵایەتیی ناسەقامگیر دادەنرێن، چونکە دەوڵەمەندەکانیان دەبن بە بۆرژوازیی لادێ و لە موڵکدارەکان نزیک دەبنەوە، لە کاتێکدا جووتیارانی نەدار کۆچ دەکەن بۆ شارەکان و دەبن بە کرێکار و ڕەنجدەر و بێکار (بیری ئانارشیستییان لا چێ دەبێت)، جووتیاری ناونجییش بە بەردەوامی یان دەبێت بە جووتیارێکی دەوڵەمەند، یان جووتیارێکی هەژار.

هەموو ئەمانە وا لە جووتیاران دەکەن کۆمەڵەیەکی ناسەقامگیر بن و داهاتوویان نەبێت بە حوکمی ئەو گەشەکردنە کۆمەڵایەتییەی کە هەمیشە ڕیزەکانیان پەرت دەکات. هەر ئەوەشە وایان لێ دەکات ڕاڕاو دوودڵ بن، ڕێکخستنیان سەخت و کۆکردنەوەیان ئاڵۆز بێت کە ئەمە ئیمکانییەتی بینینی ڕۆڵی سەرکردایەتییان لە شۆڕشدا نەفی دەکات.

سێیەم: پەیوەستبوونی جووتیاران بە وردەبەرهەمهێنانەوە وایان لێ دەکات ئاسۆیان تەسک و تێڕوانینی سیاسییان کورت بێت، لەبەر ئەوە، ناتوانن سەرکردایەتییەکی دروستی جەنگی شۆڕشگێڕانە بکەن، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی ئەم پەیوەندییە بە وردەبەرهەمهێنانی سەرەتاییەوە وایان لێ دەکات توێژێکی پەرتوبڵاو بن و ئامادە نەبن پێویستییەکانی ڕێکخستنی شۆڕشگێڕانە قبوڵ بکەن، هەر لە دیسپلین و پابەندی و یەکێتیی ئیرادە و کارەوە تا قبوڵکردنی بۆچوون و هزری شۆڕشگێڕانە بە خێرایی.

هەروەها وردەموڵکداربوونیان توانای لەئەستۆگرتنی ئەرکەکانی شۆڕشێکی دیموکراسیی میللییان نەفی دەکات کە بە قۆناغی گواستنەوە دادەنرێت بەرەو سۆسیالیزمی دامەزرێنراو لەسەر خاوەنێتیی بەکۆمەڵی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، کە لەناوبردنی وردەخاوەنێتیی زەوی، کۆکردنەوەی جووتیاران لە کۆمەڵە هەرەوەزییە کشتوکاڵییەکان، کشتیاریی بەکۆمەڵ و کشتیاریی دەوڵەت لە داهاتوودا دەکات بە حەتمی.

چوارەم: جووتیاران تیۆرێکی شۆڕشگێڕییان نییە کە سەرکردایەتی و ڕێنێوینیی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بکات، بە پێچەوانەی پرۆلیتاریاوە کە خاوەنی تیۆری سۆسیالیزمی زانستییە. توانای جەنگاوەرانەیان نییە بۆ درێژەدان بە خەبات تا سۆسیالیزم بەبێ لاوازی و دوودڵی، لە کاتێکدا پرۆلیتاریا ئەم توانایەی هەیە. جووتیاران ناتوانن بەبێ هاوپەیمانان هیچ ئەرکێکی بنچینەیی بەجێ بهێنن، لە ناویشیاندا چاکسازیی کشتوکاڵیی ڕیشەیی. تاقیکردنەوە سەلماندوویەتی کرێکاران باشترین هاوپەیمانی جووتیارانن. لەبەر هەموو ئەمانە، جووتیاران ناتوانن بەبێ هاوپەیمانێتی لەگەڵ کرێکاران، بەبێ خەباتی هاوبەش لەگەڵیدا و لەژێر سەرکردایەتیی ئەودا، ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراسی بەجێ بهێنن، لە ناویشیاندا ڕزگارکردنی خۆیان لە چەوساندنەوەی فیودالی و ستەمکارییەکانی پەیوەندییە فیودالییەکان لە لادێ. چونکە وەک ئەوەی لینین لە کتێبی شۆڕشی پرۆلیتاری و کاوتسکیی هەڵگەڕاوەدا دەڵێت، ((تاقیکردنەوەی سەرجەم شۆڕشەکان و سەرجەم بزووتنەوەکانی چینە چەوساوەکان، ئەزموونی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی جیهانی فێرمان دەکات تەنها پرۆلیتاریا دەتوانێت توێژە پەرتوبڵاو و دواکەوتووەکانی خەڵکی ڕەنجدەر و چەوساوە لە دوای خۆیەوە کۆ بکاتەوە و سەرکردایەتییان بکات.))

ئەمە شیکردنەوەی زانستییە بۆ هەڵوێستی چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بەرامبەر شۆڕش و ئەرکەکانی قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراسی،

بەڵام چۆن دەتوانرێت هاوپەیمانیی ئەم چینانە لە بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازدا دابمەزرێنرێت؟ ڕاڤەکردنی ئەوە بەندە بە پێویستییەکانی بەرەی یەکگرتووەوە.

ماوەتەوە مەسەلەی بەدیهێنانی هاوپەیمانێتیی نەتەوە جیاوازەکان لە بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوودا، کە بەندە بە دوو ئەرکی بنەڕەتییەوە:

یەکەم: بەدیهێنانی هاوپەیمانێتیی کرێکاران و جووتیاران و سەرجەم ڕەنجدەران.

دووەم: دانانی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوە جیاوازەکان و مافە دیموکراسییەکانی ئەم نەتەوانە، کە ئەمە کەشێکی گونجاو دروست دەکات بۆ هاوپەیمانێتیی حیزبە پێشکەوتنخوازەکانی ئەم نەتەوانە، کە لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازە پێشکەوتنخوازییەکانیانەوە سەرچاوەیان گرتووە. هەروەها بۆ بەدیهێنانی ئەم هاوپەیمانێتییە، دەبێت بوار لە بەردەم حیزب و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی ئەم هاوپەیمانێتییەدا بڕەخسێنرێت، پاشان یەکانگیریی تێکۆشانییان بهێنرێتە کایەوە.

بە دڵنیاییەوە باشترین شێوەی ئەم یەکانگیرییەی تێکۆشان لە نێوان نەتەوە و حیزبە پێشکەوتنخوازەکانیان و ڕێکخراوە دیموکراسییەکاندا، دارشتەی بەرەی یەکگرتووە. چۆنێتیی ئەم هاوپەیمانییە و بەدیهێنانی دەچێتە چوارچێوەی چۆنێتیی بەدیهێنانی خودی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتووەوە

فەسڵی سێیەم

## ئامانجەکانی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی یەکگرتوو

## ئامانجەکانی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی یەکگرتوو

کاتێک خەریکی توێژینەوەین لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی بەرەیەکی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی ڕاستەقینە کە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی هاوپەیمانێتیی کرێکاران و جووتیاران و سەرجەم ڕەنجدەرانە لەگەڵ وردەبـۆرژوازی و بۆرژوازیی نیشتمانیدا، ئەوا دەبێت ئەم ئامانجانە دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتیکی نوێ بگرنە خۆیان کە سیستەمێکی دیموکراسیی میللی و دەسەڵاتێکی دیموکراتیکی ناوەندیی هەبێت. دیموکراسیی میللی حکومڕانییەکی تەبایی نێوان نوێنەرانی کرێکاران و جووتیاران و وردەبۆرژوازی و بۆرژوازیی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز بە سەرکردایەتیی چینی کرێکار دەخوازێت و دەسەڵاتی میللیی دیموکراسی پیادە دەکات، دیکتاتۆرییەت دژی ئیمپریالیزم و فیوداڵیزم و بۆرژوازیی کۆمپرادۆری پیادە دەکـات، لە کاتێکدا ئازادییە دیموکراسییەکانی کرێکاران و جووتیاران و لایەنەکانی دیکەی [حکومڕانییە] تەباییەکە ڕەها دەکات، لە ناویاندا ئازادیی حیزبەکان، ڕێکخراوەکان، سەندیکاکان، کۆمەڵە جووتیارییەکان، ڕێکخراوە پیشەییەکان و هەروەها ئازادیی وەشان و باوەڕ.

ئەم جۆرە حکومەتە میللییە بە مسۆگەری جۆرەکانی دامـەزراوە تەشریعییە هەڵبژێرراوەکان لە لایەن گەلەوە دادەمەزرێنێت. لە کاتێکدا دوژمنانی گەل لە مافی دەنگدان و بەشداریکردن لە ژیانی سیاسیی گشتیدا بێبەش دەکات.

ئابووریی ئەم دیموکراسییە میللییە بەند دەبێت بەوەی حکومەت خاوەنی بانک و کارگە و پرۆژەی پیشەسازی و بازرگانیی گەورە بێت، قۆرخکاری قەدەغە بکات، بازرگانیی دەرەکی خۆماڵی بکات، بازرگانیی

ناوخۆ کۆتوبەند بکات، بە جۆرێک، کە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی گەلی ڕەنجدەر بکات، ڕێگە بگرێت لەوەی سەرمایەی تایبەت ئامرازەکانی گوزەرانی میللەت کۆنترۆڵ بکات، پرۆژەکان مۆرکێکی سۆسیالیستییان هەبێت و هێزی سەرکردە بێت لە تێکڕای ئابووریی نیشتمانیدا. بەڵام کۆماری دیموکراسیی میللی (دەست بەسەر موڵکەکانی دیکەی سەرمایەداریی تایبەتدا ناگرێت)، گەشەکردنی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، کە (ئامرازەکانی گوزەرانی گەل کۆنترۆڵ ناکات)، قەدەغە ناکات.

بەڵام لە مەیدانی چاکسازیی کشتوکاڵیدا، حکومەتی دیموکراسیی میللی دەست بەسەر زەویی فیوداڵەکان و زەویدارەکاندا دەگرێت و بەسەر ئەو جووتیارانەدا دابەشی دەکات کە زەوییان نییە، یاخود پارچەزەویی بچووکیان هەیە. لەگەڵ هەوڵدان بۆ دامەزراندنی هەرەوەزیی کشتوکاڵی و کێڵگە حکومییە نموونەییەکان و هاندانی جووتیاران بۆ دامەزراندنی تیمەکانی هاریکاری و کارکردن بۆ دامەزراندنی کێڵگە هەرەوەزییەکان بە تەواوی خواست و ئیرادەی خۆیان. ئەمانە توخمەکانی سۆسیالیزمن لە لادێ.

لە بواری نەتەوەییدا، دیموکراسیی میللی هەوڵ دەدات کێشەی ناسیۆنالیزم لەسەر بنەمای مافی بڕیاردانی چارەنووس چارەسەر بکات، لەگەڵ بانگەشەکردن و ئامۆژگاری بۆ یەکێتیی ئارەزوومەندانەی برایانە و بەدیهێنانی یەکێتیی نەتەوەیی بەشە دابەشکراوەکانی ئومەت لەسەر بنەمای دیموکراسیی میللی و بە پشتبەستن بە جەماوەری میللی.

بەڵام لە سیاسەتی دەرەکیدا سیاسەتی دوژمنایەتیکردنی ئیمپریالیزم، زایۆنیزم و پەیمانە کۆلۆنیالییەکان، پاڵپشتیکردنی بزووتنەوەکانی ڕزگاریی نیشتمانی، هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتە سۆسیالیستییەکان و بزووتنەوە کرێکارییە شۆڕشگێڕییەکان پیادە دەکات، هەروەها لەسەر

بنەمای پێنج پرەنسیپە ناسراوەکەی، سیاسەتی پێکەوەژیانی ئاشتییانە پیادە دەکات.

ئەمە بە واتای ئەوەیە دیموکراسیی میللی چەمکی بێلایەنی ڕەت دەکاتەوە، چونکە دەبێت هاوپەیمانی لەگەڵ ئۆردووگای دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم بکرێت، دژی ئۆردووگای کۆلۆنیالیی جیهانی کە ئیمپریالیزمی ئەمەریکی سەرکردایەتیی دەکات.

ئەمە سەبارەت بە ئامانجە بنەڕەتییەکانی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی ڕاستەقینە. بەڵام لە هەلومەرجی ئێستادا، کە پێداویستییەکانی دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز لە ئارادا نین و ئیمکانییەتی یەکێتیی حیزبە پێشکەوتنخوازەکان لە بەرەیەکی یەکگرتوودا هەیە، ئەوا ئەو ئامانجانەی کە سەرجەم لایەنەکان لەسەری کۆکن، دەبێت بخرێنە ناو میساقی نیشتمانیی یەکێتیی حیزبەکانەوە. لێرەدا دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان بەرەیەکی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی ڕاستەقینە بە ناوەڕۆکە چینایەتییە زانستییەکەی و وەک هاوپەیمانییەکی چینایەتی، وەک یەکانگیرییەکی تێکۆشەرانەی جەنگاوەرانە لە نێوان جەماوەری کرێکاران و جووتیاران و وردەبۆرژوازی و بۆرژوازیی نیشتمانی، سەرەتا وەک یەکێتییەک لە بنکەکاندا، پاشان لە سەرکردایەتیدا، دەڵێم پێویستە جیاکاری و جیاوازی لە نێوان ئەم جۆرە بەرە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازانە و نێوان تەبایی و یەکێتیی حیزبە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکاندا بکرێت پاش ڕێککەوتن لەسەر ئامانجە دیاریکراوە نزیک یان هەنووکەییەکان لە قۆناغە مێژووییە دیاریکراوەکەدا؛ بە تایبەتی لەبەر ئەوەی ئامانجەکانیان و سروشت و سەرکردایەتییان جیاوازن. چونکە ئامانجەکانی بەرەی نیشتمانیی ڕاستەقینە دیموکراسیی میللی لە خۆ دەگرن و سروشتە چینایەتییەکەی هاوپەیمانێتیی چینایەتیی ڕاستەقینە و سەرکردایەتییەکەشی چینی

کرێکارە، لە کاتێکدا ئامانجەکانی ئیئتیلافی حیزبەکان بە ڕێککەوتنیان لەسەر هەندێک بابەت و مەسەلەی دیاریکراو دەستنیشان دەکرێت، سروشتەکەی هاوپەیمانیی فراوان و جەماوەریی چینە شۆڕشگێڕەکان نییە و مەرج نییە چینی کرێکار سەرکردایەتیی بکات. بە هەمان شێوە، بە زۆری شێوازی تێکۆشانیان جیاوازە، چونکە بەرەی نیشتمانیی ڕاستەقینە شێوازی تێکۆشانی چەکدارانەی شۆڕشگێڕانە (جەنگی میللی) دەگرێتە بەر، لە کاتێکدا ئیئتیلافی حیزبەکان بە زۆری شێوازەکانی دیکەی خەبات پیادە دەکات.

# میساقی نیشتمانی)ی یەکێتیی حیزبەکان و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکان

میساقی نیشتمانیی یەکێتیی حیزب و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکان دەبێت ئامانجە نیشتمانی و دیموکراسییەکان لە ئاڕاستەی ڕۆیشتن بەرەو دیموکراسیی میللی لە خۆ بگرێت، بەو پێیەی ئامانجە ستراتیژییەکەی قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراسییە، ئەوەش بۆ ئەوەی کۆسپ نەیەتە بەردەم ئامانجە خوازراوەکانی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز کاتێک مەرجەکان (پێداویستییەکان)ی دامەزراندنی ئەم جۆرە بەرە نیشتمانییە فەراهەم دەبن.

بۆ ئـەوەی بـەرنـامـەیـەک دابـنـرێت کـە ئـەم ئامانجە نیشتمانییە دیموکراسییانە لە خۆ بگرێت، دەبێت ڕاوێژێکی دیموکراسییانەی ئازاد لە نێوان لایەنەکانی ئەم بەرەیەدا بکرێت، خاڵە هاوبەشەکان و بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی جەماوەری میللی لەبەرچاو بگیرێن، لەگەڵ هەڵسەنگاندنی دروست بۆ قۆناغە مێژووییە هەنووکەییەکە و سروشتی شۆڕشە نیشتمانییە دیموکراتیکەکەمان و هێزە بزوێنەرە سەرەکییەکانی. وەک بەشداریکردنمان لە گەڵاڵەکردنی ئەم بەرنامەیەدا، ئەم پێشنیازانەی خوارەوە بۆ میساقی نیشتمانیی خوازراو دەخەینە ڕوو:

یەکەم:

دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم، زایۆنیزم، هاوپەیمانییە کۆڵۆنیالییەکان و بەرەنگاریکردنی پیلانگێڕی و دەسیسەکانیان. ئامادەیی جدی بۆ بەشداریکردن لە جەنگی ڕزگارکردنی فەلەستین و زەوییە عەرەبییە داگیرکراوەکانی تر، ئەوەش لەسەر ئاستی جەنگی نیزامی و جەنگی میللی. پێشکەشکردنی یارمەتیی مادی و مەعنەوی بە شۆڕشی فەلەستینی.

دووەم:
هاوکاری و هاوپەیمانی و یەکێتی لەگەڵ هێزە عەرەبییە شۆڕشگێڕەکان و ڕژێمە عەرەبییە ڕزگاربووەکان بۆ بەشداریکردن لە خەباتی هاوبەش دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی.

سێیەم:
بەدیهێنانی یەکێتییەکی فیدراڵی لە نێوان ڕژێمە عەرەبییە ڕزگاربووەکان و بەدیهێنانی یەکێتیی سەربازیی تەواو بۆ بەرپاکردنی جەنگی شۆڕشگێڕانە دژی زایۆنیزم و ئیمپریالیزم و لەپێناو ڕزگارکردنی فەلەستین و زەوییە عەرەبییە داگیرکراوەکانی تر.

چوارەم:
پتەوکردنی هاوکاریی تێکۆشانی لەگەڵ هێزە ڕزگاریخوازە نیشتمانییەکان و چینی کرێکاری شۆڕشگێڕی جیهانی و وڵاتە سۆسیالیستییەکان دژ بە ئیمپریالیزم، بەشداریی جدی لە تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی جیهانی دژی ئیمپریالیزم و لە سەرووییەوە ئیمپریالیزمی ئەمەریکی، پشتگیریکردنی بزووتنەوەکانی گەلانی ڕزگاریخواز لە ڕۆژهەلات و ئاسیا و ئەفریقا و ئەمەریکای لاتینی و دروستکردنی پەیوەندیی تێکۆشانیی پتەو لەگەڵیاندا.

پێنجەم:
دامەزراندنی حکومەتێکی تەبایی کە سروشتێکی دیموکراتیکی شۆڕشگێڕانەی هەبێت، بە جۆرێک، لە ڕووی چینایەتییەوە نوێنەرایەتیی کرێکاران و جووتیاران و سەرجەم ڕەنجدەران بکات شانبەشانی وردەبۆرژوازی و باڵە پێشکەوتنخوازەکەی بۆرژوازیی نیشتمانی؛ لە ڕووی نەتەوەییەوە نوێنەرایەتیی عەرەب و کورد و تورکمان بکات؛ لە ڕووی سیاسییشەوە نوێنەرایەتیی حیزبە پێشکەوتنخواز و دیموکراتیکە شۆڕشگێڕەکان بکات.

شەشەم:

١- ئەم حکومەتە تەباییە دژی سەرجەم پیلانگێڕییە ئیمپریالی و دەستنێژە کۆنەپەرستەکان دەجەنگێت، چالاکیی بەکرێگیراوان و خائینان و توخمە فیودالّی و بۆرژوازییە کۆمپرادۆرییەکان سەرکوت دەکات.

٢- ئازادییە دیموکراسییەکان بۆ جەماوەری میللی و حیزب و ڕێکخراوە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕەکان ڕەها دەکات.

٣- ڕێگە خۆش دەکات بۆ دامەزراندنی دامەزراوە تەشریعییەکان لەسەر بنەما دیموکراسییەکان بۆ گەرانتیکردنی ئیرادەی میللی.

حەوتەم:

چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی گەلی کورد لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیی عێراق و پتەوکردنی یەکانگیریی تێکۆشانی نێوان عەرەب و کورد و تورکمان و سەرجەم هاووڵاتیان، پتەوکردنی برایەتییان و گەرانتیکردنی مافە کولتووری و ئیدارییەکان بۆ برایانی تورکمان.

هەشتەم:

خەباتکردن لەپێناو ئازادییە دیموکراسییەکان، لە ناویاندا ئازادیی چالاکیی حیزبی و سەندیکایی و پیشەیی و هزری بۆ سەرجەم هێزە پێشکەوتنخوازەکان و حیزبە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکان، لەپێناو ئازادیی ڕۆژنامەوانی و بڵاوکردنەوە و چاپەمەنی بۆ سەرجەم ئەم هێزە پێشکەوتنخوازانە، کارکردن بۆ ڕاپەڕاندنی کرێکاران و جووتیاران و سەرجەم ڕەنجدەران و یارمەتیدانیان بۆ چالاککردن و ڕۆشنکردنەوەی بزووتنەوە سەندیکایی و جووتیارییەکان و پیادەکردنی ئازادیی تەواوەتییان لە مەیدانی سەندیکایی و کۆمەڵە کرێکارییەکان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی بە گشتی.

نۆیەم:

خەباتکردن لەپێناو ئەوەی گەلی کورد مافە سیاسی و ئیداری و کولتوورییەکانی و مافی نوێنەرایەتیی لە پەرلەمان و حکومەتی ناوەندی لە سەرجەم دامودەزگاکانی دەوڵەت و دامەزراوە ڕەسمی و نیمچەڕەسمییەکاندا هەبێت، بە شێوەیەک، کە لەگەڵ بوونی و لەگەڵ مافی کەمینە نەتەوەییەکانی نیشتەجێی کوردستانی عێراقدا بگونجێت، وەک تورکمان و ئاشووری و ئەوانی تر.

خەباتکردن بۆ ئەوەی کورد ئازادییە دیموکراسییەکانی هەبێت.

دەیەم:

دەستبەسەرداگرتنی زەویی فیودالەکان و دابەشکردنیان لەگەڵ زەوییە میرییەکاندا بەسەر ئەو جووتیارانەی کە زەوییان نییە، یاخود پارچەزەویی بچووکیان هەیە، پێشکەشکردنی یارمەتیی فیعلی بە خەباتی جووتیاران لەپێناو ڕاپەڕاندنی جەماوەری جووتیاری و بۆ بووژاندنەوەی بزووتنەوەی جووتیاریی شۆڕشگێڕ کە بەشداری بکات لە سەرخستنی چاکسازیی کشتوکاڵیی ڕیشەیی. هەوڵدان بۆ هاندانی جووتیاران بۆ دامەزراندنی لقەکانی هەرەوەزی و ئاڵوگۆڕکردنی یارمەتی وەک دەسپێکێک بۆ دامەزراندنی کێڵگەی هەرەوەزی، شانبەشانی ئەوەی دەوڵەت پرۆژە حکومییە کشتوکاڵییە نموونەییەکان و کێڵگە حکومییەکان لە زەوییە چاکسازیکراوە میرییەکاندا دابمەزرێنێت. پێشکەشکردنی یارمەتیی دارایی و هونەری و ئاڕاستەگیری بە بزووتنەوەی جووتیاری و هەوڵدان بۆ بەماشینکردنی کشتوکاڵ و چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاودێری و پەیینکردن و بازاڕسازی.

یازدەیەم:

هەوڵدان بۆ دامەزراندنی پیشەسازیی قورس لە وڵاتدا بە وەبەرهێنانی ئەو کانزایانەی لە نیشتماندا هەن، بە دامەزراندنی پیشەسازیی ئاسن و پۆڵا و دەرهێنانی کانزا لە سەرجەم عێراقدا بەبێ جیاکاری. هاندانی پیشەسازیی نیشتمانی و دانانی پلانی پێویست بۆ سەرخستنی پرۆژە پیشەسازییە هەبووەکان و گەشەپێدانیان، بە تایبەتی پیشەسازیی نەوت و گۆگرد، دامەزراندنی پیشەسازییە پترۆکیمیاییەکان و زۆرکردنی پیشەسازیی سووکی هەبوو.

دوازدەیەم:

لەبەر ئەوەی کێشەی زەوی و کشتسازی لە کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، دەبێت یاسایەکی چاکسازیی کشتوکاڵی دابنرێت کە ئەمانە لە خۆ بگرێت: ڕیشەکێشکردنی پەیوەندییە فیوداڵییەکان، جووتیارانی کوردستان زەوی بە دەست بهێنن و کێشەی ئاودێری لە بەرژەوەندیی ئەوان چارەسەر بکرێت، گرنگی بدرێت بە بەخێوکردنی مەڕوماڵات بەو پێیەی شێوەیەکی سەرەکیی بەرهەمهێنانە لە لادێدا، هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم کۆتوبەندەکان و ئیمتیازات و پەیوەندییەکانی پەیوەست بە بەخێوکردنی مەڕوماڵات، بڵاوکردنەوەی پزیشکی ڤێترنەری بۆ پاراستن و چارەسەرکردن [ی ئاژەڵان]، وەک چۆن پێویستە گرنگی بدرێت بە تووتن، بەو پێیەی توخمێکی سەرەکیی بەرهەمهێنانە لە لادێی کوردیدا، هەڵگرتنی کۆتوبەندە سەپێنراوەکان بەسەر چاندنی تووتن و چاککردنی جۆر و یارمەتیدانی مادیی کشتیارانی تووتن و دەربازکردنیان لە چاوچنۆکیی سووخۆر و فیوداڵەکان و پێشکەشکردنی یارمەتیی هونەریی نوێ پێیان. لە کۆتاییدا پێویستە گرنگی بدرێت بە دارستانەکان و پاراستنیان و موتووربەکردنی درەختەکان بۆ پەرەدان بە سامانی ڕووەکی.

سیازدەیەم:

جەنگان دژی مۆنۆپۆلە نەوتییە نێودەوڵەتییەکان و دانانی خۆماڵیکردنی نەوت بە دوائامانجی گەل. هەر بۆیە پێویستە خەبات بکرێت لەپێناو نزیکخستنەوەی ڕۆژی خۆماڵیکردنی نەوت و هەوڵدان بۆ هێنانەکایەی پێداویستییەکانی سەرخستنی خۆماڵیکردنی نەوت، پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی نیشتمانی لە بواری دەرهێنان و بەکارهێنانی نەوت لە لایەن کۆمپانیا نیشتمانییەکانی نەوتەوە و فرۆشتن و بازاڕسازیی پێویست بۆی، بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمە نەوتییەکان بەبێ پشتبەستن بە مۆنۆپۆلە نەوتییە نێودەوڵەتییەکان، بەهێزکردنی کۆمپانیای نیشتمانیی نەوت و گەیاندنی بە ئاستی جێبەجێکردنی ئەرکە نیشتمانییە گرنگەکانی. خەباتکردن لەپێناو زیادکردنی داهاتی عێراق و پشکی لە نەوت و بەدەستهێنانی مافەکانی لە کۆمپانیا کۆلۆنیالییەکانی نەوت، خەباتکردن لەپێناو بەشداریکردنی عێراق لە سەرمایەی کۆمپانیاکانی نەوت و بەڕێوەبردنی و چاودێریکردنی بەرهەمەکەی و سەرپەرشتیکردنی جێبەجێکردنی گرێبەستەکان بە وردی، هەروەها بەشداریکردن لە پرۆسەکانی بازاڕسازی و فرۆشتن لە دەرەوە. دەبێت کار بکرێت بۆ ئامادەکردنی کادری ئیداری و هونەری و زانستی لە سەرجەم بوارەکانی پیشەسازیی نەوتدا، هەروەها پەروەردەکردنی کادری پێویست بۆ بەپیشەسازیکردنی وڵات و دامەزراندنی پرۆژە پیشەسازییەکان بۆ وەبەرهێنانی نیشتمانییانەی کانزاکان.

چواردەیەم:

دانانی پلانێکی کردەیی بەرنامەڕێژکراو بۆ بەپیشەسازیکردنی وڵات بە پشتبەستن بە دەرامەتەکانمان و قەرزکردن لە وڵاتانی دۆست، بە پشتبەستن بە گرێبەستەکان لەگەڵ وڵاتانی دۆست، بە مەرجێک ئەم ڕێککەوتن و گرێبەستانە سەربەخۆیی نیشتمانیمان بپارێزن،

بەرژەوەندییە ئابووری و نیشتمانییەکانمان زامن بکەن و نەبن بە هۆی بەسرانەوەمان بە ڕەوڕەوەی ئەم وڵاتانەوە.

پازدەیەم:

خۆماڵیکردنی بازرگانیی دەرەکی و بەشداریکردنی دەوڵـەت لە بازرگانیی ناوخۆییدا لـە ڕێگـەی ڕێکخستنی و چاودێریکردنی و سەرکردایەتیکردنی، هەروەها لە ڕێگەی دامەزراندنی کۆگە گشتییەکان، دیاریکردنی نرخ و قازانج، ڕێکخستنی دابەشکردنی دادوەرانەی کەرەستە خۆراکی و بەکارهێنییە هاوردەکراوەکانەوە، لەگەڵ ڕێگەدان بە گەشەدان بە پیشەسازی و بازرگانیی سەرمایەداری لە ناو ئەو چوارچێوەیەی کە لە سیستەمی ئابووریی گشتیدا بۆیان دیاری کراوە و لەژێر ئاڕاستەی دەوڵەتدا و ڕووبەڕووبوونەوەی قۆرخکاری و جامبازی. دروستکردنی پەیوەندیی بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتانی جیاواز لەسەر بنەمای کەڵکی دوولایەنە بەپێی پلانێکی وردی تاوتوێکراو کە ئامانجەکەی بەجێهێنانی پەرەپێدانی ئابووری و بەپیشەسازیکردنی وڵات و هەوڵدانی جدی بێت بۆ دەربازکردنی بازرگانی و ئابوورییە نیشتمانییەکەمان لەو کۆتوبەندانەی کە دەیبەستنەوە بە بازاڕی سەرمایەداریی نێودەوڵەتی و دەوڵەتە کۆلۆنیالییەکانەوە و ئاڕاستەکردنی هاوردەکردن بەرەو کاڵا بەرهەمهێنییەکان و پیشەسازی و ئامێرە کشتوکاڵییەکان. ڕێگرتن لە بەقاچاغبردنی پارە بۆ دەرەوەی وڵات، چاودێریکردنی بەرژەوەندیی بازرگانان و پیشەسازە نیشتمانپەروەرەکان و ئاسانکاریی بانکی و دڵنیایی و گومرگی بۆیان، بۆ ئەوەی ئاستی کارەکانیان بەرز بکرێتەوە.

شازدەیەم:

هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی پرۆژە داراییەکانی کۆماری عێراق، بە شێوەیەک کە ئامانجەکەی دەستپێوەگرتنی خەرجییەکان و پاشەکەوتکردنی پارە بێت بۆ پـرۆژە بەرهەمدارییەکان و بەپیشەسازیکردن لەگەڵ

ڕەچاوکردنی هاوسەنگیی نێوان خەرجییەکان و داهاتەکان، دامەزراندنی سیستەمێکی دادپەروەرانە بۆ باجەکان کە پشت ببەستێت بە باجی ڕاستەوخۆ و هەڵکشاو لەسەر داهات و و میرات و سووککردنی باری باجە ناڕاستەوخۆکان لەسەر جەماوەری ڕەنجدەر، پاڵپشتیکردن و فراوانکردنی بانکی ناوەندیی عێراقی و تواناداركردنی بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی دڵنیاکەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بەقاچاغبردنی دراو و ئاڵتوون بۆ دەرەوە، بەهێزکردنی دراوی عێراقی و پشتیوانیکردنی بە بڕی پێویستی ئاڵتوون و دراوە بیانییە بەهێزەکان، دانانی یاسای گومرگی و بڕە گومرگییەکان، بە جۆرێک کە بەرژەوەندییە گشتییەکانی گەلی ڕەنجدەر دەستەبەر بکات و ئابووری و پیشەسازیی نیشتمانی بپارێزێت. هەروەها زیادکردنی مووچەی ڕەنجدەران و کارگوزاران و کەمکردنەوەی مووچەی زۆری فەرمانبەرە باڵاکانی دەوڵـەت و دیاریکردنی لانی زۆری گونجاوی مووچە لەگەڵ دیاریکردنی لانی کەمی گونجاوی کارگەر کە بەس بێت بۆ فەراهەمکردنی ژیانێکی ڕێزدارانەی گونجاو بۆیان.

حەڤدەیەم:

پاراستن و سەرخستنی ئەو خۆماڵیکردنانەی کە ڕوویان داوە و دابینکردنی کادری هونەری و ئیداریی دەستپاک و لێهاتووی پێویست بۆ بەڕێوەبردنیان. پاڵپشتیکردنی کەرتی گشتی و چارەسەرکردنی کەموکوڕی و خەوشەکانی بە شێوازی زانستی، یارمەتیدانی کەرتی تایبەتیی سوودبەخش بۆ گەل لەژێر چاودێریی کەرتی گشتیدا.

کارکردن بۆ چالاککردنی هـەردوو کەرتەکە و سازاندنیان لەگەڵ یەکتردا بەگوێرەی بەرنامە و پلانی گشتیی دەوڵەت.

هەژدەیەم:

گرنگیدان بە سوپا و بەرزکردنەوەی ئاستە ڕۆشنبیری و زانستی و تەندروستییەکەی و کردنی بە سوپایەکی هاوچەرخ، گەشەدان و پەروەردەکردنی ئەندامانی بە ڕۆحێکی خەباتگێڕانەی شۆڕشگێڕانە و دیموکراسییانەی دروست و نیشتمانییانەی ڕاستگۆ بۆ پاراستنی نیشتمان و دەسکەوتە پێشکەوتنخوازییەکانی گەل، ئامادەکردنی بۆ بەشداریکردن لە جەنگی ڕزگارکردنی فەلەستین لە زایۆنیزم و ئیمپریالیزم و ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییە داگیرکاری و کۆنەپەرستییەکان لە ناوچەکە، کارکردن بۆ چەکدارکردنی کرێکاران و جووتیاران، دامەزراندنی دەستە میلیشیاییە مىللییە شۆڕشگێڕەکان بۆ بەشداریکردن لە بەرگریکردن لە نیشتمان و پاراستنی دەستکەوتەکانی کرێکاران و جووتیاران و گەشەپێدانی شۆڕشی عێراقی.

هەروەها گرنگیدان بە باشکردنی دۆخی پۆلیس و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و تەندروستی و گوزەرانیان و بەهێزکردنی گیانی نیشتمانپەروەرانە و دیموکراسی لە ڕیزەکانیاندا، وایان لێ بکرێت خزمەتی گەل بکەن و درک بە ئەرک و بەرپرسیارێتییان بکەن.

نۆزدەیەم:

خەباتکردن بۆ باشکردنی گوزەرانی کرێکاران و ڕەنجدەران و دیاریکردنی لانی کەمی مووچە بە ٧٥٠ فلس، باشکردنی هەلومەرجەکانی کار و دانانی یاسا پێشکەوتنخوازەکان بۆ کار، بیمەی کۆمەڵایەتی سەرجەم کرێکاران و ڕەنجدەران بگرێتەوە، قەدەغەکردنی دەرکردنی بەزۆر و گواستنەوەی هەڕەمەکی. خەباتکردن بۆ بنەبڕکردنی بێکاری و دابینکردنی کار بۆ کارگەران، کەمکردنەوەی کاتژمێرەکانی کارکردن و قەدەغەکردنی کارکردن بە پارچە، دانانی یاسای پێویستی پێشکەوتنخواز بۆ خانەنشینی، کرێکاران ئازاد بن لە کار و چالاکیی سەندیکایی و

دیموکراسی و زامنکردنی مافی کرێکاران لە قازانجەکاندا و ناردنی نێردەکان، هەروەها زیادکردنی قوتابخانە پیشەییەکان و واڵاکردنی دەرگایان لە بەردەم کرێکارانی لێزان و پێشکەوتوودا، دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ کرێکاران و دابینکردنی بیمەی تەندروستی و چارەسەری پزیشکیی بێبەرامبەر، پاراستنی مافی کرێکاری ژن و یەکسانیی لەگەڵ پیاودا، مافی لە مۆڵەتوەرگرتن لە کات و دوای منداڵبوون و ڕێگرتن لە کارپێکردنی نەوجەوانان.

بیستەم:
خەباتکردن لەپێناو بنەبڕکردنی نەخوێندەواری و لەناوبردنی نەزانی بەپێی پلانێکی شۆڕشگێڕانەی تاوتوێکراو، جێبەجێکردنی بنەمای فێرکردنی سەرەتایی ناچاری و بێبەرامبەر و گەشەدان بە پرۆگرامە پەروەردەیی و فێرکارییەکان بە ئاڕاستەیەکی دیموکراسی و شۆڕشگێڕانە و سۆسیالیستیدا، ڕووبەڕووبوونەوەی مەیلە کۆنەپەرستییەکان و کولتووورە کۆلۆنیالی و فیوداڵی و شۆڤێنییەکان، پەرەدان و هاندانی کولتووری پێشکەوتنخوازی و سۆسیالیستی. گرنگیدان بە زانکۆ عێراقییەکان و پاراستنی سەربەخۆییان و کردنیان بە ناوەندی گرنگی توێژینەوە و بەدواداچوونی زانستی، پەرەپێدانی زانکۆی سلێمانی و یارمەتیدانی لە ڕووی مادی و مەعنەوییەوە. جێبەجێکردنی [بەرنامەی] خوێندن بە کوردی لە کوردستانی عێراق و کردنی زمانی کوردی بە زمانێکی فەرمی شانبەشانی زمانی عەرەبی.

گەشەدان بە ئەدەب و هونەر لە عێراق بە هەردوو بەشە عەرەبی و کوردییەکەی و بەکارهێنانی وزە شۆڕشگێڕییەکان بۆ خزمەتی جەماوەری میللی. گەشەدان بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ئێزگە و تەلەفزیۆن و بەکارهێنانیان لە خزمەتی گەلی ڕەنجدەردا.

بیستویەکەم:

خەباتکردن لەپێناو ئەوەی ژنانی عێراقی سەرجەم مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان بە تەواوەتی هەبێت و یەکسانییان لەگەڵ پیاواندا. دانانی یاسای پێویست بۆ پاراستنی مافەکانی و پاراستنی خێزان و مافی ژن لە لایەنەکانی هاوسەرگیری و جیابوونەوە و میرات و پاراستنی مافی دایکایەتی و منداڵێتی.

بیستودووەم:

خەباتکردن لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی دەسەڵاتی دادوەری و دانانی یاسا پێشکەوتنخوازەکان و پاراستنی سەربەخۆیی تەواوی [دەسەڵاتی] دادوەری، بە جۆرێک کە بتوانێت دادپەروەری بهێنێتە دی و بارودۆخی دادوەر و حاکمان باش بکات و پارێزگاریی پێویستیان بۆ بهێنێتە دی.

خاوێنکردنەوەی دامودەزگا جیاوازەکانی دەوڵەت لە توخمە کۆنەپەرست و گەندەڵ و بەرتیلخۆرەکان و بیرۆکراسی، ئامادەکردنی دامودەزگا دیموکراسییە کاراکان بۆ خزمەتکردنی گەل و ڕاییکردنی کاروبارەکانی دەوڵەت.

بیستوسێیەم:

بڵاوکردنەوە و گشتاندنی چارەسەری بێبەرامبەر بۆ جەماوەری میللی و زیادکردنی نەخۆشخانەکان و دامەزراوە تەندروستییەکان و خانەکانی بووژاندنەوە و پشوودان، گەیاندنی خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان بە لادێ و شوێنە دوورەدەستەکان، دانانی پلانێکی گشتگیر و تاوتوێکراو بۆ ئاسانکاریی دەرمان و دامەزراندنی پیشەسازییەکەی و دانانی نرخی گونجاو بۆی.

هەوڵدان بۆ دابینکردنی کادری تەندروستیی لێهاتوو، کردنەوەی کۆلێژ و قوتابخانەی تەندروستیی زیاتر، زیادکردنی نێردە پزیشکییەکان

بۆ دەرەوە و دانانی پلانی ڕوونکاریی زانستی بۆ خۆپاراستن لەو نەخۆشییانەی لە ناوچەیەکدا بڵاون و ئەو نەخۆشییانەی دەتەننەوە و بنەبڕکردنیان. هەوڵدان بۆ دابینکردنی ئاوی خاوێن و لێدانی بیری ئیرتیوازی.

بیستوچوارەم:

چاککردن و قیرتاوکردنی ڕێگەوبانەکان و زیادکردنی تۆڕەکانی هێڵی ئاسن، دابینکردنی نەوتگوێزەرەوەی پێویست و دروستکردنی کەشتیگەلی دەریایی بازرگانی، فراوانکردنی تۆڕەکانی پەیوەندیی وشکانی و ئاسمانی و ڕووبـاری (ئـاوی)، گرنگیدان بە هـەوارگـە عێراقییەکان و فراوانکردن و ڕێکخستنیان بە شێوەیەکی هاوچەرخانە و چالاککردنی جووڵەی گەشتیاری لە عێراق.

فەسڵی چوارەم

# پێداویستییەکانی (بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی یەکگرتوو)

## پێداویستییەکانی (بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی یەکگرتوو)

لەوەی خرایە ڕوو، ڕاستیی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی یەکگرتوومان ڕوون کردەوە، بەو پێیەی هاوپەیمانێتیی کرێکاران و جووتیاران و وردەبۆرژوازی و باڵە پێشکەوتنخوازەکەی بۆرژوازیی نیشتمانییە. لەوەشدا کە پەیوەستە بە بارودۆخی تایبەتی وڵاتەکەمان و پاشماوەی ئەرکەکانی قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی و دیموکراسی لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز و دەستکەوتەکانی؛ ئامانجی بنەڕەتیی ئەم بەرەیەش بەجێهێنانی ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراسیی میللییە کە لەناوبردنی تەواوەتیی ئیمپریالیزم و فیوداڵیزم و بۆرژوازیی کۆمپرادۆری و دامەزراندنی حکومڕانیی دیموکراسیی میللییە.

کەواتە بەرەی نیشتمانیی یەکگرتووی خوازراو بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی یەکگرتووە بە سەرکردایەتیی چینی کرێکار و پێشڕەوە سیاسییە تەیارەکەی بە هزری سۆسیالیزمی زانستی.

بەڵام ئەم جۆرە بەرە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازە یەکگرتووە بە خەباتێکی سەخت و درێژی حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ نەبێت بەدی ناهێنرێت.

هەر بۆیە مەرجی یەکەمی دامەزراندنی ئەم بەرەیە، بوونی حیزبێکی پێشڕەوی شۆڕشگێڕە کە نوێنەرایەتیی کرێکاران و جووتیاران و سەرجەم ڕەنجدەران بکات، حیزبێکی شۆڕشگێڕ کە لە ڕیزەکانیدا باشترین توخمە شەریف و خەباتگێڕ و هۆشیارەکانی کرێکاران، باشترین توخمە نیمچەپرۆلیتارییەکانی لادێ لە خۆی بگرێت، بەوەش بناغەیەکی تۆکمە دادەنێت بۆ هاوپەیمانێتیی کرێکاران و جووتیاران. چونکە خەباتگێڕانی شۆڕشگێڕی کارکەر (لە کرێکاران و جووتیاران)

لە ڕیزەکانی حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕدا، شانبەشانی یەکێتیی چینی کرێکار، هاوپەیمانییان لەگەڵ جووتیاراندا بەدی دەهێنن، ئەوەش لە ڕێگەی تەبەنیکردنی داواکارییەکانی جووتیاران و پاڵپشتیکردنی خەباتەکەیان لەپێناوی زەویدا لە لایەک، کردنی جووتیارانی هەژاری هۆشیار بە هێزێکی پێشڕەو لە کۆمەڵە جووتیارییەکان و خەباتە جووتیارییەکاندا لەپێناو چاکسازیی کشتوکاڵی لە لای دووەمەوە و سەرکردایەتیکردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی چەکداریی جووتیاران لە جەنگی میللی یان جەنگی ڕزگاریی نیشتمانی لە لای سێیەمەوە.

کەواتە هاوپەیمانیی کرێکاران و جووتیاران دووەمین مەرجی بنەڕەتییە بۆ دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی پێشکەوتنخوازی یەکگرتوو و بەدیهێنانی ئەم بەرەیەش ماوەیەکی تا ڕادەیەک درێژ دەخایەنێت. چونکە پەرتبوونی جووتیاران و شێوانی ڕیزەکانیان و نەبوونی بزووتنەوەیەکی جووتیاریی شۆڕشگێڕی ڕێکخراو یان حیزبێکی جووتیاری کە بە ڕاستی نوێنەرایەتیی جووتیاران بکات، وا دەکات مەسەلەی پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بەسرابێت بە خەباتێکی شۆڕشگێڕانە لەپێناو دامەزراندنی بزووتنەوەیەکی جووتیاریی شۆڕشگێڕ و پێکهێنانی کۆمەڵە جووتیارییە خەباتگێڕەکان و چڕکردنەوەی خەباتی جووتیاری و بەستنەوەی بە خەباتی چینی کرێکارەوە، کە بە ڕۆڵی خۆی پشتگیریی داواکارییەکانی جووتیاران دەکات بۆ بەدەستهێنانی زەوی و جێبەجێکردنی چاکسازیی کشتوکاڵیی ڕیشەیی؛ ئەمە واتە چینی کرێکار دروشمی جووتیاران قبوڵ دەکات کە گوزارشت لە خواستە کۆنەکانیان دەکات بۆ هەبوونی زەوی، ئەمەش لە بنچینە و جەوهەردا خواستێکی دیموکراسییانەی بۆرژوازییانەیە. ئەمە واتە ڕێککەوتنی چینی کرێکار لەگەڵ جووتیاران لەسەر ئامانجێکی دیموکراتیکی هاوبەش.

بەڵام بە تەنها ئەم ڕێککەوتنە لەسەر داواکارییەکانی جووتیاران، بە واتای دروستکردنی هاوپەیمانێتیی کرێکاران و جووتیاران نییە، بەڵکو

ڕێگە بۆ ئەم هاوپەیمانێتییە خۆش دەکات و ئاسانکاریی بۆ دەکات؛ ئەم هاوپەیمانێتییە، تەنانەت پاش بەدیهێنانیشی، بە زۆر ئەزموونداتێ دەپەڕێت. بۆ ئەوەی ئەم هاوپەیمانییە شتێکی مومکین و واقیعێک بێت، خەباتێکی بەردەوام لە حیزبی چینی کرێکار دەخوازێت لە لادێ، بە جۆرێک، چەقی چالاکییەکانی بگوێزێتەوە بۆ لادێ، هەوڵ بدات جووتیاران هۆشیار بکاتەوە و پرۆلیتاریای لادێیی و جووتیارانی هەژار ڕابپەڕێنێت و بیانکات بە کاکڵەی بزووتنەوە جووتیارییە شۆڕشگێڕەکە و پێشەنگەکەیان و پەروەردەیان بکات بۆ سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵە جووتیاری و هەرەوەزییەکان، ئەوەش بە بەرپاکردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی درێژخایەن لە ناو جووتیاراندا و بە پێشکەشکردنی یارمەتیی فیعلی بە خەباتی جووتیاران لەپێناو زەوی و ئامانجە دیموکراتیکەکانی دیکەیان. کاتێک جووتیاران ڕادەپەڕن و دڵنیا دەبن لە ڕاستگۆیی پاڵپشتی و پشتگیریی چینی کرێکار بۆ خەباتەکەیان و لە بزووتنەوە جەماوەرییە جووتیارییە بەهێزەکاندا خۆیان ڕێک دەخەن و درک بە گرنگیی یەکانگیریی تێکۆشان دەکەن لەگەڵ ڕاستگۆترین هاوپەیمانیان لە شارەکان کە کرێکارانن، ئەو کاتە هاوپەیمانیی کرێکاران و جووتیاران دێتە بوون، بەوەش بناغەیەکی تۆکمە بۆ بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو دادەنرێت و ئەرکە ناوەندییەکە لە بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوودا دێتە دی، تەنها ئەو کاتە دەتوانرێت جەماوەری بەرفراوانی وردەبۆرژوازی لە شارەکان کێش بکرێن، تەنها ئەو کاتە دەتوانرێت بۆرژوازیی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز بهێنرێتە پاڵ بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز، جا ئیتر ئەم هێنانەپاڵە لە ئەنجامی قایلبوونیان بێت یان ناچارکردنیان، بە جۆرێک، نەتوانێت دەستبەرداری بەرە ببێت بەبێ ئەوەی ئەم دەستبەرداربوونە ببێتە هۆی گۆشەگیربوونە ترسناک و کوشندەکەی.

هاوڕێ لین بیاو لە توێژینەوەکەیدا بە ناونیشانی (بژی سەرکەوتنی جەنگی میللی)، ئەم مەسەلەیە بەم جۆرە کورت دەکاتەوە:

((مێژوو سەلماندوویەتی لە ڕەوتی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیدا پێویستە بەرەی یەکگرتوو دوو هاوپەیمانێتی لە خۆی بگرێت: هاوپەیمانێتیی یەکەم هاوپەیمانێتیی نێوان کرێکاران و جووتیارانە، دووەمیشیان هاوپەیمانیی گەلی ڕەنجدەرە لەگەڵ بۆرژوازییەکان و سەرجەم تاکەکانی گەل کە لە ڕیزی ڕەنجدەراندا نین. هاوپەیمانێتیی یەکەم هاوپەیمانێتیی نێوان کرێکاران و جووتیاران و سەرجەم ڕەنجدەرانە لە شارەکان و لادێکاندا کە بناغەی بەرەی یەکگرتووە؛ ئەوەی کە چینی کرێکار جڵەوی سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی بگرێتە دەست، بەندە بەوەی سەرکردایەتیی جەماوەری بەرفراوانی جووتیاران بکات لە خەباتدا و ڕیزەکانیان لە دەوری خۆی خڕ بکاتەوە. تەنها ئەگەر چینی کرێکار جڵەوی سەرکردایەتیکردنی جووتیاران بگرێتە دەست و تەنها لەسەر بناغەی هاوپەیمانێتیی نێوان کرێکاران و جووتیاران مومکین دەبێت هاوپەیمانێتیی دووەم دابمەزرێنرێت، بەرەیەکی یەکگرتووی فراوان پێک بهێنرێت و جەنگی میلليی سەرکەوتوو بە ڕێوە ببرێت، ئەگەر نا، ئەوا هیچ شتێک زامنکراو نابێت و وەک بونیادنان لەسەر لم و قسەی بێناوەڕۆک وایە.)) (لین بیاو، نامیلکەی بژی سەرکەوتنی جەنگی میللی، چاپی عەرەبی، ل ٢٣).

لە فاکتەرە یارمەتیدەرەکانی دامەزراندن و پتەوکردنی هاوپەیمانێتیی کرێکاران و جووتیاران ئەوەیە کە کرێکاران پەیوەستن بە جووتیارانەوە، لەو ڕێگەیەوە کە ژمارەیەکی زۆری کرێکاران بنەچەیەکی جووتیارییان هەیە و لە لادێش ژمارەیەکی زۆری کرێکاری کشتیاری هەیە، هەروەها ناکۆکیی دوژمنکارانە لە نێوان بەرژەوەندییەکانیاندا نییە، پاشان شۆڕشگێڕبوونی کرێکاران وەک نوێترین چینی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندییەکانی ناچاری

دەکەن پاڵپشتیی جووتیاران بکات و هاوپەیمانییان لەگەڵ بکات و خەبات بۆ ڕزگارکردنیان بکات. هاوڕێ ماو تسی تۆنگ دەڵێت:

((لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆربەی پڕۆلیتاریای چینی سەر بە چینی جووتیاری نەدارن، هەر بۆیە پەیوەندییەکی سروشتییان بە جەماوەری بەرفراوانی جووتیارانەوە هەیە، ئەمە ئاسانکاری دەکات بۆ دامەزراندنی یەکێتییەکی پتەو لە نێوان پڕۆلیتاریا و جووتیاراندا.)) ئەم قسەیە بۆ دۆخی کرێکارانی وڵاتەکەشمان ڕاستە کە زۆربەی زۆریان بە ڕەچەڵەک لە جووتیارانن، بەو هۆیەشەوە پەیوەندییە زۆرەکانیان لەگەڵ جەماوەری جووتیاران دەپارێزن، کە ئەمەش ئەرکی بەدیهێنانی هاوپەیمانێتیی نێوان کرێکاران و جووتیاران ئاسان دەکات.

بۆیە هەتا بزووتنەوەی چینی کرێکار بەهێز و جەماوەری و فراوان و شۆڕشگێڕ بێت، پەیوەستیی کرێکاران و حیزبی چینی کرێکار بە جووتیارانەوە فرە و بەهێز و فراوان دەبێت، بە تایبەتی ئەگەر مەسەلەی زەوی بە کردەیی تێکەڵ بە سەرجەم مەسەلە دیموکراسییەکانی دیکە بکرێت کە پێشڕەوی شۆڕشگێڕی چینی کرێکار بە کردەیی لەپێناویاندا خەبات دەکات.

بەدیهێنانی هاوپەیمانێتیی کرێکاران لەگەڵ جووتیاراندا، لە ڕاستیدا واتە بەدیهێنانی هاوپەیمانێتیی پڕۆلیتاریا و نیمچەپڕۆلیتاریا (کە جووتیارانی هەژارن) و وردەبۆرژوازیی لادێیی (کە جووتیارانی ناونجین) و بۆرژوازیی لادێیی (کە جووتیارانی دەوڵەمەندن)، ئەمەش واتە دانانی بناغەگەلێک بۆ دامەزراندنی هاوپەیمانێتیی پڕۆلیتاریا و نیمچەپڕۆلیتاریا و وردەبۆرژوازی و بۆرژوازیی نیشتمانی لەسەر ئاستی سەرانسەر وڵاتدا، واتە هێنانەدیی بناغەکانی دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو. لێرەدایە لە بایەخە گەورەکەی هاوپەیمانێتیی کرێکاران و جووتیاران تێ دەگەین، نەک تەنها لە ڕووی یەکخستنی هێزە سەرەکییەکان لە شۆڕشی

نیشتمانیی دیموکراسیدا (جووتیاران) لەگەڵ هێزە پێشڕەوەکان تێیدا (کرێکاران)، بەڵکو هەروەها لە ڕووی دانانی بناغەیەکی تۆکمەش بۆ دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو، بە دامەزراندنی هاوپەیمانێتیی مەزنی یەکەم وەک ڕێخۆشکەرێک بۆ هاوپەیمانێتیی دووەم تێیدا، کە مەبەستم لێی هاوپەیمانێتیی گەلی ڕەنجدەرە لەگەڵ بۆرژوازیی نیشتمانی و وردەبۆرژوازیدا.

لە مەرجەکانی دیکەی بەدیهێنانی ئەم هاوپەیمانێتییە، ئەوەیە پێشڕەوی شۆڕشگێڕ ئەم دروشمە دروستانە بخاتە ڕوو سەبارەت بەو مەسەلە و بابەتانەی کە ڕووبەڕووی گەل دەبنەوە، بە دەرخستنی پەرۆشی و دڵسۆزیی زۆر لە خەباتدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی جووتیاران و داواکارییەکانیان، هەروەها دامەزراندنی ڕێکخراوەی حیزبیی بەهێز و زۆر لە سەرتاسەری لادێ جیاوازەکاندا، یارمەتیدانی جووتیاران بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵە جووتیاری و هەرەوەزییەکانیان و ڕێکخستنی هێزە بەرفراوانەکانیان و بە پشتبەستن بە کرێکارانی کشتیاری و جووتیارانی هەژار و هۆشیارکردنەوە و یارمەتیدانیان بۆ ئەوەی لە بزووتنەوەی جەماوەریی جووتیاراندا ڕۆڵی سەرکردایەتی ببینن، ئەمە دەبێتە خشتێکی پتەو بۆ ئەوەی پڕۆلیتاریا سەرکردایەتیی جووتیارانیش بکات. لێرەدا دەبێت جەخت بکرێت لەسەر زەروورەتی خەباتکردن لەپێناو بزووتنەوەیەکی جووتیاریی جەماوەریدا کە بڕبڕەکەی جووتیارانی هەژار و کرێکارانی کشتیاری و نیوەپڕۆلیتاریا بێت لە لادێ. هەروەها چینی کرێکار پاڵپشتییەکی فیعلی و بەردەوامی ئەم بزووتنەوەیە بکات.

ئەو کاتە بەدیهێنانی هاوپەیمانێتیی کرێکاران و جووتیاران ئاسان دەبێت؛ ئەوەش کە یارمەتیی بەدیهێنانی ئەم هاوپەیمانێتییە دەدات، بەرپاکردنی جەنگی میللیی شۆڕشگێڕانەیە، بە جۆرێک، کە حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ کۆمەڵێک لە باشترین کادر و توخمەکانی دەگوێزێتەوە بۆ

لادێ و چالاکی و چوارچێوەی پڕوپاگەندەکانی فراوان دەکات، بە فیعلی خەباتی شۆڕشگێڕانە دەکات لەپێناو ڕزگارکردنی جووتیاران لە فیوداڵیزم و دابەشکردنی زەوی بەسەریاندا و لابردنی ستەمە زۆرەکان لەسەر شانیان.

کاتێک حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ چەقی قورسایی چالاکییە شۆڕشگێڕییەکەی دەگوێزێتەوە بۆ لادێ و و تێکۆشانی چەکداری بەرپا دەکات و پاڵەوانێتیی پڕۆلیتاریی هەمەچەشن نیشان دەدات و شوناسە ڕاستەقینەکەی بۆ جەماوەری بەرفراوانی جووتیاران ئاشکرا دەکات و لە خەوە قووڵەکەیان بێداریان دەکاتەوە، ئەو کاتە هاوپەیمانیی نێوان کرێکاران و جووتیاران لەسەر بناغەگەلێکی بەهێز و تۆکمە و پتەو دەچەسپێت.

هەر بۆیە بەرپاکردنی جەنگی پارتیزانیی شۆڕشگێڕانە لە گرنگترین فاکتەرەکانی دروستکردنی هاوپەیمانیی نێوان کرێکاران و جووتیارانە، هەروەها لە بنەماکانی بونیادنانی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتووە. حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ دەتوانێت بەم جۆرە خۆی بەهێز بکات و ڕیزەکانی فراوان بکات و خەباتگێڕانی شۆڕشگێڕ پەروەردە بکات، هەر بەم جۆرەش دەتوانێت هاوپەیمانێتیی کرێکاران و جووتیاران بەدی بهێنێت و دواتر سەرکردایەتیی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو بکات. هەر بۆیە ئەو حیزبەی کە دەیەوێت سەرکردایەتیی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو بکات، تەنها ئەوەندە بەس نییە بۆی کە بانگەشەی ئەوە بکات حیزبی شیوعییە (کۆمۆنیستە)، پێشڕەو یاخود مارکسی – لینینییە، بەڵکو دەبێت حیزبێکی پێشڕەوی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە بێت و بە شێوازی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری کە پێشتر ڕاڤە کرا، هاوپەیمانیی کرێکاران و جووتیاران بەدی بهێنێت و سەرکردایەتیکردنی ئەم هاوپەیمانێتییە بۆ خۆی گەرانتی بکات، کە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو لەلایەکەوە،

گەرانتیکردنی سەرکردایەتییەکەی بۆ ئەم بەرەیە لە لایەکی ترەوە.

پێشتر ڕوون کرایەوە چینی کرێکار چۆن دەتوانێت لە ڕێگەی پێشڕەوە سیاسییەکەیەوە سەرکردایەتیی سەرجەم چینە کۆمەڵایەتییەکان لە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیدا بکات، بەڵام ئەوەی کە دەبێت جەختی لەسەر بکرێت، ئەوەیە ئەو مەرجانەی بۆ ئەم سەرکردایەتییە باس کران، بە هەمان شێوە پێویستن بۆ ئەوەی حیزبی پێشڕەو لە بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی یەکگرتوودا ڕۆڵی پێشەنگ ببینێت، بە هەمان شێوەی پێویستبوونیان بە دامەزراندنی خودی بەرە.

ئەمەش واتە زەروورەتی بەشدارییپێکردنی خودی بۆرژوازیی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز لە بەرەی یەکگرتوودا. بە گشتی، بۆرژوازیی نیشتمانی بە ئیرادەی خۆی بەشداری لە بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوودا ناکات، بەڵکو دەبێت هەلومەرجێک دروست بکرێت کە بەرە بکات بە زەروورەتێکی نیشتمانی و بـۆرژوازی نەتوانێت دەسـبـەرداری بێت؛ ئەگەر نـا، ئەوا بۆرژوازی پێی باشترە بە تەنها لەسەر شانۆی سیاسی دەربکەوێت و ڕابەرایەتی و سەرکردایەتیی بزووتنەوەی نیشتمانی بکات. هەر بۆیە دەبێت ئەو هەلومەرجانە دروست بکرێن کە ناچاری دەکەن قایل بێت بەشداری لە بەرەی یەکگرتوودا بکات، هەروەها لە بواری بەشداریپێکردنی بۆرژوازیی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازدا، پێویستە دژی دوو جۆر لادان خەبات بکرێت، یەکەمیان ئەوەیە کە نکۆڵی لە ئیمکانییەتی بەشداریپێکردنی بۆرژوازیی نیشتمانی لە بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوودا دەکات، ئەمەش لە ڕاستیدا واتە نکۆڵیکردن لە دوژمنایەتیی بۆرژوازی بەرامبەر ئیمپریالیزم لە سەرجەم ماوە و قۆناغەکانی شۆڕشدا، کە ئەمە جۆرێکە لە پەڕگیریی چەپڕەوانە و گۆشەگیری، وەک چۆن واتە ڕەتکردنەوەی ئیمکانییەتی دامەزراندنی بەرەی یەکگرتوو و ڕەتکردنەوەی ئیمکانییەتی ئەوەی حیزبی پێشڕەو سەرکردایەتیی بکات. لەم بارەیەوە سەبارەت بە ئەزموونی چینی، هاوڕێ

ماو تسی تۆنگ دەڵێت:

((ڕەتکردنەوەی بەشداریکردنی بۆرژوازی لە شۆڕشدا، بە بیانووی ئەوەی ئەم بەشدارییە کاتییە و وەسفکردنی یەکێتی لەگەڵ گرووپی بۆرژوازیی بەرهەڵستکاری ژاپۆن (لە وڵاتێکی نیمچەکۆلۆنیدا) بەوەی کە خۆبەدەستەوەدەرە، ڕوانگەیەکی ترۆتسکییانەیە و ئێمە هاوڕای نین. ئەم جۆرە یەکێتییە لەمڕۆدا ڕێک ئەو پردەیە کە دەبێت لە ڕێگەماندا بەرەو سۆسیالیزم بەسەریدا بپەڕینەوە.)) (ماو تسی تۆنگ، نووسراوە هەڵبژاردەکان، بەشی سێیەم، چاپی پەکین، ل ٤٢٣).

لادانی دووەم ئەوەیە کە ددان بەو چەمکەدا دەنێت گوایە بەرنامە و سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا و هەڵوێستی چینی کرێکار هەمان بەرنامە و سیاسەت و هەڵوێستەکانی بۆرژوازییە لە قۆناغی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوودا و جیاکارییەکی ورد لە جیاوازییەکانی نێوانیاندا ناکات. ئەمەش لە ڕاستیدا واتە نکۆڵیکردن لە بوونی چینەکان و ململانێی چینایەتی. هاوڕێ ماو تسی تۆنگ دەڵێت ((لە جەنگی بەرەنگاریدا دەبێت هەموو شتەکان ملکەچ ببن بۆ بەرژەوەندیی بەرەنگاری دژی ژاپۆن، ئەمە پرەنسیپێکی بڕیارلێدراوە (بێچەندوچوونە). هەر بەپێی ئەم پرەنسیپەش، دەبێت بەرژەوەندیی ململانێی چینایەتی ملکەچ ببێت بۆ بەرژەوەندیی جەنگی بەرەنگاری و نابێت ناکۆک بن. بەڵام بوونی چینەکان و ململانێی چینایەتی ڕاستییەکی واقیعییە و ئەو کەسانەی نکۆڵی لەم ڕاستییە دەکەن، نکۆڵی لە بوونی ململانێی چینایەتی دەکەن و بە هەڵەدا چوون. ئەو تیۆرەی کە هەوڵ دەدات نکۆڵی لە بوونی ململانێی چینایەتی بکات، سەرلەبەر تیۆرێکی هەڵەیە. ئێمە نکۆڵی لە ململانێی چینایەتی ناکەین، بەڵام دەستکاریی ڕەوتەکەی دەکەین. سیاسەتی هاوکاریی دوولایەنە و تەنازولات لە هەردوو لایەنەوە، کە بانگەشەی بۆ دەکەین، تەنها بۆ پەیوەندییەکانی نێوان حیزبەکان و کۆمەڵەکان ڕاست نییە، بەڵکو بۆ

پەیوەندییە چینایەتییەکانیش ڕاستە.)) (نووسراوە هەڵبژاردەکان، بەرگی دووەم، ل ٢٧٩).

هەردوو چینەکە جیاوازیی گرنگیان هەیە لە ئامانج و سیاسەت و هەڵوێستەکانیاندا، تەنانەت لە کاتی تێکۆشانی هاوبەشی نێوانیان؛ هەروەها ململانێی نێوانیان لەسەر سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی نیشتمانی و بەرەی یەکگرتوو و داهاتووی وڵات و گەل بەردەوام دەبێت. هەر کەسێک چاو لەم ڕاستییانە بپۆشێت، دەکەوێتە لادانێکی ڕاسترەوانەی پاشکۆیانەوە. هەر بۆیە سیاسەتی دروستی چینی شۆڕشگێڕ، چینی کرێکار، لەسەر هەردوو بنەمای یەکێتی و ململانێ دەبێت لەگەڵ بۆرژوازی؛ چونکە مەترسیی یاخیبوونی بۆرژوازی لەسەر شۆڕش و لەسەر بەرە هەمیشە لە ئارادایە، مەترسیی خیانەتکردنی بۆرژوازی لە شۆڕش هەمیشە لە ئارادا دەبێت کاتێک ناکۆکییەکانی لەگەڵ کرێکاران و جووتیاراندا چڕ دەبنەوە و خەباتی نیشتمانی و چینایەتییان زیاتر دەبێت، کاتێک ئیمپریالیزم جۆرێک لە نەرمونیانی و چاولێپۆشینی سیاسی نیشان دەدات. هەر بۆیە وەک ئەوەی هاوڕێ ماو دەڵێت، پێویستە حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ لە بابەتی پێکهێنانی بەرەی یەکگرتوو لەگەڵ بۆرژوازیدا بەشداری بکات لە:

((خەباتێکی یەکلاکەرەوە لە دوو بەرەدا؛ لە لایەکەوە دژ بەو هەڵەیە تێ بکۆشێت کە ئیمکانییەتی پەیوەندیکردنی بۆرژوازی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و لە سنووری دیاریکراودا بە خەباتی شۆڕشگێڕانەوە فەرامۆش دەکات. ئەم هەڵەیە لەوەدا دەردەکەوێت کە بۆرژوازی لە چین وەک هاوشێوەی تەواوی بۆرژوازی لە وڵاتە سەرمایەدارییەکانی دیکە دادەنێت. پاشان پاراستنی ئەم بەرەیە تا ئەوپەڕی توانا فەرامۆش دەکات، ئەمەش ڕەوتی دەرگای داخراوی چەپڕەوانەیە. لە لایەکی دیکەوە دژ بەو هەڵەیە تێ بکۆشێت کە جیاکاری ناکات لە نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازیدا لە ڕووی بەرنامە و سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا و پراکتیزەکردنی کردەییەوە، هەروەها

لە ڕووی فەرامۆشکردنی جیاوازییە بنەمایییەکانی نێوان ئەو بوارانە. ئەم هەڵەیەش لە فەرامۆشکردنی ئەو ڕاستییەدا بەرجەستە دەبێت کە بۆرژوازی (بە تایبەتی بۆرژوازیی گەورە) هەموو هەوڵی خۆی نادات تەنها بۆ دەستبەرداگرتن و ڕکێفکردنی وردەبۆرژوازی و جووتیاران، بەڵکو ئەوپەڕی هەوڵیش دەدات بۆ ئەوەی کاریگەری بخاتە سەر پرۆلیتاریا و پارتی کۆمۆنیست، هەوڵێکی چاپووکانە دەدات بۆ ئەوەی سەربەخۆییە سیاسی و ئایدیۆلۆژی و ڕێکخراوەییەکەی لەناو ببات و بیکات بە پاشکۆی بۆرژوازی و حیزبە سیاسییەکەی، بۆ ئەوەی تاقمی بۆرژوازی هەموو دەستکەوتەکانی شۆڕش زەوت بکات، هەروەها [ئەم هەڵەیە] لەو ڕاستییەشدا بەرجەستە دەبێت کە بۆرژوازی (بە تایبەتی بۆرژوازیی گەورە) خیانەت لە شۆڕش دەکات هەر کاتێک شۆڕش بەرهەڵستیی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی تاقمەکەی کرد. ئەگەر ئەم لایەنەمان فەرامۆش کرد، ئەوا دەکەوینە هەڵەی هەلپەرستیی ڕاستڕەوانەوە.)) (ماو تسی تۆنگ، نووسراوە هەڵبژاردەکان، بەرگی دووەم، چاپی عەرەبی لە پەکین، ل ٤٠٠).

لە وڵاتانی خۆرهەڵاتیی ئێمەدا وردەبۆرژوازی، کە لە حیزب و دەستە حکومڕانەکانیدا بەرجەستە دەبێت، وەک ڕکابەرێک بۆ سەرکردایەتیکردنی بەرەی یەکگرتوو دەردەکەوێت. زۆر جار حیزبە پێشکەوتنخوازەکان داوای جڵەوی ڕابەرایەتیی بەرەی یەکگرتوو دەکەن، بەڵام قبوڵکردنی ئەوەی کە وردەبۆرژوازی سەرکردایەتیی بەرە بکات، هەڵەیەکی گەورەیە لە ڕووی پرەنسیپەوە، چونکە وەک ڕوونمان کردەوە، وردەبۆرژوازی ناتوانێت سەرکردایەتیی شۆڕش بکات.

نەبوونی حیزبێکی پێشڕەوی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە، هەرگیز ڕێگەی ئەوە نادات هەڵە بنەمایییە گەورەکان بکرێن، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی فریودانی جەماوەری میللی و سەرلێشێواندن و چاوبەستکردنی، هەروەها کۆسپدانان لە بەردەم دامەزراندنی حیزبی پێشڕەو و لادانی خودی ڕەوتی

بزووتنەوەی نیشتمانیی دیموکراسی.

پلانی مەبدەئیی دروست لەم هەلومەرجانەدا، بە خەباتکردن لەپێناو دامەزراندنی حیزبێکی پێشڕەوی ڕاستەقینە دەست پێ دەکات، ئەو کاتە دەبێت درێژە بدرێت بە خەبات لەپێناو دامەزراندنی هاوپەیمانێتیی کرێکاران و جووتیاران وەک بەردی بناغەی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو، لەگەڵ خەباتکردن بۆ ڕاکێشانی وردەبۆرژوازی و بۆرژوازیی نیشتمانی بۆ ناو بەرە. وەک پێشتر ڕوون کرایەوە، بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی بەردەوام سەرکردایەتیکردنی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو بە دەست دەهێنرێت، نەک پڕوپاگەندە و بانگەشە. کاتێک ناتوانرێت بەرەی یەکگرتوو دابمەزرێنرێت، ئەمە ڕێگر نابێت لە خەبات لەپێناو ئیئتیلافی نیشتمانیدا.

لە هەلومەرجی وڵاتەکەماندا –عێراق– دەبێت خەبات بکرێت لەپێناو یەکێتیی حیزبە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕەکان بەپێی میساقی هاریکاریی نیشتمانی بۆ سەرکردایەتیکردنی خەباتی گەلەکەمان بە هەردوو نەتەوەی عەرەب و کوردەوە بەرەو ئامانجە دیموکراسی و نەتەوەییەکانیان، کە پێشتر لە پرۆژەی میساقی نیشتمانی لەم توێژینەوەیەدا خرانە ڕوو، بەبێ ئەوەی پێشتر سەرکردایەتیی حیزبێکی دیاریکراو بسەپێنرێت، بەڵکو شێوازی ڕاوێژ و وتووێژ لە نێوان حیزبەکاندا هەڵبژێررێت، شێوازی دیموکراسییانە پیادە بکرێت لە گفتوگۆ و ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی سەرجەم مەسەلە و پرسە نیشتمانی و چینایەتییەکان.

ئەمە وامان لێ دەکات درک بەو ڕاستییە بکەین کە بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو دیموکراسی وەک مەرجێکی بنەڕەتی بۆ دامەزراندن و مانەوە و گەشەکردنی خۆی دەسەپێنێت.

دیموکراسی زەروورەتێکە بۆ ئینتلاقەی جەماوەری بەرفراوانی کرێکاران و جووتیاران و وردەبۆرژوازی، بۆ ئەوەی ئەم چین و توێژانە و هەروەها بۆرژوازیی نیشتمانییش چالاکیی سیاسی و سەندیکایی و

جووتیاری بکەن، بۆ دامەزراندنی حیزب و کۆمەڵە جووتیارییەکان و سەندیکا کرێکارییەکان، کە ئەمە وا دەکات دامەزراندنی بەرەی یەکگرتوو مومکین و ئاسان بێت.

بەبێ دیموکراسی، ناتوانرێت بناغەکانی بەرەی یەکگرتوو دابنرێت. دیموکراسی زەروورەتێکە بۆ فەراهەمکردنی متمانەی دوولایەنە لە نێوان لایەنەکانی ئەم بەرەیەدا، متمانەیەک کە لە بنەڕەتەوە بە پێویست دادەنرێت بۆ دامەزراندنی بەرە.

دیموکراسی زەروورەتێکە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ڕوانگە و گوزارشتکردن لە بیر و بۆچوونەکان و نیشاندانی هەڵوێست و سیاسەتە تایبەتەکان کە لە قەناعەتی تایبەتی حیزبەکان و چینە جیاوازەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە.

هەروەها دیموکراسی زەروورەتێکە بۆ چارەسەرکردنی کێشە لاوەکییەکان لە نێوان لایەنە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکان بە شێوازی دۆستانە و ئاشتییانە، ئەگەر نا، ئەوا ئەم ناکۆکییانە بەرەو پێش دەچن و توند دەبنەوە و دەتەقێنەوە و دەبن بە ناکۆکیی دوژمنکارانە، کە ئیمکانییەتی [دامەزراندنی] بەرەی یەکگرتوو و یەکێتیی تێکۆشان وێران دەکات.

دیموکراسی زەروورەتێکە بۆ بونیادنانی دامودەزگاکانی بەرە، هەر لە دەزگا سەرکردایەتییە باڵاکانەوە بۆ نزمەکان، لە لوتکەوە بۆ بنکە، لە سەرجەم ئاستە جەماوەری و ڕێکخراوەیی و پڕوپاگەندەیی و سیاسییەکان و حیزبی میللیدا، لە هەموو قۆناغەکانی تێکۆشانی هاوبەشدا.

بەرەی یەکگرتوو تاقە حیزبێک یان ڕێکخراوەیەکی یەکخراوی تاقە چینێک نییە، بەڵکو یەکێتییەکی خەباتگێڕانەیە لە نێوان ژمارەیەک چینی جیاواز و حیزبی لێکجیاوازدا کە شانبەشانی ئامانجە هاوبەشەکانیان، ئامانج و سیاسەت و ئایدیۆلۆژیای جیاوازیشیان هەیە.

هەر بۆیە پێویستە دیموکراسی هەبێت بۆ پێکهێنانی کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی بۆ بەرە، کە نوێنەرایەتیی هەموو لایەنەکانی بەرە بکات و سەرکردایەتیی بکات، چالاکییەکانی یەک بخات، خەباتی ئەم لایەن و حیزبانە لە گۆڕەپانی تێکۆشانی هاوبەش لەپێناو ئامانجە هاوبەشەکاندا هەماهەنگ بکات. ئەگەر لە پێکهێنانی سەرجەم کۆمیتە سەرکردایەتییەکانی بەرەدا، هەر لە کۆمیتەی باڵاوە بۆ کۆمیتەی پارێزگا و ناوچەکان و شارەکان و کارگەکان و لادێکان، دیموکراسی ڕەچاو نەکرێت، ئەگەر شێوازی دیموکراسی هەڵنەبژێررێت لە گوزارشتکردن لە بیر و بۆچوون و نیشاندانی هەڵوێستە سیاسییەکان و لە گفتوگۆ و ڕەخنەگرتن و نیشاندانی ناڕەزایەتی و دیالۆگدا، ئەوا بەرە دانامەزرێنرێت و هەرگیز ناژی، بەڵکو بە خێرایی هەرەس دێنێت.

کەواتە بۆ ئەوەی بەرە ببێتە دەزگایەکی جێبەجێکار و سەرکردایەتییەکی کارا، دەبێت دیموکراسی هەبێت، چونکە تەنها لە ڕێگەی شێوازی دیموکراسییەوە دەتوانرێت بۆچوون و پلانە جیاوازەکان بگۆڕرێن بۆ بۆچوون و پلانی گونجاو، پاشان بۆ هێزێکی بزوێنەری کارا کە بە ئاڕاستەی ئامانج و داواکارییە دیاریکراو و دەستنیشانکراوەکاندا بڕوات.

بۆ ئەوەی حیزب و چینە جیاوازەکان بڕیار و فەرمانەکانی بەرە جێبەجێ بکەن، دەبێت بۆچوونەکانیان وەربگرێت و ڕێز لە ڕوانگەکانیان بگیرێت، سەرنج بدرێتە تێبینی و ڕەخنەکانیان و گوێیان لێ بگیرێت و بەرژەوەندییەکانیان ڕەچاو بکرێت. هەر بۆیە هاوڕایی نێوان نوێنەرانی لایەنە سەرەکییەکان مەرجە بۆ ئەوەی بڕیارەکان ناچاری بن و بەسەر هەمواندا جێبەجێ بکرێت.

دیموکراسی زەرورەتێکە بۆ پاراستنی ئازادیی حیزب و چینە کۆمەڵایەتییەکان لە کاردا، لە بوارە سیاسی و هزری و ڕێکخراوەییەکاندا بەپێی پرەنسیپەکانی ئەم حیزبانە و تیۆرەکانیان، هەروەها بۆ

فەراهەمکردنی ئازادیی گوزارشتکردن لە بیر و باوەڕ و هەست و پرەنسیپەکانیان.

هەروەها دیموکراسی بە پێویست دادەنرێت بۆ ئەوەی ئەو حیزب و دەستانەی پەیوەندییان بە بەرەوە کردووە، چالاکییە تایبەتە حیزبی و سیاسییەکانیان بکەن، مافی ڕەخنەگرتن و خستنەڕووی کەموکوڕی و خەوشەکان پیادە بکەن، کێشەکان بخەنە ڕوو و داواکاری و هەستەکانی جەماوەر و چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان نیشان بدەن.

هەر بۆیە دیموکراسی بە پێویستییەک دادەنرێت بۆ هاوپەیمانیی چینایەتی و تەبایی نیشتمانی، بۆ ڕێگرتن لە کەوتنەوەی ململانێی توند و پاراستنی یەکێتیی نیشتمانیی گەل، هەروەها فەراهەمکردنی کەشێکی ئاشتییانەی ئارام، کەشی کاری هاوبەش و خەباتی یەکخراو، بۆ لەناوبردنی دەمەقاڵێ و ناتەباییە ناوخۆییەکان بە شێوازێکی برایانە و دۆستانە.

ماوتسی تۆنگ دەڵێت:

((دەبێت درک بەوە بکەین وەک چۆن بەبێ فەراهەمبوونی ئاشتی لە ناوخۆدا دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانیی یەکگرتووی ڕاستەقینە و تۆکمە دژی ژاپۆن مەحاڵە، بە هەمان شێوە، بەبێ فەراهەمبوونی دیموکراسی لە ناوخۆ، دامەزراندنی بەرەیەکی لەم جۆرە مەحاڵە. هەر بۆیە خەباتکردن لەپێناوی دیموکراسی لە قۆناغی هەنووکەیی گەشەکردندا، ئەڵقە بنەڕەتییەکەی ئەرکی شۆڕشە. ئەگەر نەمانتوانی بە ڕوونی درک بە گرنگیی دیموکراسی بکەین و خاوەخاومان کرد لە خەبات لەپێناویدا، ئەوا ناتوانین بەرەیەکی نیشتمانیی یەکگرتووی ڕاستەقینە و تۆکمە دژی ژاپۆن دابمەزرێنین.)) (ماو تسی تۆنگ، نووسراوە هەڵبژاردەکان، بەشی یەکەم، ل ٣٩٠).

ڕەنگە هەندێک لە حکومڕانە نیشتمانپەروەرەکان بەرهەڵستیی دیموکراسی بکەن بە بیانووی هەلومەرجی چارەنووسسازی جەنگ دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و پێویستییەکانی بەرگریی نیشتمانی و پێداویستییەکانی کۆکردنەوەی وزە و تواناکان و پاراستنی بەرەی پشتەوەی سوپا و زەروورەتی چەکدارکردنی جەماوەر بۆ پاراستنی شۆڕش لە ناوەوە و قەدەغەکردنی هەڵسووڕانی کۆنەپەرستەکان و چالاکیی پیلانگێڕانە... بۆ هەموو ئەو شتانەی تر کە پێویستە بکرێن، بەڵام نەک بەو ڕێگەیەی کە حکومڕانە نیشتمانییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، چونکە بەدیهێنانی ئەم هیوا باشانە بە دیموکراسی بۆ گەل بە باشترین شێوە دەبێت.

هاوڕێ ماو تسی تۆنگ سەبارەت بە زەروورەتی دیموکراسی لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراسی و لە کاتی بەشداریکردن لە تێکۆشانی چەکداری دژی دەستدرێژیی ئیمپریالی و غەزووی بێگانە، دەڵێت:

((ئامادەکارییە سیاسی، سەربازی، ئابووری و فێرکارییەکان لەپێناو بەرگریی نیشتمانیدا، هەموویان پێویستن بۆ بەرپاکردنی بەرەنگاریی چەکدارانە لەپێناو ڕزگارکردنی نیشتمان، نابێت لە هیچ کامیاندا کەمتەرخەمی بکەین، تەنانەت ئەگەر بۆ چرکەساتێکیش بێت. بەڵام کلیلی سەرکەوتنی بەرەنگارییە چەکدارییەکەمان بەدەستهێنانی دیموکراسی و ئازادییە لە ڕووی سیاسییەوە، چونکە بەرەنگاریی چەکداری پێویستی بە ئاشتی و هاوکارییە لەسەر ئاستی وڵات، بەڵام ناتوانرێت بەبێ دیموکراسی و ئازادی، ئاشتی بەدی بهێنرێت و پاڵپشتی بکرێت و هاوکاریی بەهێز بکرێت. وەک چۆن بەرەنگاریی چەکدارانە پێویستی بە سازدانی گەل هەیە و بەبێ دیموکراسی و ئازادی هیچ ڕێگەیەک بۆ سازدانی گەل نییە. ئەگەر پاڵپشتیی ئاشتی و هاوکاری

نەکرێت و گەل ساز نەدرێت، ئەوا بەرەنگارییە چەکدارییەکەمان ڕووبەڕووی هەمان چارەنووس دەبێتەوە کە حەبەشە (ئەسیوپیا) ڕووبەڕووی بوویەوە؛ شکستی حەبەشە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕژێمی حکومڕانییە دەرەبەگایەتییەکەی کە نەیتوانی یەکێتیی ناوخۆیی پتەو بکات و گوڕوتینی خەڵک بورووژێنێت. بەبێ بوونی دیموکراسی، ناتوانرێت بەرەیەکی نیشتمانیی یەکگرتووی ڕاستەقینە و تۆکمە لە چین دژی ژاپۆن دابمەزرێنرێت و ناتوانرێت ئەرکەکانی ئەم بەرەیە بەجێ بهێنرێن.)) (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩٢).

پێم وایە شکستی حوزەیران [مەبەست لە جەنگی حوزەیرانی ١٩٦٧ عەرەب – ئیسرائیلە. و] ڕاستیی ئەم ئەنجامگیرییە خراوەڕوانەی بە ڕوونی پشتڕاست کردەوە و زەروورەتیی دیموکراسیی بۆ سەرکەوتن لە جەنگی بەرگریکارانەی ڕەوا و سازدانی وزەی گەل و بەرگریکردن لەو دەسکەوتانەی شۆڕشی عەرەبی بە دەستی هێناون، سەلماند.

لە عێراق، بایەخی دیموکراسی ڕوونە بۆ پاڵپشتیکردنی یەکێتیی نیشتمانی، چارەسەرکردنی کێشەی کورد، گەرانتیکردنی ئاشتی و سەقامگیری لە کوردستان و سەرانسەر عێراق، هەروەها بۆ دروستکردنی کەشی دیدار و پەیوەندی و هاریکاریی نێوان حیزبەکان، بۆ بووژاندنەوەی سەندیکاکان و ڕێکخراوەکان و کۆمەڵە جووتیارییەکان، بۆ لەناوبردنی خڵتە نەرێنییەکان کە لە پەیوەندیی هێزە پێشکەوتنخوازەکان و حیزبە شۆڕشگێڕە نیشتمانییەکاندا ماوەتەوە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییانەدا، دەتوانرێت بوترێت دیموکراسی لە گرنگترین پێداویستییەکانی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازە لە وڵاتەکەماندا، وەک چۆن لە پێداویستییەکانی ئاشتی و هاوبەندیی نیشتمانی و یەکێتیی نیشتمانیی گەلی عێراقمانە بە هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد و کەمینە نەتەوەییە براکانیەوە.

لە فەزیڵەتەکانی دیموکراسی ئەوەیە بوار بۆ بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو و ئازادی و سەربەخۆیی لایەنە هاوبەشەکانی ناوی پێکەوە دەڕەخسێنێت. چونکە بەرەی یەکگرتوو، وەک هاوپەیمانییەکی چینایەتی، یەکێتیی کۆمەڵێک چین و حیزبی دیاریکراوە کە بە قەوارەی تایبەتی خۆیان دەناسرێنەوە و پارێزگاریی لێ دەکەن، سەرەڕای بەشداریکردنی حیزب و چینەکانی تر لە خەباتی هاوبەش لە ژێر ئاڵای بەرەی یەکگرتوودا لەپێناو ئامانجە هاوبەشەکاندا.

بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز هاوپەیمانییەکی چینایەتییە بۆ قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو، هەر بۆیە بە واتای تواندنەوەی حیزبە سیاسییە جیاوازەکان نییە کە نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیی ئەم چینانە دەکەن کە نە لەسەر هەموو مەسەلەکان هاوڕان و یەک دەگرن، نە لەسەر هەموو ئامانجە دوور و نزیکەکان، بەڵکو بەرە واتە دانانان بە هەموو ئەم حیزبانە و بوونیان و مافی ژیانیان، دانانان بە مافیان لە ڕاگەیاندنی بۆچوون و ئایدیۆلۆژییان و خستنەڕووی هەڵوێست و سیاسەتە حیزبییە تایبەتەکانیان.

چونکە دەستگرتن بە بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز و ئامانجەکانی و کارکردن لە ژێر ئاڵاکەیدا، واتە هەماهەنگکردنی هەوڵەکان و یەکخستنی چالاکی و خەباتەکان تەنها لەپێناو ئەو ئامانجانەی کە هەموان لەسەری هاوڕان.

لە ڕاستیدا بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز زۆر پێویستە و بەبێ بەرە ناتوانرێت ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراسی لە ڕزگاریی یەکجارەکی و دیموکراسیی میللیدا جێبەجێ بکرێت، بەڵام دەبێت لە هەمان کاتدا سەربەخۆیی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ڕێکخراوەیی هەموو حیزبە هاوبەشەکانی بەرەی یەکگرتوو بپارێزرێت.

هاوڕێ ماو تسی تۆنگ لەم بارەیەوە دەڵێت:

((سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان حیزبەکان و کۆمەڵەکان، پرەنسیپی دیموکراسی لە سێ پرەنسیپەکەی گەلە کە ڕێگە بە حیزب و کۆمەڵەکان دەدات لەگەڵ یەکتردا هاوپەیمانی بکەن و لە هەمان کاتدا هەر یەکێکیان سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن. ئەگەر کەسێک باسی یەکێتیی کرد و نکۆڵیی لە سەربەخۆیی کرد، ئەوە واتە دەستبەرداری پرەنسیپی دیموکراسی بووە، ئەمەش شتێکە کە نابێت پارتە کۆمۆنیستەکەمان و هیچ پارت و کۆمەڵێکی تر هاوڕای بن. بێگومان سەربەخۆیی لە ناو بەرەی یەکگرتوودا سەربەخۆییەکی ڕێژەییە و سەربەخۆییەکی ڕەها نییە، خۆ ئەگەر بە سەربەخۆییەکی ڕەهامان دانا، ئەوا دەبێتە هۆی پێشێلکردنی سیاسەتی گشتی –سیاسەتی یەکێتی دژی دوژمن– بەڵام نابێت نکۆڵی لەم سەربەخۆییە ڕێژەییە بکرێت، چونکە دەبێت هەر یەکێک لە حیزبەکان سەربەخۆیی ڕێژەیی خۆیان، واتە ئازادیی ڕێژەیی خۆیان هەبێت، چ لە ڕووی ئایدیۆلۆژی یان سیاسی یاخود ڕێکخراوەییەوە. ئەگەر هەر حیزبێک لە حیزبەکان لەم ئازادییە ڕێژەییە بێبەش کرا، یان هەر خۆی دەستبەرداری بوو، ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی پێشێلکردنی سیاسەتی گشتی – سیاسەتی یەکێتی دژی دوژمن.)) (نامیلکەی ڕۆڵی پارتی کۆمۆنیستی چینی لە جەنگی نیشتمانیدا، ل ١٤–١٥).

بە کورتی، پێداویستییەکانی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی یەکگرتوو لەم خاڵانەدا کورت دەبنەوە، یەکەم: پێویستیی بوونی حیزبێکی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ و بەهێزی خاوەن هەژموونێکی جەماوەریی فراوان، دووەم: دامەزراندنی هاوپەیمانێتیی کرێکاران و جووتیاران لە ڕێگەی خەباتێکی شۆڕشگێڕانەی درێژخایەن و جەنگی شۆڕشگێڕانە و خەباتی شۆڕشگێڕانەی جۆراوجۆرەوە لەپێناو مافە

چینایەتی و نیشتمانییەکانیان، سێیەم: بەو پێیەی ئەم هاوپەیمانێتییە مەرجێک و ڕێگەیەکە بۆ دامەزراندنی بەرە پاش کەسبکردن و کێشکردنی وردەبۆرژوازی و بۆرژوازیی نیشتمانی بۆ ناو بەرە، چوارەم: فەراهەمکردنی دیموکراسی، پێنجەم: گەرانتیکردنی سەربەخۆیی و یەکێتیی لایەنە هاوبەشەکانی بەرە.

ئەمانە پێداویستییەکانی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازن کە بەبێ فەراهەمکردنیان، ناتوانرێت بەرە دابمەزرێنرێت و سەرکەوتن و درێژەکێشانی گەرانتی بکرێت.